هەواڵنامەی کتێب

# لە ڕێگای ئازادیدا

ژیاننامەی ٢٠١ شەهیدی

حزبی سۆسیالیستی کوردستان

١٩٧٦ – ١٩٩١

هەواڵنامەی کتێب

# له ڕێگای ئازادیدا

ژیاننامەی (٢٠١) شەهیدی

حزبی سۆسیالیستی کوردستان

(١٩٧٦ – ١٩٩١)

**ئیسماعیل تەنیا**

هەواڵنامەی کتێب

بەرگی یەکەم

هەولێر - ٢٠٢١

**لەسەر ئەرکی بەڕێز ئاری شەریف مەولود**

**ناسراو بە (ئاری شەهید مامۆستا شەریف) چاپکراوە**

هەواڵنامەی کتێب


* لە ڕێگای ئازادیدا
* ئیسماعیل تەنیا
* دیزاین : هیوا کۆمپیوتەر
* تیراژ : ١٠٠٠ دانە
* بەرگی یەکەم / چاپی یەکەم ، ٢٠٢١ .
* چاپخانەی هێڤی / هەولێر
* وێنەی بەرگی یەکەم : تەرمی شەهیدێک لەکاتی گواستنەوەیدا
* وێنەی بەرگی دووەم : کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی نوێ باڵەک و بارەگای سەرکردایەتی، سەر ڕووباری خواکورک، ١٩٨٥/٥/٢.

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارە سپاردنی (      ) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە**

# وردە ڕاز و دەردە دڵ

دوای ڕاپەڕین و هەڵوەشاندنەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بە ناوی (یەکگرتن)ەوە، وردە وردە، دەنگ و سەنگی ئەو حزبە نەما. پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانی، هەر یەکەو بەلایەک (یەکێتی، پارتی)دا، کەوتن. بەشێکیشیان دانیشتن و بەگەڵ هیچ یەک لەم دوو حزبە نەکەوتن و، سەربەخۆیی خۆیان پاراست. شەهیدەکانیش، لە ڕێگای کەسوکاریانەوە، وەک ئەندامە زیندووەکان، پەرت و بڵاو بوونەوە. بوونە ئاردی ناو دڕکان. ئاساییە کەسوکاری ئەم شەهیدە گەردن کێلانە، لیستی شەهیدەکانیان بخەنە سەر لیستی ئەم دوو حزبەو، مووچەی شەهیدانە وەربگرن، بەڵام ئەوە نائاساییە تۆ بێیت و ڕەنج و قوربانی، خەبات و سەروەری شەهیدێک تێکەڵ بە جۆگەلەو خوێن و سەروەری حزبێکی نەیاری ئەو کاتی (کاتی شەهید بوونی)، بکەیت و، بارستایی سەروەرییەکانی حزبی نەیاری پێ قەبەو ئەستوور بکەیت. شەهید هەیە تا دوا هەناسەو گیاندانی، لە سەنگەری دژایەتی ئەو حزبە بووە، ئێستا بۆتە سەروەری هەمان حزبی نەیاری خۆی!!

ئەوە چ قانوون و ڕێساو مۆراڵێکە، تۆ خۆت ئەو کەسە (دیل) و ڕەزیل، دواییش گوللە بارانی بکەیت و، بیکوژیت، بە جاسووس و گەجەرو گوجەر، لە قەڵەمی بدەیت و، لە ڕاگەیاندنەکانتدا، ڕیسوای بکەیت، دوای (٣٠- ٤٠) ساڵ، ئینجا بێیت و، لەناو دەفتەری

سەروەرییەکانی خۆت، باسی قارەمانێتی بکەیت؟! کە ئەو دەفتەرە سەروەرییە (ساختەیە) دەخوێنمەوە، دڵم بە مێژوو دەسووتێت. لەوانەیە بەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتیش هەروا بە ساختەیی، نووسرا بێتەوە... نووسەری دەفتەری گۆڕین، ئەوە نازانێت کە بەم کارە چەواشە کارییەی، هەموو مێژوو و سەروەرییەکانی حزبەکەی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارو گومانەوە؟! ئاخر کە ئەمە چەواشەکاریی و ساختە بێت، بۆ گومان لەوانی پێشوو تریش نەکرێت؟! کە ئەمە دەبینم و دەخوێنمەوە، بە دیوێکی گاڵتە ئامێزەوە، ئەو مەتەڵە کوردییەم بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: (سەری دەبڕی و بۆی دەگریەیت). تۆ بە چەقۆ کەوتوویتە گیانی (پیاز)و، پارچە پارچەی دەکەیت، هەر بە خۆشت بۆی دەگری و بە فرمێسک سڕینەوە ڕاناگەیت. ئەگەر مۆدەی کێل ڕەنگ کردنیش دابکەوێت، دڵنیام ئەوا کێلەکانیشیان بە ڕەنگی حزبی خۆیان ڕەنگ دەکەن. ئەم مۆراڵە ناشیرینە، جگە لە زاکیرەو مۆراڵی کورد، باوەڕ ناکەم هیچ زاکیرەو مۆراڵێکی دنیا هەبێت، بیگریتە خۆی.

* * * *

سەرەتا، ناوونیشانی کتێبەکەم کردبووە (شاکۆچ)، بەو مانایەی کە ئەو مەرگ و کۆچەی کە لەپێناوی نیشتیماندا هەڵبژێردرا بێت، پیرۆزترین مەرگەو، بە شای مەرگ و کۆچەکان، ناوزەد دەکرێت... دوای بیرکردنەوەو هێنان و بردن، بە باشم زانی ناوی کتێبەکە بنێتە: (لە ڕێگای ئازادیدا). ئەم ناوەی دوایی، هەڵگری هەمان پەیامی (شاکۆچ)ە، جگە لەمەش لە هزرو ئەندێشەی خەڵکیدا ماوە، بەتایبەتیش لای جیلی ئاڵتوونی، لای ئەو کەسانەی کە بە سەرە داوێک بە (حزبی سۆسیالیست)ەوە، پەیوەستن...

لە ڕێگای ئازادیدا، گۆشەیەک بوو لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان. هەر جارەو لە هەر ژمارەیەکیدا، وێنەو کورتەی ژیاننامەی شەهیدێک (هەندێک جار زێتر)ی، بڵاو دەکردەوە. هەمان گۆشەی ڕۆژنامەکە، لە ڕادیۆی (دەنگی شۆڕشی کوردستانی عێراق)، ئیستگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ببووە گۆشەیەک و لەگەڵ مۆسیقایەکی غەمگین، بە دەنگێکی هێمن وهاوسۆز لەگەڵ مەرگی پێشمەرگەی گیان بەخت کردو، دەخوێندرایەوە. بۆ یادکردنەوەو بەرز ڕاگرتنی ئەم ڕۆژنامەو ئیستگەیەو، دەمەزەرد کردنەوەی یادەوەرییەکانی پێشمەرگە دێرینەکان، (لە ڕێگای ئازادیدا)مان، هەڵبژارد.

* * * *

من بە ویستی خۆم کارم لەم پرۆژەیە کردووە. کەس پێشنیاری بۆ نەکردووم... کە تەواویشم کردوە، ئەمەم لە خەیاڵدا بووە کە بۆ چاپ کردنی داوا لە خەڵکی بکەم. گەر کەسیش هاوکاریم نەکات و، بە دەنگ داواکارییەکەمەوە نەیەت، خۆ هەر بە دەستنووس لێی ناگەڕێم و، خۆم چاپ و بڵاوی دەکەمەوە... لەوانەیە بەلای هەندێک لە خوێنەرانەوە، کارێکی باشم کردبێت و، وەفام نواند بێت... بەلای هەندێکی تریشەوە، بەدوای کڵاوی بابردو کەوتن بێت... هەردوو ئاڕاستەکە سەربەستن لە دەربڕینی ڕاو بۆچوونیان. من بە قەناعەتی تەواوەوە دەستم بۆ ئەم کارە بردووەو ویژدانی خۆم ئاسوودە کردوە. ئەوەی من کردوومە، بە هەموو کەسێک دەکرێت. نە زانستەو نە داهێنان، نە فەلسەفەیەو نە لێکۆڵینەوەی مێژوویی... ئامادە کردنی کەتەلۆکێکە کە بەشێک لە سەربردەی ئەم کەسانەی تێدا پارێزراوە، بە نیازی ون نەبوون و کوێر نەبوونەوەی کانیاوی ژیانیان. ئەوانیش وەک ئێمە ڕۆژانێک بوو بە هیواوە لە ژیان و، ئاسۆ و، بەختەوەری

خانەوادەکانیان دەڕوانی، بەڵام کە زۆردار دەرگای لێ گرتوون و، ماڵی لێ وێران و، ڕەزو باخی لێ سووتاندون، گوندەکانیان تەعریب کردون، وەک کاردانەوەیەک ناچار ماون بدەنە ئەم شاخانەو، بەرگری لە بوون و مانەوەی خۆیان و ئێمە بکەن... ئەو کات فەلسەفەی مانەوەی ژیان وا بوو، بە نیازی کورسی و سەیارەی دوا مۆدێل و، پێگەی ئیداری و، مووچەی پلە باڵا، نەیانداوەتە شاخ، بەڵکو هەندێکیان کە شەهید بووینە تەنها (دینارێک، شانەیەک، وێنەی کەسێکی نزیکی خۆی)، لە گیرفانیان دۆزراوەتەوە... پێڵاوەکانیشیان لاستیک و، هەر تاکەی لە ڕەنگ و جۆرێک بووە.

* * * *

لە ڕیزبەند کردنی نووسینەوەی ژیاننامەکاندا، ڕەچاوی پلەی لێپرسراویەتیم نەکردوە. پێشمەرگەیەکی ئاسایی و، ئەندامێکی سەرکردایەتی، بە یەک چاو سەیر کراون. پۆلین کردنەکەم لەسەر بنچینەی ڕیزبەندی (ئەلف و بێی کوردی)، کردوە. ئەو شەهیدەی کە ناوەکەی بە پیتی ئەلف دەستی پێکردوە کەوتۆتە سەرەتای کتێبەکەو، ئەوەی بە پیتی (ی)یش دەستی پێ کردوە، کەوتۆتە کۆتایی. خۆشم لە نووسینی وشەی سۆزداری وەک: پاڵەوان، قارەمان، شێر ئاسا، شەهیدی سەرکردە،.... تاد، دوور خستۆتەوە. نووسینێکی پەخشان ئامێزم نەنووسیوە. لە خستنەڕووی ژیاننامەکاندا، زیتر داتاو زانیاری پێویستم خستۆتە ڕوو، نموونەی: ناوی سیانی، نازناو، ساڵ و شوێنی لەدایک بوون، ئاستی خوێندەواری، ساڵی پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکان، ساڵی چوونە شاخ و بوون بە پێشمەرگە، ئەو کەرت و هەرێمەی کە لێی پێشمەرگە بووە، بەشداری بەشێک لە چالاکییەکانی، کات و شوێنی شەهید بوونی، شوێنی بەخاک سپاردنی، باری کۆمەڵایەتی (خێزاندار، سەڵت)، ئەگەر خێزاندار بووە،

هەولێرنامەی ژیندی

چەند منداڵی لەدوا بەجێماوە، وێنەیەک....

* * * *

بەشێک لە شەهیدەکان، لە شەڕی ناوخۆو لە ئەنجامی ململانێی تەسکی حزبایەتیدا، شەهید کراون. حزبەکان، دوای ئاشت بوونەوەیان، خۆشیان لەسەر ئاستی باڵا دانیان بەم هەڵانەدا ناوە... جگە لەمەش، ئەم ڕوداوانە بوونەتە بەشێک لە مێژووی خەباتی چەکداری گەلی کوردستان، ئەگەر ئیمڕۆش باسیان نەکەین، سبەینێ یەکێک هەر دەبێت باسیان بکات. زێتر لە (٤٠- ٤٥) ساڵیان بەسەردا تێپەڕیووە، بوونەتە مولکی گشتی و هەق نییە چیتر لە ئەرشیفەکاندا، بە پووش بەسەری، بمێننەوە... با ئەم ڕوداوانە ببنە دەرس و ئەزموونێک، چیتر دووبارەیان نەکەینەوە. ئێمە دەست نیشانی کات و شوێن و، لایەنە شەڕکەرەکانمان کردوە، بە ڕاشکاوی ناومان هێناون، چونکە پێمانوایە لە نووسینەوەی مێژوو دەبێت ڕاشکاو بین. ڕوداوەکان وەک خۆیان بنووسینەوە.

* * * *

بەرگی یەکەم، ژیاننامەی (٢٠١) شەهیدی گرتۆتە خۆ، کە بەم شێوەیە پۆلین کراون:

*** لەڕووی تەمەنەوە:**

- ١٦ یان، لەنێوان (١٤- ١٩) ساڵیدا بووینە.
- ٦١یان، لەنێوان (٢٠- ٢٤) ساڵیدا بووینە.
- ٥٢ یان، لەنێوان (٢٥- ٢٩) ساڵیدا بووینە.
- ٢٩یان، لەنێوان (٣٠- ٣٤) ساڵیدا بووینە.
- ٢٢یان، لەنێوان (٣٥- ٣٩) ساڵیدا بووینە.

- ١٥یان، لەنێوان (٤٠- ٤٤)ساڵیدا بووینە.
- ٢یان، لەنێوان (٤٥- ٤٩) ساڵیدا بووینە.
- یەکیان لەنێوان (٥٠- ٥٤) ساڵیدا بووە.
- ٢ یان، لەنێوان (٥٥- ٥٩) ساڵیدا بووینە.
- یەکیان تەمەنی (٦٣) ساڵ بووە، کە ساڵح یوسفی، دامەزرێنەری (بزوتنەوە) بووە.

*** ئاستی خوێندەواری:**

- ٣٥ نەخوێندەوار.
- ٣١ خوێندەواریان هەبووە (زانیوویانە بخوێننەوەو بنووسن).
- ٥٨ قۆناغی سەرەتایی.
- ٣٣ قۆناغی ناوەندی.
- ٢٧ قۆناغی ئامادەیی.
- ١٧ قۆناغی پەیمانگاو زانکۆ.

*** شوێن و سەنگەری شەهید بوونیان:**

- ١٢٥ یان، لە سەنگەری بەرگری، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم (سوپاو جاش)، شەهید بووینە کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ لە بەرەی شەڕ، هەندێکی تریان بە دیل گیراون، دوایی لە سێدارە دراون.
- ٥٠ یان، لە شەڕی ناوخۆدا، شەهید بووینە.
- ٢٣ یان، کاری ڕێکخستنیان کردوە، گیراون و لە سێدارە دراون.
- ٣ یان، لە شوێن و، پێگەو، بەشێوەی جیاواز شەهید کراون.

*** باری کۆمەڵایەتی:**

- ٩٩ یان، چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریی و، خێزاندار

بووینە.

- ١٠٢ یان، سەڵت بووینە.

*** ساڵی شەهید بوونیان:**

- ساڵی ١٩٧٧: ١٠ شەهید.
- ساڵی ١٩٧٨: ٢٠ شەهید.
- ساڵی ١٩٧٩:١٩ شەهید
- ساڵی ١٩٨٠: ٨ شەهید.
- ساڵی ١٩٨١ : ٢٢ شەهید.
- ساڵی ١٩٨٢: ٢٢ شەهید.
- ساڵی ١٩٨٣: ٤٢شەهید.
- ساڵی ١٩٨٤: ٤شەهید.
- ساڵی ١٩٨٥: ١٥ شەهید.
- ساڵی ١٩٨٦: ٦ شەهید.
- ساڵی ١٩٨٧: ١٤ شەهید.
- ساڵی ١٩٨٨: ١٠ شەهید.
- ساڵی ١٩٨٩: ٤ شەهید.
- ساڵی ١٩٩٠: ١ شەهید.
- ساڵی ١٩٩١: ٤ شەهید.

زۆرترین ژمارەی شەهیدەکان لە ساڵی١٩٨٣ دا بووە، کە گەرمەی شەڕی ناوخۆ بووە.

*  *  *  *

داستان، ڕەگەزی ئەفسانەو دەستکردی خەیاڵ و، دوور لە واقیعی تێدایە، لە کولتوری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا، زۆر جاران بۆ بەرز

ڕاگـــرتن و ســـەرکەوتن و، بە بـــاڵا برینـــی شـــەڕو ڕووبەڕوو بوونەوەکاندا، وشەی داستان بەکار هاتووە. لە گێڕانەوەو نووسینی هەندێک ڕوداوی مێژوویی، دوورو نزیکی خۆشماندا، دەبینرێت. زۆر شـەهیدی وا هەبووە، کە لە واقیعدا قارەمان بووە، بەڵام کە وشـەی داسـتانت بەبـاڵادا بـڕی، پێمـوایە غەدر لە قارەمـانێتی ئەم شـەهیدە دەکرێت، چونکە بۆ خەڵکێکی نەشارەزا، دەبێتە جێگای گومان کردن و، دەستچنی خەیاڵ. من لەم ڕووەوە، شەڕەکانم بە (شەڕ)، ناوبردوە. لە پیاهەڵدان و گەورە کردنی ڕوداوەکان لە قەبارەی خۆیان، دوور کەوتوومەتەوە. ئاخر گوناهە شەڕێک کە لە واقیعدا ڕویدا بێت، دوو پێشمەرگە بەرامبەر بە تانک و هەلیکۆپتەرو، گەمارۆدانی سەربازو جاش، شەڕیان کردبێت، زێدە لە توانای خۆیان دەستیان کردبێتەوەو، زیانەکانیشیان چەندین جار لە قەبارەی زیانەکانی دوژمن، کەمتر بوو بێت، بیکەین بە داستان. من مێژوویەکی نزیک دەگێڕمەوە، ڕوداوەکان وەک خۆیـان (کە هەنـدێکیان بـوونەتە بەڵگەنـامەی مێژوویـی و بە دیکۆمێنت کراون)، دەنووسمەوە. بۆیە خۆم لە بەکار هێنانی وشـەی (داستان)، بە دوور گرتووە. بۆ هەموو شەڕەکان، تەنها وشەی شەڕم بەکار هێناوە، نموونەی: شـەڕی دەشتێو، شـەڕی سماقولی، شـەڕی شیرەمەڕ، .... تاد.

* * * *

ژیاننـامەو وێنەی ئەم شـەهیدانە، وا بە ئاسـانی کۆنەکراونەتەوە. لە ئەنجـامی گەڕان بەدوای زانیـاری و ژیاننـامەو وێـنەی شـەهیدەکان، گیروگرفتی زۆر هاتوونەتە پێش. جاری وا هەبووە بۆ دەست کەوتنی وێنەی شەهیدێک، زانیاری و مێژوویەک، زیتر لە دە جار تەلەفۆنم بۆ کەسـی جیـا جیـا کـردوە. دەسـت نیشـانی کەسـێکیان بـۆ کـردووم،

پەیوەندیم پێوە کردوە، بێ ئاگایی خۆی نیشانداوەو، ژمارە تەلەفۆنی کەسێکی تری پێداوم... ئیدی بەم شێوەیە، هەتا وێنەو زانیارییەکم دەست کەوتووە، پەیوەندیم بە زۆر کەس کردوە. هەندێکیان زۆر بە دڵسۆزی هاتوونەتە پێش و، لە هاوکاری کردندا، بەخشندە بووینە. هەندێکی تریشیان، هەر ئیمڕۆ و سبەیان پێ کردووم. شەهید هەبووە تەنها وێنەیەکی هەبووە، ئەویش بە شێوەی کۆمەڵ و لەگەڵ خەڵکی تر، بە کامیرای (کۆداک فەوری) جاران، کوالیتێتەکەی زۆر خراپ بووە... بۆیە وێنەی بەشێکی زۆری شەهیدەکان، لە ڕووی جۆری و ڕوونییەوە، خراپن. پێم باش بووە، بڵاویان بکەمەوە، چونکە لەوانەیە بە تێپەڕ بوونی چەند ساڵێکی تر، ئەم وێنەیەشیان دەست نەکەوێت. هەر لە ئەنجامی کار کردن لەم پڕۆژەیەدا، پەیوەندییەکی فراوانم لەگەڵ کەسوکاری شەهیداندا، دروست کردوە. بنەماڵە هەبووە زۆر بە پارێزەوە لێم نزیک بوونەتەوە، تاوەکو متمانەی تەواویان پێم نەبووەو، منیان نەناسیووە، هیچ زانیارییەکیان نەداوە. هەشیان بووە تا ئێستاش سوورن لەسەر زانیاری نەدان. تەلەفۆنم بۆ هەندێک کەس کردوە، هەر وەڵامیان نەداومەتەوە. لە ئەنجامی پێداگری و سوور بوون و منجڕی خۆم، بەردەوام پەیوەندیم تازە کردۆتەوە، بە ناچاری وەڵامیان داومەتەوە... خەڵکی وا هەبووە، بە ڕاشکاوی گوتویەتی: (... داوای لێبووردن دەکەم کە زانیاریم پێنەداوی و خۆم لە شەهید بە خاوەن نەکردووە... لەوە ترساوم کە برای شەهیدم لە کاتی پێشمەرگایەتی ئازاری خەڵکێکی دابێت و، ئێستا ئەو خەڵکە بەدوای تۆڵە کردنەوە بن).

جۆرە خەڵکێکی تر هەبوون کە مووچەی شەهیدەکانیان لەسەر لیستی حزبە دەسەڵاتدارەکان بووە، پێیان وا بووە کە زانیاری بدەنە

من و، لەم کتێبەدا بڵاویان بکەمەوە، ئەوا مووچەکانیان دەبڕدرێت... بۆیە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی من ڕایانکردووەو، بەتەنگ داواکەمانەوە نەهاتوون. شەهیدی وا هەبووە، هەر زانیارییەو لە کەس و سەرچاوەیەکم وەرگرتووە. دواجار بەدەست پەیدا کردنی وێنەیەکەوە گیرۆدە بووم و، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەستم نەکەوتووە.

زانیاری و وێنەکان، زۆربەیان لە کەسوکاری نزیکی شەهیدەکان (برا، برازا، خوشکەزا، ئامۆزا، ... تاد)و، هەندێکی تریان لە هاوڕێ و هاوخەباتی شەهیدەکان و، گۆشەی (لە ڕێگای ئازادیدا)ی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، سەردەمی شاخ، وەرگیراون. سەرچاوەی زانیارییەکان، لە پەراوێزی ژیاننامەکاندا ئاماژەیان پێکراوە. ناوی سەرچاوەکەو، بەرواری وەرگرتنی زانیارییەکان، دەست نیشان کراون.

* * * *

کۆمەڵێک بنەماڵەی قوربانیدەر هەن کە زێتر لە شەهیدێکیان بەخشیوە بە ڕێبازی حزب و بەرز ڕاگرتنی گیانی کوردایەتی و نیشتیمانیی، نموونەی بنەماڵەکانی تاهیری عەلی والی ، محەمەد محەمەدئەمین مراد، ناسراو بە (حەمە تاتە)، حەمەد خدر میرزا (ئەحمەد خان)، گوڵە کەریم ئەحمەد (دایکە گوڵە)، سەید کەریم مەحمود گۆمەشینی، حەسەن یوسف حەسەن موتربی، سەید حەسەن سەید عەبدوڵلا دارەخورمایی، مەلا عوسمان قادر گەڕەشێخانی، .... تاد. بنەماڵەیەکی وەک حەمە تاتە، چوار کوڕو سێ کچی هەبووە، هەر چوار کوڕو خودی خۆیشی لەم پێناوەدا، لەماوەی دوو سێساڵدا شەهید بووینە. کوڕێکیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕژێم و

یەکیان لە شەڕی ناوخۆو، دووانیان لە ڕێکخستنی نهێنیدا چالاک بوونەو گیراون، دوای ڕاپەڕین دەرکەوتووە کە هەردووکیان پێکەوە شەهید کراون. خودی (حەمە تاتە)ی باوکیش کە هەردەم لە چاوەڕوانی هەواڵ و زانینی چارەنووسی هەردوو کوڕە زیندانی کراوەکەیدا بووە، لەناکاو لە دەرگا دراوە. بەرەو کردنەوەی دەرگا چووە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگادا، هێزەکانی ئەمن و ئیستیخبارات، بەر دەسترێژی گوللەیان داوەو، هەر لەوێ شەهیدیان کردوە. حەمە تاتە پێشمەرگە نەبوو، باوکی (پێشمەرگان) بوو، ڕژێم لە تۆڵەی چالاکییەکی ناو شاری پێشمەرگەکانی یەکێتی، کوێرانە کەوتوونەتە گیانی خەڵکی سڤیل و شەهید کردنیان... حەمە تاتە یەکێک بووە لەم قوربانییانە... ماڵێکی ئاوەدان و پڕ لە هیواو خۆشەویستی، لە ماوەی دوو ساڵدا، وێران بووە. بۆ هەتا هەتایی، دەرگای پێوەدراوەو، سێ خوشکی سەرگەردان، بێ ماڵ و حاڵ کراون و، لە خۆشەویستی باوک و برا، بێبەش کراون.

گوناهە پێشمەرگەیەکی وەک مەحمود محەمەد محەمەدئەمین، ناسراو بە (خولەی حەمە تاتە)، کە گەنجێتی خۆی بە خەبات و پارێزگاری کردن لە نیشتیمان بەخشیوە، بە دەستی کورد بکوژرێت. خولەی حەمە تاتە لە شەڕێکی دەستەو یەخە لەگەڵ ڕژێم بە سەختی بریندار بووە، بۆ چارەسەرکردنی ڕەوانەی سوید کراوە. دوای چاک بوونەوەو هاتنە سەرخۆ (کە هێشتا قەتماغەی برینەکانی مابوون، لەنێوان نازو نیعمەت و، ئازادی بەرقەرارو، ژیانێکی ئاسوودەو ئەمینی وڵاتی سویدو پێشمەرگایەتی لە شاخ و داخەکانی کوردستان، ئەوەی دووەمیان هەڵبژێرێت و، گەڕابێتەوە کوردستان... هەر هەفتەیەک بووە کە گەڕاوەتەوە کوردستان و بە هەڤاڵەکانی شاد

بۆتەوە، کەچی لە کارەساتی قەندیل (ئاشقولکەو پشتئاشان)، ئایاری ١٩٨٣، بە دەستی کورد کوژراوە، بۆ دواجار ماڵئاوایی لە سوید و کوردستان و هەڤاڵ و خوشک و کەسوکاری کردوە.

❊ ❊ ❊ ❊

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە، ژیاننامەی (٢٠١) شەهیدی گرتۆتە خۆ کە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٧- ١٩٩١)، لە سەنگەری (ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی)، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردسان‌دا، شەهید بووینە... کتێبەکە کراوەتە سێ بەش:

- **بەشی یەکەم:** ژیاننامەی شەهیدەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئەلف و بێی کوردی.
- **بەشی دووەم:** گێڕانەوەی کورتی بەشێک لەم شەڕانەیە کە هەندێک لەم شەهیدانەی ناو ئەم کتێبەی تێدا بەشدار بووینەو، شەهید کراون.
- **بەشی سێیەم:** وێنەی کۆمەڵێک پێشمەرگە، کە هەندێک لە شەهیدەکانیان تێدایە لەگەڵ هەندێک دیکۆمێنتی پەیوەندیداریش بڵاو کراونەتەوە.

❊ ❊ ❊ ❊

کۆمەڵێک هاوڕێی دڵسۆز لە کۆکردنەوەی زانیاری و پاککردنەوەی وێنەکان، یارمەتیان داوم، ناکرێت ناویان نەهێنم. مایەی پێزانین و ناو هێنان و سوپاس کردنن. گەر یارمەتی ئەوان نەبوایە، ئەم کتێبە زۆر درەنگتر تەواو دەبوو. لەم ڕووەوە:

- مامۆستایانی بە سەلیقەو دەست ڕەنگین، هەردی قاسم، حوسێن محەمەد ڕەسوڵ ناسراو بە (بەڕێز کوردی)، هەردی تاهیر مەلا عەلی

گۆمەگڕوویی، بەشێک لە وێنە کۆن و گەچراو و شێوێنراوەکانیان، بۆ پاک کردوینەتەوە.

- ڕابەر ڕەشید، ئاکۆ ئاکۆیی، هەژاری شەهید ئەحمەد خان، دڵسۆز حوسێن کۆیی، حەمەدەمینی شەهید عەولا سوور، ئاسەف حەمە ڕەشید محەمەدئەمین (کەچە)، عەتا عەبدولڕەحمان کانیشێخی، کەمال حوسێن شێروانی، عەبدوڵلا قۆڕیتانی کۆیی، سابیر حوسێن شێروانی، هێرش بەکر عوسمان گۆمەشینی، ڕزگار سەید کاکە ڕەش، جێگر عومەر کاڕەش، عومەر حەمەد عەلی دۆڵەبەکرەیی، هیوا حەمید باجەلان، کرمانج حەمە فەرەج، بەکر حەمە (مەلا بەکر)، ئارام عەبدوڵلا مستەفا سوڵتان، ئەکرەم زراری، عوسمانی خاڵە مەحمود، زیرەک گەلالی، جەمیلی حەمەوبەگ، جومعە حوسێن داودی، محەمەد عومەر ناسراو بە (مام عەلی)، لوقمان مەلا عەزیز، ئاری کاکەیی، دلشاد سەمەن، دکتۆر زیرەک مەموندی ، شاخەوان شۆڕش، عەزیز پیرداود، سەفەر کاریتانی، هۆشمەند سورچی، ڕزگار خانەقینی، و... زۆر هاوڕێی تر، کە لە پەراوێزی شەهیدەکان ناویان هاتووەو، وەک سەرچاوی زانیاری سوودم لێ بینیوون.

**ئیسماعیل تەنیا**

**هانۆڤەر- نیسانی ٢٠٢١**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

# ژیاننامەی شەهیدەکان

هەواڵنامەی کتێب

## ١- ئازاد حەمەدەمین کەریم



ئازاد حەمەدەمین کەریم، ناسراو بە (ئازادی مەلا ئەمین)، لە ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی (بایزاغا)ی شاری کۆیە، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەی (حاجی قادر)و، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨ دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠ چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٥)و کەرتی شەهید (سەرباز ئەحمەد)، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییە عەسکەرییەکانی هەرێمەکەیی و، چالاکی ناو شاری کۆیەی کردوە. لە ١٩٨٠/٩/٩، لە گوندی (باداوان)ی دەشتی کۆیە لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی، کە (جەنگی سەید حەمەدەمین)و (محەمەدی مام بەکر)ی تێدا شەهید بوون، ئازاد بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٢ بە نهێنی هاتۆتەوە ناو شاری کۆیە. شوێنەکەی ئاشکرا بووەو، دەستگیر کراوە. لە ساڵی ١٩٨٣ لە زیندانی (ئەبو غرێب)دا، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری، تا ئێستاکەش گۆڕ غەریبەو، نازانرێت لەکوێ نێژراوە. شەهید ئازاد هاوسەرگیری نەکرد بوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٢ لە (دڵسۆز حوسێن)ەوە، وەرگیراون.

## ٢- ئازاد ڕەحمان عەلی



ئازاد ڕەحمان عەلی، ناسراو بە (هەڵگورد)، لە ساڵی ١٩٦٤ ، لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تاوەکو پۆلی دووەمی ناوەندی، خوێندوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکان بووە. وەک ڕێبەرو چاو ساغێک، ڕێ نیشاندەرو هاوکاری ئەنجامدانی چالاکییەکانی پێشمەرگەی کردوە. لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەک لە هاوینی ساڵی١٩٨٢ دا، کە یارمەتی پێشمەرگەی داوە، ئاشکرا بووە، هەر ئەو ڕۆژە، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی ئەو چالاکییانەی کردوە کە هەرێمەکەی ئەنجامی داوە. لە کاتی شەڕی ناوخۆ، لە ١٩٨٣/٦/١، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری، لە چەمی (گێلین)ی گوندی قەرە سالم، ڕوو بەڕووی شەڕێکی نەخوازراو بوونەتەوە. هەر لەوێ، لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی تر، شەهید کراون. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گردە ڕەشە)ی نزیک هەولێر، بە خاک سپێردراوە. شەهید هەڵگورد، هاوسەرگیری نەکرد بوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٩، لە (محەمەد ڕەحمان)ی برای شەهید، وەرگیراون.

## ٣- ئازاد محەمەد حوسێن



ئازاد محەمەد حوسێن، ناسراو بە (ئازاد مەنتک)، لە ساڵی ١٩٦٠، لە گوندی (شێخانان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیار، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ناوەندی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و، بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی لێهاتوویی بۆتە فەرماندەی کەرتی شەش لە هێزی دێدەوان. ئەو کات، سمکۆ مەنتک فەرماندەی هێزەکە بووە. ئازاد، لە شەڕێکدا بریندار بووە، بەهۆی برینەکەیەوە، پەنجەیەکی لەکار کەوتووە، هەر بۆیە زۆر جاران بە (ئازاد نۆ پڵ)یش ناوی هاتووە. لە ١٩٨٦/٤/٦، لە گوندی (دووشیوان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەگەڵ هاوڕێیەکی تری بە ناوی (هاشم)، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (شێخانان)، بە خاک سپێردراوە. شەهید ئازاد هاوسەرگیری کرد بوو، لە دوای خۆی، کوڕێک (جێگر) و، کچێک (ئەڤین)ی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٤، لە (عەبدولڕەحمان)ی برای شەهید، وەرگیراون.

## ٤- ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا



ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا، لە ساڵی ١٩٦٠، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر لە قەزای دوزخورماتوو، لە دایک بووە. لە ساڵی خوێندنی (١٩٨١- ١٩٨٢)، لە زانکۆی موسڵ، بەشی پەروەردەی تەواو کردوە. لە ڕێگای (محەمەد شاکەلی)و، شەهید (بورهان مورشید محەمەد)، لە ساڵی ١٩٨١، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. دوای تەواو کردنی خوێندن بۆتە سەربازو، لە خولێکی عەسکەریدا، بۆتە ملازمی پلە دووی یەک ئەستێرە (مولازم ئەوەل موجەنەد). لە ڕێگای پیشەکەیەوە، یارمەتی حزبی داوەو، پسوولەی دەرباز بوون (عەدەم تەعەروز)ی بۆ پێشمەرگە دروست کردوە. پێشمەرگەکان بەم پسوولەیەوە هاتوونەتە شارو، چالاکیان ئەنجام داوە. لە ڕێکخستنەکان، لێپرسراوی ناوچەی (دوز) بووە. دوای ئەنفالەکانی ١٩٨٨، وەک محەمەد شاکەلی لە لاپەڕە (٢١٦- ٢١٧)ی کتێبەکەیدا (لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کەرکوک، ٢٠١١ )، ئاماژەی بەوە کردوە کە بەهۆی گیرانی پێشمەرگەیەکیان لە ناوچەی گەرمیان و، دواتر لە سێدارەدانی، شیرازەی ڕێکخستنەکان ئاشکرا

بـووە. بەم هـۆیەوە، کۆمەڵێـک کەس لە ڕێکخسـتنەکان گیـراون، کە یەکێـک لەوانە مـولازم ئـازاد بـووەو، حـوکمی لەسـێدارە دانـی بـۆ دەرچووە. لە ڕێکەوتی ١٩٩٠/١٢/٢٦، لە بەندینخانەی (ئەبو غریب)، لە سـێدارە دراوە. تەرمەکەی لە گۆڕسـتانی (خورمـاتوو)، بە خـاک سپێردراوە. شەهید مولازم ئازاد هاوسەرگیری نەکرد بوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٨، لە ڕێگای (جومعە حوسێن عەلی)، لە خانەوادەی شەهید وەرگیراون.



## ٥- ئەبوبەکر عوسمان قادر

ئەبوبەکر عوسمان قادر، ناسراو بە (مەلا بەکر)، لە ساڵی ١٩٦٦، لە گەڕەکی (ئیبراهیم پاشا)، لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانە، پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کردوەو وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای هەشتاکان، (١٩٨٠- ١٩٨١) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٨٥دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆتە فەرماندەی مەفرەزە، لە هەمان هەرێم. بەشداری زۆبەی ئەو چالاکییانەی کردوە کە هەرێمەکەی ئەنجامی داون، بەتایبەتیش چالاکییەکانی ناو شار.

بەنیازی ئەنجامدانی چالاکییەک و، بە سزا گەیاندنی تاوانباران، لەگەڵ هەر یەکە لە محەمەد عەلی ئیسماعیل ناسراو بە (حەمە قەمبور)و بورهان محەمەد سەعید، ناسراو بە (بورهان چاوشین)، چوونەتە ناو شاری سلێمانی و، لە گەڕەکی شارەوانی، لە ماڵێکدا خۆیان حەشار داوە. ڕۆژی ١٩٨٨/١١/٢٤، شوێنەکەیان ئاشکرا بووەو، هێزەکانی ڕژێم هەرچوار دەوری ئەو ماڵەیان گرتووە، شەڕ دەستی پێکردوە. لە ئەنجامدا، (مەلا بەکر)و (بورهان چاوشین)، شەهید بووینە. (حەمە قەمبور)یش بە برینداری گیراوەو، دواتر شەهید کراوە. تەرمەکەی لە (گردی سەیوان)ی شاری سلێمانی بەخاک سپێردراوە. شەهید مەلا بەکر، هاوسەرگیری نەکرد بوو.

* وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژانی ٢٠٢٠/١١/١٢،و ٢٠٢٠/١١/٢٣، لە (کرمانج حەمە فەرەج)و، (میدیا عوسمان)ی برای شەهید، وەرگیراون.



## ٦- ئەبوبەکر عومەر ئەحمەد

ئەبوبەکر عومەر ئەحمەد داود کارەش، ناسراو بە (دیار)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گوندی (سۆربەش خدر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردوە. لە ڕێگای شەهید (کاردۆ گەلاڵی)یەوە، لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. وەک نوێنەری ڕێکخراوەکانی شار، یەکێک بووە لەو چواردە ئەندامەی ناو شار، کە لە ١٢- ١٩٨١/٥/١٥، بەشداری یەکەم کۆنگرەی حزبی کردوە. دوای ئەم کۆنگرەیە، بۆتە لێپرسراوی ناوچەی شاری هەولێر. لە کاتێکدا کە خەریکی ئەنجامدانی چالاکی حزبی بووینە، لە ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی، ١٩٨٢/٧/٣١، لەگەڵ هەشت هەڤاڵی تری لە گوندی (قوڵتەپە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەلایەن دائیرەی ئەمنی قوشتەپەو، جاشەکانی (مەلا عوزێر)ەوە، دەستگیر کراون. ماوەی زیندانی کردنی لە زیندانەکانی هەولێرو کەرکوک و ئەبو غرێبدا، بەسەر بردوە. لە ڕۆژی ١٩٨٥/٤/١٤دا، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوەو، لە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١، تەرمەکەی دراوەتەوە کەسوکاری و، لە گۆڕستانی گوندی سۆربەش، بە خاک سپێردراوە. ناوبراو، دەستی شیعر نووسینیشی هەبووە، کۆمەڵێک شیعری دەستنووسی لەدوا بەجێماوە. شەهید دیار، هاوسەرگیری کرد بوو. لە دوای خۆی، پێنج کچی بە ناوەکانی (تریفە، تاڤگە، ڕۆژە، ڕاژە، تانیا)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٩، لە (جێگر عومەر کارەش)ی برای شەهید، وەرگیراون.



## ٧- ئەحمەد بایز حەمەدەمین

ئەحمەد بایز حەمەدەمین، ناسراو بە (ئەحـــمەد پەری)، لە ســـاڵی ١٩٣٩، لە گوندی (بەردبڕ)ی سەر بە نـاحیەی دێـگەڵە، لە خێزانێکی جوتیـاری هەژار، لە دایـک بـووە. دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە. بەشـــداری شۆڕشـــی ئەیلـــولیی کردوە. لە سـاڵی ١٩٦٦ گیـراوەو، زینـدانی کـراوە. دوای نسـکۆی ئـازاری ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە گونـدەکەی خۆیـان. لەگەڵ دامەزرانـدنی (بـزوتنەوەی سۆسیالیسـتی دیمـوکراتی کوردسـتان)، پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی ئەم ڕێکخـراوە تـازەیە کـردوە. کـادیرێکی چـالاکی ڕێکخستنەکان و، لێپرسراوی شانەی گوندەکانی دەڤەری مەنتکایەتی بووە. بە بەردەوامی نامەکانی شاری گەیاندۆتە شارو، هی شاریشی گەیاندۆتە شاخ. جگە لەمەش، هەردەم لە خەمی پەیدا کردنی چەک و تەقەمەنیدا بووە بۆ پێشمەرگەکانی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر. بەهۆی تەسلیم بوونەوەی یەکێک لە پێشمەرگەکان، ئاشکرا بووەو لە ڕۆژی ١٩٧٧/٥/١٧، لە گونـدی بەردبـڕ، لەلایەن ڕژێـمەوە گیـراوە. ڕۆژی ١٩٧٧/١١/٢١، لە یەکێـک لە زینـدانەکانی شـاری موسـڵ لە سـێدارە دراوەو، تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری و، بە نهێنی لە شـاری موسـڵ بە خاک سپێردراوە. شـەهید ئەحمەد پەری خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٦، لە (ڕەمەزان ڕەسوڵ)ی خوارزای شەهید، وەرگیراون.



## ٨- ئەحمەد تەها ئەبابەکر

ئەحمەد تەها ئەبابەکر، ناسراو بە (ئەحمەد شۆڕش)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (باغەمرەی شەهاب)ی نزیک شاری هەولێر، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە. وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. هەر هەمان ساڵ چۆتە شاخ و لە کەرتی شەشی سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی ئەو چالاکیانەی کردوە کە کەرت و هەرێمەکەی پێی هەستاون. بەهۆی لێهاتوویی بۆتە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی شەش. شەوی ١٢ لەسەر١٣ ی شوباتی ١٩٨٣، هێزێکی یەکێتی هێرشیان کردۆتە سەر مەفرەزەیەکی سۆسیالیست لە گوندی (نێرەگین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە. لە ئەنجامدا، ئەحمەد شۆڕش و شەش پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی (قاسم ئەبوبەکر عەلی، عوسمان حەمەد عەبدوڵلا میرەکانی، سابیر عومەر ئاوماری، سەلام گۆپتەپەیی، ناسیح ناسراو بە چەتۆ چۆمەزەردەرەیی، زرار)و، دوو لە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بە ناوەکانی (محەمەد نەبی و هاوڕێ مەحمود)، شەهید بووینە. تەرمی شەهید ئەحمەد شۆڕش، لە گۆڕستانی گوندی باغەمرەی شەهاب، بە خاک سپێردراوە. هاوسەرگیری کرد بوو، لە دوای خۆی کچێکی تاقانەی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٣، لە مەغدید ئەبوبەکر عەلی، خزمی شەهید، وەرگیراون.



## ٩- ئەحمەد حەمەد کەریم

ئەحمەد حەمەد کەریم، ناسراو بە (ئەحمەد گورزەیی)، لە ساڵی ١٩٥٦، لە گوندی (گورزەیی)، سەر بە ناحیەی دێگەڵە لەدایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو نەخوێندەوار بووە. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و لە ڕیزەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە دەشتی کۆیەو ناوچەی خۆشناوەتیدا، کردوە. یەکێک بووە لە بەشداربووانی شەڕی بەناوبانگی دەشتێو (١٩٧٨/٣/٨). هەر لەم شەڕەدا، لەگەڵ (سەعدی گچکە)ی فەرماندەی هەرێم و دوازدە پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە.

تەرمەکەی کەوتۆتە دەست هێزەکانی ڕژێم و، بە ڕێنمایی دائیرەی ئەمنی قەڵادزێ، لەگەڵ هاوڕێ شەهیدەکانی تر، شارەوانی قەڵادزێ، لە گۆڕستانی ئەم شارە، بەخاکی سپاردوون. گۆڕەکان، ناوی شەهیدەکانی لەسەر نییە، بۆیە ناناسرێنەوە. شەهید ئەحمەد گورزەیی، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٨، لە ڕێگای (عوسمانی خاڵە مەحمود)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١٠- ئەحمەد فەقێ ئەحمەد



ئەحمەد فەقێ ئەحمەد، ناسراو بە (ئەحمەد فەقێ ڕەش)، لە ساڵی ١٩٤٩، لە گوندی (ڕۆست)ی دەڤەری باڵەکایەتی، لە خێزانێکی جوتیار لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەم گوندەدا تەواو کردوە. بۆ درێژەدان بۆ خوێندن چۆتە شاری ڕواندز و، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندویەتی. بەهۆی کۆچی دوایی دایکی وازی لە خوێندن هێناوەو، لە گوندەکەی خۆیاندا، بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریک بووە. ساڵی ١٩٦٥، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو، لە خولێکی کادیراندا لە ساڵی ١٩٦٧ بۆتە کادیر. لەبەر لێهاتوویی کراوەتە ئەندامی ناوچەی باڵەک. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دوایی گەڕاوەتەوە عێراق. بۆ باشووری عێراق دوور خراوەتەوەو، لە گوندێکی پارێزگای نەجەف، نیشتەجێ بووە. لەگەڵ دامەزراندنی بزوتنەوە، پەیوەندی بەم ڕێکخراوە تازەیە کردوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦، ماڵ و منداڵی لە نەجەف بەجێهێشتووەو، پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی بزوتنەوە لە شاخ کردوە. لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا، بۆتە فەرماندەی هەرێمی نوێ باڵەک. لە کۆنگرەی یەکەمی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥)، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لە دوای ڕوداوەکانی پشتئاشان (ئایاری ١٩٨٣)، گۆڕانکاری لە هەندێک هەرێم و

دەڤەرەکاندا کراوە. ئەحمەد فەقێ ڕەش گواستراوەتەوە سەرکردایەتی و، لە شوێنی ئەو، ئەنوەر سەعید ئاغا بۆتە فەرماندەی هەرێم. دوای ڕوخانی ڕژێمی شا، لە چوارچێوەی هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، لە ڕۆژی ۱۹۷۹/۸/۲۳، بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ۱۹۸٥/۱۱/۲٦، لە ڕوداوێکی نەخوازراوی گوماناوی، کاتێک کە لە شاری (شنۆ)وە دەیویست بگەڕێتەوە سەرکردایەتی، لە ناو ئۆتۆمبێلێکی جێب تەقەی لێ کراوەو، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (بەندێ)ی شاری (ورمێ)، بە خاک سپێردراوە. شەهید ئەحمەد لەدوای خۆی، دوو کوڕ (یونس، فەقێ)و، سێ کچ (بەیان، موژدە، پەخشان)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان لە لاپەڕەی شەهید قادر شۆڕش و کۆمەڵێک پەیجی تر، وەرگیراون.**




## ١١- ئەحمەد مارف ئیسماعیل

ئەحمەد مارف ئیسماعیل، ناسراو بە (ئەحمەد ئاودەل باوزێی)ی لە ساڵی ١٩٥٢، لە گوندی (باوزێی)ی سەر بە شاری قەڵادزێ، لە خێزانێکی جوتیاری کورد پەروەر لەدایک بووە. بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندو ناوچەکەیاندا، نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٤، کاتێک کە شۆڕشی چەکداری دەست پێ دەکاتەوە، ئەحمەد چۆتەوە شاخ و، لە هێزی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان. لەگەڵ دەست پێ کردنەوەی شۆڕشی نوێ، لە ساڵی ١٩٧٦، چۆتەوە شاخ و لە مەفرەزەکەی شەهید (محەمەدە سوورەی باوزێ)دا، بۆتە پێشمەرگە. یەکەم چالاکیان لە ١٩٧٦/٨/٣، لەسەر بەستی (چەکوان)، لە نێوان گوندەکانی (گەناو)و (چەکوان)، دژی سەربازگەکانی ڕژێم ئەنجام داوە. هەروەها لەگەڵ هاوڕێکانی، چەند بۆمبێکیان لەسەر ڕێگای مەخفەری گوندی (گەناو)، داناوە. لەهەمان کاتدا، بۆسەیەکیشیان بۆ سەربازەکان داناوە. کاتژمێر حەوتی بەیانی بۆمبەکە بە سەربازەکاندا تەقیوەتەوە، لەهەمان کاتدا، ئەوانیش دەستڕێژیان لە سەربازەکان کردوەو، حەوت سەرباز کوژراون. پێشمەرگەکان چەکەکانیان بردوە. لە ساڵی ١٩٧٦، بەشداری هێرش کردنە سەر مەخفەری ناحیەی (هێرۆ)ی کردوە. لە ١٩٧٧/٧/١٣،

بەشداری شەڕی کوێستانەکانی (قۆرغان و بازاڕ)ی لە گوندی باوزێ، کردوە. لەگەڵ هێزەکەی بەشداری شەڕی هەکاری کردوە. دوای شکستیان، لەگەڵ سێ سەد کەسی تر تەسلیم بە ڕژێم بوونەتەوە. هەر هەمان ساڵ چۆتەوە شاخ و، لە هەرێمی شەش بۆتەوە پێشمەرگە. لە سەرەتای مانگی سێی ساڵی ١٩٨٢، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تری سەر بە هەرێمی شەشی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، بە نیازی ئەنجامدانی چالاکی دژی سەربازگەکانی ڕژێم، بە نهێنی هاتوونەتە ناو شاری قەڵادزێ. لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٣/٤، ( لە ڕاستیدا ٣/١٤ بووە ) لە ئۆردوگای زۆرەملێی (پێماڵک)، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تری هاوڕێی بە ناوی (ئەحمەد مەحمود ئەحمەد گەرمکەیی)، لە ماڵی ئەحمەد گەرمکەیی، سوپاو جاش دەوری ماڵەکەی گرتوون. شەڕێکی گەورە ڕویداوە کە لە ئەنجامدا، دوای کوشتنی زیتر لە سی سەربازو جاش، ئەحمەد گەرمکەیی شەهید بووە. (ئەحمەد ئاودەل باوزێی)یش، دوای نەمانی فیشەک، بە برینداری بە دیل گیراوە. لە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٧، لە دەرەوەی زیندانی شاری موسڵ گولە باران و شەهید کراوە. تا ئێستاکەش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوەو، بۆتە شەهیدێکی گۆڕ غەریب.

*** سەرچاوە: عومەر ئیسماعیل مارف، ئەحمەد ئاودەل باوزێی قارەمانی نەبەردی و داستانی پێماڵک، گۆڤاری (چەپکە گوڵ)، ژمارە (١٦)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ .**

## ١٢- ئەحمەد مەحمود ئەحمەد



ئەحـــمەد مەحمـــود ئەحـــمەد، ناســـراو بە (ئەحـــمەد ئـاودەل گەرمکەیـــی)، لە ســـاڵی ١٩٥٣، لە گونـدی (گەرمکـان)ی ســـەر بە نـاحیەی (بنگرد)ی قەزای دوکـان، لە بناری چیای ئاسۆس، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی شەشــــــەمی ســــــەرەتایی خوێنــدویەتی. وازی لە خوێنــدن هێنــاوە. پێشـــمەرگەی هەرێمـی شەشـــی (حزبـی سۆسیالیســـتی کوردستان)، بووە. بەشداری دەیان چالاکی عەسکەری هەرێمەکەی و ناوچەی مەرگەو پشدەری کردوە. چەند ڕۆژێک پێش ١٩٨٢/٣/١٤، لەگەڵ چەنـــد پێشـــمەرگەیەکی تـــر، بە نیـــازی لێـــدانی مـــۆڵگە سەربازییەکانی ڕژێم هاتوونەتە ناو شاری قەڵادزێ. نەیانتوانیووە چـالاکییەکە ئەنجام بـدەن. هەر لە قەڵادزێ لەگەڵ هـاوڕێیەکی تـری پێشمەرگەی بە ناوی ئەحمەد مارف ئیسماعیل، ناسراو بە (ئەحمەد ئاودەل باوزێی)ی، هاتوونەتە ماڵی دایکی (ماڵی ئەحمەد گەرمکەیی)، لە ئۆردوگـای پیماڵـک (گەڕەکـی ڕاپەڕینـی ئێســتا). شـەو لەوێ ماونەتەوە. بەهۆی ئاشکرا بوونی شوێنیان، ڕۆژی دواتر ١٩٨٢/٣/١٤، کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، سوپاو جاش، چوار دەوری ماڵەکەیان لێ دەگرن. شەڕێکی قورس دەستی پێ کردوە. دوای کوژرانی زێتر لە سی سەربازو جاش، پێشمەرگەکان فیشەکیان پێ نەماوە. ئەحمەد

ئاودەل گەرمکەیی، هەر لە ماڵەکەی خۆی، شەهید بووە. (ئەحمەد باوزێی)یش، بە برینداری دەستگیر کراوەو، دوایی لە ١٩٨٢/٨/٧، لە شاری موسڵ گولە باران و شەهید کراوە. شەڕەکە نزیکەی چوار کاتژمێر درێژەی کێشاوە. تەرمی شەهید (ئەحمەد گەرمکەیی)، لە گۆڕستانی شاری قەڵادزێ، بە خاک سپێردراوە. لەدوای خۆی، کوڕو کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٠، لە مەحمود عەباس قەڵادزەیی خزمی شەهیدو، محەمەد گربداغی، زاوای شەهید، لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٢، وەرگیراون.**

## ١٣- ئەحمەد مەلا سمایل



ئەحمەد مەلا سمایل گرتکی، ناسراو بە (کاکە شین)، لە ساڵی ١٩٥٣، لە گوندی (گرتک)ی سەر بە ناحیەی (سمێلان)، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار، لە دایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کردوەو لە هەرێمی نۆی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. بەشداری شەڕی هەکاری کردوە، لەوێ بە دیل گیراوە. دوای ئازاد بوونی جارێکی تر پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگە کردۆتەوەو، لە هەمان هەرێمی پێشوو (هەرێمی نۆی باڵەک)، بۆتەوە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی کردوە، کە هەرێمەکەی ئەنجامی داون. لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی هاوڕێی بەناوی (نادر هەنارەیی)، لە هێزەکەیان دابڕاون. لەلایەن جاشەکانەوە، لە گوندی (هەنارە)ی دەم بەستۆرەی نزیک هاوینەهەواری سەلاحەدین، بە دیل گیراون. لە ١٩٨٨/١٢/٢٠، لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراون. تەرمەکانیان نەدراونەتەوە کەسو کاریان و، گۆڕ غەریبن.

شەهید کاکە شین، هاوسەرگیری نەکردوە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٥، لە پێشمەرگەی دێرین (محەمەد عومەر) ناسراو بە مام عەلی، وەرگیراون.**

## ١٤- ئەردەڵان محەمەد محەمەدئەمین حەمە مراد



ئەردەڵان محەمەد محەمەدئەمین، ناسراو بە (ئەردەڵان حەمە تاتە)، لە ساڵی ١٩٦٤، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لە گەڕەکی (سابوونکەران)ی شاری سلێمانی، لە دایک بووە. بەهۆی دەورو بەرو براکانییەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. لە ڕیزی قوتابیاندا، ئەندامێکی چالاک بووە. کاتێک کە قوتابی پۆلی سێی ناوەندی (نۆی ئێستا) بووە لە قوتابخانەی (ڕۆژهەڵات) لە سلێمانی، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٢، لەلایەن هێزەکانی ئەمن و ئیستیخبارات، دەستگیر کراوە. چارەنووسی نادیار بووە... دوای ڕاپەڕین و دۆزینەوەی فایل و بەڵگەنامەکان لە دائیرەی ئەمنی شاری سلێمانیدا، لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا ئاشکرا بووە کە ئەردەڵان لەگەڵ (کاوە)ی برای و، چەندین کەسی تر، لە رۆژی ١٩٨٣/٥/٣دا، لە سێدارە دراون. تەرمەکانیان نەدۆزراونەتەوەو، شەهیدی گۆڕ غەریبن. ناوبراو، دوو برای تریشی لە خەباتی پێشمەرگایەتی و باوکیشی شەهید بووینە.

شەهید ئەردەڵان، هاوسەرگیریی نەکرد بوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٩، لە (سۆزان حەمە تاتە)ی خوشکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٥- ئەسعەد حەسەن یوسف



ئەسعەد حەسەن یوسف عەزیز، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (حەسەن موترب)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە دایک بووە. لە تیرەی (مل بۆری) هۆزی مەنتکە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٦٩، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردوەو، لە هێزی بێتواتە بۆتە پێشمەرگە. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری، لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتەوە شاخ . بەشداری چەندین شەڕی ناوچەکەی کردوە. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە شارو، بۆ باشوری عێراق، شاری دیوانیە، دوور خراوەتەوە. دوای ماوەیەک ڕێگای پێدراوەو گەڕاوەتەوە هەولێر. ماوەیەک بۆتە پۆلیس. دواتر وەک کرێکارێک لە کارگەی جگەرەی هەولێر، دامەزراوە. هەر ئەو سەردەمە پەیوەندی بە بزوتنەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٧٨، چۆتەوە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەندین شەڕو چالاکی عەسکەری کردوە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١، لە گوندی (شیوەپیران)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، دوای شەڕێکی سەخت، لەگەڵ هێزەکانی سوپاو جاشەکان، شەهید بووە. لەم شەڕەدا، چواردە پێشمەرگە شەهید بووینەو، چوار پێشمەرگەش بە دیلی کەوتوونەتە دەست ڕژێم. تەرمی پێشمەرگەکان بە کۆپتەر بۆ هەولێر گواستراونەتەوەو، لە گۆڕستتانی (منارەی چۆلی)، (بێ ناو

نووسین لەسەر گۆڕەکانیان)، نێژراون. تەنها گۆڕەکەی شەهید ئەسعەد ناسراوە، ئەویش بەهۆی خزمێکیانەوە بووە، کە ئەو کات لە شارەوانی هەولێر، کارمەند بووە. شەهید ئەسعەد خێزاندار بووە، لە دوای خۆی سێ کچ (چنار، کتان، جوان )و، کوڕێک (هەژار)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٠، لە هەژاری کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ١٦- ئەسعەد ڕەسوڵ محەمەد وەیسی



ئەسعەد ڕەسوڵ ،محەمەد وەیسی، ناسراو بە (ئەسعەد ئۆمەرەسۆری)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گوندی (ئۆمەرەسۆر)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر (ناحیەی دارەتوو)ی ئێستا، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان (شۆڕشی ئەیلول)ەوە، کردوە. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە گوندەکەیان. دوای دروست بوونی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)و، هاتنە دەرەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان، ئەسعەد لە ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و لە کەرتی شەشی سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییە عەسکەرییەکانی هەرێمەکەی کردوە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١، لە ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکدا لەگەڵ سوپاو جاش لە گوندی (شیوەپیران)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەگەڵ سێزدە پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە. تەرمەکەی کەوتۆتە دەست ڕژێم و بێ ئەوەی کەسوکاری پێی بزانن، بەخاک سپێردراوە.

شەهید ئەسعەد، خێزاندار بووە. دوای خۆی، کوڕێک (سوارە)و دوو کچ (فەیرۆز، نەورۆز)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٨، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ١٧- ئەسعەد عوبێد عەزیز



ئەسعەد عوبێد عەزیز، ناسراو بە (ئەسعەدە ڕەش)، لە ساڵی ١٩٥٩، لە گوندی (ئازیانە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە دایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (لەک)ە. لە گوندی گردەسۆر خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوە. لەبەر ئەوەی قوتابخانەی ناوەندی لە گوندەکەیاندا نەبووە، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و لە ڕیزی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و، هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بە بەردەوامی لەگەڵ (قادر مستەفا)دا، بووە. دوای دروست بوونی هەرێمی حەوتی قەرەچوغ، بۆ ئەم هەرێمە گواستراوەتەوە. بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردوە، لەوانە: هێنانی خەبیرە فەڕەنسییەکان (١٩٨٢)و، شەڕی نێرەگین و، چەک کردنی جەیش شەعبییەکانی گوندەکانی سەر بە دیبەگەو کەندێناوە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا، دوو جاران بریندار بووە، یەکەمیان لە کاتی چەک کردنی جەیش شەعبییەکانی گوندی (گرد عازەبان)ی سەر بە ناحیەی شەمامک. دووەم جاریش لە شەڕی گوندی (گردەسۆر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە. سەرەتا فەرماندەی مەفرەزە بووە، دواتر بۆتە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ. لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٨/١٦، لەگەڵ مەفرەزەکەی کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان و، دوای

شــەڕێکی قــورس (عــزەدین)ی هــاوڕێی شــەهید بــووە. ئەویــش بە ســووکی برینــدار بــووە. دوای مــاوەیەک بەرگــری کــردن، دواجــار خۆیشی لە بەرزاییەکانی نێوان هەردوو گوندی (گردیش) و (هەمزە بەگ)ی ســەر بە قەزای ناوەنــدی هەولێر، شــەهید بــووە. تەرمەکەی کەوتــۆتە دەســت جاشــەکان. دوای دە ڕۆژ، بە هەوڵ و کۆششــی خزمەکانی، تەرمەکەی وەرگیراوەتەوەو، لە گۆڕستانی گوندی (گردە ڕەشــە)ی نزیــک هەولێــر، بە خــاک ســپێردراوە. شــەهید ئەســعەد، خێزاندار بــووە، لە دوای خــۆی، کوڕێــک (ئــاری)و، دوو کــچ (دیــمەن، چیمەن)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٥، لە (محەمەد خورشید)ی ئامۆزای شەهید، وەرگیراون.

## ١٨- ئەکرەم مەعروف مستەفا



ئەکرەم مەعروف مستەفا، ناسراو بە (ئەکرەم قۆڕیتانی)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (قۆڕیتان)ی سەر بە قەزای کۆیە، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار لە دایک بووە. تەنها قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوەو، لەگەڵ شەهید (کاکەسوور قۆڕیتانی) برای، لەلای شەهید دکتۆر خالید سەعید بوونەتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی دەشتی کۆیەو ناوچەکەی کردوە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار بریندار بووە. لە ساڵی ١٩٨١ بە فەرمانی سکرتێری حزب (ڕەسوڵ مامەند)، بۆتە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (١٥)ی شەهید دکتۆر خالید، لای فەرماندەی هەرێم (حەمەسوور کانی کوردەیی)، لە دەشتی کۆیە. لە ئەنفالەکانی دەشتی کۆیە، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨، گیراوەو تا ئێستاکەش بێسەرو شوێنە. شەهید ئەکرەم هاوسەرگیری کرد بوو، لەدوای خۆی چوار کوڕی بە ناوەکانی (بێستوون، فەرەیدون، فەرمان، فریاد)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە. جگە لە خۆی، دوو برای تریشی شەهید بووینە. پێنج خوشک لە سۆزی برایەتی بێبەش کراون.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٢، لە ڕێگای پێشمەرگەی دێرین (دلسۆز حوسێن)، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ١٩- ئەکرەم مەولود قادر



ئەکرەم مەولود قادر ئیسماعیل، ناسراو بە (ئەکرەم مەولود سیان)، لە ساڵی ١٩٤٧، لە گوندی (جاستان)ی سەر بە ناحیەی دیبەگەی ناوچەی کەندیناوە، لە دایک بووە. بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەو خێزانەکەیانەوە، نەیتوانیووە خوێندن تەواو بکات. لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٥٦، لەگەڵ خانەوادەکەیان ماڵیان هاتۆتە گوندی (سۆربەش خدر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە. لە ساڵی ١٩٦٥، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو لە بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٦٩دا، برایەکی بە ناوی (بەهرەم) شەهید بووە. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەدا بەشداری کردوە، نموونەی شەڕەکانی بیستانەو گۆمەتاڵ و دێگەڵەو سماقولی و کونەفلوسە. هەروەها شەڕی درێژ خایەنی چیای ماکۆک. دوای نسکۆی ١٩٧٥، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دوای چوار مانگ گەڕاوەتەوە گوندەکەیان. لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. دوای ئاشکرا بوونی، دائیرەی ئەمنی قوشتەپە هەوڵیداوە بیگرێت، خۆی بەدەستەوە نەداوەو لە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١٥دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. دوای دروست

بوونی هەرێمی حەوتی قەرەچوغ، بۆ ئەم هەرێمە گواستراوەتەوەو، بۆتە فەرماندەی کەرت. بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی ناوچەکەو هەرێمەکەی کردوە. شەوی ١٥ لەسەر ١٩٨٣/١/١٦، لەکاتی ئەنجامدانی کاری حزبی، لەگەڵ (٢٣) پێشمەرگەی تر، لە نزیک گوندی (بیرەعارەبان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، کەوتوونەتە بۆسەی دائیرەی ئەمنی قوشتەپەو جاشەکانەوە. لە ئەنجامدا، ئەکرەم و نۆ پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی سۆربەش، بە خاک سپێردراوە. شەهید ئەکرەم لە دوای خۆی، چوار کوڕی بە ناوەکانی (محەمەد، ستار، عەبدولقەهار، عەبدولواحید)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٠، لە ڕێگای (جێگر عومەر کارەش)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.**

## ٢٠- ئەنوەر محەمەد شێخان



ئەنوەر محەمەد شێخان، ناسراو بە (ئەنوەر شێخانی)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (پیرداود)ی سەر بە ناحیەی (شەمامک)ی سەر بە هەولێر، لە دایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (گەردی)یە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوەو وازی هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٢دا چۆتە شاخ و لە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆ هێزەکەی دکتۆر ڕەشید، گواستراوەتەوە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، دوو جاران بریندار بووە. لە ١٩٨٣/١/١٦دا، لە شەڕێکی دەستەو یەخە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لە کەلی قەشقەی بەستی شرغە، بە برینداری بە دیل گیراوە. لە ١٩٨٣/٢/٦دا، لە بەندینخانەی ئەبوغرێب، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە، گیانی لەدەستداوە.

(خالید چنارتوویی) کە لەگەڵ شەهید ئەنوەر، پێکەوە زیندانی بووینە، لە کۆمێنتێکی فەیسبووکدا، نووسیوویەتی: (ئەم قارەمانە بە برینداری لە تەسفیراتی پۆلیسی بەغدا شەهید بوو، لەبەر ئەوەی هیچ چارەسەرییەکیان بۆ برینەکەی نەکرد... برینەکانی کرم لێیدابوو، بە

هەوڵی برادەران هەوڵدرا بۆی پاک بکەینەوە، چەندین جار داوامان لە جەلادەکان کرد، تا چارەسەری بۆ بکەن، بەڵام بەداخەوە هیچ گوێیان لێ نەگرتین. تا لە سەرەتای مانگی یەکی ١٩٨٣دا، شەهید بوو. جەلادەکان هاتن تەرمەکەیان بردە دەرەوە. ئیتر ئاگامان لێی نەما).

شەهید ئەنوەر هاوسەرگیری کردبوو. لەدوای خۆی کچ و کوڕێکی بە ناوەکانی (تریفە و کاروان)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** وێنەو ژیاننامەکەی، لە لاپەڕەی فەیسبووکی (حەیدەر مەنتک) وەرگیراوە، کە لە ڕۆژی ٢٠١٦/١١/١١دا، بڵاوی کردۆتەوە.**

## ٢١- ئەنوەر سەعید والی



ئەنـوەر سـەعید والـی، لە سـاڵی ١٩٤٨، لە شاری سلێمانی لەدایک بـووە. قۆناغەکـانی خوێنـدنی لە شـاری سـلێمانی تەواو کـردوە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی، بەشـی کارەبـا بـووە. دوای تێکچـوونی پەیوەنـدییەکانی حکـومەت و سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـول، لە ئـازاری ١٩٧٤دا، ئەنـوەر چـۆتە شـاخ و بۆتە لێپرسـراوی هێزی زمناکۆ لە ناوچەکانی سیروان و دەربەندیخان. بەشداری شـەڕەکانی زۆزگ و هەندرێن و ڕواندزو دەربەندیخانی کردوە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە. لەگەڵ دامەزرانـدنی بـزوتنەوە، پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانەوە کـردوە. یەکێـک بـووە لە پێشـمەرگەکانی یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە کە لە ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٨دا، چوونەتەوە شاخ.

لە سـاڵانی ١٩٧٧- ١٩٧٨، لە شـەڕەکانی (شلێروشـاربازێڕ)، ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە. لە سـاڵی ١٩٧٨، لە شـەڕی هەکاریـدا، بریـندار بـووە. لە ١٩٧٩/٨/٨، دوای کۆنفرانسـی دامەزرانـدنی (حزبـی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، بە لێپرسراوی هەرێمی دوو، هەڵبژێردراوە.

بەشداری شـەڕەکانی (ڕیشـێن، مەسـەکان، نـاوگردان)ی کـردوە. لە دوای کۆنگرەی یەکەمی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥)، بە کارگێڕی لقی

سلێمانی و، لێپرسراوی کۆمیتەی ناوچەی هەڵەبجە، هەڵبژێرردراوە. لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٨دا، کەوتۆتە ناو بۆسەی جاشەکانی شارەزورو، شەهید کراوە. تەرمەکەی لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردراوە.

شەهید ئەنوەر هاوسەرگیری نەکرد بوو.

*** لە ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی). ژمارە (١٠)، ساڵی دووەم، ئەیلولی ١٩٨٢، لاپەڕە ١٠، وەرگیراوە.**

## ٢٢- ئەنوەر مەجید ئەحمەد سوڵتان



ئەنوەر مەجید ئەحمەد سوڵتان، ناسراو بە (ئەنوەری مەجید سوڵتان)، لە ساڵی ١٩٤٤، لە گەڕەکی (گۆیژە)ی شاری سلێمانی ، لە دایک بووە. سوڵتان ئەحمەد چاوڕەشی باپیری، لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی ئەفسەر بووە. ئەنوەر لە ساڵی ١٩٥٧دا، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (خالیدیە)ی کوڕان تەواو کردوە. ساڵی خوێندنی (١٩٦٥- ١٩٦٦)، بەشی زانستی ئامادەیی سلێمانی تەواو کردوە. چۆتە زانکۆی بەغداو لە کۆلیژی کشتوکاڵ وەرگیراوە. بە دڵی نەبووە، دوای ساڵێک وازی هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٨دا، لە خوولی ٤٦ی کۆلیژی سەربازی بەغدا وەرگیراوە. خوولەکەی تەواو کردوەو بۆتە ملازمی پلە دوو (یەک ئەستێرە). لە ساڵی ١٩٧٠دا، وەک ئەفسەرێکی نموونەیی بەشداری خوولی تۆپخانەی عێراقی کردوە. لە ساڵی ١٩٧٢دا، بۆتە ملازمی یەکەم (دوو ئەستێرە). لە هەمان ساڵدا، کاتێک کە شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراق، لە مفاوەزاتدا بوون، ئەنوەر پەیوەندی بە شۆڕش کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، بۆتە فەرماندەی مەدفەعی لە هێزی خەبات لە ناوچەی پێنجوین. دوای نسکۆی شۆڕش، چەند مانگێک دواتر گەڕاوەتەوە عێراق و وەک سزادانێک، بۆ شاری بەسرە دوور

خراوەتەوەو، لە دائیرەی بەرید کراوەتە فەرمانبەر. لەدوای ماوەیەکی کەم بە سەردان گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و، لە شەوی ٢٣ لەسەر ١٩٧٦/٦/٢٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای دەرچوونی یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە بۆ شاخ (١٩٧٦/٨/٨)، ئەنوەر پەیوەندی بە بزوتنەوە کردوە. لە بەهاری ١٩٧٨دا، لەگەڵ عەلی عەسکەری و هێزەکەی چوونەتە هەکاری. لە ڕێگادا بووینە، ئەنوەر کەوتۆتە بۆسەی هێزەکانی ئێران و، زیندانی کراوە. دوای شۆڕشی گەلانی ئیران (شوباتی ١٩٧٩)، ئازاد کراوەو گەڕاوەتەوە کوردستان و بۆتە لێپرسراوی عەسکەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. کاتێک کە بزوتنەوە لە نیمچە بەرەی (یەکێتیی) دەرچووەو لە ١٩٧٩/٨/٨دا، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان ڕاگەیاندوە، ئەنوەر بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. وەک هێزێکی پشتیوانی بە هانای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چووە. شان بە شانی هێزەکانی دیموکرات، دژی سوپای ئێران شەڕی کردوە. لە شەڕێکی سەخت، لە ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٢، لە نزیک پردی دوو ئاوان، نێوان شاری (سەقز و بانە)دا، شەهید بووە. دوای بیست ڕۆژ تەرمەکەی گەیشتۆتەوە سلێمانی و، لە گردی سەیوان، بە خاک سپێردراوە.

شەهید ئەنوەر هاوسەرگیری نەکرد بوو.

*** لە لاپەڕەی فەیسبووکی گۆرانیبێژ (دانا غەنی)، کوڕە خوشکی شەهید ئەنوەر، وەرگیراوە.**

## ٢٣- ئیبراهیم ئیسماعیل مەحمود



ئیبـــراهیم ئیســـماعیل مەحمـــود سنجاوی، ناسراو بە (شوان)، لە ساڵی ١٩٥٣، لە گوندی (هێلەوە)ی سەر بە ناحیەی (شەمامک)، لە خێزانێکـــــی جوتیــــاری نیشتیمانپەروەر لە دایک بووە. لە کۆتـــایی شەســـتەکانی ســـەدەی ڕابردودا، لە تەمەنی لاوییتییەوە، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (یەکێتی قوتابیـــانی کوردســـتان)ەوە کـــردوەو، بـــۆتە ئەنـــدامی ئەم ڕێکخراوە. یەکێک بووە لە هەڵگرو پەیڕەوکارانی بیری چەپ و مارکسی، لەناو ئەم ڕێکخراوەدا. دوای تەواو کردنی (پەیمانگای کشتوکاڵی لە بەغدا)، وەک فەرمانبەر لە هەولێر، دامەزراوە. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، خەریکی هەوڵدان و کـــۆکردنەوەی لاوان و قوتابیـــان بـــووە لە گروپێکـــی ڕێکخـــراوی مارکســـیدا. ســـەرەنجام، لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٦دا، لەگەڵ کۆمەڵێـــک لە هاوڕێکانیـــدا، گروپێکیـــان بەنـــاوی (ڕێـــڕەوی ڕێبـــازی مارکسیزم لە کوردستاندا- مسیره النهج الماركسي في كوردستان)، بە نهێنی لە هەولێر دامەزراندوە[1]. دواتر لە١٩٧٨/٩/٢٤ دا، چوونەتە شـــاخ و پەیوەنـــدییان بە ســـەرکردایەتی کـــاتی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردستان، ناسراو بە (قیادە موەقەتە)ەوە کردوە. لە دوای کۆنگرەی نـــۆیەمی پـــارتی، وازیـــان هێنـــاوەو، لە شـــاری خـــانێ (پیرانشـــەهر)ی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتوون. لە سەرو بەندی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە مایسی ١٩٨١، بەشێکیان بەناوی گروپی (بازنەی ڕۆشنبیری- حلقة الثقافی)، بەشداری کۆنگرەیان کردوە. لە دوای کۆنگرە، (شوان) بۆتە کارگێڕی لقی سلێمانی و، لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، بە فەرماندەیی (شێرکۆ شێخ عەلی)، چالاکی نواندوە. (شێرکۆ شێخ عەلی)یش، پێشتر قیادە موەقەتە بووە، (پێدەچێت شوان و شێرکۆ، دۆستایەتییەکی لەمێژینەیان هەبوو بێت، یان لە ڕووی فکرەوە، لەیەکترییەوە نزیک بووینە، بۆیە شوان چۆتە لقی سلێمانی و، لای شێرکۆ بووە- ئیسماعیل- ).

لە ڕێکەوتی ١٩٨١/٨/٢٠دا، لە ڕوداوی نەخوازراوی دەعوەت کردنی (جەمال عەلی باپیر)و هێزەکەی، شوان و شێرکۆو، چەند پێشمەرگەیەکی تر، بە دەستی هێزەکانی یەکێتییەوە، شەهید کراون. (ئەم ڕوداوە زۆری لەسەر نووسراوە). کەسوکاری شوان، تەرمەکەیان هێناوەتەوەو، لە گۆڕستانی (گردی پیرداود)ی نزیک هەولێر، بە خاکیان سپاردوە. شەهیدی ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو. (ئاسۆ کەریم)ی هاوڕێی شوان، نووسیوویەتی: (شوان لە کۆنگرەی سۆسیالیست بۆتە ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی). بەڵام لە ڕاستیدا، ناوبراو ئەندامی ئیحتیات نەبووە، لە هەموو بەڵگەنامەکانی یەکەم کۆنگرەدا، شتی وا نابینرێت.

(١) ڕێڕەوی ڕێبازی مارکسیزم لە کوردستان( مسیرة النهج المارکسی فی کوردستان)، لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٦، لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی مارکسی، دروست بووە، کە زۆربەیان قوتابی زانکۆو پەیمانگاو مامۆستا بووینە. بەشێک لەوانە پێشترئەندامی حزبی شیوعی عێراق بووینە، بەهۆی چوونی ئەم حزبە بۆ ناو بەرەیەک لەگەڵ حزبی بەعس، لە سیاسەتەکانی ناڕازی بووینەو، وازیان هێناوە. دیارترین

کەسایەتییەکانی ناو ئەم گروپە بریتی بوون لە:
- بەکر کەریم محەمەد، ناسراو بە ئاسۆ کەریم.
- مامۆستا عەبدولمەجید شەوکەت ئاکرەیی، ناسراو بە (هەوار). دواتر شەهید بووە.
- ئیبراهیم ئیسماعیل مەحمود، ناسراو بە (شوان)، دواتر لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستدا، شەهید بووە.
- ڕەجەب تەیب، ناسراو بە (ڕێبوار).
- یاسین ڕەشید ئاکرەیی، برای مقەدەم عەزیز عەقراوی، ناسراو بە (کاروان). کاروان ئاکرەیی ئێستا.
- ئەمجەد ئەرشەد حەوێزی، ناسراو بە شەماڵ. شەماڵ حەوێزی ئێستا.
- شەریف مستەفا ئامێدی، ناسراو بە سەردار. دواتر سەردار ئامێدی.
- جوتیار مەحمود، ناسراو بە (مەمۆ).

زۆربەیان خەڵکی ئاکرێ و ئامێدی و هەولێرو کۆیە بووینە. ئەم گروپە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی نهێنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دا، هەبووە. بۆ نموونە، ئاسۆ کەریم نووسیوویەتی: مامۆستا عەبدولمەجید ئاکرەیی، دۆستێکی نزیکی شاعیری شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)ی (کۆمەڵە)، بووە. ئاسۆ کەریم دۆستێکی نزیکی (کاردۆ گەلاڵی) بزوتنەوەو، قاسم محەمەد چەلەبی (کۆمەڵە)، بووە. ئەمجەد ئەرشەد(شەماڵ حەوێزی)، دۆستێکی نزیکی حاجی مەمۆی (کۆمەڵە)، بووە. ئاسۆ، بەردەوام بووەو نووسیوویەتی: لە ساڵی ١٩٧٨دا، پێکەوتم کە لە هەولێر ناتەبایی و ململانێیەک لە نێوان کەسە چالاکەکانی (بزوتنەوە)و، (کۆمەڵە)دا، هەیە. ئەوانە لە شار، لە چایخانەی (عەبۆ)و، گازینۆی شەوانی هەولێر، کۆبوونەتەوەو. خەریکی ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆ بووینە.
لە ئەنجامی چالاکی و کۆبوونەوەو کتێب گۆڕینەوەو جموجۆڵیان، ئاشکرا بووینە. بۆیە لە ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢٤، لە ڕێگای (ئامێدی و سۆلاڤ)ەوە، هەریەک لە: ئیبراهیم ئیسماعیل (شوان)، ڕەجەب تەیب (ڕێبوار)، یاسین ڕەشید (کاروان)، شەریف مستەفا (سەردار)، ئەمجەد ئەرشەد (شەماڵ)، بەکر کەریم (ئاسۆ)، پێکەوە چوونەتە شاخ و، پەیوەندییان بە ڕیزەکانی (قیادە موەقەتە)وە کردوەو، بوونەتە پێشمەرگە. دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی (تشرینی دووەمی ١٩٧٩)، ئەمانە وەک باڵێکی چەپی ناڕازی، لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان و چەند سەرکردەیەکی تر، پارتییان بەجێهێشتووە. لە پایزو زستانی ساڵی ١٩٧٩، لە شاری (خانێ)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خانوویەکی دوو هۆدەو بەرهەیوانیان گرتووەو، خەریکی خۆ پێگەیاندن و خوێندنەوە بووینە. لە سەرو بەندی بەستنی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (١٢-

١٩٨١/٥/١٥)، هەریەک لە (شوان، کاروان، هەوار، سەردار، مەمۆ، ڕێبوار)، وەک ئاسۆ نووسیوویەتی: (بە تەکلیف و پێزانینی حزبی شیوعی عێراق)، چوونەتە ناو سۆسیالیست و، بەناوی بازنەی ڕۆشنبیریی، کە دواتر بە جەماعەتی (حەلقەی سەقافی)، ناسراون، بەشداری کۆنگرەیان کردوە. دوای کۆنگرە، سۆسیالیستیان بەجێهێشتووەو، پەیوەندییان بە (حزبی شیوعی)ەوە، کردوە. تەنها (شوان) لەناو سۆسیالیست ماوەتەوەو، بۆتە کارگێڕی لقی سلێمانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان).

* بۆ ئامادەکردن و نووسینی ژیاننامەی شەهید (شوان)و، گروپی (ڕێڕەوی ڕێبازی مارکسیزم لە کوردستان)دا، سوودم لە بیرەوەرییەکانی ئاسۆ کەریم وەرگرتووە، کە لە لاپەڕەی تایبەتی (فەیسبووک)ی خۆیدا، بڵاوی کردونەتەوە.



## ٢٤- ئیبراهیم حەمەد ئیبراهیم

ئیبراهیم حەمەد ئیبراهیم، ناسراو بە (کاکەڕەش سکتانی)، لە ساڵی ١٩٥٣، لە گوندی (سکتان)ی سەر بە قەزای کۆیە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن، هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٠)ی سەفین، لە ناوچەی خۆشناوەتی، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆتە فەرماندەی کەرتی یەک لەم هەرێمە. بەشداری چالاکییەکانی هەرێمەکەیی و، ناوچەی خۆشناوەتی کردوە. ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢، لە نێوان گوندی (گەرۆتە)و (پونگینە)، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی یەکێتیی و، دوای شەڕێکی سەخت، لەگەڵ هەردوو هاوڕێی پێشمەرگەی (خالید خدرو ڕەشید حەمەد ڕەسوڵ)، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (مەعمەل قیر)ی شاری هەولێر، بە خاک سپێردراوە.

شەهید کاکەڕەش، لە ساڵی ١٩٨٠، هاوسەرگیری کردوە. لەدوای خۆی، کوڕێکی بەناوی (ئیسماعیل) بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، لە (هەژار شەهید ئەحمەد خان)، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٧،و (کاکەڕەش مەلا خدر) بازای شەهید، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٤، وەرگیراون.



## ٢٥- ئیبراهیم عەبدوڵلا عەزیز

ئیبراهیم عەبدوڵلا عەزیز، ناسراو بە (ئیبراهیمی حاجی عەبدوڵلا)، لە ساڵی ١٩٦٢، لە گوندی (گوڵەخانە)ی بناری چیای سورێن، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری کورد پەروەر، لە دایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. بە کاری جوتیاری و کشتوکاڵییەوە، خەریک بووە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و لەلای (محەمەدی حاجی مەحمود) بۆتە پێشمەرگە. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی شارەزورو هەورەمان و پێنجوین، بەشداری کردوە. نموونەی شەڕەکانی: تەپەسەر قولە، کشێدەری، ناوگردان، قاجر، سەید سادق، گرتنی ڕەبیەکانی سوپای عێراق لە سەراوی سوبحاناغا... سەرەتا فەرماندەی مەفرەزە بووە. دواتر کراوەتە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی پێنج. لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٩، لە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپاو جاشەکان، لە شەڕی گوندی (قەڵبەزەو کانی بەردینە)، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید بووینە. لەم شەڕەدا، جگە لە ژمارەیەکی زۆری سوپاو جاش، تانک و کۆپتەریش بەشداریان کردوە. تەرمەکەی کەوتۆتە دەست هێزەکانی ڕژێم، بە هەوڵ و کۆششی کەسوکاری، وەرگیراوەتەوەو لە گۆڕستانی گوندی (گوڵەخانە)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید ئیبراهیم، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٤، لە ڕێگای (عەتا عەبدولڕەحمان کانیشێخی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ٢٦- ئیبراهیم کاکل حەمەد

ئیبـــــراهیم کاکـــــل حەمەد، لە ١٩٥٥/١١/١٠، لە گەڕەکـــــــی (قەســـرێ)ی شـــاری کـــۆیە، لە خێزانێکـــی نیشـــتیمانپەروەر لە دایـک بـووە. چـۆتە قوتابخـانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە، دوایی وازی لە خوێندن هێناوە. لە ســـاڵی ١٩٧٧ پەیوەنـــدی بە ڕێکخســـــتنە نهێنییەکـــــانی (بــــزوتنەوەی سۆسیالیســـتی دیمـوکراتی کوردسـتان)ەوە کـردوە. لەنـاو شـاری کـۆیە، ئەنـدامێکی چالاکی بزوتنەوە بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، چۆتە شـاخ و لە کەرتەکەی (سـەرباز ئەحـمەد)ی سـەر بە هەرێمـی (١٥)ی شـەهید دکتـۆر خالیـد، بـۆتە پێشـمەرگە. بەشـداری کـارای هەبـووە لەم چالاکییـــــانەی کە لە دەڤەرەکەیانـــــدا ئەنجـــــام دراون. لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/١١، لە هـاوینەهەواری (چنـارۆک)ی سـەر بە شـاری کـۆیە، لەلایەن بەکرێگیراوانـــی ڕژێـــم، شـــەهید کـــراوە. تەمەنـــی ژیـــانی پێشمەرگایەتی کەم بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (قشلە)ی شـاری کۆیە، بەخاک سپێردراوە.

شەهید ئیبراهیم، هاوسەرگیری نەکرد بوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٥، لە ڕێگـای (دڵسـۆز حوسـێن)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ٢٧- ئیبراهیم کانەبی ئەحمەد

ئیبراهیم کانەبی ئەحمەد، ناسراو بە (ئیبراهیم مام کانەبی مەندە مەڕە)، لە ساڵی ١٩٥٩، لە گوندی (دووگۆمان)ی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو لە قۆناغی سەرەتاییدا وازی لە خوێندن هێناوە.لە ساڵی ١٩٧٨، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردوە. دواتر بۆ هەرێمی (١٤) گواستراوەتەوە.. هەرێمی چواردە، شەهید عەولا سوور فەرماندەی بووە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٤، لە ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، لە چیای (مامە ڕووت)، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (حەسەن ڕەسوڵ ئەحمەد سواراغا)، شەهید بووینە. شەڕەکە، شەڕێکی قورس بووە، چەندین سەربازی تێدا کوژراوە.

تەرمەکەی لە شارۆچکەی (قەسرێ)، بەخاک سپێردراوە... شەهید ئیبراهیم، هاوسەرگیری نەکرد بوو.

* **وێنەو زانیارییەکان لە ژمارە (٢٢)، ئازاری ١٩٨٤، ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) و، لاپەڕەی فەیسبووکی (شەهید عەبدوڵلا سوور)، وەرگیراون... لە (ڕێگای ئازادی)دا، بەرواری شەهید بوونەکەی (١٩٧٩/٦/٤)یە، کەچی لە لاپەڕەکەی شەهید عەبدوڵلا سوور بۆتە ١٩٧٩/٩/٦.**



## ٢٨- ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم

ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم، ناسراو بە (برایم بچکۆڵ)، لە ساڵی ١٩٦١، لە گەڕەکی (خەبات)ی شاری سلێمانیدا، لە خێزانێکی دیاری شار، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوەو، وازی هێناوە. خەریکی کرێکاری و وەستای دروست کردنی خانوو بەرە بووە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، لە هەرێمی پێنجی قەرەداغ. لە ساڵی ١٩٧٩، بۆ تیپی (٣٣)ی سلێمانی گواستراوەتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی (لەتیف حەسەن فەرەج)، بە کلاشینکۆفێکی مزەلییەوە، پەیوەندی بە ڕیزی هێزەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوەو، لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، کەرتی یەک، درێژەی بە خەبات داوە. ماوەیەک لەگەڵ (خاڵە حاجی)، لە بارەگای سەرکردایەتی حزب پێشمەرگە بووەو، ئەرکی پاراستنی بارەگای سەرکردایەتی پێ سپێردراوە.

لە ١٩٨٤/٧/١١، کاتی مفاوەزاتەکەی یەکێتیی لەگەڵ ڕژێم، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تری پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن یەکێتییەوە، شەهید کراون. تەرمەکەی لە گردی سەیوان بەخاک سپێردراوە. شەهید برایم، هاوسەرگیری نەکربوو.

*** وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٦، لە (میدیا عوسمان)و، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٧، لە پێشمەرگەی دێرینی سۆسیالیست، شێخ ئومێد، وەرگیراون.**

## ٢٩- ئیدریس پیرداود حەمەدەمین



ئیدریس پیرداود حەمەدەمین زێدبەگی، لە ساڵی ١٩٦٢، لە شاری هەولێر لەدایک بووە. دەرچووی قۆناغی ناوەندی قوتابخانەی سەیداوە بووە. لە ڕێگای (کامەران قادر شۆڕش)ەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵی و، لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/١/٢٠، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوەو، بۆتە پێشمەرگە. زۆربەی کاتەکانی پێشمەرگایەتی لە بارەگای سەرکردایەتی حزب بووە... دواجار، لە ئیدارەو مالییە ئەرکی پێ سپێردراوە. لە هێرشەکانی یەکێتیی بۆ سەر بارەگاکانی سۆسیالیست و حزبی شیوعی، لە ئاشقولکەو پشتئاشان (ئایاری ١٩٨٣)، بە نێوەندگیری ماڵە جوتیارێکی گوندەکە، لەگەڵ (کرێکار قادر)ی هاوڕێی، خۆیان تەسلیمی هێزەکانی یەکێتیی کردوە. بەداخەوە بۆ بەیانی کاتژمێر پێنج (١٩٨٣/٥/٢)، بە بەرچاوی ماڵە جوتیارەکە، شەهید کراون. کەسوکارەکانیان، تەرمی هەردوو شەهید (ئیدریس و کرێکار)یان هێناوەتەوە شاری هەولێرو، لە تەنیشت یەکەوە، لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد)، بەخاک سپێردراون.

شەهید ئیدریس، هاوسەرگیری نەکردبوو.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٨، لە هونەرمەند (عەزیز پیرداود)ی برای شەهید، وەرگیراون.**



## ٣٠- ئیسماعیل حەمید عەزیز

ئیسماعیل حەمید عەزیز، ناسراو بە (مەتین)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (ئاکۆیان)ی سەر بە قەزای ڕواندز، لە خانەوادەیەکی نیشتیمانپەروەر لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە ئاکۆیان و ڕواندزو ئێران و شاری (ناسریە)ی باشوری عێراق تەواو کردوە. دوای تەواو کردنی ئامادەیی لە زانکۆی موسڵ وەرگیراوە. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتە شاخ ولە دۆڵی ئاکۆیان، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری خولێکی تۆپخانەی شۆڕشی کردوە. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، گەڕاوەتەوەو، لەگەڵ خانەوادەکەیان بۆ باشوری عێراق، شاری ناسریە، دوور خراونەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخسنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٦/٢٢، بە دەستی جاشەکانی ڕژێم، شەهید کراوە.

تەرمەکەی لە گوندی ئاکۆیان بە خاک سپێردراوە. شەهید مەتین، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٠، لە (ئاکۆ ئاکۆیی)، برای شەهیدەوە، وەرگیراون.

## ٣١- ئیسماعیل عالی فەقێ ئەحمەد



ئیسماعیل عالی فەقێ ئەحمەد، ناسراو بە (مەلا ئیسماعیل شێرکاوەیی)، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (شێرکاوە)، لەدایک بووە. خوێندنی ئاینیی تەواو کردوەو، لە گوندەکەی خۆیان بۆتە مەلاو پێشنوێژی خوێن. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، کردوە. مەلایەکی نیشتیمانپەروەر بووە. تا ساڵی ١٩٨٣، گوندەکەیان لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو ئازاد کراو بووە، دوای ئەمە، لەژێر فشاری ڕژێم، چۆل کراوە. مەلا ئیسماعیل لە شاری هەولێر، نیشتەجێ بووە. دوای ڕاپەڕین و گرتنەوەی هەولێر لە ١٩٩١/٣/٣١،لایەن ڕژێمەوە ، مەلا ئیسماعیلیش گیراوەو تا ئێستاکە، چارەنووسی نادیارە. ناوبراو خێزاندار بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٥، لە محەمەد عومەر ناسراو بە (مام عەلی)، وەرگیراون.



## ٣٢- باوە ئیسماعیل باوە

باوە ئیسماعیل (سمایل) باوە، لە ساڵی ١٩٦٠، لە گوندی (سێقوچان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە، دوایی وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. هەر هەمان ساڵ چۆتە شاخ ولە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردوە کە هەرێمەکەیان ئەنجامی داوە. لە کاتێکدا کە چەند کەرتێکی حزبی سۆسیالیست و، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی عێراق لە ناوچەی دەشتی کۆیە سوڕاونەتەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١١، لە نزیک گوندی (شاخەپیسکە)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، ڕوو بەڕووی هێزێکی زۆری سوپاو جاشەکان دەبنەوە. شەڕێکی قورس دەستی پێکردوە. لە ئەنجامدا باوە سمایل باوەو چەند پێشمەرگەیەکی تری سۆسیالیست و شیوعی شەهید بووینە. هەروەها چەند پێشمەرگەیەکیش وەک دیل کەوتوونەتە دەست هێزەکە.(هەر لەم کتێبە، لە بەشی دووەم، بە درێژی باسی ئەم شەڕەو زیانەکانمان کردوە). تەرمی شەهید باوە کەوتۆتە دەست ڕژێم و نەدراوەتەوە کەسوکاری. بەشێوەیەکی نهێنی لە گۆڕستانەکانی شاری هەولێر، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧، لە (لەتیف باوە)ی خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.

## ٣٣- باهیر ئەحمەد فەتاح بەگ



باهیر ئەحمەد فەتاح بەگ، لە ساڵی ١٩٥٧، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لە گوندی (میرەدێ)ی سەر بە ناحیەی (وارماوا)، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو وازی لە خوێندن هێناوە. لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. هەر هەمان ساڵ (١٩٧٦)، چۆتە شاخ و لای تاهیری عەلی والی بۆتە پێشمەرگە. لە ڕێکەوتی ١٩٧٧/١٠/١٣، کاتێک کە مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ملازم حەسەن خۆشناو(خەڵکی گوندی زیارەتی بناری سەفین)، بە نیازی چەک هێنان ڕوویان لە سنوورەکانی سوریا کردوە، لە گوندی (باویان)، لە چیای سۆکاری سەر بە ناوچەی ڕاشیدان (باکوری کوردستان)، ڕوو بەڕووی هێزێکی (قیادە موەقەتە) بوونەتەوە. لەم شەڕو پێکدادانەدا، (ملازم حەسەن خۆشناو)و، (باهیر ئەحمەد فەتاح)و، هەر یەک لە (کەمال محەمەد حوسێن خەڵکی ماوەت، نەجات نورەدین خەڵکی کەرکوک، عەلی کوێخوا هۆمەر خەڵکی گوندی باوزێی دەڤەری پشدەر، خدر ئەحمەد خەڵکی قەڵادزێ، عەبدولمەلیک بەرزنجی خەڵکی دوزخورماتوو، لە کوردەکانی سوریاش: عەزیز چەرکەس، خالید،

حوسێن)، شەهید بووینە. تەرمەکەی شەهید باهیر تا ئێستا ونەو، کەس نازانێت لە کوێ نێژراوە. شەهیدی ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٠، لە جەمیل حەمەوبەگ، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.

بۆ مێژووی ڕوداوەکەو، ناوی پێشمەرگە شەهیدەکان، سوود لە کتێبی: ( نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپی بەرلین، ١٩٩٧، لاپەڕە ١٧٨-١٧٩)، وەرگیراوە.



## ٣٤- بورهان عومەر حەمەد

بورهان عومەر حەمەد، لە ساڵی ١٩٦٢، لە خێزانێکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لە گوندی (باغەمرە)ی نزیک شاری هەولێر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٨١، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی ناوچەی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی کردوە. لە ساڵی ١٩٨٣دا، بۆ ناوچەی بادینان و لقی دهۆکی حزب گواستراوەتەوە. لە تەواوی چالاکییەکانی سنوری لقی دهۆک ئامادەیی هەبووە.

لە شەوی ٢٧ لەسەر ١٩٨٤/٩/٢٨دا، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی عەبدولباسیت قادر ناسراو بە سالارو، محەمەد عەزیز ئیسماعیل ناسراو بە (جەمیل)، کە خەریکی چەک هێنان بوون لە سنووری سوریا، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ڕژێم و، هەرسێکیان شەهید بووینە. تەرمی هەرسێکیان، نەدۆزراونەتەوەو، تا ئێستاکەش گۆڕ غەریبن.

شەهید بورهان، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* زانیارییەکان لە ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (٢٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٤،و وێنەکەشی لە (جێگر کارەش)، وەرگیراون.



## ٣٥- بورهان مورشید محەمەد

بورهـــان مورشـــید مـــحەمەد، لە ساڵی ١٩٥٨، لە خێزانێکی ئایینی نیشـــــتیمانپەروەر، لە شـــــاری دوزخورمـــاتوو لە دایـــک بـــووە. بـاوکی مەلایەکی ناسراوی شار بــــووە. دوای تەواو کردنـــــی ئامـــــادەیی پیشەســـــازی، لەبەر ئەوەی نمرەکانی بەرز بووینە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨١- ١٩٨٢، لە پەیمانگـــــای تەکنیکـــــی بەغـــدا، وەرگیراوە. لە ساڵی ١٩٧٧، لە ڕێگای (کاردۆ گەلاڵی)یەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. هەر لەگەڵ شەهیدان کاردۆ و عەلی هەژار، چەند جارێک سەردانی ماڵی شەهید (ساڵح یوسفی) کردوە. ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکانی حزب و، (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- سەر بە بزوتنەوە)، بووە. ناوبراو بۆ ئەوەی لە بەغدا گومانی ڕێکخستن و کوردایەتی لێ نەکرێت، بە بەردەوامی هاوڕێیەتی قوتابییە عەرەبەکانی کردوە، بە تایبەتیش کچەکان. بۆ نموونە: کچێکی ناو (سەحەر)ی فەلەستینی لە پەیمانگا لەگەڵیدا بووە. لە ڕێگای ئەمەوە، پەیوەندی بە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان کردوەو، بەیاننامەی (بزوتنەوە)ی پێداون. زۆر جارانیش بۆ سەلامەتی و خۆپاریزی، لە ڕێگای (سەحەر)ەوە، بەیاننامەی هێناوەتە ناو پەیمانگاو، بڵاوی کردونەتەوە.

دوا چالاکی شەهید بورهان ئەوە بووە کە بە ئابۆنەی ڕێکخستنەکان،

ئامێرێکی تایبەو (فۆتۆکۆپی)، لە بەغدا کڕیوەو، هەر لە ماڵی (سەحەر)دا، شاردویەتییەوە. لە ڕێکەوتی شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی، لەگەڵ (شێروان)ی برای، بە ئۆتۆمبیلێک کە بورهان لێیخوڕیوە، ئامێرەکان لە بەغدا دەردەکەن تاوەکو بۆ سەرکردایەتی بینێرن. لە شەوی ١٩٨٣/٢/١٨، لە نزیک زنجیرە چیای حەمرین، لە ڕوداوێکی نادیار، خۆیان و ئۆتۆمبیلەکەیان سووتاون. تەرمی هەردوو برا (بورهان و شێروان)، لە گۆڕستانی دوزخورماتوو، بەخاک سپێردراون. شەهید بورهان، هاوسەرگیری نەکردبوو.

بە ماوەیەکی کەم دوای ئەم ڕوداوە، برایەکی تریان بە ناوی (بارزان)، گوایا سەربازی هەڵاتوو بووە، لەلایەن ڕژێمەوە، شەهید کراوە.

* بەشی هەرە زۆری زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٤، لە هاوڕێی شەهید بورهان (هاوڕێی سەردەمی پەیمانگاو ڕێکخستن)، ئاری کاکەییەوە، وەرگیراون... هەندێک وردە زانیاری تر، لە کۆمێنتی زۆزان ساڵح یوسفی و، عەلی مراد مایخان، وەرگیراوە.

## ٣٦- بەختیار سەعید والی بەگ



بەختیـــار ســـەعید والـــی بەگ، ناسـراو بە (حـاکم بەختیـار)، لە ساڵی ١٩٤٤، لە شاری سلێمانی لەدایـــک بـــووە. قۆناغەکـــانی خوێنـــدنی لە شـــاری ســـلێمانی وکـــۆلیژی پۆلیســـی لە شـــاری بەغـدا، تەواو کـردوە. لە سـاڵی ١٩٧٢، پەیوەنـدی بە شۆڕشـــی ئەیلـــــولەوە کـــــردوە. لەگەڵ هەڵگیرســـاندنەوەی شـــەڕ لە ئـــازاری ١٩٧٤دا، ڕوی کـــردۆتە شـاخ و بـۆتە پێشـمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە سلێمانی. لەگەڵ دامەزراندنی بزوتنەوە (١٩٧٦)، پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانەوە کـردوە. هەر هەمـان سـاڵ چـۆتە شـاخ و، بـۆتە پێشـمەرگە. وەک شـارەزایەکی سـەربازی، بەشداری چەندین شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەی کردوە.

لە ڕێکەوتـــی ١٩٧٨/٢/٥، لە کـــاتی ئەنجامـــدانی چـــالاکییەک دژی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەی (ناڵپارێز)ی سـەر بە پێنجوین، شـەهید بـووە. تەرمەکەی لە یەکێـک لە گۆڕسـتانەکانی شـاری سـلێمانیدا، بەخاک سپێردراوە. شەهید بەختیار، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٣، لە جەمیل حەمەوبەگ، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.**



## ٣٧- بەکر تۆفیق بەکر

بەکر تۆفیق بەکر، ناسراو بە (بەکر توتمەیی)، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (توتمە)ی دۆڵی بالیسان، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار، لەدایک بووە.(لەسەر کێلی گۆڕەکەی بە هەڵە ساڵی لەدایک بوونی ١٩٥٢) نووسراوە. شەهید بەکر، هاوڕێ و هاوسەنگەری نزیکی پێشمەرگەی دێرین ئەکرەم زراری بووە، لای ئەو چەندین جار باسی ساڵی لەدایک بوونی خۆی (١٩٥٠) کردوە.

لە ساڵی ١٩٦٥دا، (تۆفیق)ی باوکی بەکر، کە هەنارو ترێ و ڕەژووی بۆ فرۆشتن هێناوەتە گوندەکانی دەشتی هەولێر، لە نزیک گوندی (بیستانەی بچووک)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، کەوتۆتە بۆسەی جاشەکانی (حەمەی سابیر)و، بەبێ تاوانی کوژراوە. بەکر دوو ساڵ دوای کوژرانی باوکی (١٩٦٧)، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو، لە بەتالیۆنی (تانجۆ)، بۆتە پێشمەرگە. دوای مفاوەزاتی ساڵی ١٩٧٠، بۆتە پاسەوانی سنوور (حەرەس حدود). ساڵی ١٩٧٤، چۆتەوە شاخ و لە هێزی بێتواتە بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردوە، نموونەی: شەڕەکانی چیای شیشارو ماکۆک. لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧- ١٩٧٠)، دوو جاران بریندار بووە. جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٧٤ بریندار بووە. دوای نسکۆی شۆڕش

گەڕاوەتەوە گوندەکەیان و، بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریک بووە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، جارێکی تر چۆتەوە شاخ و، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. دواتر، لە هەرێمی دوازدەی کۆڕەک بۆتە فەرماندەی کەرتی خۆشناو. لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/٢٨، لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی، لە پشت (کانی بەردی) دۆڵی بالیسان، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (توتمە)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید بەکر، نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. هاوسەرگیری کردبوو.

---

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٧، لە ئەکرەم زراری، هاوڕێی شەهید، وەرگیراون.**

## ٣٨- پشتیوان عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان



پشتیوان عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان، ناسراو بە (پشتیوانی کەریماغای نازەنینی)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (نازەنین)ی دۆڵی خۆشناوەتی، لەدایک بووە. تا پۆلی سێی قۆناغی ناوەندی خوێندویەتی و، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی (١٠)ی سەفین بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢٧، لە گوندی (حاجی وسوو)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، ڕوو بەڕووی هێزێکی یەکێتی بوونەتەوە. شەڕ لە کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ دەستی پێ کردوە، تا ئێوارە بەردەوام بووە. لەم شەڕەدا، پشتیوان و سێ پێشمەرگەی تری هەرێمی (١٠)ی سەفین ، بە ناوەکانی (عەبدوڵلا حەمەد خدر ناسراو بە عەبە، سەدرۆ عومەر، ئەسکەندەر محەمەد)، شەهید بووینە.

تەرمەکەی شەهید پشتیوان، لە گۆڕستانی گوندی (نازەنین)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٧، لە (هێمن کەریم ئاغا)ی برای شەهید، وەرگیراون.

لەبارەی مێژووی شەهید بوونەکەی، لە بەیاننامەی لقی هەولێری (حزبی سۆسیالیستی کوردستان )، ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٢١، وەرگیراوە.

## ٣٩- تالیب عەبدوڵلا عومەر ڕەزا



تالیب عەبدوڵلا عومەر ڕەزا، لە ساڵی ١٩٦١، لە گوندی (گەورە دێ)ی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتایی وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، لای (شێرکۆ شێخ عەلی )، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری ئەو شەڕانەی کردوە کە هەرێمەکەی ئەنجامی داون. لە ڕوداوە نەخوازراوەکەی شەهید کردنی (شێرکۆ شێخ عەلی)و هەڤاڵەکانی، لە (کانییە ڕەش)ی نزیک گوندی (سێکانیان)ی دۆڵی جافایەتی، لە ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٠دا، لەلایەن هێزەکەی یەکێتی بە سەرکردایەتی (جەمالی عەلی باپیر)، لە پەنای دەعوەت و دەعوەتکارییەوە، شەهید کراوە.

تەرمەکەی لە زێدی باوک و باپیرانی، گوندی (گەورە دێ)، بەخاک سپێردراوە. شەهید تالیب، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٦، لە فاتیح محەمەد عەبدوڵلا، وەرگیراون.



## ٤٠– تاهیر ئەسعەد ماوەرانی

تاهیر ئەسعەد ماوەرانی، لە ساڵی ١٩٤٩، لە گوندی (ماوەران)ی سەر بە قەزای شەقڵاوە، لە خێزانێکی جوتیار، لە دایک بووە. هەلی بۆ نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە سەرەتای ساڵی هەشتاوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. هەر هەمان ساڵ بەنیازی بوون بە پێشمەرگە چۆتە شاخ. لەسەر داخوازی حزب، گەڕاوەتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی. ساڵی ١٩٨٢، جارێکی تر چۆتەوە شاخ و، لە کەرتی (خۆشناو)ی سەر بە هەرێمی دوازدەی کۆڕەک بۆتە پێشمەرگە. ئەو کات، (برهان بلەیی)، فەرماندەی هەرێم و، (بەکر توتمەیی)، فەرماندەی کەرتی (خۆشناو)، بووینە. ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بووە، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٤، لە گوندی ماوەران، لە کاتی هێرش کردنە سەر مۆڵگای سوپاو جاشەکان، شەهید بووە. تەرمەکەی، لە گوندی (خەتیبیان)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید تاهیر، خێزاندار بووە، لەدوای خۆیەوە، دوو کوڕو پێنج کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٢، لە ڕێگای پێشمەرگەی دێرین (ئەکرەم ئەحمەد زراری)ەوە، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.



## ٤١– تاهیر عەبدوڵڵا موسا

تاهیر عەبدوڵڵا موسا، ناسراو بە (تاهیر پیرسوەیی)، لە ساڵی ١٩٧١، لە گوندی (پیرسوان)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوە، دوایی وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦، لە ناوچەی باڵەک ،پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی قەزای سۆران، وەک هاووڵاتی و ئەندامێکی چالاکی حزب، بەشداری ڕاپەڕینی کردوە، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠دا، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی شارۆچکەی دیانا، بەخاک سپێردراوە.

شەهید تاهیر، دەستگیراندار بووە، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٠، لە ڕێگای محەمەد عومەر ناسراو بە مام عەلی، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ٤٢- تاهیر عەلی والی بەگ



تاهیر عەلی والی بەگ، ناسراو بە (ملازم تاهیر عەلی والی)، لە ساڵی ١٩٣٨، لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، هەر لەم شارەدا تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٥٧، لە کۆلێژی سەربازی بەغدا وەرگیراوەو، لە ساڵی ١٩٦٠ دا، تەواوی کردوەو بۆتە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا. لە ساڵی ١٩٦٢، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو، لە ناوچەی ئاکۆیان بۆتە (سەرلق). هەر لەم ساڵەدا کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی ئاکۆیان. دواتر بۆتە فەرماندەی هێزی سەفین. لە ساڵی ١٩٦٥دا، بە پلەی فەرماندەی هێزی قەرەداغ بۆ ناوچەی قەرەداغ، گواستراوەتەوە. بەشداری چەندین شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەی کردوە، لەوانە: شەڕەکانی دۆڵی ئاکۆیان، ڕواندز، سەفین، هەندرێن، گەرمیان، سەنگاو، ڕێگای کەرکوک- چەمچەماڵ.... تاد.

دوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠، کراوەتە فەرماندەی فەوجی حەوتی پاسەوانی سنوور (حەرەس حدود)ی عێراق. دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتەوە شاخ و بۆتە جێگری فەرماندەی هێزی خەبات. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەر لەوێ، بەشداری کۆبوونەوەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستانی کردوە، بە نیازی

دروست کردنی ڕێکخراوێک، لەگەڵ هەڤاڵەکانی گەڕاوەتەوە عێراق. ڕژێم بۆ خواروی عێراق، شاری (عیمارە)ی دوور خستۆتەوە. یەکێک بووە لەم شەش کەسانەی کە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)یان، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٦دا، دامەزراندوە. وەک یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە، لە ١٩٧٦/٨/٨، لە قۆڵی سلێمانییەوە چۆتەوە شاخ. دوای کۆبوونەوەکانی یەکێتیی (کە بزوتنەوەش یەکێک بووە لە باڵە سەرەکییەکانی یەکێتیی)، لە ساڵی ١٩٧٧، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی ( لەسەر بەشی بزوتنەوە). لە ساڵی ١٩٧٨دا، لە شەڕی هەکاری، بە دیل گیراوە. لە نەورۆزی ١٩٧٩دا، لەگەڵ باڵە سەرەکییەکە، لە یەکێتیی چوونەتە دەرەوەو، لە کۆنفرانسی یەکگرتنی بزوتنەوەو لیژنەی کۆمیتەی ئامادە کردنی پارتی لە (٣- ١٩٧٩/٨/٦)دا، بۆتە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان- حسیک).

لە کۆنگرەی یەکەمی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥)دا، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و، دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- حسک). لە کاتێکدا کە بەکاری حزبییەوە خەریک بوونەو، ویستوویانە بچنە ناوچەی سلێمانی، لە ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢، لە چیای قەندیل کەوتوونەتە ناو گێژەنی بەفرو، لەگەڵ (١٠) هەڤاڵی تری، شەهید بووینە.

تەرمەکەی لە سلێمانی بەخاک سپێردراوە.

شەهید تاهیر، خێزاندار بووە.

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣، هەڵکشان... داکشان... پەرتەوازە بوون، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩، لاپەڕە ٣١٠- ٣١٢.**



## ٤٣– تەحسین کاکێ

تەحسین کاکێ، یان (تەحسینی مام فەقێ کاکە)، لە ساڵی ١٩٥٤، لە گوندی (پارانیان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار، لەدایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (مەنتک)ە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧١، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردوە. بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوە. دوای نسکۆو، دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە، کردوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، چۆتە شاخ و لە ناوچەی دەشتی هەولێر (هەرێمی هەشت و کەرتی حوسێن دۆشکە)، بۆتە پێشمەرگە. لە دوای ئەنجامدانی چالاکییەک، ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١، لە گوندی (شێوەپیران)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم (سوپاو جاش)، ڕوو بەڕووی یەکتر بوونەتەوە. لەم شەڕەدا، تەحسین کاکێ و سێزدە پێشمەرگەی تر شەهیدو، چوار پێشمەرگەش بە دیل گیراون. تەرمی شەهیدەکان کەوتۆتە دەست ڕژێم و بە کۆپتەر بۆ شاری هەولێر، گواستراونەتەوە. بە ڕێنوێنی دائیرەی ئەمنی هەولێر، شارەوانی  بە شێوەیەکی نهێنی تەرمەکانیان، شاردۆتەوە، (وەک دەڵێن: لە گۆڕستانی نزیک منارەی چۆلی نێژراون).

شەهید تەحسین، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، کوڕێک و دوو کچی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٣، لە ڕێگای (ڕەنجدەر زوهدی مەلا ئەحمەد)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ٤٤- تەحسین محەمەد ساڵح



تەحسین محەمەد ساڵح، ناسراو بە (تەحسینە شەل)، لە ساڵی ١٩٥٥، لە گەڕەکی (سێتاقان)ی شاری هەولێر، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن، هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٢دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوە. لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و لای عەریف عەلی (ڕەقەم یەک)، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری شەڕەکانی ماکۆک و شیشاری کردوە. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەساڵی ١٩٧٦، گەڕاوەتەوە عیراق. ساڵی ١٩٧٧، بۆ شاری (دیوانیە)ی باشوری عێراق دوور خراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە شۆڕش و، هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانەوە، کردوە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، سێ جاران بریندار بووە. جاری یەکەم، ساڵی ١٩٧٩، لە شەڕی دەڤەری مەنگوڕایەتی. جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ( لە شەڕی نێوان سوپای ئێران و حزبی دیموکرات )،. کە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە شەل بووەو، نازناوی (تەحسینە شەل)ی بەسەردا براوە. جاری سێیەم لە ساڵی

١٩٨٤، لە سنووری لقی بادینان.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٠، ( ئەو کات، فەرماندەی هەرێمی ١٠ی سەفین بووە )، لە شەڕێکی نابەرامبەردا، لەسەر ڕێگای هەولێر- دێگەڵە، نزیک گوندی باقڵان و ئەشکەفت سەقا، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم (سوپاو جاش)، بە بۆردومانی فڕۆکە شەهید بووە. تەرمەکەی کەوتۆتە دەست ڕژێم و، دوای سێ مانگ، ئینجا کەسوکاری گۆڕەکەیان دۆزیوەتەوە، کە لە گۆڕستانی (مەعمەل قیرِی هەولێر)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید تەحسین، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٣، لە (جەودەت محەمەد ساڵح)ی برای شەهید، وەرگیراون.



## ٤٥- تەلعەت عوسمان قادر

تەلعەت عوسمان قادر، ناسراو بە (تەلعەتی مەلاعوسمان)، لە ساڵی ١٩٦٢، لە گوندی (گەڕەشێخان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، پۆلی شەشەمی قۆناغی ئامادەیی بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠وە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. کادیرێکی چالاکی ڕێکخستنەکان بووە. بەهۆی چالاکییەکانی، ببووە جێگای چاودێری کردنی لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە. بە بیانووی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٤، لەسەر ڕێگای (مەعرەزی ئۆتۆمبیل)، لە نێوان هەردوو شەقامی سەرەکی (هەولێر- کەرکوک، هەولێر- مەخمور)، لەلایەن مەفرەزە خاسەکانی ڕژێم، ڕێگای پێ گیراوەو، هەر لەوێ شەهیدیان کردوە.

دوای شەهید بوونی، (عەبدوڵلا)ی برا گەورەشی کە پێشمەرگە بووەو گیراوە، لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/٢/٣٠، لە بەغدا، لە سێدارە دراوە. تەرمی شەهید تەلعەت، لە گۆڕستانی گوندی (گەڕەشێخان)، بەخاک سپێردراوە.

ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٢، لە عومەر حەمەد عەلی دۆڵەبەکرەیی، خزمی شەهید، وەرگیراون.



## ٤٦– جەبار ئیسماعیل عەلی

جەبار ئیسماعیل عەلی، ناسراو بە سەید جەبار گۆمەشینی، لە ساڵی ١٩٥٥، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، فێرە خوێندنەوەو نووسین بووە. لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی خۆشناوەتی (لای سەید کاکە)، بۆتە پێشمەرگە. تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی، زۆر کەم بووە. ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨، لە شەڕی بەناوبانگی گوندی (دەشتێو)ی سەر بە قەڵادزێ، لەگەڵ (سەعدی گچکە)و، کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە. (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە، بە درێژی باسی شەڕی دەشتێو، کراوە). تەرمەکەی، بە ڕێنوێنی دائیرەی ئەمنی قەڵادزێ، بە تێکەڵی و بێ ناو نووسین لەگەڵ شەهیدەکانی تر، لەلایەن شارەوانی (قەڵادزێ)ەوە، بەخاک سپێردراون.

شەهید سەید جەبار، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، کوڕێک (جەمال)و، کچێک (کەوسەر)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٢، لە ڕێگای (هێرش بەکر عوسمان گۆمەشینی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**



## ٤٧– جەبار کەریم عەبدوڵلا

جەبار کەریم عەبدوڵلا، ناسراو بە (شێروان)، لە ساڵی ١٩٦٨، لە شاری کۆیە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخـــانەو، لە قۆنـــاغی ســـەرەتاییدا، وازی لە خوێنـــدن هێناوە. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە ســاڵی ١٩٨٣، لەلایەن هێزەکـــانی ڕژێمەوە، دەستگیر کراوە. دوای چـوار مانـگ مـانەوە لە زینـدان، بەهۆی ئەوەی کە تەمەنی بچووک بووە، هەروەها هەوڵ و کۆششـی بنەماڵەکەی، ئازاد کراوە. دوای ئازاد بوونی، هەر تەنها سێ مانگ لەماڵ ماوەتەوە، دووبارە چۆتەوە شاخ و پەیوەندی بە هەڤاڵەکانی کردۆتەوە. لە هێزی (هەیبەت سوڵتان)، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەندین چالاکی ناو شاری کۆیەو، شەڕی گۆمەتاڵ و، دەشتی کۆیەی کـردوە. لە ڕاپەڕینـی ئـازاد کردنـی شـارەکانی ڕانـیەو قەڵادزێ و حاجیاوەو کۆیە، وەک پێشمەرگەیەک، بەشداری کردوە. لە ڕاپەڕین و هەڵمەتی ئازاد کردنی شاری هەولێر (١٩٩١/٣/١١)، پێش نیوەڕۆ، لە ئەنجـامی بۆردومـانی فڕۆکەکـانی ڕژێـم، لەکـاتی ئـازاد کردنـی سەربازگەی هەولێر، شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی شاری کۆیە، بەخاک سپێردراوە. شەهید شـێروان هاوسـەرگیری کردبـوو. لەدوای خـۆی کـوڕێکی بەنـاوی (سیاوەند)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢١، لە (جێگر کۆیی) برای شەهیدو، حەمەدەمینی شەهید عەبدوڵلا سوور (هاوسەنگەری شەهید)، وەرگیراون.**



## ٤٨- جەزا حەمە ساڵح فەرەج

جەزا حەمە ساڵح فەرەج، لە ساڵی ١٩٦٦، لە گەڕەکی (مەڵکەندی) شاری سلێمانی، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندوویەتی و، وازیهێناوە. لە ساڵی ١٩٨٣دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، بۆتە پێشمەرگە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧، لەگەڵ هەر یەکە لە (وشیاری مەلا گورون و تەهای حاجی سابیر)، بۆ ئەنجامدانی چالاکی هاتوونەتەوە ناو شاری سلێمانی. لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک، لە شەقامی ئۆرزدی باک، نزیک (دۆندرمەی هێرۆ)، لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا، لەگەڵ وشیار، بەدیل گیراون. دوای چەند هەفتەیەک مانەوەیان لە دائیرەی ئەمنی تەواری سلێمانی، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٢دا، جەزاو وشیارو (دایک و باوکی وشیار)، گولەباران کراون و، شەهید بووینە. تەرمەکانیان، لە گۆڕستانی شەهیدان (گردی سەیوان)، بەخاک سپێردراون.

شەهید جەزا هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١، لە (میدیا عوسمان)، وەرگیراون.



## ٤٩- جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد

جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گەڕیکی (قەڵات)ی شاری کۆیە، لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەم شارەدا تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ چۆتە شاخ و، لە هێزی کۆسرەت، لە دەستەی تایبەتی خالید سەعید (دکتۆر خالید)، بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە شاری کۆیە. بەر لە گەڕانەوەی کلاشینکۆفەکەی لە شوێنێکدا شاردۆتەوە. لە بەغدا وەک فەرمانبەر دامەزراوە. لەگەڵ دروست بوونی بزوتنەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە، کردوە. شەهید جەعفەر لەگەڵ یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە لە ١٩٧٨/٨/٨دا، چۆتەوە شاخ و، هەر ئەو کلاشینکۆفەی خۆی کە شاردبوویەوە، کردۆتە شان. وەک پێشمەرگەیەک بەشداری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردوە بەتایبەتی ئەو چالاکییانەی سنووری کۆیە. لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٣/٨، لە شەڕی بەناوبانگی گوندی (دەشتێو)ی نزیک قەڵادزێ، بە برینداری بەدیل گیراوە. لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٦/١٤دا، لە بەندینخانەی شاری موسڵ لە سێدارە دراوە. (لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتی، ڕۆژی لە سێدارەدانی بەهەڵە ٦/٢١ نووسراوە).

شەهید جەعفەر، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لاپەڕە ٣٠٠- ٣٠١.



## ٥٠- جەعفەر جەلال عەزیز

جەعفەر جەلال عەزیز، لە ساڵی ١٩٥٨، لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە. هەر لە هەڵەبجە چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندوەو، وازی هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، چۆتە شاخ و لە ڕیزی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، بۆتە پێشمەرگە.

لە دووەم ڕۆژی پرسەی (محەمەدئەمین کەچە)ی باوکی (حەمە ڕەشید کەچە)،١٩٨٢/٧/٢٥ ، مەفرەزەیەک لەم پرسەیەدا لە گوندی (گوڵان)ی سەر بە ناحیەی ناڵپارێز،بووینە. لەم کاتەشدا، بەرپرسێکی باڵای نووسینگەی شیمالی (حزبی بەعس)، لە ناڵپاریز بووە، هەواڵیان پێداوە کە (حەمە ڕەشید کەچە) لە پرسەی باوکییەتی، بۆیە چەند فڕۆکەیەک لە کەرکوکەوە هاتوون و بۆردومانی گوندەکەیان کردوە. لە ئەنجامدا، جەعفەر جەلال عەزیزو ئافرەتێک بە ناوی (ئامینەی مامە دێوانە)، شەهید بووینەو، (١٠) ژن و پیاوی تری خەڵکی گوندو پێشمەرگەیەک بەناوی (حوسێنە سوور)، بریندار بووینە.

تەرمی شەهید جەعفەر لە (ناڵپارێز)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٦، لە ئاسەف حەمە ڕەشید کەچەو، چەند لاپەڕەیەکی تری فەیسبووک وەرگیراون.**

## ٥١- جەعفەر کەریم مەحمود




جەعفەر کەریم مەحمود، ناسراو بە سەید جەعفەر گۆمەشینی، لە ساڵی ١٩٥٩، لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە بەڵام بە هەوڵی خۆی، خۆی فێرە نووسین و خوێندنەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و ، لە هەرێمی خۆشناوەتی کە ئەو کات (سەید کاکە) فەرماندەی ئەم هەرێمە بووە، بۆتە پێشمەرگە... بەهۆی خزمایەتییانەوە، بە بەردەوامی لەگەڵ ناوبراو بووە.

جەعفەر کەریم، لەگەڵ ئەو هێزە بووە، کە بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتوونەو، لە ١٩٧٨/٣/٨، لە گوندی (دەشتێو)ی نزیک شاری قەڵادزێ، لەلایەن هێزێکی زۆری سوپاوە، بە پاڵپشتی چەندین فڕۆکەو فیرقەی عەسکەرییەوە، هەموو لایەکیان لێ گیراوە. دوای شەڕێکی فراوان و قورس، جەعفەرو، سێزدە پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە. تەرمەکانیان کەوتۆتە دەست ڕژێم و، شارەوانی شاری قەڵادزێ، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (بێ ئەوەی ناوی شەهیدەکان لەسەر کێلەکانیان بنووسرێت)، بە خاکیان سپاردون.

شەهید جەعفەر، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٢، لە ڕێگای (هێرش بەکر عوسمان گۆمەشینی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ٥٢- جەعفەر مستەفا محەمەد



جەعفەر مستەفا محەمەد، لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٥/٤، لە گوندی (دەرماناو)ی سەر بە ناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ)، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، ئامادەیی کشتوکاڵی لە شارۆچکەی (حەویجە)، تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی ئەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکان بووە. لە ڕێکەوتی ١٩٨١/٦/٥، چۆتە شاخ و لە کەرتی هەرێم، ( هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر) بۆتە پێشمەرگە. وەک کادیری دارایی (مالیە)ی هەرێم، دەست بەکار بووە.

لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا، لە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ جاشەکانی ڕژێم، لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/٦، لە کەلی قەشقە ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (دەرماناو)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید جەعفەر، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٦، لە ڕێگای (ڕابەر ڕەشید)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ٥٣- جەلال سوارە حەمەد

جەلال سوارە حەمەد، ناسراو بە (سەید جەلال)، لە ساڵی ١٩٦٢، لە شاری هەولێر، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، دوای تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. ئەندامێکی چالاکی شانەکانی ڕێکخستن بووە. هەر لە هەمان ساڵدا (١٩٨٠) چۆتە شاخ و لە کەرتی شەهید (سەید خدر)ی سەر بە هەرێمی جواردە بۆتە پێشمەرگە. فەرماندەی هەرێم (عەبدوڵڵا سوور)، بووە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨١/١٠/٢٨، لە ناوچەی دۆڵە ڕەقە، لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی ڕوو بەڕوو بوونەتەوە. شەریان کردوە، لەلایەن یەکێتییەوە بەڵێنیان پێدراوە گەر تەسلیم بن، گیانتان پارێزراو دەبێت. هەر بۆیە عەبدوڵڵا سوورو هەڤاڵەکانی تەسلیم دەبن. بەداخەوە، لە هەمان ڕۆژو، هەمان شوێن، عەبدوڵڵا سوورو جەلال سوارەو، شەش پێشمەرگەی تر، گولەباران و شەهید کراون.

تەرمی شەهید جەلال، لە گۆڕستانی ناحیەی دیبەگە، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠، لە (هەژار شەهید ئەحمەد خان)، وەرگیراون.

## ٥٤- جەلیل عەبدولڕەحمان مەولود



جەلیل عەبدولڕەحمان مەولود، ناسراو بە (جەلیلی حاجی دێوانەی بامرکانی)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (بامرکان)ی سەر بە قەزای کۆیە، لەدایک بووە. لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و، لە ڕیزی پێشمەرگەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆ هەرێمی (١٥)ی شەهید دکتۆر خالید، گواستراوەتەوە.هاوڕێ و هاوخەباتی (کاکەسوور قۆڕیتانی)، بووە. لە شەڕی هەکاری بەشدار بووە. یەکێک بووە کە بە بەردەوامی بە نهێنی هاتۆتە ناو شاری کۆیەو، چالاکی ئەنجامداوە. دواجار بۆتە فەرماندەی کەرت، لە هەمان هەرێمی ناوبراو.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٨، بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم مەفرەزەی سۆسیالیست بۆ شاخ لە (١٩٧٦/٨/٨)، لەگەڵ مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی شەهید (محەمەد حەلاق)، هاتوونەتە شاری کۆیەو، هێرشیان کردۆتە سەر بارەگاکانی حزبی بەعس. لەم هێرشەدا، بە سەختی بریندار بووە. گەیەنراوەتە گوندی قۆڕیتان. بەهۆی سەختی برینەکەیەوە، هەر ئەم شەوە، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (بامرکان)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید جەلیل خێزاندار بووە. لەدوای خۆیەوە، دوو کوڕ (کاکەخان، سامان)و، کچێک (بەهار)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

هەندێک لە پێشمەرگە بەشدار بووەکانی ئەم چالاکییە بریتی بوون لە: ئازاد باغچەنیری فەرماندەی کەرت، شەهید هاشم مەلا زیاد، سەلمان مەخرەسی، شەهید جەوهەر ناسکە، عەزیز کاوێس، بەکر عەبدوڵلا بامرکانی، ئازاد هەولێری، ساڵح گەرمکی، دکتۆر وەهاب کۆیی...تاد.

* وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٦، لە دڵسۆز حوسێن کۆیی، وەرگیراون.



## ٥٥- جەمال محەمەد جەمیل

جەمال محەمەد جەمیل، ناسراو بە (جەمـــال گەرمیـــانی)، لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٣/٢٤، لە گوندی (پونگڵەی حاجی مەحمود)ی نزیک دەربەندیخان، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی پێنجی شارەزور بۆتە پێشمەرگە. تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر کەم بووە. لە ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢١، لە هێرش کردنەسەر سەربازگەو تۆپخانەی (بەرکەورگان)، شەهید بووە. بەرکەورگان، سەر بە ناڵپاریزو قەزای پێنجوێنەو، کەوتۆتە بناری چیای سورێن و، لە نزیک (وەڵەسمت)و باکوری (شانەدەر)ە.

تەرمی شەهید جەمال، ئەو کاتی، لە گۆڕستانی گوندی (گردی شەریف)، بەخاک سپێردراوە. دوای ڕوخانی ڕژێم، کەسوکاری، تەرمەکەیان هێناوەتەوە گۆڕستانەکەی خۆیان و، لە گۆڕستانی (چوار تاقە)ی نزیک گوندی (پێباز)ی ناوچەی گەرمیان، بەخاکیان سپاردوە. شەهید جەمال، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٧، لە (خەلیل محەمەد)ی برای شەهیدو، (ڕزگار خانەقینی) هاوسەنگەری شەهید، وەرگیراون.

## ٥٦- جەمال محەمەد ساڵح مەحمود



جەمال محەمەد ساڵح مەحمود، ناسراو بە (جەمالی حەمە نوقڵە)، لە ساڵی ١٩٤٩، لە گەڕەکی (کانی ئاسکان)ی شاری سلێمانی، لەدایک بووە. هەر لەم شارەدا خوێندنی تەواو کردوەو، وەک (مەساح)، لە شارەوانی سلێمانی دامەزراوە. لە سەرەتای لاوێتییەوە، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە، کردوە. قوتابییەکی چالاک بووە. دواتر، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لەبەر لێهاتوویی بۆتە سەرلق. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی. لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. کادیرێکی چالاکی ناوخۆ بووە. لەساڵی ١٩٨٢، ئەرک و لێپرسراویەتی ڕێکخستنەکانی لقی سلێمانی (ناو شار)ی گرتۆتە ئەستۆ.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٩، بەهۆی هەڵەی یەکێک لە ئەندامانی حزب، شیرازەی ڕێکخستنەکان ئاشکرا بووە. جەمال، لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر کراوە. لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/١١/١٠، لەلایەن دائیرەی ئەمنی سلێمانی (ئەمنە سوورەکە)، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری شەهید

کراون. ڕژێم بە نهێنی، لە گۆڕستانی گردی سەیوان، بەخاکی سپاردوە، تا ئێستاش گۆڕەکەی ونە.

شەهید جەمال، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی کچێک (چرا)و، کوڕێک (میران)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

هەروەها برایەکی تری بە ناوی (حەسەن محەمەد سالح مەحمود)، ناسراو بە حەسەن نوقلە، لە شەڕی ناوخۆ لە مانگی نیسانی ١٩٨٣، شەهید کراوە.

*** وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی شەهید (جەمال و حەسەن نوقڵەو کانێسکان و، ماڵپەڕی کوردپیدیا)، وەرگیراون.**

## ٥٧- جەنگی سەید حەمەدەمین



جەنگی سەید حەمەدەمین، لە ساڵی ١٩٥٧، لە شاری کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٦٥، چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی چوارەمی ئامادەیی خوێندوە. دواتر وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. هەر لە هەمان ساڵدا چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٥) دا، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری ئەو شەڕانەی کردوە، کە هەرێمەکەی لە ناوچەی دەشتی کۆیە، ئەنجامیداون.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٩/٩، لە گوندی (باداوان)ی سەر بە قەزای کۆیە، (لەو کاتەی کە لەگەڵ بەشێک لە هەڤاڵە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی خەریکی خۆشوشتن بووینە)، لەلایەن هێزێکی یەکێتییەوە، چوار دەوریان گیراوە، داوایان لێکراوە چەک دابنێن و تەسلیم بن. شەڕ دەستی پێکردوە. جەنگی سەید حەمەدەمین و محەمەدی مام بەکری کۆیی، شەهیدو، چەند پێشمەرگەیەکی تریش بریندار بووینە. فەرماندەی ئەم کەرتەی سۆسیالیست، کاکەسوور قۆڕیتانی بووە.

تەرمی شەهید جەنگی لە گۆڕستانی شاری کۆیە، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (٢٦)، ئابی ١٩٨٤.

## ٥٨- جەواد عەبدولکەریم عوسمان



جەواد عەبدولکەریم عوسمان، ناسراو بە (جەواد گردەسۆری)، لە ساڵی ١٩٦١، لە خێزانێکی جوتیار، لە گوندی (گردەسۆر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (سیان)ە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان- حسیک)، کردوە. ئەندامێکی ڕۆشنبیرو چالاکی ڕێکخستنەکان بووە. لە ساڵی ١٩٨١، چۆتە شاخ و ، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی ئەو چالاکییانەی کردوە، کە هەرێمی ناوبراو ئەنجامی داون. نموونەی: شەڕی بردنی خەبیرە فەرەنسییەکان لە زستانی ١٩٨٢و، شەڕی سەر کەلی قەشقە لە ١٩٨٣/٤/١.

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٠، دوای شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکی قورس لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لە گوندی (پەرکانە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، بە برینداری بەدیل گیراوە. لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/١/٢٠، لە بەندینخانەی ئەبوغرێب، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری و، تا ئێستاکە شەهیدێکی گۆڕ غەریبە.

شەهید جەواد، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٣، لە (قاسم گردەسۆری)، خزمی شەهید، وەرگیراون.



## ٥٩- جەواد کەریم مەحمود

جەواد کەریم مەحمود، ناسراو بە (سەید جەواد گۆمەشینی)، لە ساڵی ١٩٥٦، لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لە خێزانێکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. توانیوویەتی بنووسێت و بخوێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی خۆشناوەتی لای (سەید کاکە)، بۆتە پێشمەرگە.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٣/٨، لە گوندی (دەشتێو)ی نزیک قەڵادزێ، لە شەڕێکی قورس و فراوان لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، دوای بەرگرییەکی زۆر، کە (سەعدی گچکە)ی فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێرو، سێزدە پێشمەرگەی تری تێدا شەهید بوون، سەید جەواد، دوای ئەوەی کە فیشەکی پێ نەماوە، بە برینداری دەستگیر کراوە. لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٦/١٤، لە زیندانەکانی ڕژێم لە شاری موسڵ، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری و، بە شێوەی نهێنی و بێ ناو نووسین لەسەر کێلەکانی ، لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری موسڵ ، بەخاک سپێردراوە. تا ئێستاکە بۆتە شەهیدێکی گۆڕ غەریب.

شەهید سەید جەواد، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٢، لە ڕێگای (هێرش بەکر عوسمان گۆمەشینی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ٦٠- جەودەت کەریم عەبدوڵڵا

جەودەت کەریم عەبدوڵڵا، لە ساڵی ١٩٥٦، لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی هەژاری کەم دەرامەت، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لەگەڵ خانەوادەکەی لە کەرکوکەوە هاتوونەتە گوندی (دەرماناو)ی سەر بە ناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ)و، لەوێ نیشتەجێ بووینە. لە ساڵی ١٩٧٤، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کردوەو بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە گوندەکەیان. لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەیان سەر بە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، بووینە، ئەویش لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکان کردوەو، بەهۆی چالاک بوونی بۆتە لێپرسراوی شانە. بە بەردەوامی، وەک ڕێبەرو هاوکارێک، یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگەی داوە، بەتایبەتیش لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییە عەسکەرییەکاندا. دوای تێکدانی گوندەکەیان (دەرماناو)، هاتوونەتە (بنەسڵاوە)ی نزیک هەولێرو، لەوێ نیشتەجێ بووینە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٣، کاتێک کە لە گوندەکانی بەستی (شرغە)، گەڕاوەتەوەو، ئەلبومێکیشی پێ بووە، وێنەی پێشمەرگەی تێدا بووە، لە دووڕیانی گوندی (کانی بزرە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەلایەن جاشەکانەوە، دەستگیر کراوەو، بە پێشمەرگە لەقەڵەم دراوە. تا ئێستاش، چارەنووسی نادیارە. شەهید جەودەت، خێزاندار بووە.

---

*** وێنەکە لەلایەن (ڕابەر ڕەشید)و، زانیارییەکان لەلایەن (جێگر عومەر کارەش)ەوە، لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٠، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ٦١- چەتۆ ئیسماعیل عەبدولکەریم



چەتۆ ئیسماعیل عەبدولکەریم، ناسراو بە (کاروان)، لە ساڵی ١٩٥٤، لە خێزانێکی جوتیاری کوردپەروەر، لە گوندی (دووگردکان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. قۆناغی ئاماسەیی تەواو کردووەو لە فەرمانگەی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە هەولێر، بە فەرمانبەر دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە رێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. ئەندامێکی چالاکی رێکخستنە نهێنییەکان بووە. بەهۆی چالاکییەکانیەوە، کەوتۆتە ژێر چاودێری رژێم و، لە ساڵی ١٩٧٩دا، دەستگیر کراوە. دوای ماوەیەک، بەر لێبوردن کەوتووەو، ئازاد کراوە. پەیوەندی بە رێکخستنەکانەوە، کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢دا، لەسەر داوای حزب، سەنگەری خەباتی لە شارەوە بۆ شاخ گواستۆتەوەو، لە سنووری ناوچەی دەشتی هەولێر بۆتە کادیری ناوچە. لەهەردوو بواردا (سیاسی و عەسکەری)، پێشمەرگەیەکی لێهاتوو بووە. بەشداری زۆربەی ئەو چالاکییانەی کردوە کە پێشمەرگەکانی سەر بە ناوچەی دەشتی هەولێر، ئەنجامیانداوە. دوو جاران بریندار بووە، جاری یەکەم لە رێکەوتی ١٩٨٢/١٠/٢٩، لە چیای قەرەچوغ و، جاری دووەمیش لە

ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/١٩، لەکاتی بەرەنگار بوونەوەی ئەو کۆپتەرانەی کە گوندی (میرکە)ی سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)یان، بۆردومان دەکرد.

لە کاتێکدا کە بە نیازی ئەنجامدانی چالاکی سیاسی و عەسکەری، لە ناوچەی (هەرکی)یەکاندا دەسوڕایەوە، لەلایەن سیخوڕەکانەوە، زانیاری بە دەزگاکانی ڕژێم دراوە. لە ڕۆژی ١٩٨٤/٢/١٤، لە گوندی (لاجان)ی دەڤەری هەرکییایەتیدا، دەستگیر کراوە. لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدانەوە، هیچ زانیارییەکی نەدرکاندوە. لە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٤دا، لە زیندانەکانی شاری باغدادا، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (دووگردکان)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید چەتۆ خێزاندار بووە، بەڵام بەداخەوە هیچ منداڵی نەبووە.

دوای شەهید بوونی، کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێر، لەژێر ناوونیشانی: (شەهید کردنی هەڤاڵ چەتۆ لەسەر خەبات سوورترمان دەکات)، بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە. دەقی بەیاننامەکە لە: ( ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩، لاپەڕە ٣٧٩)دا، بڵاو کراوەتەوە.

* زانیارییەکانیش هەر لەم بەیاننامەیەو، کەمال حوسێن شێروانی، وەرگیراون.

## ٦٢- حوسێن حەسەن یوسف



حوسێن حەسەن یوسف عەزیز، ناسراو بە (حوسێن دۆشکە)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گوندی (حەسەن موترب)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. توانیوویەتی بنووسێت و بخوێنێتەوە. بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو، لە ساڵی ١٩٦٨دا، لە هێزی سەفین بۆتە پێشمەرگە. لەسەر چەکی دۆشکە بووە، هەر بۆیە ئەم نازناوەی پێ بەخشراوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، جارێکی تر چۆتەوە شاخ و وەک پێشمەرگەیەک خەباتی کردوە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە هەولێر. لەگەڵ دروست بوونی (بزوتنەوە)، زوو پەیوەندی بەم ڕێکخراوەوە کردوە. لە پایزی ١٩٧٦دا، چۆتەوە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. لەبەر لێهاتوویی لەبواری شەڕی پارتیزانی، وردە وردە پلەی لێپرسراویەتی بەرز کراوەتەوە. دوا پلەی، فەرماندەی کەرتی شەشی سەر بە هەرێمی هەشت بووە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردوە، نموونەی: شەڕی گوندی (سیناوە)، لێدانی ماڵی پارێزگاری هەولێر، شەڕی حەسەن موترب. لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٧/٣١دا، لە شەڕێکی قورسی بەرفراوان لەگەڵ سوپاو جاش، لە گوندی (شیوەپیران)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەگەڵ سێزدە پێشمەرگەی

تـر، شـەهید بـووینە. هەر لەم شەڕەشـدا، چـوار پێشـمەرگە بە دیـل گیراون. (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە، بە درێژی باسی ئەم شـەڕە کـراوە). تەرمـی شـەهیدەکان کەوتـۆتە دەسـت ڕژێـم و، شـارەوانی هەولێر، بە نهێنی لە گۆڕستانی (منارەی چۆلی)،بەخـاکی سـپاردون. ناوی شەهیدەکان، لەسەر کێلەکان نەنووسراون و، ناناسرێنەوە.

شەهید حوسێن دۆشکە، هەر لەم شەڕەدا، برایەکی تریشی بە نـاوی ئەسعەد، شەهید بووە. ناوبراو، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی کوڕێکی (سەنگەر)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١، لە (سەنگەر)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.**



## ٦٣- حوسێن ڕەحمان سەعید

حووسێن ڕەحمان سەعید، ناسراو بە سەید حوسێن گۆمەشینی، لە ساڵی ١٩٤٠، لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لە خێزانێکی ئایینی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٦دا، لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، پەیوەندی بەم ڕێکخراوەوە، کردوە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی خۆشناوەتی، لای سەید کاکەی فەرماندەی هەرێم، بۆتە پێشمەرگە. یەکێک بووە لە بەشداربووەکانی شەڕی (دەشتێو- ١٩٧٨/٣/٨)ی نزیک قەڵادزێ و، دوای بەرگرییەکی زۆرو، نەمانی فیشەک و بریندار بوونی، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری، بە دیلی کەوتۆتە دەست هێزەکانی ڕژێم و بۆ شاری کەرکوک گواستراونەتەوە. ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٤، لە یەکێک لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکاری نەکراوەتەوە. بە نهێنی و بێ ناونووسیین لەسەر کێلەکان، لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری موسڵ بەخاک سپێردراوە.

شەهید سەید حوسێن، خێزاندار بووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٢، لە ڕێگای (هێرش بەکر عوسمان گۆمەشینی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ٦٤- حوسێن عومەر شیوەلۆکی



حوسێن عومەر شیوەلۆکی، ناسراو بە (حوسێن شیوەلۆکی)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (شیوەلۆک)ی ناوچەی باڵەکایەتیدا، لەدایک بووە. بەهۆی ئەوەی کە لە گوندەکەیاندا، قوتابخانە نەبووە، بۆی نەڕەخساوە بچیتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. ساڵی ١٩٧٧، لە ڕیزی پێشمەرگەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیسی کوردستان)، لە هەرێمی نۆی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی چالاک بوونی، کراوەتە لێپرسراوی مەفرەزە.

ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٣، لەگەڵ دوو هەڤاڵی پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی ( ڕەسوڵ عومەر و ڕەقیب عسمان)، لەلایەن چەند خۆفرۆشێکەوە، دەستگیرو، ڕادەستی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم کراون. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٢/٢١دا، لە یەکێک لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە، دراوە.

شەهید حوسێن، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٠، لە محەمەد عومەر، وەرگیراون.

## ٦٥- حیسامەدین حەسەن عەبدوڵڵا



حیسامەدین سەید حەسەن عەبدوڵڵا، ناسراو بە (حیسام)، لە ١٩٥٦/٧/١، لە گوندی (دارەخورما)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە، لەدایک بووە. تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. لەبەر ئەوەی باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، لەساڵی ١٩٧٣، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوەو، لە بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێر، لای (سەید کاکە)، بۆتە پێشمەرگە. لەساڵی ١٩٧٤، دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ چۆتەوە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، لەگەڵ بنەماڵەکەیان ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، دوایی گەڕاوەتەوە عێراق. لەگەڵ دامەزراندنی بزوتنەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە، کردوە. لەساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. لە شەڕی گوندی (بەردەسپی)ی ناوچەی بەستی شرغە، بریندار بووە. دوای چاک بوونەوەی، لەسەر ڕاسپاردەی حزب، تەسلیم بۆتەوە. لە شار، کاری ڕێکخستنی کردوە. بە هاوکاری پێشمەرگە،چەندین چالاکی عەسکەری لەناو شاری هەولێر، ئەنجامداوە. شوێنی حەوانەوەی بۆ ئەو پێشمەرگانە دابین

کردوە، کە بۆ کاری نهێنی گەڕاونەتەوە ناو شار.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٧/١٧، ئاشکرا بووەو، لەلایەن ڕژێمەوە، دەستگیر کراوە. دوای مانەوەی سێ مانگ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر، ڕەوانەی (هەیئەی خاسەی کەرکوک)، کراوە. لەوێوەش بۆ بەندینخانەی ئەبو غرێب، گواستراوەتەوە. لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/١٠/٦، لە سێدارە دراوە. (لە ئاڵای ئازادی ژمارە ١١، نووسراوە لە ١٩٨٥/١٠/١٩ ، لەگەڵ خالید گوستان، لە سێدارە دراون).

بیست و پێنج ڕۆژ پێش لە سێدارەدانی، (سەید عەبدوڵلا سەر سۆری) برای لە ١٩٨٥/٩/١٢دا، شەهید بووە.

تەرمی شەهید حیسام، لە گۆڕستانی گوندی (دووسەرەی فەتاح)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٦، لە (ڕێناس بەرزنجی)، خوارزای شەهید، وەرگیراون.

## ٦٦- حەسەن ئەحمەد سلێمان



حەسەن ئەحمەد سلێمان، ناسراو بە (حەسەن بۆڵی)، لە ساڵی ١٩٣٨، لە گوندی (وەڵزێ)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر لەدایک بووە. بە بنەچە خەڵکی گوندی (ئێندزە)ی بناری قەندیل بووینە، بەڵام بەهۆی نیشتەجێ بوونی بنەماڵەکەیان، لەم گوندە (وەڵزێ)، بە (حەسەن بۆڵی)، بەناوبانگ بووە. لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە قوتابخانە هێناوە. لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول، پەیوەندی بە (هێزی پێشمەرگە)وە، کردوە. داوی نسکۆی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە گوندەکەیان. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، چۆتەوە شاخ و پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، بۆتە جێگری فەرماندەی هەرێمی (١٤)، کە عەبدوڵلا سوور فەرماندەی هەرێمەکە بووە. بەشداری دەیان چالاکی و شەڕی دژ بە ڕژێم و، نۆکەرەکانیان کردوە، لەوانە: شەڕی گوندی وەڵزێ لە نۆڤێمبەری ١٩٧٦، شەڕی نێوان هەردوو گوندی شیوەلۆک و گۆرنێ لە تەموزی ١٩٧٧، شەڕی سماقولی، ... تاد.

ڕژێم بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدابووە، لە فرسەتێکدا، دەستی لێ بوەشێنێت، هەر بۆیە سیخوڕێکی ناردۆتە دەرەوەو، لای حەسەن بۆڵی بۆتە پێشمەرگە. ئەم سیخوڕە، لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٨،

لە گونـــدی (وەرتـــێ)دا، حەســـەنی کوشـــتووەو ڕایکـــردووە. لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، لە گوندێکی نزیکدا سیخوڕەکە گیراوەو، هەر لەوێ، کوشتوویانە.

تەرمـــی شـــەهید حەســـەن بـــۆڵی، لە گونـــدی (وەرتـــێ)، بەخـــاک سپێردراوە. ناوبراو، خێزاندار بووە، لە دوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی شەهید عەبدوڵلا سوورو، پیرۆت نەبی، کە لەگەڵ شەهید حەسەن، پێشمەرگە بووە، لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٠، وەرگیراون.**

## ٦٧- حەسەن حەمەد حەسەن



حەسەن حەمەد حەسەن، ناسراو بە (حەسەن وەرتی)، لە ساڵی ١٩٥٤، لە گوندی (وەرتی)، بناری چیای کارۆخ، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٦٨، کە هێشتا هەر منداڵ و (١٤ ساڵ) بووە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥، لەگەڵ (حەمەدە بۆری) باوکی پێشمەرگە بووە. بەشداری چەندین شەڕی کردوە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە عێراق. وەک یەکەم مەفرەزە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦دا، لەگەڵ بەشێک لە خزمەکانی، بە فەرماندەیی (بایز ئاغای هەباس ئاغای سەرکەپکان)، چوونەتە شاخ و(وەک هێزێکی سەربەخۆ) بوونەتە پێشمەرگە. دوای دەرچوونی یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە بۆ شاخ، حەسەن وەرتی، پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە هەرێمی (١٤)ی ئاکۆیان بووەتە فەرماندەی کەرتی شەش. لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی، وەک فەرماندەی هێز، حسێبی بۆ کراوە.

لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەکێتیدا، لە ڕۆژی ١٩٨١/٩/٢٦، لە چیای هەورێ، شەهید بووە. نەوشێروان مستەفا، وەک فەرماندەی هێزەکەی یەکێتی لە شەڕەکەدا، لە کتێبی ( پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن،

لاپەڕە ٢٢٠)، ئاماژەی بەم شەڕە کردوەو، ناوی حەسەن وەرتی، هێناوە.

شەهید حەسەن وەرتی، خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (شۆڕش، هێرش)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی ناحیەی (سەرکەپکان)، بەخاک سپێردراوە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٥، لە (هێرش)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ٦٨- حەسەن محەمەد ساڵح مەحمود



حەسەن محەمەد ساڵح مەحمود، ناسراو بە (حەسەنی حەمە نوقڵە)، لە ساڵی ١٩٥٥، لە گەڕەکی (کانی ئاسکان)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو وازی لە خوێندن، هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. بەهۆی چالاکییەکانییەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ ئاشکرا بووەو، چۆتە شاخ و لە هەرێمی یەک، لە ناوچەی سەرگەڵو، بۆتە پێشمەرگە. دوای ماوەیەک بۆ هەرێمی سێی شارباژێڕ، گواستراوەتەوە. بەهۆی شایستەیی، بۆتە جێگری فەرماندەی هەرێمی سێ. لە شەڕێکی نەخوازراو (شەڕی ناوخۆ)، لە ١٩٨٣/٤/٢٠، لە ناوچەی شارباژێڕ، لە گوندی (کوزەڵە)، لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە، بە برینداری بە دیل گیراوە، دواتر شەهیدیان کردوە. دەربارەی مێژووی شەهید بوونی، لە لاپەڕە (٥١)ی ژمارە (٢٩)ی سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٨٣، گۆڤاری (رسالة ألعراق) کە لیژنەی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی عێراق لە دەرەوەی وڵات دەری کردوە، نووسراوە: حەسەنی حەمە نوقڵە، دوو ڕۆژ پێش هێرشی یەکێتیی بۆ سەر ئاشقولکەو پشتئاشان (١٩٨٣/٥/١)، شەهید کراوە. بە

گوێرەی هەواڵی ئەم گۆڤارە بێت، دەبێت لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/٢٩، شەهید بوو بێت.

شـەهید حەسـەن، هاوسـەرگیری نەکردبـوو. تەرمەکەی لە شـاری سلێمانی بەخاک سپێردراوە. برایەکی تریشی بە ناوی (جەمالی حەمە نـوقڵە)، لێپرسـراوی ڕێکخسـتنەکانی سۆسیالیسـت بـووەو، لەلایەن دائیـرەی ئەمنـی سـلێمانی گیـراوە، لە ڕۆژی ١٩٨٩/١١/١٠دا، شـەهید کراوە.

* وێـنەو زانیارییەکـان، لە لاپەڕەی (شـەهید جەمـال و شـەهید حەسـەن نـوقڵەو کانێسکان و ماڵپەڕی کوردپیدیا)، وەرگیراون.



## ٦٩- حەکیم مەلا قادر

حەکـیم مەلا قــادر، ناســراو بە (دلاوەر)، لە ١٩٦١/٥/١، لە گوندی (سەربەشـــــاخ)ی نـــــاوچەی کەنـدێناوە، لە خێزانێکـی ئـایینی مەلازادە، لەدایــک بـــووە. لەبەر ئەوەی بـــاوکی مەلا بـــووە، لە زۆربەی گونــــــــدەکانی وەک: (سەربەشـــــاخ، میرەکـــــان، سەردەشــت)، ژیـاون. خوێـندنی ئامـــادەیی بازرگـــانی (بەشـــی ژمێریاری)، لە شاری هەولێر تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، کاتێک کە قوتابی قۆناغی ناوەندی (قوتابخانەی قەندیل) بووە، لەڕێگای کامەران قــادر شــۆڕش، پەیوەنـدی بە ڕێکخســتنە نهێنییەکـانی (حزبـی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای ماوەیەکی کەم، بە بڕیاری حزب بۆ تەواو کردنی خوێندن، تەسلیم بۆتەوەو درێژەی بە خوێندن داوە. دوای تەواو کردنی خوێندن، لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٩/٢٣، چۆتەوە شاخ و بـۆتە پێشـمەرگە. ئەنـدامێکی چـالاکی ڕیکخـراوی (یەکێتـی لاوانـی سۆسیالیستی کوردستان) بووە.

لە جەولەی دووەمـی شـەڕی نـاوخۆ (شـەڕی قەنـدیل)، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٢، لە گونـدی (ناودەشــت)ی بنـاری قەنـدیل، بەدەســتی هێزەکانی یەکێتییەوە، شەهید کراوە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (سەردەشت)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید دلاوەر، هاوسەرگیری نەکردبوو.



## ٧٠- حەمەد خدر میرزا

حەمەد خدر میرزا، ناسراو بە (ئەحمەد خان)، لە ساڵی ١٩٤٧، لە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. بەهۆی بارودۆخی خێزانی و ناوچەکەیان، بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانە. بەهۆی بەشداری کردنی لە خوولەکانی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری و، سەلیقەی خۆی، فێرە خوێندنەوەو نووسین بووە.

لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول، دوای ماوەیەک چۆتە شاخ و، بۆتە پێشمەرگە. تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، بەردەوام بووە. بەشداری چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: شەڕی چیای کۆڕەک، گەلی عەلی بەگ، گۆڕەز، سەرتیز،.... تاد. لەبەر لێهاتوویی، لەساڵی ١٩٧٤دا، کراوەتە (سەدەستە) لە هێزی باڵەک. دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە شار. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، لەگەڵ یەکەم مەفرەزە لە ساڵی ١٩٧٦، چۆتەوە شاخ و، لە ڕیزی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، بۆتە پێشمەرگە. ناوبراو ئەوەندە جوامێرو بەخشندە بووە، پێش چوونە شاخ، ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی فرۆشتووەو، بە پارەکەی چوار کلاشینکۆفی بۆ مەفرەزەکەی خۆی پێ کڕیوە. هەر لەم ساڵەدا (١٩٧٦)، یەکەم چالاکی عەسکەری دژی هێزەکانی ڕژێم لە چیای هەیبەت سوڵتان (چنارۆک)، ئەنجامداوە، کە سەدایەکی باشی داوەتەوە. لەدوای ئەم چالاکییە خەڵکی ناوچەکە، بە لۆفەکانی هەیبەت سوڵتانیان گوتووە (لۆفەی ئەحمەد خان). دوای ئەم چالاکییە بۆتە فەرماندەی کەرتی مەکتەبی سیاسی حزب. بەشداری

زۆربەی چالاكییە عەسكەرییەكانی كردوە، نموونەی: شەڕەكانی هەیبەت سوڵتان، شێخەروان، ماكۆك، باوەقوب، كۆلكەڕەش، كاموسەك، كێوەڕەش، گرد گۆران، سكتان، هەرتەل، بەڕۆژ، سماقولی... هەروەها لەكاتی ڕوخانی شای ئێراندا، لەگەڵ ئەو هێزەی حزب چۆتە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و، شان بەشانی پێشمەرگەكانی حزبی دیموكرات، دژی ڕژێمی ئیران جەنگاوە.

لە شەڕی بەناوبانگی سماقولی (١٩٧٩/١٢/٢٤)دا، دوای شەهید بوونی (شینە بۆڵی)، ئەحمەد خان بۆتە فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سەفین. سەید كاكە لە كتێبی (بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لاپەڕە ٢١٨، لەم بارەیەوە، نووسیوویەتی: (ئەحمەد خان كوڕێكی زۆر ئازاو شۆڕشگێڕ بوو، پیاوێكی قسە خۆش و یەكجار جوان و ئازا بوو، چەند شەڕێكی باشی لە دەورو پشتی كۆیەو سەفین كردبوو، نزیكەی ٢٥ چەكی جۆر بەجۆری گرتبوو، ڕژێم پێی هەراسان ببوو، چەند بەكرێگیراوێكی دۆزییەوەو ناردیە لای ئەحمەد خان بوونە پێشمەرگە).

ئەو بەكرێگیراوانە هەلیان قۆستۆتەوەو، لە ڕۆژی ١٩٨٠/٥/١٢، لە گوندی (سماقولی گرتك)ی سەر بە قەزای كۆیە، ئەو فەرماندەیان شەهید كردوە. تاوانباران دەربازیان نەبووە، یەك لەوانە هەر ئەودەم كوژراوە. ئەوانی تریش هەندێكیان كوژران. تەرمی شەهید ئەحمەد خان لە گوندی (كەلكی كۆدەرە- گوندێكە كەوتۆتە نێوان سكتان و گرد گۆران)، بەخاك سپێردراوە. شەهید خێزانداە بووە، لەدوای خۆی، سێ كوڕو دوو كچی بۆ كوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەكان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٣، لە (هەژار)ی كوڕی شەهیدو، كتێبی: سەید كاكە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك،چاپی سێیەم، ٢٠١٢، لاپەڕە ٢١٨- ٢١٩، وەرگیراون.**

## ٧١- حەمەڕەشید محەمەد ئەمین عەزیز



حەمەڕەشید محەمەدئەمین عەزیز، ناسراو بە (ڕەشەی کەچە)، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (دۆڵە چەوت)ی سەر بە ناوچەی شارەزور، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. (کەچە) جۆرە قوماشێک بووە عەرەبەکان خستوویانەتە سەر شانیان. باپیری حەمەڕەشید ئەم قوماشەی خستۆتە سەر شانی، ئەم نازناوە لەمەوە بۆ خانەوادەکەیان ماوەتەوە. بۆی نەلواوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٦٧، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی لێهاتوویی، وردە وردە پلەی لێپرسراویەتی بەرز کراوەتەوەو بۆتە سەرپەل لە هێزی خەبات. بەشداری چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: کێوەڕەش، زۆزگ، شانەدەر، سەید سادق، گرتنی کانی پانکە....تاد. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، چەکی دانەناوەو تەسلیم بە ڕژێم نەبۆتەوە. زوو پەیوەندی بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە کردوەو، بۆتە پێشمەرگەی یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی شۆڕش لەگەڵ (شەوکەتی حاجی مشیر، ڕەئوف بەگ ، محەمەدی حاجی مەحمود، تایەری حاجی عەزیز، مەحمود زەردۆیی، ... تاد).

لە شۆڕشی نوێ بەشداری ئەم شەڕانەی کردوە: پردی کەولۆس،

بەهاناوەچوونی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئالان و حاسڵ، باروتخانەی تاسلوجە، شاخی تالیەر لای ناڵپارێز، سەید سادق، شیرەمەڕ،... تاد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، دوو جاران بریندار بووە. ڕەشەی کەچە لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود پەیوەندی بە (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە، بۆتە فەرماندەی کەرتی دوو لە هەرێمی یەک. لە ڕێکەوتی شەوی ١٥ لەسەر ١٩٨٥/٩/١٦، لە (چەمی سمۆر)ی ناوچەی قەرەداغ، لەلایەن جاشەکانی دەربەندیخان و زەڕایەن، شەهید کراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی دۆڵە چەوت بەخاک سپێردراوە. شەهید حەمەڕەشید خێزاندار بووە، لەدوای خۆی کچێک (هێرۆ)و سێ کوڕ (ئارام، نەبەز، ئاسەف)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠، لە (ئاسەف)ی کوڕی شەهید وەرگیراون.

## ٧٢- حەمەد عەبدوڵڵا حەمەد ئالی



حەمەد عەبدوڵڵا حەمەد ئالی، ناسراو بە (حەمەشەل تیتۆکەیی)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە خێزانێکی جوتیار لە گوندی (تیتۆکە) لەدایک بووە. (تیتۆکە، لە حەفتاکان گوندێک بوو لە بناری کێوەڕەش، ئێستا بۆتە گەڕەکێک لە شاری ڕانیەو، بە گەڕەکی تیتۆکە) ناسراوە. نەچۆتە قوتابخانەو نەخوێندەوار بووە. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، لە مانگی ئابی ١٩٧٦، چۆتە شاخ و لە ڕیزەکانی (بزوتنەوە)، بۆتە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەکی چالاکی هەرێمی (١٤) بووە. لەبەر لێهاتوویی بۆتە فەرماندی کەرتی سێی سەر بەم هەرێمە. بەشداری بەشی هەرە زۆری ئەم چالاکییانەی کردوە کە لە سنووری هەرێمەکەیان ئەنجامدراون، یان هەرێمەکەیان بەشداری تێدا کردون . نموونەی: شەڕی سماقولی، کێوەڕەش، دۆڵی ئاکۆیان... تاد.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/١٠، لە ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ سوپاو هێزەکانی ڕژێم، لەسەر ڕێگای نێوان سەروچاوەو چوار قورنە، لە نزیک گوندی (تاقۆڵان)، شەهید بووە. لە لاپەڕەی شەهید عەبدوڵڵا سوور نووسراوە: حەمەشەل لە ١٩٨١/٧/٢٠، شەهید بووە، بەڵام مامۆستا سەرداری کوڕی شەهید دەڵێت: من لەدایکبووی ساڵی١٩٨٣

م، ئەوکاتی باوکم شەهید بووە، من چوار مانگ و لە سکی دایکمدا بوویمە... دایکیشم بووکی شەش مانگان بووە، کە هاوسەرەکەی (واتا باوکم) شەهید بووە. لەسەر کێلی گۆڕەکەشی بەرواری ١٩٨٢/٧/١٠شەهید بوونی نووسراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پاشقۆتەل)ی سەر بە ناحیەی (سەرکەپکان)ی دۆڵی ئاکۆیان، بەخاک سپێردراوە. شەهید حەمەشەل لەدوای خۆی کوڕێکی بەناوی (سەردار) بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٧، لە (سەردار)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ٧٣- حەمەدەمین محەمەد عەبدوڵڵا



حەمەدەمین محەمەد عەبدوڵڵا، ناسراو بە (مامە)، لە ساڵی ١٩٥٥، لە گوندی (مەلەکاغە)ی سەر بە قەزای مەخمور، لە خێزانێکی جوتیاری کوردپەروەر لەدایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەیان تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٤، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە هەولێر، کاری کرێکاری کردوە. لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، هەر ئەم ساڵە (١٩٧٦)، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. کادیرو پێشمەرگەیەکی چالاکی ناوخۆ بووە. چەندین چالاکی سیاسی و عەسکەری لەناو شاری هەولێر، ئەنجامداوە. بۆ نموونە:

- لەساڵی ١٩٧٨، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (ئەسعەد)، نارنجۆکێکیان هەڵداوەتە ناو بنکەی پۆلیسی ئیسکان. ئەوکات دەنگۆی ئەوە هەبوو کە حەوت پۆلیس بریندار بووینە.

- هەر لە ساڵی ١٩٧٨دا، نارنجۆکێکی دەستی هەڵداوەتە ناو پاسەوانەکانی خانووی ئەمین عامەکان لەسەر شەقامی شەستی هەولێر.

- لە ساڵی ١٩٧٩دا، نارنجۆکێکی دەستی هەڵداوەتە ناو ماڵی پارێزگاری هەولێر، لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- کەرکوک. لەم

چالاکییەدا، پێشمەرگەیەکی بەناوی (عەلی ئاوماری)، لەگەڵدا بووە.

شەهید مامە، سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێرو، بەرپرسی چالاکییە عەسکەرییەکانی ناوخۆی شاری هەولێر بووە. لە ١٩٨٠/١٢/١٤دا، ئاشکرا بووەو، لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر گیراوە. پێش گیرانی پلانی ئەوەی هەبووە بە نارنجۆک هێرش بکاتە سەر ئەمنی بەلەدەی هەولێر. لە ڕێکەوتی ١٩٨١/١٢/٥دا، لە زیندانەکانی شاری موسڵ لەسێدارە دراوە. تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری و، هەر لەشاری موسڵ لە یەکێک لە گۆڕستانەکان کە بە گۆڕستانی شەهیدان، بەناوبانگە، بە نهێنی بەخاک سپێردراوە. شەهید مامە هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٤، لە (ئارام عەبدوڵلا مستەفا)ی خوارزای شەهید، وەرگیراون.



## ٧٤- حەمید محەمەد باتاسی

حەمید محەمەد باتاسی، لەساڵی ١٩٢٠، لە گوندی (شێخان)ی ناوچەی (شەمزینان)ی سەر بە شاری (هەکاری)، باکوری کوردستان، لەدایک بووە. بە بنەچە بۆ سەر بنەماڵەی (شێخ عوبێدوڵلای نەهری)، دەگەڕێنەوە، کە گەورەترین بنەماڵە ئۆرۆستۆکراتە زەویدارەکانی شەمزینان بووە. دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، وەک چەندین بنەماڵەی تر، ڕویان لە باشوری کوردستان کردوە. بنەماڵەی حەمید، لە گوندی (باتاس)ی سەر بە هەریر، گیرساونەتەوە، هەربۆیە بە (حەمید باتاسی)، ناوی دەرکردوە. لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردو، (باتاس)ی جێهێشتووەو، لە شاری کەرکوک بە کارو کاسبییەوە، خەریک بووە. لەگەڵ دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، پەیوەندی بە ڕیزەکانییەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٦٢، بۆتە لێپرسراوی لقی دووی پارتی لە موسڵ. لە ساڵی ١٩٦٤دا، بۆتە لێپرسراوی بەشی ڕێکخستنی ژنان لە شاری هەولێر. لەگەڵ لێکترازانەکەی ساڵی ١٩٦٤دا، چۆتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی. دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە کردوە. لە تەمەنی (٥٦)ساڵیدا چۆتە شاخ . لە ١٩٧٧/٥/١٧، خۆیی و (٦٣) پێشمەرگەی تر لەسەر پردەکەی چۆمان

کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی سوپاو، تووشی شەڕێکی سەخت بووینە. لەم بۆسەیەدا، حەمیدو سێ پێشمەرگەی تر، بە ناوەکانی: عەلی مەجید، ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و، ئەحمەد حەمەد زورکانی و، کەمال خوشکانی، شەهید بووینە.

* سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لاپەڕە ٣٨٥- ٣٨٦.



## ٧٥- حەوێز برایم سەمەد

حەوێز برایم سەمەد هیرانی، ناسراو بە (حەوێز مام برایم)، لە ساڵی ١٩٣٨، لە گەڕەکی (بێلینگە)ی شارۆچکەی (هیران)، لەدایک بووە. لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان، نەچۆتە بەر خوێندن. بەهەوڵی خۆی فێرە خوێندن و نووسین بووە. ساڵی ١٩٥٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پارتی)یەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٦١دا، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. بەهۆی چالاک بوونی، دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم، دایکی و کچ و کوڕێکیان بۆ ماوەی هەژدە مانگ زیندانی کردوە. لە گرتنی بنکەی پۆلیسی ڕایات، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، هەر بۆیە وەک دیاری برنەوێکیان پێشکەشی کردوە. دواتر کراوەتە فەرماندەی لق لە هێزی سەفین.

لە لێکترازانەکەی ١٩٦٤دا، چۆتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی. لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتەوە شاخ. دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بووە. دواتر گەڕاوەتەوە عێراق. لەساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە (بزوتنەوە)وە کردوە. سەرکردایەتی بزوتنەوە ڕایسپاردوە کە بچێتە بەغداو پەیوەندی بە چەند وەزیرێکی کوردەوە بکات تاوەکو دەست بەرداری وەزارەت بن و، پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە بکەن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوە. بۆتە لێپرسراوی ناوچەی خۆشناوەتی. لە

ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەند جارێک بریندار بووە. دوای (٢٢) مانگ لە پێشمەرگایەتی، لە شەوی ١٧ لەسەر ١٩٧٨/٨/١٨، لەنێوان گوندی کۆلکەڕەش و کاموسەک کەوتۆتە بۆسەی هێزەکانی کۆماندۆو جاشەکانی ڕژێم، دوای شەڕێکی سەخت، شەهید بووە.

تەرمەکەی لە هیران بەخاک سپێردراوە، شەهید خێزاندار بووە.

دوای ڕاپەڕین، لە شارۆچکەی هیران، پەیکەرێکی بۆ دروست کراوە. ساڵی (٢٠٠٧)یش نەخۆشخانەیەک بەناوی (مەلبەندی تەندروستی شەهید حەوێز)، کراوەتەوە.

شەهید حەمید، دەنگی خۆش بووە، گۆرانیشی گوتووە. هەروەها دەستی شیعر نووسینیشی هەبووە. شانۆگەرییەکی بەناوی (شانۆگەری هیران) بە (٦٣) دێرە شیعر نووسیووە. کۆمەڵێک شیعری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، نموونەی: ڕێگا، ڕۆڵەی کورد، پێشمەرگەین، ئێمە ڕۆڵەی سەفینین، کوردستان یان نەمان، کچی کورد، یارو بەهار، سەیری سەر ئاو، جوانانی کۆیە، کیژی لادێ، هیران، پەلکە زێڕینە، .... تاد).

*** بەشێک لە زانیارییەکان لە کتێبی: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لاپەڕە ٣٨٧- ٣٨٨.**



## ٧٦- خالید خدر مستەفا

خالید خدر مستەفا هەروتی، ناسراو بە (ڕەوەند)، لە ساڵی ١٩٦٠، لە شاری هەولێر لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی ناوەندیدا وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٠)ی سەفین بۆتە پێشمەرگە. لە چەندین چالاکی و شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا، بەشداری کردوە. بەهۆی چالاکییەکانی کراوەتە لێپرسراوی هێز لە هەرێمەکەیدا. لە سنووری چالاکییەکانی هەرێمی (١٠)دا، لەلایەن هێزەکانی ڕژێم دەستگیر کراوە. بە دەستی کەلەپچە کراوەوە توانیویەتی خۆی ڕزگار بکات و، بگاتەوە ناوچە ئازاد کراوەکان.

لە شەڕی ناوخۆ، لەڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢دا، (لە ژمارە ٢٢ی ئازاری ١٩٨٤، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ١٩٨٢/٥/٢٢ نووسراوە)، لەنێوان هەردوو گوندی (گەرۆتەو پونگینە)دا، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی (یەکێتیی) و، لەگەڵ دوو هەڤاڵی تری شەهید بووینە.

شەهید (ڕەوەند)، هاوسەرگیری نەکردبوو. لە هێرشەکەی یەکی شوباتی سەر مەڵبەندو لقی هەولێری یەکێتی و پارتیدا، برایەکی تری بەناوی (جەلیل خدر)، شەهید بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٩، لە ڕێگای (هەژار شەهید ئەحمەد خان)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ٧٧- خالید سەعید



خالید سەعید، ناسراو بە دکتۆر خالید، لە ساڵی ١٩٣٤دا، لە شاری کۆیە لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە تەواو کردوە، بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری کەرکوک و، پەیمانگای برینپێچی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٤٨، کە هێشتا منداڵ بووە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە کردوە. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی (کۆیە)ی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٦١دا، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو، لە ساڵی ١٩٦٣دا، بۆتە سەرلق. ئەو کاتە، بارەگای لق لە گوندی (حاجی قەڵا)ی سەر بە قەزای کۆیە بووە. دوای ڕێکەوتننامەی یازدەی ئازار تاوەکو ئازاری ساڵی ١٩٧٤، لە نەخۆشخانەی (نەعمان) شاری (بەغدا)دا، بەڕێوەبەری کارگێڕی بووە. لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ (ئازاری ١٩٧٤)، پەیوەندی بە شۆڕش کردوە. سەرەتا وەک فەرماندەی بەتالیۆن، دواتر بۆتە فەرماندەی هێزی کۆسرەت. دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەر لەوێ، لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا، بەشداری چەندین کۆبوونەوەی کردوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، تاوەکو بەردەوامی بە شۆڕش بدەن. دوایی

گەڕاوەتەوە عێراق و، لە شاری بەغدا، نیشتەجێ بووەو، گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە، کردوە. یەکێک بووە لە کەسە نزیک و بە ئاگاکانی سەرەتای دامەزراندنی (بزوتنەوە). دوای پەیوەندی کردنی، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە. لە ١٩٧٦/٨/٨دا، لەگەڵ یەکەم مەفرەزەی (بزوتنەوە)، چۆتە شاخ و درێژەی بە خەبات کردن داوە. دوای چوونی بزوتنەوە بۆ ناو نیمچە بەرەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، لە پاییزی ساڵی ١٩٧٧، لە کۆبوونەوەکانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی لەسەر بەشی (بزوتنەوە). لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨دا، لەگەڵ عەلی عەسکەری، سەرکردایەتی ئەو هێزەیان کردوەو، بەرەو ناوچەی بادینان (هەکاری)، بەڕێکەوتوون. ئەم هێزەی یەکێتیی، لەگەڵ هێزەکانی (قیادە موەقەتە)دا، لە شەڕێکی قورسدا، ڕوو بەڕووی یەکتر بوونەتەوە. دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری و چەندین پێشمەرگەی تر، بە دیلی کەوتوونەتە دەست (قیادە موەقەتە). لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٦/١٩، لە (هەکاری)دا، شەهید کراون.

شەهید دکتۆر خالید سەعید خێزاندار بووە.

## ٧٨- خالید سەعید حەسەن



خالید سەعید حەسەن، لە ساڵی ١٩٥٠دا، لە گوندی (سۆربەشی هەمزە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٣دا، خانەوادەکەیان بۆ گوندی (پیرداود)ی نزیک هەولێر، گواستوویانەتەوە. لە گوندی پیرداود چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوویەتی، دوایی وازی لە خوێندن هێناوە. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا (١٩٦٨) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٤، دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ دووبارە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردۆتەوەو، لە بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. بەشداری ئەو شەڕانەی کردوە کە بەتالیۆنەکەی ئەنجامیانداوە. دوو جاران بریندار بووە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە عیراق.

لە ساڵی ١٩٨٠دا، پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ و، (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوەو، بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی لێوەشاوەیی، پلەی لێپرسراوێتی بەرز کراوەتەوە. دواجار بۆتە فەرماندەی کەرتی (٢)ی سەر بە هەرێمی (٧)ی قەرەچوغ. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێرو هەرێمەکەی کردوە.

لەوانە: شەڕی کەلی قەشقەو، گرتنی خەبیرە فەڕەنسییەکان و، شەڕی بەردەسپی و، گوندی بیرەعارەبان. لەوەی بیرەعارەبان، برینداریش بووە.

لە شەوی ٧ لەسەر ١٩٨٣/١١/٨دا، لە گوندی (پیرداود)ی زێدی خۆی، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی یەکێتیی و، لەگەڵ دوو هەڤاڵی تری بە ناوەکانی عەبدولسەلام مەلا سەید نوری ناسراو بە (شێرکۆ)، فەرماندەی کەرت، سەر بە هەرێمی (١١)ی باواجی و، زوبێر سەید ئادەم بانەموردی، شەهید بووینە.

تەرمی شەهید خالید، لە گۆڕستانی گوندی پیرداود، بەخاک سپێردراوە. خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی، شەش کوڕی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١، لە (پوشۆ)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ٧٩- خالید کەریم عەبدوڵلا



خالید کەریم عەبدوڵلا، ناسراو بە (سەید خالید)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (حەسارۆکان)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لەساڵی ١٩٧٩دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١١دا، هێزێکی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، کە لە چەند کەرتێک پێکهاتبوون، لەگەڵ مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی عێراق، لە ناوچەی دەشتی کۆیە ، سوڕاونەتەوە. لەنێوان هەردوو گوندی (شاخەپیسکە)و (بایزاغا)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، ڕوو بەڕووی هێزێکی زۆری سوپاو جاش، بوونەتەوە. شەڕلە دوای نیوەڕۆوە دەستی پێکردوەو تا ڕۆژئاوا بوون، بەردەوام بووە. لە پێشمەرگەکانی سۆسیالیست، هەریەکە لە (باوە سمایل باوە، شوکر گۆپتەپەیی، ڕەشید حەسەن ڕەسوڵ مەنتک)و، لە حزبی شیوعی (فوئاد عەنکاوەیی)، شەهید بووینە. (سەید خالیدو مەسعود مەلا عومەرو حەسەن ساتۆری) لە سۆسیالیست و، (ڕەحیم عوەید) لە شیوعییەکان، بەدیل گیراون. (لەبەشی دووەمی ئەم کتێبە، بە درێژی باسی ئەم شەڕەمان کردوە).

بە گوێرەی وەفاتنامەکەی، کە لە دادگای هەولێرو بە فەرمانی دادگای موسڵ دەرچووە، سەید خالید، لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/١٠دا، لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری و، تا ئێستاکە گۆڕ غەریبە. ناوبراو، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، دوو کوڕو کچێکی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٨، لە (شوان)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.




## ٨٠- خالید هەمزە قاسم

خالید هەمزە قاسم زراری، ناسراو بە (خالید گوستان)، لە ساڵی ١٩٥٦دا، لە گوندی (زەروارە)ی دەڤەری زرارەتی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ناوەندی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بۆتە پێشمەرگە. لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و، لە هێزی سەفین، بەتالیۆنی (عەلی میرۆ)، بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە هەولێر. لە ساڵی ١٩٧٧دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنە نهێنییەکان بووە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بە بڕیاری حزب گەڕاوەتەوەو لە ڕێکخستنەکاندا کاری کردوە. وەک پێشمەرگەیەکی ناوخۆ، بەردەوام چالاکی ئەنجامداوەو بەکرێگیراوانی ڕژێمی بە سزا گەیاندوە. لەم کاتەی کە مەفرەزەکانی پێشمەرگە هاتوونەتە ناو شار، ئەو هاوکاریان بووە.بە نهێنی لەناو شاردا ، خەریکی پلاندانانی عەسکەری بووە، ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٩، لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێرەوە، دەستگیر کراوە. سەرەتا، لە زیندانی دائیرەی ئەمنی هەولێر ماوەتەوە. بە گوێرەی قسەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا زیندانی کراون، خالید گوستان نموونەی

پێشمەرگەیەکی ورە بەرزو قارەمان بووە. سەرەڕای ئەشکەنجەدان و هەڵواسین، هیچ نهێنی و زانیارییەکی ئاشکرا نەکردوە. دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆرو لێکۆڵینەوە، بۆ (هەیئەی خاسەی کەرکوک)و، لەوێشەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، گواستراوەتەوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/١٠/٦، ( لە ژمارە ١١ی ڕۆژنامەی ئاڵا ئازادی ، سەردەمی شاخ نووسراوە: لە ١٩٨٥/١٠/١٩، لە سێدارە دراوە).

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (زەرواره)دا، بەخاک سپێردراوە. شەهید خالید گوستان، دوو هاوسەری هەبووە. لەدوای خۆی، دوو کوڕ (ئەیمەن، شوان)و، چوار کچ (دیمەن، چیمەن، هەتاو، ئاڤان)ی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٥، لە ڕێگای (سەفەر کاریتانی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ٨١- خدر عارف فەتاح

خدر عارف فەتاح، ناسراو بە (سەید خدر)، لە ساڵی ١٩٤١دا، لە شاری کۆیە لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و سەلیقەوە، فێرە خوێندن و نووسین بووە. لە ساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوایی، بۆ هەرێمی (١٤)ی ئاکۆیان، گواستراوەتەوە. بە بەردەوامی لەگەڵ (عەبدوڵلا سوور)ی فەرماندەی هەرێمەکە بووە. بەشداری چەندین چالاکی عەسکەری کردوە، کە هەرێمەکەی ئانجامیانداوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨١/١٠/٢٨دا، لە ناوچەی دۆڵە ڕەقە، ڕوو بەڕووی هێزێکی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، بە سەرکردایەتی (نەوشیروان مستەفا)، بوونەتەوە. شەڕ دەستی پێکردوە. دوای دانوستاندن و هەواڵ گۆڕینەوە، هێزەکەی یەکێتیی بەڵێنی پێداون، گەر تەسلیم ببن گیانتان پارێزراو دەبێت. لەسەر ئەم بەڵێنە، چیتر شەڕیان نەکردوەو، خۆیان ڕادەستی هێزەکەی (یەکێتی)، کردوە. دواتر بە دیلی لەگەڵ عەبدوڵلا سوورو شەش پێشمەرگەی تر، شەهید کراون.

تەرمەکەی شەهید (سەید خدر)، لە گۆڕستانی شاری کۆیە، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی، دوو کوڕو سێ کچی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٩، لە ڕێگای (هەژار شەهید ئەحمەد خان)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ٨٢- خەسرۆ ئیسماعیل سوڵتان



خەسرۆ ئیسماعیل سوڵتان، لە ساڵی ١٩٥٥دا،لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لە گوندی (کەردز)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن، هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، لە ڕێگای (سەید عەبدوڵلا کەردزی)یەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و، لە کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. لێپرسراوی فەرماندەی مەفرەزە بووە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/١١/٢٧دا، لە کاتێکدا کە خەریکی گەڕان و سوڕان و هوشیار کردنەوەی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری مەخمور بووینە، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لە ئەمن و ئیستخبارات و جاشەکانی ناوچەکە، لە گوندی (منارە)، ڕوو بەڕووی یەکتر بوونەتەوە. دوای شەڕێکی قورس، خەسرۆ ئیسماعیل و کاکەزیاد حەسەن عەزیز کەردزی، شەهید بووینە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (کەردز)، بەخاک سپێردراوە. شەهید خەسرۆ، خێزاندار بووە. لەدوای خۆی چوار کوڕی بە

ناوەکانی (کەیفی، هەندرێن، کۆسرەت، هەرێم)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٨، لە ڕێگای (ئارام عەبدوڵلا مستەفا)وە، لە کوڕەکانی شەهید وەرگیراون. دەربارەی ڕۆژی شەهید بوونی، ڕای جیاواز هەیە. کەسوکاری دەڵێن: لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٢٧، بووە. کەچی ئازاد کاکل لە کتێبی: ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ لە یاداشتی پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١، لاپەڕە ٤٦– ٤٧دا نووسیویەتی: شەوی ٢٨ لەسەر ١٩٨٢/١٠/٢٩دا بووە. ئێمە ئەو مێژووەمان هەڵبژاردوە ، کە لە کوڕەکانییەوە، وەرمان گرتووە.



## ٨٣- دڵزار حوسێن عەلی

دڵـزار حوسـێن عەلـی، لەسـاڵی ١٩٦٢، لە گەڕەکـی (بایزاغـا)ی شـاری کـۆیە لە بنەمـاڵەیەکی نیشـتیمانپەروەر لەدایـک بـووە. چـۆتە قوتابخـانەو، قۆنـاغی سـەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی ١٩٧٧، پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی (بـزوتنەوە)وە، کـردوە. لە سـاڵی ١٩٧٨، چـۆتە شـاخ و لە ڕیـزی پێشـمەرگەکانی (بـزوتنەوە)دا بۆتە پێشـمەرگە. بەهـۆی لێهـاتوویی و چالاکی بەردەوامی، وردە وردە پلەی لێپرسراویەتی بەرز کراوەتەوە. دوا پـلەی عەسـکەری (کـاتی شـەهید بـوونی)، سـەر بە مەکتەبـی عەسکەری و، فەرماندەی هێزی (هەیبەت سوڵتان) بـووە. چەندین چالاکی عەسـکەری دژی مۆڵگاکانی ڕژێم و جاش و سیخوڕەکانی، ئەنجامداوە. لەوانە:

- لە سـاڵی ١٩٨٠دا، بە ڕۆژی ڕوونـاک، لەنـاو شـاری کـۆیە، لێپرسـراوی ڕێکخـراوی حزبـی بەعسـی کـۆیەی کوشـتووە. ئەم تاوانبارە، خەڵکی تکریت بووە.

- جـگە لەم چـالاکییە دیـارەی، چەنـدین چـالاکی لەنـاو شـارو دەوروبەری ئەنجامداوە

لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیەکی چالاک بووە، یەکێتیی زۆر هەوڵیانداوە بۆ لای خۆیانی ڕابکێشن. لەم ڕووەوە، خودی مام جەلال، سێ نامەی

بۆ ناردوە. لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١٢، لە گوندی (سماقولی گرتک)، لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی، شەهید کراوە. هەر لەوێش، تەرمەکەی بەخاک سپێردراوە. شەهید دڵزار، هاوسەرگیری نەکردبوو. لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا، چەندێن شانەو ڕێکخراو لە شاری کۆیەو هەولێر، بەناوی ئەم شەهیدە کراون. (شانەی سەرەکی ئێمە لە هەولێر، شانەی شەهید دڵزار بوو. - ئیسماعیل تەنیا).

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢، لە (هیمداد حەسەن)ی ئامۆزای شەهید، وەرگیراون. لە بەیاننامەی لقی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٢١دا، بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژی شەهید بوونی بە ١٩٨٣/٥/٢٢دەست نیشان کراوە.



## ٨٤- ڕۆستەم مستەفا میران

ڕۆستەم مستەفا میران، ناسراو بە (ڕۆستەم بەگ)، لە ساڵی ١٩٤٥دا، لە گوندی (قلیجە)ی سەر ناوچەی شارەزور لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و، لە هێزی ئەزمڕ، سەرلق بووە. دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە عێراق و، بۆ شاری (ناسریە)ی باشوری عێراق دوور خراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٦، لە باشورەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. هەر لەم ساڵەدا، چۆتە شاخ و بوونەتە یەکەم مەفرەزە لە ناوچەی (وارماوە). لە ساڵی ١٩٧٧دا، لە شەڕێک لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم بریندار بووە. بەهاری ١٩٧٨، لەگەڵ ئەم هێزە بووەو چوونەتە ناوچەی بادینان و هەکاری. لە شەڕی هەکاریدا، بەدیل گیراوەو، (ڕەئوف بەگ)ی براشی شەهید بووە. ساڵی ١٩٧٩- ١٩٨٠، لەگەڵ ئەم هێزەی سۆسیالیستدا بووە کە بۆ یارمەتیدانی حزبی دیموکراتی کوردستان، چوونەتە ڕۆژهەڵات. هەر لەوێ، لەساڵی ١٩٨٠، لە شاری بانە، جارێکیتر بریندار بووە. بۆ سێیەم جار، لە شەڕی شیرەمەڕ (١٩٨٣) ، بریندار بووە.

ڕۆستەم بەگ، بەشداری چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەکاری و ئالان و حاسل و شیرەمەڕو...

تـاد. له ژیـانی پێشـمەرگایەتیدا، چەنـدین ئەرک و لێپرسـراویەتی پـێ سـپێردراوە، وەک: فەرماندەی مەفرەزە، جێگری لێپرسـراوی کەرت، جێگـری لێپرسـراوی هەرێـم، فەرمانـدەی هێـز، فەرمانـدەی هەرێـم، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری...

له ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٨، له گوندی (تەپە سـەرقڵە)ی شـارەزور، لەگەڵ هەر یەکە له (مەحمـود ئەحـمەد بەگ و بورهـان سـەعید زەلمـی ، کەوتـوونەتە کەمینـی جاشـەکان و، شـەهید بـووینە. تەرمـی شـەهید ڕۆسـتەم بەگ، له گونـدی (میـرەدێ)، بەخـاک سـپێردراوە. نـاوبراو خێزانـدار بـووە، لەدوای خـۆی، دوو کـوڕو کچێکـی بـۆ کوردسـتان بەجێهێشتووە.

* وێـنەو زانیارییەکـان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١١، له (هەورامـان)ی کـوڕی شـەهید، وەرگیراون.



## ٨٥- ڕەئوف خەلیفە سەعید

ڕەئوف خەلیفە سەعید لە ساڵی ١٩٤٦، لە گوندی (قەدەفەر)ی دەڤەری شارەزور لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٤، چۆتە قوتابخانە (گوندی ناوگردان)و، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوویەتی. لەسەرەتای لاوێتییەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)ەوە کردوە. لە تەموزی ساڵی ١٩٧٦، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، سەنگەری خەباتی لەناو (کۆمەڵەوە) بۆ (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، گواستۆتەوە. ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی حزب بووە. دوای کۆنگرە، بۆتە ئەندامی لقی سلێمانی حزب. دواتر بۆتە فەرماندەو لێپرسراوی هەرێمی پێنج.

لە شەوی ٢١ لەسەر ١٩٨١/٧/٢٢دا، کاتێک کە بۆ کاروباری ڕێکخستنی حزبەوە، بەرەو گوندی (قەدەفەر) چووە، کەوتۆتە کەمینی جاشەکان و شەهید بووە. ئەو کاتەی کە شەهید کراوە، بۆ ڕێز گرتن لە شەهید بوونی سەیدا ساڵح یوسفی، پارچە قوماشی ڕەشی هەر بە یەخەوە، بووە.

تەرمی شەهید ڕەئوف، لە گوندی قەدەفەر بەخاک سپێردراوە. خێزاندار بووەو، دوای خۆی، سێ کوڕو سێ کچی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

---

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣.**



## ٨٦- ڕەسوڵ عومەر گەلاڵی

ڕەسوڵ عومەر گەلاڵی، ناسراو بە (ڕەسوڵ خەیات)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر، لە شارۆچکەی (گەلاڵە)، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ئامادەیی، تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (٩)ی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. کادیرێکی ڕۆشنبیرو چالاکی بزوتنەوە بووە.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/١٠/٢٣دا، لەگەڵ دوو هەڤاڵی پێشمەرگەی تری بە ناوەکانی (حوسێن عومەر شیوەلۆکی)و (ڕەقیب عسمان)، لەلایەن چەند خۆفرۆشێکەوە، بەدیل گیراون و ڕادەستی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم کراون.

ماوەیەکی کەم لە زیندانی شاری موسڵ ماونەتەوەو، لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٢/٢١دا، لە سێدارە دراون.

شەهید ڕەسوڵ خێزاندار بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٠، لە (محەمەد عومەر)ەوە، وەرگیراون.



## ٨٧- ڕەشید حەسەن ڕەسوڵ

ڕەشید حەسەن ڕەسوڵ، ناسراو بە (ڕەشید مەنتک)، لە ساڵی ١٩٦٣، لە گوندی (سەرمەزرا)ی بناری (دێدەوان)، سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (مەنتک)ە. خوێندەواری هەبووە. لە ساڵی ١٩٨٠، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. هەر هەمان ساڵ، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە. تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کەم بووە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٦/١١، کاتێک کە لەگەڵ چەند کەرتێک و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی عێراق، لە سنووری گوندەکانی دەشتی کۆیە سوڕاونەتەوە، لە نێوان هەردو گوندی شاخەپیسکەو بایزاغای سەر بە ناحیەی دێگەڵە ، ڕوو بەڕووی هێزێکی زۆری پێکهاتوو لە سوپاو جاش، بوونەتەوە. شەڕێکی قورس دەستی پێکردوە. لە ئەنجامدا، ڕەشید مەنتک و چەند پێشمەرگەیەک شەهید بووینە. چەند پێشمەرگەیەکیش، بەدیل گیراون.(لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە، بە درێژی باسی ئەم شەڕەمان کردوە).

تەرمی شەهید ڕەشید، لە گوندی (سەرمەزرا)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی کوڕێکی بەناوی (هێمن)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو بەشێک لە زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی (هۆزی مەنتک) وەرگیراون، کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٦دا، بڵاوکراونەتەوە.

## ٨٨- ڕەشید خدر میرزا



ڕەشید خدر میرزا، ناسراو بە (حوسێنە ڕەش)، لە ساڵی ١٩٥١دا، لە شارۆچکەی (حاجی ئۆمەران)، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە سەرەتای لاوێتییەوە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. بەشداری شەڕەکانی کۆڕەک، گەلی عەلی بەگ، گۆڕەز، سەرتیز، ... تاد، کردوە. دوای نسکۆ گەراوەتەوە شار.لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)و ڕاگەیاندنی شەڕی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە مەفرەزەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. ناوبراو، برای شەهیدی فەرماندە (ئەحمەد خان)ە. لە شۆڕشی نوێش، بەشداری شەڕەکانی شێخەروان، ماکۆکی کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٧/٢/١٨، لە چیای ماکۆک، دوای ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپا، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (کەلکی کۆدەرە)، لەنێوان گوندی (گرد گۆران) و ناحیەی (سکتانی ئێستا)، بەخاک سپێردراوە. شەهید (حوسێنە ڕەش)، خێزاندار بووەو لەدوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٨، لە (هەژار شەهید ئەحمەد خان)ی برازای شەهید، وەرگیراون.**



## ٨٩- ڕەشید حەمەد ڕەسوڵ

ڕەشید حەمەد ڕەسوڵ ئیبراهیم، ناسراو بە (حەمەڕەشید)، لە ساڵی ١٩٦٤، لە گوندی (پونگینە)ی سەر بە ناحیەی (هیران)ی قەزای شەقڵاوە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ناوەندی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. هەر لەم ساڵەدا چۆتە شاخ و، لە هەرێمی (١٠)ی سەفین بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەندین شەڕو چالاکی لە ناوچەی خۆشناوەتی بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی کردوە. دوا پلەی حزبی، کادیرێکی سیاسی بووە لە هەرێمی سەفین.

لە شەڕی ناوخۆ، ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢، لەنێوان هەردوو گوندی (گەرۆتە)و (پونگینە)، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی یەکێتیی و، (حەمەڕەشید)و چەند پێشمەرگەیەکی تر، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پونگینە)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٩، لە (هەژار شەهید ئەحمەد خان)، وەرگیراون.



## ٩٠- ڕەشید سەلام تەها

ڕەشید سەلام تەها، ناسراو بە (سەید ڕەشید)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (دۆندار)ی سەر بە قەزای کۆیە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، خۆی فێرە خوێندنەوەو نووسین کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٤)ی ئاکۆیان، لای عەبدوڵلا سوور بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨١/١٠/٢٨دا، لە ناوچەی دۆڵە ڕەقە، لەگەڵ هێزێکی یەکێتیی بە سەرکردایەتی (نەوشێروان مستەفا)، کەوتوونەتە شەڕەوە. یەکێتیی بەڵێنی پێداون، گەر تەسلیم بن، گیانتان پارێزراو دەبێت. ئەوانیش تەسلیم بووینە. هەر لەوێ، بەدیلی، عەبدوڵلا سوورو (سەید ڕەسید)و شەش پێشمەرگەی تر، گولەباران و شەهید کراون.

تەرمی شەهید (سەید ڕەشید)، لە گۆڕستانی چوار قورنە، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی دوو کوڕی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە، برایەکی تریشی بە ناوی (یەحیا)، لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٥/٢٨دا، لە گوندی (هەواوان)ی سەر بە کۆیە، شەهید بووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠، لە ڕێگای (هەژار شەهید ئەحمەد خان)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ٩١- ڕەقیب عسمان حەمەدەمین



ڕەقیب عسمان حەمەدەمین، ناسراو بە (ڕەزۆ)، لە ساڵی ١٩٥٥، لە گوندی (ڕۆست)ی دەڤەری باڵەکایەتی، لە خێزانێکی جوتیار، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)، کردوە. هەر هەمان ساڵ، چۆتە شاخ و لە هەرێمی نۆی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. گەنجێکی ورياو ڕۆشنبیر بووە. لەبواری عەسکەریشدا، پێشمەرگەیەکی چالاک بووە. دوای ماوەیەک مانەوە، کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە، لە هەرێمی نۆ.

لەکاتێکدا کە لە گوندەکانی سنووری چالاکی هەرێمەکەیاندا سوڕاونەتەوە، ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٣، لەگەڵ دوو هەڤاڵی تری پێشمەرگەی، بە ناوەکانی (ڕەسوڵ عومەر) ناسراو بە ڕەسوڵ خەیات و، حوسێن عومەر شیوەلۆکی، لەلایەن چەند جاش و خۆفرۆشێکەوە بەدیل گیراون، تەسلیمی هێزەکانی ئەمن و ئیستخبارات کراون.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٢/٢١، (ڕەزۆ)و هەڤاڵەکانی، لە بەندینخانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراون.

شەهید (ڕەزۆ)، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/١٤، لە (محەمەد عومەر)، وەرگیراون.

## ٩٢- ڕەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد



ڕەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (تەلەرخێم)ی سەر بە قەزای مەخمور لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. دوای دروست بوونی هەرێمی (٧)ی قەرەچوغ، بە فەرماندەیی (غەفور ئەحمەد)، ناسراو بە مامە غەفە، ڕەمەزان گواستراوەتەوە ئەم هەرێمەو بۆتە فەرماندەی کەرتی بارەگای هەرێم. (ڕەمەزان، برازای مامە غەفەیە).

بەشداری زۆربەی شەڕەکانی هەرێمەکەی کردوە، بە تایبەتیش شەڕەکانی: بەردە سپی، نێرەگین، بردنی خەبیرە فەڕەنسییەکان، چەک کردنی جەیشی شەعبییەکانی گوندەکانی قەراج و کەندێناوە.

لە شەوی ١٥ لەسەر ١٩٨٣/١/١٦، لە گوندی (بیرەعارەبان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە کەوتوونەتە ناو بۆسەی دائیرەی ئەمنی قوشتەپەو جاشەکانی ناوچەکە، ڕەمەزان و نۆ پێشمەرگەی تر شەهید بووینە. ئەمەش ناوی تەواوی شەهیدەکانە: (ڕەمەزان عەبدولڕەحمان، ئەکرەم مەولود، ئیسماعیل نورەدین، ڕەحمان ئیسماعیل، سالم عومەر ڕەسوڵ، مزەفەر عوسمان، شێرۆ هەینی سەعید، ڕەشاد ئەحمەد، ڕەمەزان ئەحمەد، نوری ).

* وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی (پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، وەرگیراون کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٤دا، بڵاوکراوەتەوە.



## ٩٣- زوبێر ئادەم عومەر

زوبێر ئادەم عومەر، ناسراو بە سەید زوبێر، لە ساڵی ١٩٦٣، لە گوندی (بانەمورد)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. کارو کاسبی و کرێکاری کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، لە ڕێگای شەهید (سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل)، ناسراو بە مامۆستا سەلاح، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢دا، لەسەر مەزاری (سەید عوزێر)، پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردوەو، لە ناوچەی دەشتی هەولێر، لای مامۆستا سەلاح بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆ هەرێمی یازدەی باواجی گواستراوەتەوەو لە کەرتی (عەبدولسەلام مەلا سەید نوری)، درێژەی بە خەبات داوە. بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی دەشتی هەولێرو ناوچەی خۆشناوەتی کردوە.

لە شەوی ٧ لەسەر ١٩٨٣/١١/٨دا، لە گوندی (پیرداود)ی نزیک شاری هەولێر، کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی یەکێتیی و، لەگەڵ هەریەکە لە (خالید سەعیدو عەبدولسەلام مەلا سەید نوری) ناسراو بە (شێرکۆ)، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پیرداود) بەخاک سپێردراوە. شەهید زوبێر هاوسەرگیری نەکردبوو.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٩، لە ڕێگای (سەید ڕزگار سەید کاکەڕەش)، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ٩٤- سابیر کاکه عەلی ئەحمەد



سابیر کاکه عەلی ئەحمەد شاموراد کتکەیی، له ساڵی ١٩٦٣، له گوندی (کتکە)ی سەر بە ناحیەی پردێ (ئاڵتون کۆپری)، له بنەماڵەیەکی هەژاری گوندنشین، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانە، لەبەر هەژاری و دەست کورتی خانەوادەکەیان، زوو له قوتابخانە (قۆناغی سەرەتایی)، دەرهێنراوە، تەنها فێرە خوێندنەوەو نووسین بووە. له کۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، له هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. له ئەنجامی هێرشی هێزەکانی ڕژێم بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو، گرتنەوەی خەبیرە فەڕەنسییەکان له بەستی شرغە، له ڕۆژی ١٩٨٢/١/٢٠دا، شەڕێکی قورس و بەرفراوان، دەستی پێکردووەو چەند ڕۆژێکی خایاندوە. سابیر لەم شەڕەدا، بە دیلی کەوتۆتە دەست ڕژێم و، دوای دادگایی کردنی، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە. له تەموزی ١٩٨٢دا، بەر لێبووردنی گشتی کەوتوەو، ئازاد کراوە. هەر هەمان ساڵ، جارێکی تر چۆتەوە شاخ و، له کەرتی (حاجی شەوکەت)ی سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتەوە پێشمەرگە.

له بەهاری ١٩٨٣، له گوندی (پەرکانە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە،

جـاریکی تـر لەلایەن هێزەکـانی ڕژێـمەوە، بەدیـل گیـراوەتەوە. لە ١٩٨٥/١/٢٠دا، لە بەندینخانەی ئەبوغریب، لەسێدارە دراوە. تەرمەکەی لە گۆڕسـتانی گونـدی (گەڵـۆزی) سـەر بە نـاحیەی پـردێ، بەخـاک سپێردراوە. شەهید سابیر هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێـنەو زانیارییەکـان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢١، لە ڕێگـای (ڕابەر ڕەشـید)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ٩٥- ساڵح عەباس قادر

ساڵح عەباس قادر ئاکۆیی، لە ساڵی ١٩٥٦، لە گوندی ئاکۆیانی سەر بە قەزای ڕواندز، لەدایک بووە. لەبەر هەژاری خێزانەکەیان، نەیتوانیووە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. هەر هەمان ساڵ، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی، زۆر کورت بووە. لە هەمان ساڵ (١٩٧٨)، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکدا، بریندار بووە. بە برینداری، لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە، لە (بنەی هەریر)، دەستگیر کراوە. ڕەوانەی بەندینخانەی ئەبوغرێب کراوە. لەوێوەش، بۆ زیندانەکانی شاری موسڵ، گواستراوەتەوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٥/٨دا، لە شاری موسڵ، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکاری نەکراوەتەوە، بە شێوەیەکی نهێنی، لە گۆڕستانەکانی شاری موسڵ، بەخاک سپێردراوەو، بۆتە شەهیدێکی گۆڕ غەریب.

شەهید ساڵح، هاوسەرگیری کردبوو، دواتر لێی جیابۆتەوەو، هیچ منداڵێکی نەبووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣، لە (ئاکۆ ئاکۆیی)ەوە، وەرگیراون.

## ٩٦- ساڵح عەبدوڵڵا نەجمەدین



ساڵح عەبدوڵڵا نەجمەدین مەلا تەها یوسفی، ناسراو بە (ساڵح یوسفی)، لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەری ئایینی، لە ساڵی ١٩١٨، لە (بامەڕنێ)ی سەر بە قەزای ئامێدی، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، خوێندنی سەرەتایی لە (بامەڕنێ)، تەواو کردوە. بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن چۆتە بەغداو، قۆناغی دواناوەندی لە ساڵی ١٩٣٨، لە دواناوەندی (ئال ئەلبەیت)، تەواو کردوە. هەر ئەم ساڵە (١٩٣٨)، بە پیشەی مامۆستا لە شارۆچکەی (هەریر)، دامەزراوە. دوای ماوەیەکی کەم، بە نیازی تەواو کردنی خوێندنی باڵا، گەڕاوەتەوە بەغداو، لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٢- ١٩٤٣دا، بە پلەی نایاب، خوێندنی باڵای لە کۆلیژی (شەریعە)، تەواو کردوە. لەبەر ئەوەی نمرەکانی زۆر باش بووە، دەوڵەت بڕیاری داوە بینێرێتە قاهیرە (زانکۆی ئەزهەر). بۆی ڕێک نەکەوتووەو نەچووە. هەر لەم ساڵەدا (١٩٤٣)، لە دادگای موسڵ بە فەرمانبەر دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٤٧دا، بەهۆی چالاکی سیاسی، بۆ باشوری عێراق، شاری (حیلە)، دوور خراوەتەوە. بەر لێبووردن کەوتووەو لە ساڵی ١٩٤٩، لە دادگای شنگاڵ دامەزراوە. دواتر بۆ زاخۆ گواستراوەتەوە.

له ساڵی ١٩٥٨، بۆ شاری موسڵ گواستراوەتەوەو بۆتە بەڕێوەبەری (ئەحوال ئەلقاسرین). له ساڵی ١٩٦٠، بەدواوە، ژیانی خۆی بە تەواوی بۆ سیاسەت تەرخان کردوە.

سالح یوسفی، له تەمەنی هەژدە ساڵیدا، تێکەڵ بە سیاسەت بووە. له ساڵی ١٩٣٦دا، لەگەڵ هاوڕێیانیدا، ڕێکخراوی (بروسک)یان دامەزراندوە. چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە له دەڤەری بادینان بووە. له ساڵی ١٩٣٩، لەگەڵ هەر ئەک له (ڕەفیق حیلمی، مستەفا عوزێری، یونس ڕەئوف دڵداری شاعیر، جەلال قادر، موسا عەبدولسەمەد، ڕۆستەم عەبدولجەبار)و، چەندین هاوڕێی تری، (حزبی هیوا)یان دامەزراندوە. یوسفی بۆتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی هیوا له کۆلیژی خانەی مامۆستایانی باڵاو، زانستەکان له بەغدا. هەروەها یەکەم ڕێکخراوی (حزبی هیوا)ی له دەڤەری بادیناندا، دامەزراندوە. دوای ئەوەی که حزبی هیوا کێشەی ڕاست و چەپی تێکەوتووە، لەساڵی ١٩٤٤دا، هەڵوەشاوەتەوە. بەشێک له ئەندامەکانی له ساڵی ١٩٤٥،(حزبی ڕزگاری کورد)یان دامەزراندووە. سەیدا یەکێک بووە له دامەزرێنەرانی. دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕزگاری، له ١٩٤٦/٨/١٦دا، (پارتی دیموکراتی کورد)یان دامەزراندوە.

سەیدا بۆتە لێپرسراوی لقی بادینان (موسڵ)ی پارتی دیموکراتی کورد. له ١٩٦٠/١٠/١٥دا، سەیدا گیراوەو بۆ زیندانەکانی بەغداو ناسریە، دوور خراوەتەوە. له ١٩٦٢دا، بۆ زیندانی موسڵ گواستراوەتەوەو، ئازاد کراوە. دوای ماوەیەکی کەم، فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووەو، خۆی شاردۆتەوە. دوای هاتنەسەر کاری بەعسییەکان (١٩٦٣/٢/٨)، سەیدا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری وەک وەفدی مفاوەزات چۆتە بەغدا، له ١٩٦٣/٦/٩دا، گیراوەو، بە دڕندەترین شێوە

ئەشـــکەنجە دراوە. لە ســـاڵی ١٩٦٤دا، ئـــازاد کـــراوە. لەهەمـــوو دانوســـتاندنەکانی کـــوردو حکـــومەتی عێـــراق، ســـەرۆکی وەفـــد، یـــان ئەندامی وەفد بووە.

دوای ڕێکەوتننـــامەی یـــازدەی ئـــازاری ١٩٧٠، لەنـــاو شـــاری بەغـــدا کۆمەڵێک ئەرک و لێپرسراویەتی گرتۆتە ئەستۆ، لەوانە:

- لە ١٩٧٠/٣/٢٩، بۆتە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کورد.

- جێگـــری ســـەرۆکی کـــۆمەڵەی هاوکـــاری و دۆســـتایەتی عێـــراق-سۆڤیەت.

- بەرپرسی لقی پێنجی پارتی لە بەغدا.

- ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری جیهان.

- ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراق.

- ئەنـــدامی کـــۆمیتەی ئاشـــتی بـــۆ جێبەجـــێ کردنـــی خاڵەکـــانی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازار.

- ئەندامی ئەنجومەنی نەخشەکێشانی پەروەردەیی.

- بەرپرســی ســەرپەرستی کردنــی ڕێکخــراوی یەکێتیــی قوتابیــان و لاوانی دیموکراتی کوردستان.

- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ألتأخی)، بە زمانی عەرەبی.

- سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی (برایەتی)، بە کوردی.

- سەرنووســەری گۆڤـاری ڕۆژی کوردســتان، بە زمـانی کـوردی و عەرەبی.

- سەرنووسەری گۆڤاری (ئەستێرە)، بە زمانی کوردی بۆ منداڵان.

- سەرنووسەری گۆڤاری (نووسەری کورد).

- سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا.

دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا، دووبارە چۆتەوە شاخ . دوای نسکۆ، گەڕاوەتەوە عێراق. لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦دا، لەگەڵ هەر یەک لە (ڕەسوڵ مامەند، نورەدین عەبدولڕەحمان، عەلی هەژار، تاهیری عەلی والی، مەلا ناسیح)، (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)یان، دامەزراندوە. لەبەر هەڵکشانی تەمەنی، نەیتوانیووە بچێتە شاخ. لە بەغداوە، پێشنیارو ڕێنوێنی بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوە لە شاخ ناردووە. بە بەردەوامیش هەوڵی ئاشتی و ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ حکومەت داوە. باوەڕی بە شەڕی چەکداری نەبووە (یان زۆر کەم بووە). لە سەرو بەندی بەستنی یەکەم کۆنگرەی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥)، ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی بە زمانی عەرەبی بۆ کۆنگرە ناردووە. ڕێنوێنی کردوون کە خۆیان لە بۆچوونی دوور لە واقیع، بەدوور بگرن. لەگەڵ ڕێبازی (سۆسیال دیموکرات) بووە نەک (سۆسیالیستی زانستی).

نامەو ڕاسپاردەکانی بە ناوەکانی (خاڵ سلێمان، ئەرشەد، ڕەفیق نادر)، بۆ هەڤاڵەکانی سەرکردایەتی شاخ، ناردووە. ڕژێم هەستی بە جموجۆڵی سیاسی سەیدا ساڵح یوسفی کردووە، بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٥، کاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆ، لە ڕێگای نامەیەکی مینڕێژ کراو، شەهیدیان کردووە. تەرمەکەیان لە گۆڕستانی شاری زاخۆ، بەخاک سپاردووە. شەهید سەیدا، خێزاندار بووە.

---

*** ژیاننامەی ئەم سەرکردە ئاشتیخوازە، زۆر لەمە زیاترە. بۆ شارەزا بوونی زیاتر، دەتوانن سەیری کتێبەکەمان: (حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩)، بکەن.**



## ٩٧- سلێمان ئەسعەد جبرائیل

سلێمان ئەسعەد جبرائیل، ناسراو بە (ڕێبوار)، لە بەهاری ١٩٦٣دا، لە گوندی (دۆڵەبەکرە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە دۆڵەبەکرەو، ناوەندی لە قوشتەپەو، خانەی مامۆستایانی لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٠- ١٩٨١، لە شاری هەولێر تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لە خانەی مامۆستایان، چالاکی ڕێکخستنی ئەنجامداوە. دوای تەواو کردنی خوێندن، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و، لە بارەگای سەرکردایەتی حزب، لە هێزی (دژە فڕۆکەکان)، بۆتە پێشمەرگەو، ئەرکی پێ سپێردراوە.

بە درێژایی تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی، لەبارەگای سەرکردایەتیدا بووە.

بەنیازی بینینی کەسوکاری هاتۆتە خوارەوە. لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٤/٢٦دا، کەوتۆتە ناو بۆسەیەکی هێزەکانی سەر بە ڕژێم و، دەستگیر کراوە. دوای ماوەیەکی کەم مانەوە لەناو زیندانەکانی شاری هەولێر، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١١، گوللە باران و شەهید کراوە. تەرمەکەیان ڕادەستی کەسوکاری نەکردۆتەوە، لە گۆڕستانی (مەعمەل قیڕی هەولێر)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید ڕێبوار، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٢، لە (عومەر حەمەد عەلی دۆڵەبەکرەیی)، خزمی شەهید، وەرگیراون.



## ٩٨- سوارە کەریم محەمەد

سوارە کەریم محەمەد، ناسراو بە (سوارە سیوەیلی)، لە ساڵی ١٩٥٧دا، لە گوندی (بێوریّ)، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی سێی ناوەندی چۆتە قوتابخانەو، وازی هێناوە. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا (١٩٧٣) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەوە، کردوە.

دوای نسکۆی شۆڕش، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینینی کوردستان)ەوە کردوە. لە ئەنجامی چالاکییەک و بڵاوکردنەوەی پۆستەرو بەیاننامەدا، لەگەڵ (شۆڕش ئیسماعیل)، گیراوەو زیندانی کراوە. دوای ئازاد بوونی، لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. ئەوکاتی (١٩٧٧)، بزوتنەوەو کۆمەڵە، هەردووکیان لە چوارچێوەی یەکێتیدا بووینە، بۆیە لەکاتی دابەشکردنی پێشمەرگە بەسەر هێزەکاندا، سوارە کەوتۆتە لای (ئەنوەری مەجید سوڵتان)ی بزوتنەوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، بە نیازی کوشتنی ملازم موحسین، هاتۆتەوە ناو شاری سلێمانی، بەڵام ئاشکرا بووەو نەیتوانیووە چالاکییەکە ئەنجام بدات. بۆیە لە تۆڵەی ئەم نەخشەیەی، ڕژێم دایک و باوکی زیندانی کردوە. دوای ساڵێک مانەوە لە زیندان، بەر لێبووردنەکەی ١٩٧٩/٧/١٨، کەوتوون و ئازاد کراون.

دوای جیابوونەوەی بزوتنەوە لە یەکێتیی (نەورۆزی ١٩٧٩)، (سوارە)ش چۆتە لای بزوتنەوە. لەناو بزوتنەوەو (حزبی

سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)دا، بەشداری چەندین شەڕو چالاکی، کردوە بەتایبەتیش چالاکی ناو شار. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، دوو جاران بریندار بووە.

لە مانگی شوباتی ١٩٨١دا، بە نیازی ئەنجامدانی چالاکییەک هاتۆتەوە ناو شاری سلێمانی، لەکاتی گەڕانەوەیدا، تووشی مەفرەزەیەکی یەکێتیی بووە، کە هاوڕێی خۆیشی بووینە. ئەوان بە سوارە دەڵێن: یەکێتیی گلەیی لە تۆ هەیە، وەرە لەگەڵماندا، لەلای لێپرسراوەکەمان، قسەی خۆت بکە. (سوارە)ش متمانەی بەخۆی هەبووە کە هیچ ناخۆشییەکی لەگەڵ یەکێتییدا نییە، لەگەڵیان چووە. دواتر لە گوندی (حاجی مامەند)، شەهیدیان کردوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)، بەخاک سپێردراوە. برایەکی تریشی بە ناوی (محەمەد کەریم محەمەد)، لە ساڵی ١٩٧٩دا، شەهید بووە.

شەهید سوارە هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٥، لە (فاروق سیوەیلی ) برای شەهید وەرگیراون.**



## ٩٩- سەباح سلێمان حارس

سەباح سلێمان حارس لاس، ناسراو بە (سەباحە ڕەش)، لە ساڵی ١٩٤٣، لە گوندی (گەرەوانی سەروو)ی دۆڵی ئاکۆیان، سەر بە قەزای ڕواندز، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، فێرە خوێندن و نووسین بووە. پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو بۆتە پێشمەرگە. لە کاتی مفاوەزات لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٢)دا، لە ناوچەی (بجێل) لە ئاکرێ، پاسەوانی سنوور(حەرەس حدود)، بووە. لە کاتی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتەوە شاخ و لە هێزەکەی (مام تانجۆ)، بۆتە پێشمەرگە. لە شەڕی (بەنی هەریر)، لە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە عێراق.

لە پایزی ١٩٧٦، چۆتەوە شاخ و، پەیوەندی بە هێزەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە کردوەو، یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی لە ناوچەکە دروست کردوە، خۆیشی بۆتە فەرماندەی ئەم مەفرەزەیە. بەشداری شەڕەکانی ئەم ناوچەیەی کردوە. لەبەر لێهاتوویی کراوەتە جێگری فەرماندەی هەرێمی دوازدەی هەندرێن. لە شەڕی (گەری گەرەوان)، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە. بۆ ئەوەی ناچار بە تەسلیم بوونەوە بکرێت، ڕژێم دایک و

باوک و خێزانەکەی زیندانی کردوە.

لە شەڕی ناوخۆ، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٢٥، لە دۆڵی ئاکۆیان، نزیک گوندی (فەقێیان)، لە (گۆراکۆ)ی پشت گوند، ویستوویانە بچنە ناو گوند، کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی یەکێتیی و، شەهید بووە. هەر لەم کەمینە، (عەبدوڵڵا بۆر)یش، بە سووکی بریندار بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گەرەوانی سەروو)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید سەباحە ڕەش، خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی کوڕێک و سێ کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٦، لە ڕێگای (ئاکۆ ئاکۆیی)یەوە، لە (مەسعود سەباح)ی کوڕی شەهید وەرگیراون.**



## ١٠٠- سەردار سەعید وەسمان

سەردار سەعید وەسمان، ناسراو بە (سەردار گوستان)، لە ساڵی ١٩٦٢، لە گوندی (چەمرگە)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر (ناحیەی دارەتووی ئێستا)، لە خێزانێکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، خوێندەواری نەبووە. لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە (١٩٧٨) چۆتە شاخ و لای (عەبدولکەریم)ی برای، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک لە گوندی (چەمرگە)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، ڕوو بە ڕوو بوونەتەوە. لەم شەڕەدا، سەردار گوستان و ڕەحمان کۆپتەرو دوو پێشمەرگەی تر، بەدیل گیراون. دوای ماوەیەکی کەم بەر لێبووردنەکەی ١٩٧٩/٧/١٨، کەوتوون و ئازاد کراون. سەردار پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردۆتەوە.

دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان، ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممە، ١٩٨٢/٩/٢٩، لەنێوان گوندەکانی ڕەسوڵ بسکۆڵ و ئاخورەی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، بەر دەستڕێژی کۆپتەرەکانی ڕژێم کەوتوون و، سەردارو هەردوو برا (سەدرەدین و مامەند)، کە خەڵکی گوندی (گردیش) ن، شەهید بووینە.

تەرمەکەی لە گوندی (هەمزەبەگ)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٨، لە (ڕەنجدەر گەلالی)، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٠١- سەردار محەمەدئەمین حەمەد



سەردار محەمەدئەمین حەمەد، ناسراو بە (هەڵۆ)، لە ساڵی ١٩٦٥، لە گەڕەکی (تەیراوە)ی شاری هەولێر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندوە. لە ساڵی ١٩٨٢دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٣دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. دوای ماوەیەک بۆ هێزەکەی (سەید عەبدوڵلا کەردزی)، گواستراوەتەوە. ناوبراو، شارەزاییەکی باشی لە ئەنجامدانی چالاکی ناو شارەکاندا هەبووە. چەندین چالاکی بێ وێنەی پڕ لە سەرکێشی لەناو شاری هەولێردا، ئەنجامداوە. چەندین نۆکەرو پیاوی ڕژێمی بەسزا گەیاندوە. ئەو، زێتر لەگەڵ ئەو هێزە بووە کە بە (هێزی کوتەک)، ناسراو بوو. بە قسەی (دکتۆر زیرەک)ی بەشی ڕاگەیاندن، جارێک لە لقی سلێمانی حزبەوە داوا کراوە کە هەڵۆ بۆئەوێ، بگوازنەوەو، لە سنووری ئەم لقە ، لەناو شارەکاندا چالاکی ئەنجام بدات.

لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزب، لە ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٨دا، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر چوونەتە ناو هەولێرو، دوای ئەنجامدانی چالاکییەک،

بۆ دەرەوەی هەولێر گەڕاونەتەوە. لە ڕێگادا، تووشی هێزەکانی ڕژێم لە مەفرەزە خاسەو ئەمن و ئیستخبارات، بوونەتەوە، کەوتوونەتە شەڕێکی دەستەو یەخە. ناوبراو، تا مەخزەنەکانی بەتاڵ بووە، شەڕی کردوە. بریندار بووە، بە برینداری، بە سەیارەیەک خۆی گەیاندۆتە نزیک گوندی (توورەق)ی نزیک هەولێر، لەناو شینایییەکاندا، خۆی شاردۆتەوە. هێزەکانی ڕژێم بەدوایدا چووینەو، بە برینداری دەستگیریان کردوە. دوای پازدە مانگ مانەوە لە زیندان، لە ڕۆژی ١٩٨٧/١١/١٨، لە سێدارە دراوە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی (شێخ هۆمەر)ی شاری هەولێر، بەخاک سپێردراوە. شەهید هەڵۆ، هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٠، لە دکتۆر زیرەک مەموندی و، (کوردۆ)ی برای شەهید، وەرگیراون.**

## ١٠٢- سەعدی عەزیز محەمەدئەمین



سەعدی عەزیز محەمەدئەمین، ناسراو بە (سەعدی گچکە)، لە ساڵی ١٩٤٣، لە گوندی (سێبیران)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی ١٩٦٢، چۆتە خزمەتی سەربازی و، ساڵێک دواتر(١٩٦٣)، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول، کردوە. بەهۆی لێهاتوویی بۆتە (سەرپەل). دوای ماوەیەک بۆتە (سەرلق)، فەرماندەی بەتالیۆن. لەکاتی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتەوە شاخ و، یەکێک بووە لە فەرماندە مەیدانییەکانی شەڕەکانی چیای ماکۆک، دوای سێ مانگ لە بەرگری کردن، لەم شەڕەدا بریندار بووە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە عێراق و لە بەغدا نیشتەجێ بووە.

یەکێک بووە لە کەسە نزیک و بەئاگاکانی دامەزرێنەرانی (بزوتنەوە). لەگەڵ ڕاگەیاندنی دامەزراندنیدا، سەعدی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە، کردوەو، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی. لەگەڵ یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە، لە ١٩٧٦/٨/٨دا، چۆتە شاخ و، بۆتە فەرماندەی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر. ناوبراو، ئەندامی سەرکردایەتی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)و، لەهەمان کاتیشدا، (ئەندامی

سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان- لەسەر پشکی بزوتنەوە)، بووە.

بەشداری و سەرپەرشتی چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: شەڕی خانزاد، هەورێ، سەفین، دێدەوان، حاجی قەلا،... تاد. لە شەڕەکانی گوندی (حەسەن موترب)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، جارێکی تر بریندار بۆتەوە.

لە شۆڕشی نوێدا، تەنها حەڤدە مانگ پێشمەرگە بووە. لە ڕێکەوتی ۱۹۷۸/۳/۸دا، دوای شەڕێکی قورس و بەرفراوان و نابەرامبەر لەگەڵ هێزی بێ ئەژماری سوپا، لە گوندی (دەشتێو)ی نزیک قەڵادزێ، لەگەڵ سێزدە پێشمەرگەی تر شەهید بووینە. هەر لەم شەڕەشدا، چوار پێشمەرگە بە برینداری بەدیل گیراون، دوای ماوەیەک، لە شاری موسڵ لە سێدارە دراون.

تەرمی شەهید سەعدی و هەڤاڵەکانی، لە گۆڕستانی شاری قەڵادزێ، بەخاک سپێردراون. خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی، دوو کوڕو، دوو کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لاپەڕە ۳۲٤- ۳۲٥.**

## ١٠٣- سەفیر ڕەحمان حوسێن



سەفیر ڕەحمان حوسێن، ناسراو بە (سەفین)، لە ساڵی ١٩٦٢، لە گوندی (کانی سووسکە)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، فێرە نووسین و خوێندنەوە بووە. ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١١)ی باواجی بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١، کاتێک کە بۆ ئەنجامدانی کارێکی حزبی چۆتە گوندی (کانی بی)، کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان و، شەهید بووە. جاشەکان، بۆ وەرگرتنی ئافەرینی زێتر، تەرمەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ هەولێر هێناوەو، تەسلیم بە ڕژێمیان کردوە. دواتر، لە شوێنێکی نادیار بەخاکیان سپاردوە، تا ئێستاش کەسوکارەکەی گۆڕەکەی پێ نازانن. شەهید (سەفیر)، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٣، لە (سەعدی سمکۆ مەنتک)، وەرگیراون.

## ١٠٤- سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل



سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل، ناسراو بە مامۆستا سەلاح، لە ساڵی ١٩٥٧، لە بنەماڵەیەکی ئایینی جوتیار، لە گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی سەر بە ناحیەی تەقتەق، لەدایک بووە. دواتر، بنەماڵەکەیان بۆ گوندی (ئیلنجاغ)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە کۆچیان کردوەو، لەوێ نیشتەجێ بووینە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی (دۆڵەبەکرە)و، ناوەندی لە قوشتەپەو، ئامادەیی لە دواناوەندی ڕزگاری، لە شاری هەولێر، تەواو کردوە. لە پەیمانگا وەرگیراوەو، پەیمانگای تەکنیکی (بەشی ژمێریاری)، لە شاری سلێمانی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧، لە ڕێگای (کاردۆ گەلالی)یەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لەهەمان کاتدا (لە خەباتی شاردا)، ئەندامی دامەزرێنەری (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- سەر بە بزوتنەوەی سۆسیالیست)، بووە. ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە خەباتی شاخدا، لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەک (قوتابیان و لاوان)، دوور کەوتۆتەوە.لە ماوەی پیشمەرگایەتیدا، ئەم پلە حزبیانەی پێدراوە: (ئەندام ناوچەی دەشتی هەولێر، بەرپرسی ناوچەی ڕواندز، بەرپرسی ناوچەی دەشتی

هەولێر، کارگێڕی لقی هەولێری حزب). سەلاح لەناو جەماوەرو گوندنشینان، کادیرێکی سیاسی و فەرماندەیەکی عەسکەری خۆشەویست بووە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی و ناوچەی ڕواندزی کردوە.

لە ١٩٨٣/٨/٢٢، لە هێرشی هێزەکانی یەکێتیی بۆ سەر هێزەکانی حزبی سۆسیالیست، لە گوندی (ئێندزێ)ی بناری قەندیل، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (ئیلنجاغ)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، بەخاک سپێردراوە. شەهید سەلاح، هاوسەرگیری نەکردبوو.

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا: حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لاپەڕە ٤٢٣.**

## ١٠٥- سەلمان ئەحمەد سلێمان



سەلمان ئەحمەد سلێمان، لە ساڵی ١٩٦٨، لە بنەماڵەیەکی جوتیار، لە گوندی (پیرۆمەر)ی ناوچەی ڕۆست، لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٨٣، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٦، چۆتە شاخ و لە هەرێمی نوێی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە.

دوای ڕاپەڕین، لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/٥دا، لە کاتی ئەرکی پێشمەرگایەتیدا، بۆمبێکی لەژێر پێدا تەقیوەتەوەو، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی کوێستانەکانی (بەردە بووک)ی ناوچەی باڵەکایەتیدا، بەخاک سپێردراوە.

شەهید سەلمان، هاوسەرگیری نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١١، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١٠٦- سەلیم عەبدوڵلا عومەر




سەلیم عەبدوڵلا عومەر، ناسراو بە (سەلیم کێشکەیی)، لە ساڵی ١٩٤٠، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لە گوندی (کێشکێ)ی بناری چیای باواجی، سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەدایک بووە. دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، کردوەو، بۆتە پێشمەرگە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و سەلیقەی خۆی، فێرە نووسین و خوێندنەوە، بووە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە گوندەکەیان.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)و، دەرچوونی یەکەم مەفرەزەی ئەم ڕێکخراوە بۆ شاخ، (سەلیم) پەیوەندی بە هێزەکانی بزوتنەوە کردوەو، لە هەرێمی خۆشناوەتی بۆتە پێشمەگە. بەهۆی لێهاتوویی بۆتە فەرماندەی مەفرەزە، دواتر فەرماندەی کەرت. بەشداری شەڕەکانی دەڤەری خۆشناوەتی و، شەڕی بەناوبانگی دەشتێو، سماقولی کردوە. دوا پلەی لێپرسراوێتی، جێگری فەرماندەی هەرێمی (١١)ی باواجی بووە.

لە شەوی ١١ لەسەر ١٩٨١/١/١٢، لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان و شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد)، لەشاری هەولێر بەخاک

سـپێردراوە. شـەهید سـەلێم، لەدوای خـۆی سـێ کـوڕو کچێکـی بە ناوەکـانی (وەسـفی، سـەروەر، سـافی، نەمـام)، بـۆ کوردسـتان بەجێهێشـتووە. بەداخەوە، سـافی لە هـاوینی ١٩٨٣دا، بە ڕوداوی هاتووچۆ، کۆچی دوایی کردوە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٠، لە (سەروەر)ی کوڕی شەهید وەرگیراون.

## ١٠٧- سەلیم نەبی تەها



سەلیم نەبی تەها، ناسراو بە سەید سەلیم، لە ساڵی ١٩٤٠، لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر، لە شاری ڕواندز، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، فێرە خوێندنەوەو نووسین بووە. لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ سێ کەس لە دانیشتوانی ڕواندز، لە ساڵی ١٩٦١، پەیوەندی بە شۆڕش کردوە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری چەندین شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەی کردوە، لەوانە: (ناوچەی باڵەیی، باڵەکایەتی، کۆسپی سپی، گەروی عومەراغا، هەندرێن، زۆزگ، هەیبەت سوڵتان، گەروی بێجان، ... تاد). لە ساڵی ١٩٦٣، لە شەڕی هەیبەت سوڵتاندا، بریندار بووە. شان بەشانی خەباتی پێشمەرگایەتی، کادیرێکی دیاریش بووە. لە ١٩٦٩/٧/١٨دا، بەشداری خوولێکی کادیرانی کردوەو، بە پلەی زۆر باش، لە خوولەکەدا دەرچووە. هەر ئەم ساڵە بۆتە ئەندام ناوچەی ڕواندز. دواتریش بۆ ناوچەی باڵەک و گەلاڵە گواستراوەتەوە. لە شەڕە بەناوبانگەکەی چیای هەندرێن (١٩٦٦)، بەشداری کردوەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لەدوا ساتەکانی شۆڕشی ئەیلول کاتێک کە ڕژێم لە ١٩٧٤/٨/١٢دا، لە چیای کۆڕەکەوە بە مەبەستی داگیرکردنی ڕواندز، هێرشی هێناوە، کە بە شەڕی (گۆڕنۆک) بەناوبانگە، لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی لقەکەی سەید سەلیم، شکستی هێناوە. دوای نسکۆ، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ئاگاداری

هەوڵ و چالاکی و کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵات بووە.

لە ساڵی ١٩٧٧دا، گەڕاوەتەوە عێراق و لەشاری هەولێر نیشتەجێ بووە. هەر ئەم ساڵە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ شەهید (عەلی هەژار)دا، هەبووە. دوای شەڕی هەکاری چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لەکاتی دامەزراندنی تەشکیلەی هێزەکانی پێشمەرگە، بۆتە فەرماندەی هەرێمی دوازدەی هەندرێن. هەروەها ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (لەسەر پشکی بزوتنەوە)، بووە. کاتێک کە لە نەورۆزی ١٩٧٩دا، بزوتنەوە لە یەکێتیی دەردەچێت، سەید سەلیم لەگەڵ باڵی سەرەکی و، ڕەسوڵ مامەند بووە.

لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی شاو، هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ بەهاناوە چوون و یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٣٠ ، سەرکردایەتی ئەم هێزەی کردوەو، چوونەتە ڕۆژهەڵات. بەشداری شەڕەکانی (مەهاباد و جەلدیان و خانە)ی کردوە. دوای گەڕانەوەی لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵات، کراوەتە سەرپەرشتیاری هەرێمەکانی (١٠، ١١، ١٢)و، نوێنەری مەکتەبی عەسکەری (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، لە ناوچەکە.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٤دا، لە شەڕی گوندی (سماقوڵی) سەر بە کۆیە، دوای شەڕێکی قورس و بەرفراوان، بەر بۆردومانی کۆپتەرەکانی ڕژێم کەوتووەو، بە سەختی بریندار بووە. بۆ ئێوارەکەی گیانی لەدەست داوەو، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گوندی سماقوڵی بەخاک سپێردراوە. شەهید سەید سەلیم، لەدوای خۆی، چوار کوڕو کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢، لە ڕێگای (ئاکۆ ئاکۆیی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.**

## ١٠٨- شاهێن عەزیز جومعە



شاهێن عەزیز جومعە، ناسراو بە (هەڵـــۆ)، لە ســـاڵی ١٩٥٥، لە شـــارۆچکەی پـــردێ (ئـــاڵتوون کۆپری)، لەدایک بووە. (لە هەندێک سەچاوە ناوی باوکی بە هەڵە بە عـــزەدین نووســـراوە). چـــۆتە قوتابخانەو تاوەکو پۆلی پێنجەمی ســـەرەتایی چـــۆتە قوتابخـــانەو، وازی هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا، لە (خەلەکـــان) ســـەرباز بووە، پاسەوانی گیراوێک (زیندانی سیاسی) بووە کە بە پێشمەرگە تاوانبار کراوە. گیراوەکە مەترسی لە سێدارەدانی لەسەر بووە. شاهێن، گیراوەکەی ئازاد کردوەو، خۆیشی ڕووی لە شاخ کردوە. لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر(بزوتنەوە)، بۆتە پێشمەرگە. لە تۆڵەی ئەم کردەوەی، ڕژێم دایک و باوک و برایەک و هاوسەرو کچ و کوڕەکەی، (شاهێن)ی گرتووەو، زیندانی کردوون. کوڕەکەی لە زیندان کۆچی دوایی کردوە. ماوەی پێشمەرگایەتی، زۆر کەم بووە.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨دا، لە شەڕی (دەشتێو)ی نزیک قەڵادزێ، لەگەڵ سەعدی گچکەو دوازدە پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی قەڵادزێ (بێ ناوونیشـان)، بەخـاک سـپێردراوە. شـەهید شاهێن، نموونەی هەرە دیاری (لەڕێگای ئازادی) شەهید بوونە. ئەو گیانی خۆی کردۆتە قوربانی لەپێناوی ئازاد کردنی کەسێکی تر. لەدوای خۆی کچێکی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٢دا، لە ڕێگای (ڕابەر ڕەشید)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١٠٩- شێرزاد هەینی سەعید



شێرزاد هەینی سەعید، ناسراو بە شێرە، لە ساڵی ١٩٦٣، لە گوندی (پیرداود)ی سەر بە ناحیەی (شەمامک)، لەدایک بووە. لە هۆزی (کەلهوڕ)ە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، بۆتە پۆلیسی هاتووچۆ. (بەبۆچوونی من دەبێت ساڵی لەدایک بوونی هەڵە بێت، چونکە لە تەمەنی شازدەساڵیدا، ڕێگای پێ نادرێت ببێتە پۆلیس. - ئیسماعیل- ).

لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ بۆتە پێشمەرگە.

لە شەوی ١٥ لەسەر ١٩٨٣/١/١٦، لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی حەوتی قەرەچوغ، لە نزیک گوندی (بیرەعارەبان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی دائیرەی ئەمنی قوشتەپەو جاشەکان. لە ئەنجامدا، شێرزادو نۆ پێشمەرگەی تر شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پیرداود)، بەخاک سپێردراوە. شەهید شێرزاد لەدوای خۆی، کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە. ناوبراو، برازای شەهید (خالید سەعید حەسەن)ە.

*** وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی (سەبور مەجید سنجاوی)یەوە، وەرگیراون.**

## ١١٠- شێرکۆ شێخ عەلی محەمەد



شێرکۆ شێخ عەلی محەمەد، ناسراو بە (شێرکۆی شێخ عەلی)، لە ساڵی ١٩٤٩، لە گوندی (سەرگەڵوو)، لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو خانەی مامۆستایانی تەواو کردوە. لە سەرەتای حەفتاکان پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە کردوە. لەکاتی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لە هەفتەی یەکەمی نیسانی ١٩٧٥، (مەسعود بارزانی)، بە نیازی دووبارە دەست پێکردنەوەی شۆڕش پەیوەندی بە کۆمەڵێک کەسایەتییەوە کردوە، یەکێک لەوانە، (شێرکۆ شێخ عەلی) بووە. ناوبراو، سەرەتا یەکێک بووە لە کەسە دیارەکانی (قیادە موەقەتە). دواتر گەڕاوەتەوە شاخەکانی کوردستان و، پەیوەندی بە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە.

لە کۆنگرەی یەکەمی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥)، لە حەڤدە ئەندامی سەرکردایەتی، شێرکۆ لە ڕیزبەندی یازدەدا بووەو، بە (٧٠) دەنگ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و،

لایەنگیریی باڵی (سۆسیالیستی زانستی)، بووە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، کاتێک کە لەگەڵ مەفرەزەکەیدا، میوانی ماڵی موختاری گوندی (چۆخماخ) بووە، لەسەر داوای بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانییەوە، بەکرێگیراوێکی ڕژێم هەلی قۆستۆتەوەو، نارنجۆکێکی دەستی فڕێداوەتە ناو ئەو ژوورەی کە ئەوانی لێ دانیشتوونە. لە ئەنجامدا، خاوەن ماڵ (موختار)، شەهید بووەو، (شێرکۆ)ش، قۆڵێکی لەدەست داوەو، بە سەختی بریندار بووە. بۆ چارەسەر کردن، چۆتە ئێران. دوای چاکبوونەوەی برینەکەی، دووبارە گەڕاوەتەوەو، درێژەی بە خەبات داوە. زۆر هاوڕێی ٩جەمالی عەلی باپیری یەکێتیی)، بووە.

ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٠، جەمال و هێزەکەی، لە نزیک بارەگای (کانییە ڕەش)ی نزیک گوندی (سێکانیان)ی دۆڵی جافایەتی ( لەسەر داوای خۆیان)، میوانی بارەگای (شێرکۆ)، بووینەو، بە غەدرو فڕوفێڵ، لە پەنای هاوڕێیەتی و، دەعوەت و دەعوەتکاری، شەهیدیان کردووە. لەم کردەوە پیلان گێڕییە نەخشە بۆ کێشراوەدا، لە سۆسیالیست حەوت پێشمەرگەو، لە یەکێتییشدا، حەوت پێشمەرگە بوونەتە قوربانی سیاسەتی شەڕی پاوانخوازی. (بێستوون)ی برای (شێرکۆ)ش، یەکێک بووە لەم شەهیدانە. (ئاراس)ی برایشی لە شەڕی هەکاریدا، شەهید بووە.

تەرمی شەهید (شێرکۆ)و بێستوونی برای، لە گۆڕستانی گوندی (سەرگەڵوو)، بەخاک سپێردراون. لەدوای خۆی پێنج کوڕو کچ (ئاکۆ، گۆنا، ڕۆژگار، شیلان، زمناکۆ)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٤، لە (ڕێبواری حاجی دەروێش)، خزمی نزیکی شەهید و، کتێبی: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپی یەکەم، وەرگیراون.**

## ١١١- شەریف مەولود حوسێن



شەریف مەولود حوسێن، ناسراو بە مامۆستا (شەریف)، لە ساڵی ١٩٤٤، لە گەڕەکی (چوار باخ))ی شاری سلێمانی لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٦٤دا، خانەی مامۆستایانی تەواو کردوەو، لە شاری قەڵادزێ و ماوەت لەگەڵ مامۆستای شەهید (غەفور ژاژڵەیی)، مامۆستا بووینە. لە سەرەتای لاوێتییەوە، تێکەڵ بە سیاسەت بووە. لە ڕیزەکانی (کاژیک)دا، خەباتی کردوە. خزمایەتییان لەگەڵ شەهید (سلێمان موعینی)دا، هەبووە. سلێمان، لە ماڵی باوکی شەریف، بە نهێنی ماوەتەوە. کاریگەریی ئەو، لەسەر مامۆستا (شەریف)دا، هەبووە.

لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، هاتۆتەوە شاری سلێمانی، بۆ شاری (ناسریە)ی خوارووی عێراق، دوور خراوەتەوە. هەر لە (ناسریە)وە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. کادیرێکی ڕۆشنبیرو چالاکی بزوتنەوە بووە. دوای سێ ساڵ مانەوە لە ناسریە، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و، وەک کادیرێکی کارا، لە ڕیزی ڕێکخستنەکاندا، درێژەی بە خەبات داوە. دوای دەرچوونی بزوتنەوە لە ڕیزی یەکێتی (نەورۆزی ١٩٧٩)، ئەو باڵەی

کە بەنـاوی (بـزوتنەوە)، لەنـاو یەکێتییـدا مـابوونەوە، پێویسـتیان بە ئەندامی چـالاک و دیـار هەبووە، بۆیە لەسـەر داوای مـام جەلال، لە حوزەیرانی ۱۹۷۹دا، چۆتە شاخ. لەناو بزوتنەوەی ناو یەکێتییدا، بۆتە ئەنـدامی سـەرکردایەتی بـزوتنەوە. لێپرسـراوی دووەمـی بەشـی ڕاگەیاندنی یەکێتیی بووە (لەسەر پشکی بزوتنەوە). یەکێک بووە لە کەسە ناڕازییەکان و، دژی شەڕی ناوخۆ بووە. لە ناوەڕاسی ساڵی ۱۹۸۰دا، (یەکێتیی) بەجێهێشتووەو چۆتە نـاو (حزبی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان). لە یەکەم کـۆنگرەی حـزب (۱۲-۱۹۸۱/۵/۱۵)دا، بە ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵبژێردراوە. هەروەها ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بووە. لە یەکێک لە نامەکانیدا (کە لەلای بنەمـاڵەکەی پـارێزراوە)، نووسـیوویەتی: (کـۆمەڵە زۆر دژایەتی ملازم تـاهیر عەلی والی و شێرکۆ شێخ عەلی و مامۆستا شـەریف دەکەن). دوای شـەهید بـوونی (شـێرکۆ شـێخ عەلـی)، بـۆتە لێپرسراوی هەرێمی سێی شارباژێڕ لە ناوچەی سەرگەڵوو.

لە ڕۆژی ۱۹۸۰/۱۰/۲۸دا، هێزەکـانی یەکێتیـی لە (کێـوی شـێخ باخ)،هێرشـیان بـۆ کـردوەو، دوای شـەڕێکی سـەخت، بە برینـداری بەدیلیـان گرتـووە. هەر لەوێ گـوولە بـاران و شـەهیدیان کـردوە. تەرمەکەشیان لە شاخەوە فڕیداوەتە خوارەوە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی (شێخ فەتـاح)ی شـاری سلێمانیدا، بەخـاک سـپێردراوە. شـەهید مامۆسـتا شـەریف، لەدوای خـۆی دوو کـوڕو کچێک (ئاری، ئاڵان، شیلان)ی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ۲۰۲۰/۱۲/۱۰، لە (ئاری) کوڕی شەهید وەرگیراون.**

## ١١٢- عوسمان ئەحمەد حەسەن



عوسمان ئەحمەد حەسەن، لە ساڵی ١٩٤٩، لە بنەماڵەیەکی هەژاری جوتیار، لە گوندی (باوەقوب)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لەدایک بووە. لەبەر کارکردن و هەژاری، نەیتوانیووە بچێتە قوتابخانە، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دەڤەرەکەی کردوە لە دژی هێزەکانی ڕژێم.

یەکێک بووە لە شەڕی بەناوبانگی گوندی (دەشتێو)ی نزیک شاری قەڵادزێ. دوای بەرگرییەکی سەخت، لەم شەڕە (١٩٧٨/٣/٨)دا، لەگەڵ سەعدی گچکەو دوازدەی پێشمەرگەی تردا، شەهید بووینە. تەرمەکەی کەوتۆتە دەست ڕژێم و، شارەوانی لە گۆڕستانی شاری قەڵادزێ بەخاکی سپاردوە.

شەهید عوسمان، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٦، لە (عەبدوڵلا باوەقوبی)، ناسراو بە عەبدوڵلا پەستەک، وەرگیراون.

## ١١٣- عوسمان ئەحمەد وەسمان



عوسمان ئەحمەد وەسمان، ناسراو بە (عوسمان لاوە)، لە ساڵی ١٩٣٩، لە بنەماڵەیەکی هەژاری جوتیار، لە گوندی (گۆمەگڕو)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردو، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردوەو، لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە گوندەکەیان. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، لە ساڵی ١٩٧٦دا،پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوەو، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر لە کەرتی (مەلای حاجی ڕەسوڵ کەرزۆڕی)، بۆتە پێشمەرگە. ماوەی پێشمەرگایەتی زۆر کەم بووە. ڕۆژێک لە مەفرەزەکەی دابڕاوەو، چۆتە گوندی (بانەمورد)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە. ئەو کاتە ڕۆژی ١٩٧٧/٢/٢٢، کۆپتەرەکان بە بەردەوامی بە ئاسمانی سنووری گوندەکەدا سوڕاونەتەوە. ناوبراو، کە کۆپتەرەکانی بینیووە، تفەنگەکەی فڕێ داوە. لەگەڵ سەپانەکانی گوندەکە، دەستی بە دروێنە کردوە. ( پێموایە کاتی دەستگیر کردنی هەڵەیە، چونکە لە

مانگی دوو درویّنە ناکریّت، دەبیّت مانگی پیّنج بوو بیّت. - ئیسماعیل- ). کۆپتەرەکان نیشتوونەتەوەو، دەستگیریان کردوە. هەر ئەودەم، سەربازیّکی شۆڤینی گازی لە گویّچکەی گرتووە، بە سەختی بریندازی کردوە.

دوای ماوەیەکی کەم مانەوە، لە ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٢٧، لە زیندانەکانی شاری موسڵ لە سیّدارە دراوە. تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکاری نەکراوەتەوەو، بە نهیّنی لە گۆڕستانەکانی شاری موسڵ، بەخاک سپیّردراوە. گۆڕەکەی ونەو، شەهیدیّکی گۆڕ غەریبە.

لە زیندان لە ماوەی گیرانیدا ، بە دەنگی خۆی کاسیّتیّکی لە سرووود و حەیران تۆمار کردوە. گوتبووی: دوای مردنم، با دەنگم بمیّنیّت، بەڵام بەداخەوە کەسوکارەکەی نەیان پاراستووە.

شەهید عوسمان لاوە، خیّزاندارو دوو هاوسەری هەبووە.

---

* ویّنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی (عەشیرەتی گەورەی گۆران)، وەرگیراون.

## ١١٤- عوسمان جەمیل فەتاح حەمە



عوسمان جەمیل فەتاح حەمە، ناسراو بە (عوسمانی خەلیفە حەمەی گوڵان)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (گوڵانی خواروو)ی سەر بە قەزای پێنجوین، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناگی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٩دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوەو، تا نسکۆی شۆڕش، لە هێزی خەبات، پێشمەرگە بووە.

لە ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتەوە شاخ و لە کەرتی شەهید (مەحمود زەردۆیی)، سەر بە هەرێمی یەکی شارەزوری حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستاندا، بۆتە پێشمەرگە. بەشدارییەکی چالاکی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەی کردوە، نموونەی: شەڕی بانی بنۆک و ئالان و حاسڵ و جاوگی ڕیشێن و شەڕەکانی شارەزورو پێنجوێن و، ... تاد.

لە ڕۆژی ١٩٨١/٧/١٧دا، لەسەر شەقامی (هۆمەرە سێنان)، لە نزیک گوندی (نزارە)، لە شەڕێکی قورس لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گوندی (گوڵانی خواروو)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید عوسمان خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، سێ کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٧، لە ڕێگای (ئاسەف حەمەڕەشید کەچە)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١١٥- عوسمان حەمەد عەبدوڵڵا حەسەن



عوسمان حەمەد عەبدوڵلاحەسەن، ناسراو بە (فەرحۆ)، لە ساڵی ١٩٦٣دا، لە گوندی (میرەکانی شێخان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناگی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە. لە ١٩٨٢/١/١دا، چۆتە شاخ و لە کەرتی شەشی سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. تەمەنی پێشمەرگایەتی هەر تەنها چواردە مانگ بووە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی هەرێمەکەی کردوە.

لە شەوی ١٢ لەسەر ١٩٨٣/٢/١٣دا، هێزێکی یەکێتیی هێرشیان کردۆتە سەر مەفرەزەیەکی سۆسیالیست و حزبی شیوعی لە گوندی (نێرەگین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە. دوای شەڕێکی (١٧) سەعاتی، عوسمان حەمەد و شەش پێشمەرگەی تری سۆسیالیست بە ناوەکانی (سابیر عومەر ئاوماری، سەلام گۆپتەپەیی، ئەحمەد شۆڕش، ناسیح ناسراو بە چەتۆ چۆمەزەردەرەیی، قاسم دارەتوویی، زرار)و، دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە ناوەکانی (محەمەد نەبی،

هاوڕێ مەحمود)، شەهید بووینە.

عوسمان بەدیل گیراوە، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، ئینجا گوللە باران کراوە. ئازاد کاکل، هاوڕێی شەهیدو، لەیەک کەرت بووینە، کە چوویتە سەر تەرمەکەی ،لە کتێبەکەیدا،ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١) نووسییوویەتی: (هەموو گیرفانەکانیم کۆڵییەوە، تەنها لە گیرفانی ئەم کوڕە هەژارە، یەک شانەی بچووکم دۆزییەوە).

تەرمەکەی شەهید عوسمان لە گۆڕستانی گوندی (میرەکانی شێخان)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٨، لە ڕێگای (ئیسماعیل مام خەلیفە میرەکانی)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١١٦- عوسمان سەعید والی بەگ



عوسمان سەعید والی بەگ، ناسراو بە (ملازم عوسمان)، لە ساڵی ١٩٤٤، لە گوندی (قلیجە)ی سەر بە ناوچەی شارەزور، لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە ساڵی ١٩٦٩، کۆلیژی ئەفسەرانی تایبەتی لە بەغدا، تەواوکردوە. لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتە شاخ وبۆتە پێشمەرگە، کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی کەرکوک، لە ناوچەی قەرەداغ. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوەو، بۆ خوارووی عێراق، دوور خراوەتەوە.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، لەساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. هەمان ساڵ، لە بەغدا گیراوەو، ساڵی ١٩٧٩، بەر لێبووردنی گشتی کەوتووەو، ئازاد کراوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)دا، بۆتە پێشمارگە. ئەندامی مەکتەبی عەسکەری حزب بووە. بەشداری چەندین شەڕو چالاکی کردوە. لە ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢دا، لەگەڵ تاهیری عەلی والی و هەڤاڵەکانیدا، کەوتوونەتە ناو زەنە بەفرو، شەهید بووینە.

تەرمی شەهید ملازم عوسمان، لە گوندی (میرەدێ)ی سەر بە ناحیەی (وارماوا)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) سەردەمی شاخ و، (جەمیل حەمەوبەگ)، خزمی شەهید وەرگیراون.



## ١١٧- عوسمان کەریم

عوسمان کەریم، ناسراو بە (ڕزگار)، لە ساڵی ١٩٦٦دا، لە ناحیەی پردێ (ئاڵتون کۆپری)، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٤)دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا، دوای ئاشکرا بوونی، چۆتە شاخ و لە هەرێمی نۆی باڵەک، بۆتە پێشمەرگە.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٠، هێزێکی سۆسیالیست کە لە هەرێمەکانی (٨،٩، ١٠)و، هێزەکانی دێدەوان و، هەیبەت سوڵتان و کەرتی ناودەشت، پێکهاتبوون، بە مەبەستی کەمین دانان و، گەڕان بەدوای پیاوانی ڕژێم، شەقامی نێوان کۆیەو دێگەڵەیان کۆنترۆڵ کردوە. ڕوو بەڕووی هێزێکی زۆری ڕژێم لە (سوپاو جاش و فڕۆکە)، بوونەتەوە. لەم شەڕەدا، عوسمان کەریم و، تەحسین محەمەد ساڵح (تەحسینە شەل)و، سەردار مام یونس و مستەفا گوندەژۆری ناسراو بە (ئاراس)، لە چیای (بەنە باوی)، لەنێوان گوندەکانی (ونکەو عەلیاوە)ی سەر بە دێگەڵە، شەهید بووینە. تەرمی شەهید تەحسین کەوتۆتە دەست ڕژێم. تەرمی شەهید عوسمان و هەڤاڵەکانی تری، لە گوندی (سوسێ)ی بناری سەفین، بەخاک سپێردراون.

شەهید عوسمان، برای (حەیدەر کەریم)ی بێژەری بەشی کوردی ڕادیۆی (دەنگی ئەمریکا)یە. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژانی ١٢ و ٢٠٢٠/١٠/١٣، لە (ڕابەر ڕەشید و شاخەوان قادر شۆڕش)، وەرگیراون.



## ١١٨- عومەر ڕەسوڵ عەلی

عومەر ڕەسوڵ عەلی، ناسراو بە (عـومەر قەڵادزەیـی)، لە سـاڵی ١٩٥٨، لە گەڕەکـی (خانەقـا)ی شـاری قەڵادزێ، لە خێزانێکـی نیشـتیمانپەروەر، لەدایـک بـووە. چـۆتە قوتابخـانەو، تـا پـۆلی سـێیەمی ناوەنـدی خوێنـدوەو، وازی لە خوێنـــدن هێنـــاوە. دۆســـتێکی نزیکـی (ڕەسـوڵ مامەند)و، بنەماڵەکەیان بووە، بە بنەمـاڵە لە یەکتـرییەوە، نزیـک بـــووینە. لەگەڵ دامەزرانـــدنی (بـزوتنەوەی سۆسیالیسـتی دیمـوکراتی کوردسـتان)ەوە، عـومەر لە ڕێگای (ڕەسوڵ مامەند)ەوە، پەیوەندی بە (بزوتنەوە)، کردوە. یەکێک بووە لە کادیرە کۆنەکانی ڕێکخستنەکانی بزوتنەوە لە قەڵادزێ.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا، چۆتە شاخ و، وەک کادیرێکی سیاســـی لە هەرێمـــی شەشـــدا، بـــۆتە پێشـــمەرگە. لە ژیـــانی پێشـــمەرگایەتیدا، زۆربەی کـــات و ســـەردەمەکان، لە (ڕەســـوڵ مامەنـد)ەوە، نزیـک بـووە. لە کـاتی ئەنجامـدانی چـالاکییەک، برینـدار بووە. لەکـاتی هێرشـەکەی یەکێتیی بۆ سـەر ئاشـقولکەو پشتئاشـان (١٩٨٣/٥/١)، دوای ئەوەی کە ژن و منداڵی بەشێک لە سەرکردەکانی لە شەڕەکە دوور خستۆتەوە، دووبارە گەڕاوەتەوەو، بەسەر بۆسەی یەکێتییدا کەوتووە. بە دیل گیراوە.هەر ئەم ڕۆژە، شەهید کراوە.

تەرمی شەهید عومەر، لە گۆڕستانی قەڵادزێ، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکـان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢، لە (کەریـم قەڵادزەیـی)، بـرای شـەهید وەرگیراون.



## ١١٩- عومەر سەلیم سەعید

عومەر سەعید سەلیم، ناسراو بە (عومەر ژێسێ)، یان عومەر ژێرسە، لە ساڵی ١٩٦٤، لە گوندی (ئۆمەراوە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانە، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. بەشداری بەشێک لە چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە.

لەم چالاکییەی کە دوو خەبیرە فەرەنسییەکەیان هێناوە، ڕژێم بە هێزێکی زۆرەوە لە ڕۆژی ١٩٨٢/١/٢٠دا، هێرشی بۆ بەستی شرغە (نێوان شەقامی سەرەکی هەولێر- پردێ، هەولێر- کۆیە) کردوەو، سێ ڕۆژ لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. شەهیدو بریندار لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەدا هەبووە. شەوعومەربە نیازی هێنانی وڵاخێک بۆ گواستنەوەی برینداریک بەناوی عەبدولستار، گەڕاوەتەوە گوندی نێرەگین. لە ڕێگای گەڕانەوەیدا کەوتۆتە ناو بۆسەی هێزەکانی ڕژێم و ، بەدیل گیراوە. بردویانەتە دائیرەی ئەمنی هەولێر. دوای ماوەیەکی کەم بۆ فرقەی کەرکوک و، لەوێوەش بۆ زیندانەکانی شاری موسڵ، گواستراوەتەوە. هەر لەم زیندانەدا، باوکی بە تۆمەتی پەیوەندی بوون بە حزبی شیوعی، مانگێک پێش ئەو گیراوەو، لە سێدارە دراوە. شەهید عومەر لە ڕۆژی ١٩٨٢/٦/١٩دا، لە سێدارە دراوە. تەرمی خۆیی و باوکی، ڕادەستی کەسوکاریان نەکراونەتەوە. بوونەتە باوک و کوڕێکی گۆڕ غەریب. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢، لە (قارەمان سامی سەلیم)، خوارزای شەهید، وەرگیراون.**



## ١٢٠- عومەر کاکل عەلی

عـومەر کاکل عەلـی، ناسـراو بە (نەوزاد)، لە سـالّی ١٩٥٧، لە شاری هەولێر لەدایک بووە. چۆتە قوتابخـانەو، قۆنـاغی سـەرەتایی تەواو کـردوەو، وازی لە خوێندن هێنـاوە. لە سـالّی ١٩٧٧ەوە، پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنە نهێنییەکـانی (بـزوتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان)ەوە، کردوە. لە سالّی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێـر، بـۆتە پێشـمەرگە. لە مـاوەی پێشـمەرگایەتیدا سـێ جـاران بریندار بووە. لە سالّی ١٩٨٣دا، بۆتە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی هەشت. بەشداری چەندین شەڕو چالاکی کردوە. لە مانگی کانوونی یەکەمی سالّی ١٩٨٤دا، لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەک لەناو شاری هەولێر، کە ئەفسەرێکی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر تێیدا بریندار بووە، خۆیشی بە برینداری بەدیل گیراوە. لە کۆتایی سالّی ١٩٨٦، لە بەنـدینخانەی ئەبوغرێـب، لە سـێدارە دراوە. تەرمەکەی ڕادەسـتی کەسوکاری نەکراوەتەوە، بۆتە شەهیدێکی گۆڕ غەریب.

شەهید نەوزاد خێزاندار بووە. لەدوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (هەرێم، هەژار) بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێـنەو زانیارییەکـان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢١، لە (ئـازاد کاکـل)ی بـرای شـەهید، وەرگیراون.

## ١٢١- عومەر مەحمود نەسروڵڵا



عومەر مەحمود نەسروڵڵا، ناسراو بە (عومەری حەلاو)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە شاری سلێمانیدا لەدایک بووە. تەمەنی حەوت ساڵان و، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بووە، ئەو کات باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، لە ساڵی ١٩٦٤دا، بەدەستی باڵی مەکتەبی سیاسی، شەهید بووە. عومەر، لە قۆناغی سەرەتاییدا وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. بەشداری شەڕەکانی ناوچەی شارباژێڕو قەرەداغ و ناوچەکانی شارەزوری کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٩، لە ناوچەی شارباژێڕ لەگەڵ پازدە کەسی تر، لەلایەن هێزەکانی (یەکێتیی)یەوە، بەدیل گیراون، دوایی شەهید کراون.

تەرمی شەهید عومەر، لە شاری سلێمانیدا بەخاک سپێردراوە. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (٢٣)، ساڵی (٤)، نیسانی ١٩٨٤، وەرگیراون.**

## ١٢٢- عیزەت عەلی محەمەد



عیزەت عەلی محەمەد، ناسراو بە (عیـزەت کانیشـێخی)، لە سـاڵی ١٩٥٥دا، لە گونـدی (کانیشـێخ)ی نـاوچەی شـارەزور، لە خێزانێکی جوتیـار لەدایـک بـووە. چـۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨١، لە لیـوای (١٠٦) سـەرباز بووە، هەر ئەم ساڵە پەیوەندی بە هێـزی پێشـمەرگەی (حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان)ەوە، کردوە. بەشداری چەندین شەڕو چـالاکی کـردوە، لەوانە: لێـدانی ڕەبایەکـانی دەوروبەری گونـدی (سەراو)، شەڕی (کانی بەردینە)، چەک کردنی جەیش شەعبییەکانی هەڵەبجەو ناحیەی سیروان و، چەندین چالاکی تر. لەبەر چالاکییەکانی کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە.

ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢٥، لە شەڕی ناوخۆ، لە گوندی (تەپە ڕەش)ی سەر بە (سـەید سـادق)ی نـاوچەی شـارەزور، کەوتـۆتە نـاو بۆسـەی هێزەکـانی یەکێتیـی و، دوای بەرگرییەکـی یەک کـاتژمێریی، شـەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گردی شـەریف)، لە نـاوچەی شارەزور بەخاک سپێردراوە.

شـەهید عیـزەت، خێزانـدار بـووە، لەدوای خـۆی دوو کچـی بـۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٤، لە ڕێگای (عەتا عەبدولڕەحمان کانیشێخی)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١٢٣- عەباس سەعید مستەفا ئاغا ناوەندەیی



عەباس سەعید مستەفا ئاغا ناوەندەیی، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (ناوەندە)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لە خێزانێکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا وازی لە خوێندن هێناوە.

ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوەو، لە هەرێمی (٩)ی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. ماوەیەک پێشمەرگە بووە، دوایی تەسلیم بۆتەوە. گەڕاوەتەوە شاری هەولێرو، لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا، درێژەی بە خەبات کردن داوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨، لەلایەن ڕژێمەوە شەهید کراوە. تەرمەکەی لە شارۆچکەی (کەسنەزان)ی ڕۆژهەڵاتی هەولێر، بەخاک سپێردراوە.

شەهید عەباس، خێزاندار بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٨/١٠، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١٢٤- عەبدوڵلا حەسەن عەبدوڵلا



عەبدوڵلا سەید حەسەن سەید عەبدوڵلا، ناسراو بە (سەید عەبدوڵلا سەرسوڕ)، لە ١٩٥٠/٣/١٥، لە گوندی (دارەخورما)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتە شاخ و لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە هەولێر.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە هەرێمی خۆشناوەتی بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەندین شەڕو چالاکی کردوە، لەوانە: شەڕی هەکاری، دەشتێو، سماقولی، سێکانیان، شەڕەکانی بەستی شرغەو، هێنانی خەبیرەکان و، ...تاد. لە شەڕی دەشتێو، بە سەختی بریندار بووە. جارێکی تریش لە شەڕی هێنانی دوو خەبیرە فەڕەنسییەکە، بریندار بووە.

لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٢، لە کلکەی (دارە بزمارە)ی بناری چیای قەرەچوغ، کەوتۆتە ناو بۆسەی جاشەکانی ناوچەکەو، شەهید بووە.

تەرمەکەی کەوتـــۆتە دەســـت ڕژێـــم و، بـــۆ شـــاری کەرکـــوک گواســـتراوەتەوە. دوای حەوت ڕۆژ ئینجـــا ڕادەســـتی کەســـوکاری کـراوەتەوەو، لە گۆڕسـتانی گونـدی (دووسـەرەی فەتـاح)ی سـەر بە نـاحیەی (شـەمامک)، بەخـاک سـپێردراوە. لە کـاتی شـەهید بـوونی، فەرماندەی کەرتی یەکی سەر بە هەرێمی (١١)ی باواجی بووە. (٢٥) ڕۆژ دوای شـەهید بـوونی، برایەکـی تریشـی بە نـاوی (حیسـام) لە زیندانی ئەبوغرێب، لە سێدارە دراوە.

شەهید عەبدوڵڵا سەرسۆر، خێزاندار بووە. لەدوای خۆی دوو کوڕو سێ کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٣، لە (ڕێناس بەرزنجی)، خوارزای شەهید، وەرگیراون.

## ١٢٥- عەبدوڵلا حەمەد عەبدوڵلا



عەبدوڵلا حەمەد عەبدوڵلا، ناسراو بە (عەبدوڵلا زەنگڵ)، لە ساڵی ١٩٥٤، لە گوندی (چۆلیاوا)ی ناوچەی پشدەر لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، لە حوزەیرانی ١٩٧٦، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی چالاکییە عەسکەرییەکانی ناوچەکەی کردوە، لەوانە: شەڕەکانی پڵینگان و سماقولی و دۆڵێشک و کێوەڕەش و هێرش کردنە سەر فەوجی عەسکەری پشتی ڕانیەو، فەوجی کونەسەو ماکۆک و گوندی (چۆلیاوا)و، ... تاد.

جێگری فەرماندەی کەرتی سێی سەر بە هەرێمی (١٤)، بووە.

لە ڕۆژی ١٩٨١/١/١٠، لە کلکەی چیای ماکۆک، لە گوندی (چۆلیاوا)، لەگەڵ مەفرەزەکەی کەوتوونەتە بۆسەی جاشەکانی ناوچەکەو، هەر لەوێ، لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی تر شەهید بووینە. (ئەحمەد حەمەد عەبدوڵلا)، ناسراو بە (ئەحمەدە شین)ی براشی هەر لەم شەڕەدا بە سەختی بریندار بووە، کە بۆتە هۆی لەکار کەوتنی دەستێکی.

تەرمی شەهید عەبدوڵلا، لە گۆڕستانی (کونەسە)ی شاری ڕانیە، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو خێزاندار بووەو لەدوای خۆی، کوڕێک و دوو کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٧، لە (شاڵاو ئەحمەد)ی برازای شەهید وەرگیراون.**



## ١٢٦- عەبدوڵڵا سۆفی قادر

عەبدوڵلا سۆفی قادر ناوەندەیی، لە ساڵی ١٩٦٤، لە گوندی (ناوەندە)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لەدایک بووە. خوێندنەوەو نووسینی زانیوە.لە مایسی ١٩٧٨دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە، لە هەرێمی نۆی باڵەک بۆتە پێشمەرگە.

ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی تەنها سێ مانگ بووە.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/٨/٢٢دا، لە گەلی (دەربەند)، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی هاوڕێی، بەسەر بۆسەی هێزەکانی ڕژێمدا کەوتوونەو، شەهید بووینە. تەرمەکەی ڕزگار کراوەو، لە گۆڕستانی گوندی (شۆڕە)ی دەڤەری باڵەکایەتی، بەخاک سپێردراوە. شەهید عەبدوڵلا سۆفی، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٥، لە محەمەد عومەر، ناسراو بە (مام عەلی)، وەرگیراون.

## ١٢٧- عەبدوڵلا حەمەسەعید فەقێ ئەحمەد



عەبدوڵلا حەمەسەعید فەقێ ئەحمەد، ناسراو بە (حاجی عەبدوڵلا)، لە ساڵی ١٩٤٧، لە گوندی (سیامێوە)، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. هەلی بۆ نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانە، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٧٨دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و لە ناوچەی شارەزور بۆتە پێشمەرگە. سەرەتا لە هێزی جوتیاراندا بووە، دواتر چۆتە هەرێمی دوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/٢٣، لە شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا، لە شاخی سورێن، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گوندی (دەرگا شێخان)ی سەر بە ناوچەی مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەخاک سپێردراوە. دوای ڕاپەڕین، ساڵی ٢٠٠٤، تەرمەکەی هێنراوەتەوەو لە زێدی خۆیان، گوندی (سیامێوە)، بەخاک سپێردراوەتەوە.

شەهید حاجی عەبدوڵلا خێزاندار بووە. لەدوای خۆی، چوار کوڕو دوو کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٢، لە (محەمەد)ی کوڕی شەهید وەرگیراون.

## ١٢٨- عەبدوڵلا ڕەسوڵ مەحمود



عەبدوڵلا ڕەسوڵ مەحمود، ناسراو بە (عەبدوڵلا سوور)، یان عەوڵا سوور، لە ساڵی ١٩٤١، لە گوندی (ئێندزە)ی بناری چیای قەندیل، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. باوکی عەبدوڵلا سوور وەک پێشمەرگەیەک بەشداری کۆماری مهابادی کردوە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندوویەتی، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردوە. دوای ماوەیەکی کەم، لە هێزی (کاوە) بۆتە (سەرپەل). لەبەر ئازایەتی و لێهاتووییەوە، لەلایەن ڕابەری شۆڕشی ئەیلول (مستەفا بارزانی)، خەڵات کراوە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان. دوای دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)و، چوونی یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە بۆ شاخ لە (١٩٧٦/٨/٨)دا، ناوبراو لەگەڵ هەندێک لە خزمەکانی پێشتر وەک گروپێکی سەربەخۆ لە شاخ بووینە، دواتر چوونەتە لای دکتۆر خالید سەعید. پێشمەرگەیەکی جەربەزە بووە، سەرپەرشتی و فەرماندەیی چەندین شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەی کردوە، هەر بۆ نموونە: شەڕەکانی گەلی بەدران بوکریسکان، بانبەڕوو، کێوەڕەش، سماقولی، زینوێی ئۆمەراوە لە دۆڵی خانەقا، ساوێن، سوڵتە وەرتێ و، تاد. ڕژێم و ئاغاو دەرەبەگەکانی ناوچەکە، هەموو کات حیسابیان بۆ کردوە. ڕژێم سێ جاران پلانی دەستگیر

کردن، یان کوشتنی بۆ دارِشتووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.
دوای دەرچوونی بزوتنەوە لە نیمچە بەرەی (یەکێتیی)دا، عەبدوڵڵا سوور لەگەڵ باڵی سەرەکی و ڕاستەقینەی بزوتنەوە بووە. ئەندامی یەکەم کۆنگرەی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥) بووە. بەهۆی ململانێی ئەوکاتی نێوان باڵی دکتۆر مەحمود و ڕەسوڵ مامەند، کەمێک لە خەبات سارد بۆتەوە. عەتف و خۆشەویستی بۆ یەکێتیی هەبووە. باوەڕی بە شەڕی براکوژی نەبووە. لەکاتی شەڕی نێوان بزوتنەوەو یەکێتییدا، بەهۆی هەڵوێستی میانڕەویی، زۆر متمانەی بەخۆی هەبووە کە یەکێتیی شەڕی ئەو ناکەن.
عەبدوڵڵا سوور فەرماندەی هەرێمی چواردەی ئاکۆیان بوو. لە ڕێکەوتی ١٩٨١/١٠/٢٨دا، لە گوندی (خەزێنە)ی ناوچەی دۆڵە ڕەقە، لە شەڕێکی نەخوازراو، لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی بە فەرماندەیی (نەوشێروان مستەفا)، دوای دانوستاندن، نەوشێروان بەڵێن بە عەبدوڵڵا سوورو هێزەکەی دەدات گەر خۆتان ڕادەست بکەن، گیانیان پارێزراو دەبێت... ئەوان، خۆیان ڕادەست کردوە. دوای تەسلیم بوون، عەبدوڵڵا سوورو هەڤاڵەکانی، بەدیلی شەهید کراون. سەرکردەکانی یەکێتیی (بە خودی نەوشێروانیشەوە)، دانیان بەم ڕاسیتییەدا ناوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گردی سپییە، لە گوندی (ئێندزە)، بەخاک سپێردراوە.
شەهید عەبدوڵڵا سوور، لە دوای خۆی، سێ کوڕو چوار کچی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە. بەداخەوە یەکێک لە کوڕەکانی، بەناوی (محەمەد) لە ساڵی ١٩٩٦ەوە، لە ڕێگای چوونە ئەوروپادا، بێسەرو شوێنەو، چارەنووسی نادیارە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی فەیسبووکی شەهید عەبدوڵڵا سوور و، کتێبی: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، وەرگیراون.**



## ١٢٩- عەبدوڵلا عوسمان قادر

عەبدوڵلا عوسمان قادر، ناسراو بە (عەبدوڵلای مەلا عوسمان)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (گەڕەشێخان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە. لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیدا،هاوکارو ڕێنیشاندەری مەفرەزەکانی پێشمەرگە بووە. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. سەرەتای ساڵی ١٩٨٤، بۆ ئەنجامدانی چالاکی، هاتۆتە ناو شاری هەولێر. دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات و مەفرەزە خاسەکان، پێیانزانیوەو، دەستگیریان کردوە.

دوای مانەوەی ساڵێک لە زیندانەکانی ڕژێم، ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٣٠، لە شاری بەغدا لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گەڕەشێخان)، بەخاک سپێردراوە.

بنەماڵەکەیان جگە لە عەبدوڵلا، کوڕێکی تریشیان بەناوی (تەلعەت)، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٤، بە دەستی مەفرەزە خاسەکان، لەناو شاری هەولێر، شەهید کراوە.

شەهید عەبدوڵلا خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، دوو کوڕو دوو کچی بە ناوەکانی (کاردۆ، کاروان،نیگار، بەناز)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٤، لە (یوسف)ی برای شەهید، وەرگیراون.**

## ١٣٠- عەبدولباسیت قادر ئیبراهیم



عەبدولباسیت قادر ئیبراهیم، ناسراو بە (سالار)، لە ساڵی ١٩٦٤، لە گوندی (سوریژە)ی سەر بە هەولێر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو لە قۆناغی ناوەندی وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە کردوەو، لە ساڵی ١٩٨٢دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤، بۆ سنووری لقی بادینان گواستراوەتەوە.

لە شەوی ٢٧ لەسەر ١٩٨٤/٩/٢٨دا، لەگەڵ دوو هەڤاڵی تر بە ناوەکانی محەمەد عەزیز ئیسماعیل ناسراو بە جەمیل و، بورهان عومەر حەمەد، کاتێک کە خەریکی چەک هێنان بوون لە گوندە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا)، کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی ڕژێم و، شەهید بووینە. تەرمەکانیان کەوتۆتە دەست ڕژێم و، نەدۆزراونەتەوە. تا ئێستاش بوونەتە شەهیدی گۆڕ غەریب.

شەهید سالار، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (٢٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٤. وێنەکە، لە ئەرشیف و ئەلبوومی هونەرمەندی شێوەکار (عەزیز پیرداود)، وەرگیراوە.

## ١٣١- عەبدولجەبار محەمەد مەجید



عەبدولجەبار محەمەد مەجید، ناسراو بە (جەباری مەلا محەمەدی)، لە ساڵی ١٩٤٥، لە گوندی (دۆڵەبەکرە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە هاوینی ١٩٦٤دا،پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو، تا نسکۆی شۆڕش، وەک یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆنی سێی هێزی دەشتی هەولێرو، لێپرسراوی حزبی بەتالیۆن، خەباتی کردوە. ئەوکات، شەهید (ئەحمەدی حاجی عەلی هەمزەکۆری)، فەرماندەی بەتالیۆن بووە. هەر لە شۆڕشی ئەیلول سێ جاران بریندار بووە:

- بۆمبێک لەژێر پێیدا تەقیوەتەوەو، بە سەختی بریندار بووە. بەم هۆیەوە، شەش سانتیمەتر، قاچێکی لەوەی تر، کورتتر بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٤، لەسەر چیای باواجی، لە سنووری گوندی (باوەقوب)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، تۆپێکی ڕژێم بەر سەنگەرەکەیان کەوتووە، لە ئەنجامدا، ئەحمەدی حاجی عەلی و فاروقی برایی و پێشمەرگەیەکی تر، شەهید بووینە. (جەبار)یش بریندار بووە.

- بەهۆی ساچمەی ناپاڵمێک کە بە سەری کەوتووە، بە سەختی

بریندار بووە، بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران گواستراوەتەوەو، ماوەی دە ڕۆژ، هۆشی لەخۆی نەبووە.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستن بووە. دوای ئاشکرا بوونی چۆتە گوندەکانی بەستی شرغەو، چاوەڕوانی هاتنی هێزی پێشمەرگەی کردوە، تاوەکو پەیوەندیان پێوە بکات. لە شەوی ٣ لەسەر ١٩٧٧/٧/٤دا، کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان و شەهید کراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (دۆڵەبەکرە)، بەخاک سپێردراوە. شەهید جەبار، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی کچێکی بەناوی (پایزە)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

ناوبراو، مرۆڤێکی ئەدەب دۆست بووە. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی شاعیری میللی دەشتی هەولێر (سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی)، کە نەخوێندەوار بووە، لە دەفتەرێکدا کۆکردۆتەوە. دوای بوونی بە پێشمەرگە، لە ترسی پشکنینی هێزەکانی ڕژێم، دایکی سووتاندوویەتی.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٢، لە (عومەر حەمەد عەلی دۆڵەبەکرەیی)، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.**

## ١٣٢- عەبدولخالق حەمید ڕەشید گەڵاڵی



عەبدولخالق حەمید ڕەشید گەڵاڵی، ناسراو بە (سەربەست)، لە ساڵی ١٩٦٧، لە گوندی (سابلاغ)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی دووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر(بەشی کارەبا)ی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. کاتێک کە قوتابی ئامادەیی بووە پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە، کردوە.لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. چۆتە سەرکردایەتی و، لە هێزی ڕزگاری خەباتی کردوە. دواتر بۆ بەشی ڕاگەیاندن (وەک تایپیست)، گواستراوەتەوە. بەنیازی بینینی کەسوکاری، لەگەڵ هەرێمی حەوتی قەرەچوغ کە فەرماندەکەیان (سەید عەبدوڵلا کەردزی) بووە، بۆ ناوچەکانی نزیک هەولێر، هاتۆتە خوارەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٦، لەناو گوندی (گۆمەتاڵ)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، ڕوو بەڕووی هێرشی سوپاو جاش، بە پاڵپشتی کۆپتەرو تۆپی دوور هاوێژ، بوونەتەوە. شەڕەکە لە کاتژمێر دوو و بیست دەقەی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکردوەو، شەو کۆتایی هاتووە. لەم شەڕەدا، (سەربەست) و پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی سەمەد مینە

عەجەم گۆمەتاڵی ناسراو بە (شێخ تاهیر)، شەهیدو، پێشمەرگەیەکی تریش بەناوی (وشیار تاقانە)، بە بریندار بەدیل گیراوەو، لە هەولێر شەهید بووە. (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، باسی ئەم شەڕە کراوە).

تەرمی شەهید سەربەست، لە گۆڕستانی گوندی (گردە ڕەشە)ی نزیک هەولێر، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٠، لە (عەلی گەلاڵی) برای شەهیدو، (زیرەک گەلاڵی)، وەرگیراون.

## ١٣٣- عەبدولڕەحمان حەسەن عەبدولکەریم



عەبـــدولڕەحمان حەســـەن عەبدولکەریم، لە ساڵی ١٩٥٤، لە شـــاری هەڵەبـــجە لە خێزانێکـــی هەژاری کـــوردپەروەر، لەدایـــک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێنـــدن هێنـــاوە. لە ســـاڵی ١٩٨٤دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردســـتان)ەوە، کـــردوە. لە ڕێکەوتـــی ١٩٨٧/٥/١٣دا، چـــۆتە شاخ و، لە هێزی هەورامان بۆتە پێشمەرگە.

لە تەمـــوزی ســـاڵی ١٩٨٨دا، لەکـــاتی ڕوو بەڕوو بـــوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، شەهید بووە. کاتی شەهید بوونی، فەرماندەی کەرت بووە لە هێزی هەورامان.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی نـاحیەی (سـیروان)، بەخـاک سـپێردراوە. شەهید عەبدولڕەحمان، خێزاندار بووەو، لە دوای خۆی چوار منداڵی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٥، لە (عەتا)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ١٣٤- عەبدولڕەحمان حەمە سلێمان



عەبدولڕەحمان حەمە سلێمان، ناسراو بە (عەبدولڕەحمانە بەچە)، لە ساڵی ١٩٥٧دا، لە گوندی (تەپی سەفای خواروو)ی ناوچەی شارەزور، لەدایک بووە. هەر لە گوندەکەی خۆیان چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٦دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشەوە کردوە. بەشداری چەندین شەڕو چالاکی عەسکەری کردوە. لەبەر لێهاتوویی کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە. لە یەکێک لە شەڕەکاندا، بریندار بووە. دوا پلەی لێپرسراویەتی، فەرماندەی کەرت بووە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٨/١٢دا، لە شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، لە ناوچەی شارەزور، شاخی (سورێن)، شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گوڵەخانە)ی ناوچەی شارەزور، بەخاک سپێردراوە.

شەهید عەبدولڕەحمان خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، دوو کوڕی بەناوەکانی (وەرزێر، یادگار)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/١، لە ڕێگای (عەتا عەبدولڕەحمان)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ١٣٥- عەبدولڕەحمان ڕەشید کانەبی



عەبدولڕەحمان ڕەشید کانەبی، ناسراو بە (نەعمان کەردزی)، لە ساڵی ١٩٥٥دا، لە گوندی (کەردز)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە، گوندەکەیان. لە ساڵی ١٩٧٨دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە کردوە. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، کەرتی (خدری حاجی عەلی هەمزەکۆری)، بۆتە پێشمەرگە.

ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١، لە گوندی (شیوەپیران)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لە شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکی سەخت، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، خۆیی و، سێزدە پێشمەرگەی تر، شەهید بووینە. تەرمەکەی کەوتۆتە دەست هێزەکانی ڕژێم و بۆ هەولێر گواستراونەتەوە. لەژێر چاودێری دائیرەی ئەمنی هەولێر، شارەوانی (بە نهێنی)، تەرمەکەیان شاردۆتەوەو، کەس پێی نازانێت. شەهید نەعمان هاوسەرگیریی کردبوو، لەدوای خۆی، کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٦، لە ڕێگای (سابیر حوسێن شێروانی)یەوەو، وێنەکەش لە ڕێگای (لوقمان مەلا عەزیز کەردزی)، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٨، وەرگیراون.

## ١٣٦- عەبدولڕەزاق ئەحمەد حەسەن



عەبدولڕەزاق ئەحمەد حەسەن، ناسراو بە (ڕەزا مەنتک)، لە ساڵی ١٩٤٥دا، لە گوندی (سۆفی برایم)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە بنەماڵەیەکی جوتیار، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو بە هەوڵ و کۆششی خۆی، فێرە خوێندن و نووسین بووە. لە ساڵی ١٩٦٥دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان (شۆڕشی ئەیلول)ەوە، کردوە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە گوندەکەیان.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا، چۆتەوە شاخ و، پەیوەندی بە هێزەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. دوای ماوەیەک، بۆ هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ، (هەرێمەکەی عەبدوڵڵا سوور)، گواستراوەتەوە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی وهەرێمەکەی کردوە، نموونەی شەڕی کۆدۆ، ماکۆک، سماقولی، حەسەن موترب، ... تاد.

لە ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٢٨دا، لە شەڕێک لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی، بە فەرماندەیی (نەوشیروان مستەفا)، لە دۆڵە ڕەقە، لەگەڵ عەبدوڵڵا سوورو هەڤاڵەکانی (دوای تەسلیم بوون)، بە دیلی شەهید کراون. تەرمەکەی شەهید ڕەزا، هەر لە دۆڵە ڕەقە، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٧، لە (عەلی عومەر)، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.**

## ١٣٧- عەبدولڕەزاق ئەسعەد مەجید



عەبدولڕەزاق ئەسعەد مەجید، لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە گەڕەکی (تەیراوە)ی شاری هەولێر، لەدایک بووە. برای هونەرمەندانی گۆرانیبێژ زیاد ئەسعەد و هاوتا ئەسعەدە. چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا، چۆتە شاخ و، بۆتە پێشمەرگە. ماوەی پێشمەرگایەتی لە هەرێمی شەش (لای موحسین بایز)ی فەرماندەی هەرێم، بردۆتەسەر.

لە هاوینی ١٩٨٧دا، شەهید بووە. تەرمەکەی، بێ ئاگاداری کەسوکاری، لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری قەڵادزێ، (پشت گوندی هەڵشۆ، لای بەردەپان)، بەخاک سپێردراوە. دوای ڕاپەڕین، کەسوکاری سەردانی گۆڕەکەیان کردوەو، پێیان باش بووە، هەر لەوێ بێت.

شەهید عەبدولڕەزاق، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٨، لە (غازی عەباس)ی ئامۆزای شەهید، وەرگیراون.

## ١٣٨- عەبدولسەلام نوری ئیسماعیل



عەبدولسەلام نوری ئیسماعیل، ناسراو بە (شێرکۆ)، لە ساڵی ١٩٥٦دا، لە گوندی (میرەکانی شێخان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی ئایینی نیشتیمانپەروەری (سەیدزادە)، لەدایک بووە. دواتر هاتوونەتە هەولێرو لە گەڕەکی (سەیداوە)دا، نیشتەجێ بووینە. بنەماڵەکەیان بە ماڵی (مەلا سەید نوری)، بەناوبانگ بووە. چۆتە قوتابخانەو، ئامادەیی بازرگانی هەولێر (بەشی ژمێریاری)، تەواو کردوە. لەساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و، بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە هەولێر. لە بانکی ڕافیدەین (بەشی ژمێریاری)، وەک فەرمانبەر دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٧٧دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە.

لە پایزی ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و، لە بارەگای سەرکردایەتی (هێزی دژە ئاسمانی)، بۆتە پێشمەرگە. دوای ماوەیەک، لەسەر داوای خۆی، بۆ هەرێمی یازدەی باواجی گواستراوەتەوەو، بۆتە فەرماندەی کەرت.

لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەکێتیی، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١٦دا، لە گوندی سماقەی سەر بە ناحیەی دیگەڵە، بریندار بووە.

لە شەوی ٧ لەسەر ١٩٨٣/١١/٨، لە گوندی (پیرداود)ی نزیک هەولێر، جارێکی تر کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی یەکێتیی و، لەگەڵ خالید سەعید حەسەن و زوبێر ئادەم، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (ئیلنجاغ)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، بەخاک سپێردراوە. شەهید شێرکۆ، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.**

## ١٣٩- عەبدولکەریم ساڵح وەسمان



عەبدولکەریم ساڵح وەسمان، لە ساڵی ١٩٦٢دا، لە گوندی (چەمرگە)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر (ناحیەی دارەتووی ئێستا)، لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەری جوتیار، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی ئامادەییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)دا، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەند چالاکییەکی عەسکەری دەشتی هەولێرو ناوچەی خۆشناوەتی، کردوە. تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بووە.

لە هاوینی ١٩٧٩دا، لە گوندی (سماقوڵی گرتک)، لە شەڕێکدا لەگەڵ سوپاو جاشەکانی ڕژێم، شەهید بووە.

تەرمەکەی هەر لەم گوندە بەخاک سپێردراوە.

شەهید عەبدولکەریم، هاوسەرگیریی نەکردبوو. جگە لە برازایەکی، چەند خزمێکی تریشی شەهیدی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ن.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٨، لە (ڕەنجدەر گەلاڵی)، برازای شەهید، وەرگیراون.**

## ١٤٠- عەزیز ڕەسوڵ ئەحمەد



عەزیز ڕەسوڵ ئەحمەد، ناسراو بە (مەلای حاجی ڕەسوڵی کەرزۆڕی)، لە ساڵی ١٩٣٨، لە گوندی (کەرزۆڕ)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە حوجرەی فەقێیان و لای مەلا خوێندوویەتی. فێرە خوێندن و نووسین بووە، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٤، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو، لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە.
دوای بەیانی یازدەی ئازار، بۆ ماوەی چوار ساڵ (١٩٧٠- ١٩٧٤)، لە دەربەندی گۆمەسپان (نزیک دێگەڵە)، بۆتە پاسەوانی سنوور (حەرەس حدود). دوای تێکچوونی مفاوەزات، لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتەوە شاخ و، لە هەمان هێزدا، بۆتەوە پێشمەرگە. وەک (سەرپەل)ێک، بەشداری کارای لە شەڕەکاندا کردوە، نموونەی: شەڕەکانی (دێدەوان، کەلی قەشقەو خورخوڕ، گیرەی ڕەش، پشتی دێگەڵە، قۆتەلاس، سەفین، کونەفلوسە، شەڕی بەناوبانگی چل و پێنج ڕۆژەی چیای ماکوک، ... تاد). دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دوای چەند مانگێک گەڕاوەتەوەو، بە خێزانەوە بۆ باشووری عێراق (شاری دیوانییە، گوندی یەکی حوزەیران)، دوور خراونەتەوە. لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)،

پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانەوە، کـردوە. لە پـایزی سـاڵی ١٩٧٦، چۆتەوە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆتە فەرماندەی کەرتی دوو لەهەمان هەرێم.

لە هێرشـەکانی هێزەکـانی ڕژێـم، لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٩، (لە پۆسـتەرەکەی بە هەڵە، سـاڵی ١٩٧٨ نووسـراوە)، لە بنـاری چیـای (هەورێ)، شەهید بووە. تەرمەکەی بە شێوەیەکی کاتی، لە گۆڕستانی شـاری ڕانـیە، بەخـاک سـپێردراوە، دوای مانگێک گواسـتوویانەتەوە (کەرزۆڕ)و، لەوێ دووبارە بەخاکیان سپاردۆتەوە.

شەهید مەلا، خێزاندار بووەو، دوو هاوژینی هەبووە. لەدوای خۆی، چوار کچ و چوار کوڕی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧، لە (عوسمان حەمە)ی هاوڕێی شەهیدو، (دلشاد حەسەن)ی برازایەوە، وەرگیراون. تا ئێستا هەر ئەم وێنەیەی بڵاو کراوەتەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٤، لە ستۆدیۆکانی شاری (سنە)ی ڕۆژهەڵاتدا، گرتوویەتی.**

## ١٤١- عەزیز عەلی مەلا غەفور



عەزیـز عەلـی مەلا غەفـور، لە ساڵی ١٩٦٥، لە گوندی دەربەندی (ڕایـات)، لەدایـک بـووە. نەچـۆتە قوتابخانەو، بە هەوڵ و کۆششـی خـۆی، فێـرە خوێنـدن و نووسـین بووە. ساڵی ١٩٧٥، دوای نسکۆی شـۆڕش، لەگەڵ خـانەوادەکەی ئاوارەی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان بـووینە. دوای مـاوەیەک گەڕاونەتەوە باشوری کوردستان و، لەلایەن ڕژێـمەوە، بـۆ شـارەکانی ناوەڕاسـتی عێـراق، دوور خراونەتەوە.

ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١، لە تەمەنی هەرزەکاریدا،لەگەڵ دوو هاوڕێی تری پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگەی (بـزوتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان)ەوە، کردوە. لە هەرێمـی نـۆی بـاڵەک بـۆتە پێشـمەرگە. تەمەنـی پێشـمەرگایەتی زۆر کەم بـووە. شـەوی ٢٢ لەسـەر ١٩٧٨/٨/٢٣، لەگەڵ شـەهیدی سـەرکردە (ئەحـمەدی فەقـێ ڕەش)، کاتێـک کە لە سـەرکردایەتییەوە گەڕاونەتەوە گونـدی (دەربەنـد)و، پشوویەکیان داوە، سەردانی ماڵەوەی کردوە. هەر هەمان شەو بەرەو گوندی (گوندەژوور)، بەڕێکەوتوون. لە گەلی دەربەند، کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی ڕژێم. دوای شەڕێکی قورسی دەستەو یەخە، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی (محەمەد قەسیم، عەبدوڵلا

سۆفی قادر ناوەندەیی)، شەهید بووینە.

تەرمی هەردوو شەهید (عەزیز و محەمەد قەسیم)، کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ڕژێم و، بۆ چاوترساندنی خەڵک، بە زرێپۆشەوە هەڵیانواسیوون و، بەناو شاری چۆماندا، گێڕاویانە. خەڵکی شار، وەک نارەزایی دەربڕینێک، دووکان و بازاڕیان داخستووە. تەرمی شەهید عەزیز، لە گۆڕستانی گوندی (دەربەند)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٨، لە (محەمەد عومەر)، وەرگیراون.

## ١٤٢- عەلی ئەکبەر فەیزوڵڵا ئاغا



عەلی ئەکبەر فەیزوڵڵا ئاغا، ناسراو بە (مامۆستا دلشاد)، لە ساڵی ١٩٤٨، لە شاری خانەقین لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارو نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، ئامۆژگای مامۆستایانی تەواو کردوە. لە سەردەمی خوێندندا، لە کۆتایی شەستەکاندا، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەوە، کردوە.

دوای دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، لە ساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. کادیرێکی چالاکی ڕێکخستنەکان بووە. لە ساڵی ١٩٨١، چۆتە شاخ و لە سنووری ناوچەی لقی سلێمانی حزب بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی لێهاتوویی و پێشینەی کاری ڕێکخستن، بۆتە کارگێڕی لقی سلێمانی... لەهەمان کاتیشدا، فەرماندەیەکی عەسکەری بووە. بەشداری چەندین شەڕی ناوچەکانی سلێمانی کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٧، لە ناوچەی شارەزور، لە گوندی (شیرەمەڕ)، ڕوو بەڕووی شەڕێکی سەخت و بەرفراوان لەگەڵ سوپاو جاشەکان، بە پاڵپشتی فڕۆکەو تۆپی دوور هاوێژ، بوونەتەوە. (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، بە درێژی باسی ئەم شەڕەمان کردوە).ئەوکات، هەم فەرماندەی هێزەکەو هەم کارگێڕی لقی سلێمانی بووە. لە

ئەنجامدا، مامۆستا دلشاد و چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)، بەخاک سپێردراوە.

مامۆستا دلشاد، خێزاندار بووە، لە دوای خۆی، دوو منداڵی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

دەربارەی شەڕی (شیرەمەڕ)و شەهید بوونی مامۆستا دلشادو هەڤاڵەکانی، مەکتەبی سیاسی حزب، لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٤دا، بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە. هەفتەیەک پێش بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە، لقی سلێمانی و کەرکوکی حزبیش بەلاغێکیان، بڵاو کردۆتەوە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٩، لە هەردوو بەیاننامەکەو، ئەندازیار (عەلی وەندی)، برای شەهید، وەرگیراون.

## ١٤٣- عەلی حەمە ئەمین کاکەحەمە



عەلی حەمەئەمین کاکەحەمە، ناسراو بە (عەلی زێڕینجۆیی)، لە ساڵی ١٩٥٣، لە گوندی (زێڕینجۆ)ی سەر بە ناحیەی (عەربەت)ی ناوچەی شارەزور، لەدایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی یەک بۆتە پێشمەرگە. بەشداری ئەو چالاکییە عەسکەرییانەی کردوە، کە هەرێمەکەیان ئەنجامی داون.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٩دا، لە شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکدا، لەگەڵ سوپاو جاشەکانی ڕژێم، لە گوندی (قەڵبەزەو کانی بەردینە)، بە دەستڕێژی شەستیری فڕۆکەکان، بە سەختی بریندار بووەو، هەر لەوێ گیانی سپاردوە. بەشێوەیەکی کاتی، لەوێ نێژراوە. دوای ڕاپەڕین و نەمانی ئیدارەی ڕژێم لە شارەکانی کوردستاندا، کەسوکارەکەی لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا، تەرمی شەهیدیان هێناوەتەوەو، لە گۆڕستانی گوندی (مەوان)ی سەر بە سەید سادق، بەخاکیان سپاردۆتەوە. هەر لەم شەڕەدا، پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (ئیبراهیم عەبدوڵلا عەزیز)، شەهید بووە.

شەهید (عەلی زێڕینجۆیی)، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٩، لە ڕێگای (ئاسەف حەمەڕەشید کەچە)، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ١٤٤- عەلی عەبدوڵلا عەسکەری



عەلـی عەبـدوڵلا عەسـکەری، ناسراو بە (عەلی عەسکەری)، لە سـاڵی ١٩٣٧، لە گونـدی (عەسـکەر)ی سـەر بە نـاحیەی (ئـاغجەلەر)، لە بنەمـاڵەیەکی ئـایینیی لەدایـک بـووە. سـەر بە گرووپی ئایینزای (ئەهلی هەق- هەقە)ن. لە شـاری کەرکـوک چـۆتە قوتابخـانە. ئەو کـاتەی کە قوتـابی بـووە، پەیوەنـدی بە ڕیزەکـانی (یەکێتیـی قوتابیـانی کوردسـتان)ەوە، کـردوە. دواتـر بـۆتە ئەندامێکی چـالاکی (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان). لە سـاڵی ١٩٦٠، لە کـۆنگرەی پێنجەمـی (پـارتی)دا، بـۆتە ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەندی. لەکاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١/٩/١١)دا، لە ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتی کردنـی هێـزی پێشـمەرگەو، بەرەکـانی شەڕدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە. لە ساڵی ١٩٦٢دا، بۆتە فەرماندەی هێزی خەبات. لە لێکترازانەکەی (پارتی)، لە سـاڵی ١٩٦٤، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی)دا، بووە. لەدوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠دا، لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکە، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی (جەلالی و مەلایی)، ڕۆڵێکی ئەرێنی و ئاشتیخوازانەی گێڕاوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، وەک پێشمەرگەو سەرکردەیەک بەشداری شۆڕشـی کـردوە. دوای نسـکۆ، ئـاوارەی شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بـووە. لە پێنـاوی دۆزینـەوەی ڕێگـا چـارەیەک بـۆ بەردەوامیـدان بە شـۆڕش، لەگەڵ هەڤاڵەکـانی زنجیـرەیەک

کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە بگەڕێنەوە عێراق و، پارتێکی سیاسی دابمەزرێنن. گەڕاوەتەوە عێراق. ڕژێم بۆ باشوری وڵات و قەزای (ڕفاعییە)ی دوور خستۆتەوە.

لەکاتی ئەم کۆبوونەوەیەی کە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦دا، دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ی تێدا ڕاگەیەندرا، هەرچەندە وەک دەستەی دامەزرێنەر،بەشدار نەبووە، بەڵام سەرکردەیەکی بە ئاگای جموجۆڵە سیاسییەکان بووە. دواتر بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی (بزوتنەوە). لە ١٩٧٦/٨/٨، لەگەڵ یەکەم مەفرەزەی (بزوتنەوە)، لە قۆڵی سلێمانییەوە، چۆتە شاخ. پەیوەندییەکی تۆکمەو لەمێژینەی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، لەگەڵ (مام جەلال)دا، هەبووە. هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە لە بردنی بزوتنەوە بۆ ناو نیمچە بەرەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان). لە کۆبوونەوەکانی پایزی ١٩٧٧ی سەرکردایەتی یەکێتییدا، بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لەسەر پشکی (بزوتنەوە). لە ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٨دا، لێپرسراوی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (یەکێتیی)، بووە. سەرۆکی یەکەم شاندی دانوستاندنی یەکێتیی بووەو، بەنیازی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتییانە، لە تشرینی دووەمی ١٩٧٧دا، چۆتە بەغدا.

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨دا، بۆ هێنانی چەک و کردنەوەی بارەگا، سەرپەرشتی چوونی هێزێکی گەورەی یەکێتیی کردوە بۆ ناوچەی بادینان. لە سنووری شاری (هەکاری)، باکوری کوردستاندا، لەگەڵ هێزەکانی (قیادە موەقەتە)، لە شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکی بەرفراواندا، بە دیلی گیراوە. هەر لەوێ، لەگەڵ دکتۆر خالید سەعیدو هەڤاڵەکانی، بە دیلی شەهید کراون.

شەهید عەلی عەسکەری، خێزاندارو، دوو هاوژینی هەبووە.

## ١٤٥- عەلی عەبدوڵلا عەلی



عەلی عەبدوڵلا عەلی، ناسراو بە (عەلی هەژار)، لە ساڵی ١٩٤٣دا، لە گوندی (عەوێنە)ی سەر بە شاری هەولێر، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە ساڵی ١٩٦٢دا، پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری هەولێر تەواو کردوەو، بە مامۆستا دامەزراوە. لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولەوە، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ڕیزەکانی پارتیدا، کۆمەڵێک ئەرک و لێپرسراویەتی گرتۆتە ئەستۆ، لەوانە: بەرپرسی یەکێتیی جوتیاران، بەرپرسی لقی دووی پارتی لە هەولێر، بەرپرسی لق لە هیران و نازەنین، ئەندامی لیژنەی دانوستاندنی شۆڕش و حکومەت، ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی،...تاد.

جگە لەم ئەرکانە، لە ڕێکخراوە پیشەییەکانیشدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو، بۆتە ئەندامی (یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێتیی مامۆستایان، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، سەندیکای پارێزەران). لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتەوە شاخ و، وەک سەرکردەیەک ڕۆڵی خۆی بینیووە. دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵات بووە. بە نیازی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو،بەشداری کۆبوونەوەکانی کردوە.

دواتـر گەڕاوەتەوە عێـراق و، لە شـاری بەغـدا، درێـژەی بە خوێـندن داوە کە پێشـتر بەهـۆی شـەڕەوە بەجێیهێشـتبوو. لە سـاڵی ١٩٧٦دا، کـۆلیژی (یاسـا)ی تەواو کـردوەو، بـۆتە پـارێزەر. یەکێـک بـووە لەم شـــەش ئەنـــدامەی کە (بـــزوتنەوەی سۆسیالیســـتی دیمـــوکراتی کوردســتان)یان، دامەزرانـدوە. ئەنـدامی سـەرکردایەتی بـزوتنەوەو، لێپرسراوی هەموو ڕێکخستنەکانی ناوەوە، بووە.

دوای تەواو کردنـی خوێنـدن، گەڕاوەتەوە شـاری هەولێـرو، کـاری پارێزەری کردوە. بەهۆی چـالاکی و جموجۆلی زۆرەوە، کەوتبووە ژێـر چـاودێری چـڕی هێـزە ئەمنییەکـانی ڕژێـم. لە ڕێککەوتـی ١٩٧٩/٤/٩دا، لە ژووری پارێزەرانی دادگای هەولێر، لەلایەن دائیرەی ئەمـنەوە، لەگەڵ (کـاردۆ گەلاڵـی)، هاوپیشـەو هاوڕێبـازی، دەسـتگیر کراون... چارەنووسیان، نادیار بوو. دوای ڕاپەڕین، بە گوێرەی ئەم بەڵگەنامـانەی کە لە دائیـرەی ئەمنـی هەولێـرەوە، دەسـت کەوتـوون، ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢، لەگەڵ کاردۆ و، کۆمەڵێک زیندانی سیاسـی تر، لە سـێدارە دراون. تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوەو، بـۆتە شـەهیدێکی گـۆڕ بزر. ناوی نهێنی کاری سیاسی، (حەسیب)، بووە.

شـەهید عەلـی هەژار، خێزانـدارو دوو هـاوژینی هەبـووە، لە دوای خۆی، چوار کوڕو چوار کچی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

## ١٤٦- غەفور سالح ژاژڵەیی



غەفور سالح ژاژڵەیی، لە ساڵی ١٩٤٨، لە گوندی (کانی بی)ی سەر بە ژاژڵەی ناوچەی ماوەت، لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٤، چۆتە قوتابخانەی ژاژڵەو، قوتابییەکی زیرەک و وریا بووە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٩- ١٩٦٠دا، لەسەر ئاستی شاری سلێمانی پلەی یەکەم و، لەسەر ئاستی عێراقدا، پلەی دووەمی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٠دا، بۆ درێژەدان بە خوێندن، چۆتە شاری سلێمانی. هەر لەم سەرو بەندەدا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەوە، کردوە.

بەهۆی چالاکی سیاسی، لە ساڵی ١٩٦٢دا، لە خوێندن دەرکراوەو، بۆ قەزای (هاشمییە)ی پارێزگای بابل (حلە)، دوور خراوەتەوە. ساڵی ١٩٦٣، گەڕاوەتەوە بەر خوێندن و، خانەی مامۆستایانی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٦٨، بە پیشەی مامۆستا لە گوندی ژاژڵە، دامەزراوە. هەر لەم ساڵەشدا بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی ماوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ئازاری ١٩٧٤دا، لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ چۆتە شاخ و، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆتە (سەرلق). دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە سەر پیشەکەی خۆی، لە ناوچەی ماوەت.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، لە ساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. ساڵی ١٩٧٨، چۆتە شاخ

و بـۆتە پێشـمەرگە. کـادیرێکی پێشـکەوتووی چـالاکی (بـزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)و، فەرماندەیەکی عەسکەری لێهاتوو، بووە.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٧دا، لە نێــوان هەردوو گونــدی (بـــالخ)و (گـاپیلۆن)ی دەڤەری (مــاوەت)، بە دەسـتی دوو سـیخوڕی ڕژێـم، شـــەهید کـــراوە. ســـیخوڕەکان، دوای ئەنجامــدانی تاوانەکەیـــان، پەیوەندییان بە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە، کردوە.

تەرمـی شـەهید غەفـور ژاژڵەیـی، لە گونـدی (کـانی بـی)، بەخـاک سپێردراوە. خێزاندار بووە.

* سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لاپەڕە ٧٩٧- ٧٩٨.



## ١٤٧- فارس ئیسماعیل باوە

فارس ئیسماعیل(سمایل) باوە، لە ساڵی ١٩٦٤، لە گوندی (سێقوچان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، ئامادەیی پیشەسازی، لە شاری هەولێر تەواو کردوە.

لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. کادیرێکی چالاکی ناو ڕێکخستنەکانی شار بووە. بۆ بەجێ گەیاندن و ئەنجامدانی چالاکییەکانی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا، بە نیازی دروست کردنی پۆستەر بۆ شەهیدان، لە گەڕەکی (کوران)ی شاری هەولێر چۆتە ستۆدیۆیەک . خاوەن ستۆدیۆکە ئاگاداری دائیرەی ئەمنی کردۆتەوەو، ئەمن هاتوونەو دەستگیریان کردوە.

لە ڕێککەوتی ١٩٨٨/٥/٢٩دا، لە زیندانی ئەبوغرێب، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گردە ڕەشە)ی نزیک هەولێر، بەخاک سپێردراوە.

شەهید فارس، هاوسەرگیریی نەکردبوو. برایەکی تریشی بەناوی (باوە سمایل باوە)، کە پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان) بووە، لە شەڕی گوندی (شاخەپیسکە)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١١دا، شەهید بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧، لە (لەتیف باوە)ی خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٤٨- فارس حەسەن عەلی باڵەکی



فارس حەسەن عەلی باڵەکی، ساڵی ١٩٥٦، لە گوندی (باڵەکیان)ی سەر بە قەزای ڕواندز، لە خێزانێکی هەژاری گوندنشین، لەدایک بووە. لەبەر هەژاری و باری ئابوری خێزانەکەیان، بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە.

لە نیسانی ١٩٧٨دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردوەو، لە ڕیزەکانی (بزوتنەوە)دا، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆ هەرێمی نۆی باڵەک گواستراوەتەوە. تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی، زۆر کورت بووە. لە بەهاری ١٩٧٨، لەگەڵ ئەم هێزەدا بووە کە چوونەتە ناوچەی بادینان. لە ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٥دا، لە شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوە لە گەلیی (بازێ)ی ناوچەی هەکاری، لەگەڵ هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناسراو بە (قیادە موەقەتە)دا، شەهید بووە. تا ئێستاش چارەنووسی تەرمەکەی نادیارەو، بۆتە شەهیدێکی گۆڕ غەریب.

شەهید فارس، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٨، لە ڕێگای (محەمەد عومەر)، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ١٤٩- فەرەیدون مورشید خورشید



فەرەیدون مورشید خورشید گلی، ناسراو بە (فاروق)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە شاری کەرکوک، لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، پەیمانگای تەکنۆلۆجی لە شاری کەرکوک، تەواو کردوەو، لەسەر ئاستی عێراق، یەکەم بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوە. لەناو شاری کەرکوکدا، لە ڕیزی شانە نهێنییەکاندا، چالاکی ئەنجامداوە. لە ساڵی ١٩٨٢دا، چۆتە شاخ و، لە بارەگای سەرکردایەتیدا، بۆتە پێشمەرگە. کارگێڕی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی بووە.

شەهید فاروق، یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمیتەی ئامادە کردنی (یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان)، کە لە ڕێککەوتی ١٩٨٣/٤/٤دا، دامەزراوەو، گۆڤاری (ڕێبازی لاوان)یان، بڵاوکردۆتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١، لە هێرشەکەی هێزەکانی یەکێتیی بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی، لە ئاشقولکەو پشتئاشاندا، شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)ی شاری سلێمانیدا، بەخاک سپێردراوە. شەهید فاروق، تاقانەی دوو خوشکان بووە، هاوسەرگیریی نەکردبوو.



## ١٥٠- فەیسەڵ قادر ئیسماعیل

فەیسەڵ قادر ئیسماعیل، لە ساڵی ١٩٥٥دا، لە گوندی (بیرەجنە)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر (ناحیەی دارەتووی ئێستا)، لە خێزانێکی هەژاری گوندنشین لەدایک بووە. (بیرەجنە، ناوە ڕەسمییەکەی هەرەجەی گچکە)یە.

لەبەر هەژاری، بۆی نەڕەخساوە بچێتە بەر خوێندن و، نەخوێندەوار بووە. دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە شارو، لە گوندەکەیاندا نیشتەجێ بووە.

دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، لە ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتەوە شاخ و، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، لە هەرێمی (سەفین)ی سەر بە ناوچەی خۆشناوەتیدا، بۆتە پێشمەرگە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا، لە سنووری گوندی (شاخەپیسکە)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، کەوتۆتە ناو بۆسەی هێزەکانی سەر بە ڕژێم و، دەستگیر کراوە.

لە شەوی ٢ لەسەر ١٩٧٨/٤/٣دا، لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراوە. شەهید فەیسەڵ هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ئۆرگانی ناوەندی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، ژمارە (٢٦)، ئابی ١٩٨٤. وێنەکەی، لە ڕێگای (سابیر حوسێن شێروانی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراوە.



## ١٥١- قادر حەمەد مەحمود

قادر حەمەد مەحمود، ناسراو بە (قادر شۆڕش)، لە ساڵی ١٩٤٤، لە گوندی (قەراسنجی سەروو)ی بناری چیای سەفین، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بەهەوڵ و کۆششی خۆی، فێرە خوێندن و نووسین بووە. لە ساڵی ١٩٤٣دا، بۆتە سەربازو، بۆ (قوبرس)، نێردراوە. لە ساڵی ١٩٤٧دا، بۆتە ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان). بەهۆی چالاکییەکانییەوە، لەساڵی ١٩٥٤دا، لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی عێراقەوە، گیراوەو، دوای دوو ساڵ لە زیندان مانەوە، لە ساڵی ١٩٥٦دا، ئازاد کراوە. لەسەر داوای حزب، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨، کتێبخانەی (شۆڕش)ی لەژێر قەڵای هەولێردا، کردۆتەوە. ئەم نازناوەش (شۆڕش)ی، لە سەرینی ناوی ئەم کتێبخانەیەوە، بۆ ماوەتەوە. کتێبخانەی شۆڕش، ببووە شوێنی گردبوونەوەو یەکتر بینینی ئەندام و لێپرسراوەکانی پارتی و، ئاڵوگۆڕ کردنی بڵاوکراوەکان.

لە ١٩٦١/٩/١٤دا، جارێکی تر زیندانی کراوە. دوای سێ مانگ مانەوە، ئازاد کراوە. لە ڕۆژی ١٩٦٢/٥/٣١دا، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک، دەستگیر کراوەتەوە. دوای چەند مانگێک، ئازاد کراوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا، بۆتە ئەندامی ناوچە. لە لێکترازانەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤دا، کەوتۆتە لای باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی)و، چۆتە ئێران.

دوای ماوەیەکی کەم گەڕاوەتەوە ناو پارتی (دایک)و، لە ڕێکەوتی ١٩٦٥/٥/٨دا، بۆتەوە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٦٩، بۆتە ئەندام ناوچە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، بۆتە بەرپرسی ناوچەی کۆیە. لە ١٩٧٣/٢/٢٤دا، بۆتە لێپرسراوی یەکێتیی لاوانی شەقڵاوە. لە کاتی نسکۆی شۆڕش، لێپرسراوی ناوچەی شەقڵاوە بووە. دوای نسکۆ، ئاوارەی ئێران بووەو، بەشداری کۆبوونەوەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کردوە.

لە ١٩٧٥/٤/١٤دا، لە شاری (نەغەدە)وە، گەڕاوەتەوە هەولێر. لە ١٩٧٥/١٢/٢٢دا، وەک چاودێری کار (مراقب عمل)، لە بەڕێوەبەرێتیی خۆجێیی هەولێر، دامەزراوە. دوای دامەزراندنی (بزوتنەوە)، لەلایەن (عەلی هەژار)ەوە، پەیوەندی پێوە کراوەو بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی ناو شاری هەولێر. لە هاوینی ١٩٧٩دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە یەکەم کۆنگرەی حزب (١٢- ١٩٨١/٥/١٥)، بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- حسک). هەر لەوێش وەک لێپرسراوی (لقی هەولێر)، دەست نیشان کراوە. ئەوکات، بارەگای لقی هەولێر، لە گوندی (سماقولی سەروچاوە)، بووە.

لە ١٩٨٣/٦/١١دا، لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ، بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی (ڕیخۆڵە کوێرە)، لە گوندی (ئاریانە)ی نزیک ناحیەی دێگەڵە، کۆچی دوایی کردوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد)ی شاری هەولێر، بەخاک سپێردراوە.

شەهید قادر شۆڕش، لەدوای خۆی، پێنج کورو شەش کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، لاپەڕە ٣٢٥- ٣٢٦.**

## ١٥٢- قادر سابیر شێخەڵلا



قادر سابیر شێخەڵلا، یان قادری مەلا سابیر، ناسراو بە (بێکەس)، لە ساڵی ١٩٤٩دا، لە گوندی (تەتراوە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری گوندنشین، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە، هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٤،لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٦٧دا، بۆتە کادیر لە ناوچەی جوتیاران. لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە شاری هەولێر.

دوای دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، لە ڕێگای شەهیدان (عەلی هەژارو قادر شۆڕش و کاردۆ گەلاڵی)یەوە، پەیوەندی پێوە کراوەو، لە ساڵی ١٩٧٧، بۆتە ئەندامی ڕێکخستنەکانی بزوتنەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و لە ناوچەی دەشتی هەولێر بۆتە کادیر... دوای ماوەیەکی کەم، بۆتە ئەندام ناوچە. بەشداری زۆربەی چالاکییە عەسکەری و سیاسییەکانی کردوە، کە کۆمیتەی ناوچەی هەولێر، تێیدا بەشدار بووە.

لە ساڵی ١٩٨٦، لە ڕوداوێکی تەمومژاویدا، شون بزر بووە، تا

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کەس چارەنووسی نازانێت. بۆتە شەهیدێکی گۆڕ غەریب. لەکاتی شون بزر بوونی، کارگێڕی ناوچەی دەشتی هەولێر بووە.

شەهید (بێکەس)، خێزاندار بووە. دوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٠، لە (زیرەک)ی کوڕی شەهیدو، کتێبی: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، وەرگیراون.

## ١٥٣- قادر مستەفا حەسەن



قادر مستەفا حەسەن، ناسراو بە (قادر مستەفا)، لە ساڵی ١٩٤٥دا، لە گوندی (پەرکانە)ی سەر بە قەزای (دوبز)، لەدایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (لەک)ە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە، هێناوە. لە سەردەمی (حەرەس قەومی)یەکان، ساڵی ١٩٦٣، گیراوە. بەهۆی لێزانینی خۆی، لە زیندان ڕایکردوە. لە ساڵی ١٩٦٤دا، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان (شۆڕشی ئەیلول)ەوە، کردوە. لەکاتی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆتە فەرماندەی پەل (سەرپەل). هەندێک دەڵێن (سەرلق).دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە عێراق. لەلایەن ڕژێمەوە، بە خێزانەوە بۆ خوارووی عێراق (ناحیەی غەمماس)ی سەر بە پارێزگای (دیوانییە)، دوور خراوەتەوە.

پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ هاوڕێ دوورخراوەکانیدا هەبووە. ئاگاداری جموجۆڵ و چالاکییەکانیان، بووە. دوای ڕاگەیاندنی (بزوتنەوە)، لە ڕێگای خزمێکییەوە، لە ڕۆژی ١٩٧٦/٦/٤، هاوسەرو منداڵەکانی ڕەوانەی شاری هەولێر کردۆتەوە. دوای ماوەیەکی کەم، خۆیشی بە نهێنی گەڕاوەتەوە کوردستان و، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە،

کردوەو، لە هەرێمی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی ناوبانگ و چالاکییەکانی، سێ جاران هاوژین و منداڵ و براکانی، گیراون و زیندانی کراون.

لەکاتی پێشمەرگایەتیدا، کۆمەڵێک ئەرک و لێپرسراویەتی پێ سپێردراوە. لە کاتی شەهید بوونی، فەرماندەی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بووە، کە یەکێک بووە لە هەرێمە پڕ پێشمەرگەو چالاکەکان. بە قسەی هەموو فەرماندەو سەرکردەکان (دۆست و نەیار)، قادر مستەفا هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆو، ئازاردانی خەڵک بووە. بەهۆی ململانێی نادروستی حزب، لەلایەن مەفرەزەیەکی باڵی جیابۆوە (باڵی قادر عەزیز)، لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٥، شەهید کراوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گردە ڕەشە)ی نزیک هەولێر، بەخاک سپێردراوە.

شەهید قادر مستەفا، لەدوای خۆی چوار کوڕو چوار کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، لاپەڕە ٣٣٨- ٣٣٩.**



## ١٥٤- قادر مەعروف مستەفا

قادر مەعروف مستەفا، ناسراو بە (کاکەسوور قۆڕیتانی)، لە ساڵی ١٩٥٣، لە گوندی (قۆڕیتان)ی سەر بە قەزای کۆیە، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، فێرە خوێندنەوەو نووسین بووە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە. لە شۆڕشی نوێدا، لە ڕێگای نامەیەکی دکتۆر خالید سەعید کە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا، بۆی ناردوە، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان). دوای ماوەیەک پێشمەرگایەتی، بە بڕیاری شۆڕش، تەسلیم بۆتەوەو، گەڕاوەتەوە شاری کۆیە. لە ڕێکخستنەکان کاری کردوە. بەهۆی چالاکییەکانی لەناو شاری کۆیە، لە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢، لەگەڵ جەوهەر ناسکە لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە گیراون. لە ١٩٨٠/١١/٣، بە هاوکاری ڕێکخستنەکانەوە زیندانیان شکاندوەو، چوونەتەوە شاخ و، لە هەرێمی پازدەی شەهید دکتۆر خالید، بوونەتەوە بە پێشمەرگە. بەهۆی چالاکی و لێهاتوویی، بۆتە جێگری فەرماندەی هەرێم. بەهۆی خیانەتی هەندێک لە هەڤاڵەکانی و، سەنگەر گواستنەوە بۆ ناو یەکێتیی، لە ڕۆژی ١٩٨٣/١/٢١، لە گوندی

(سوێرە)ی دەشتی کۆیە، لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە، بەدیل گیراوە. زۆر هەوڵیان لەگەڵداوە بیکەن بە یەکێتیی، ئەو ڕازی نەبووە. بۆیە بە بڕیاری سەرکردایەتی، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٤، بە دیلی شەهید کراوە. (لە ژمارە ٢١ی ڕێگای ئازادی ١٩٨٣/٦/٢١ نووسراوە). تەرمەکەی لە گۆڕستانی (قۆڕیتان)، بەخاک سپێردراوە. شەهید کاکە سوور، خێزاندار بووە، لە دوای خۆی کوڕێک و کچێکی بە ناوەکانی (عەبدولخالق، نێرگز)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە. برایەکی تریشی شەهیدی سۆسیالیستە.

* وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی (پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، لە بابەتێک وەرگیراون کە (عەبدولخالق)ی کوڕی شەهید، نووسیوویەتی.

## ١٥٥- قاسم ئەبوبەکر عەلی



قاسم ئەبوبەکر عەلی، ناسراو بە (قاسم دارەتوویی)، لە ساڵی ١٩٦٣، لە گوندی دارەتوو (ناحیەی ئێستا)، لە خێزانێکی گوندنشینی جوتیار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوە، وازی هێناوە. ساڵی ١٩٨٢، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. هەر هەمان ساڵ چۆتە شاخ و، لە کەرتی شەشی سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەی کردوە، بەتایبەتیش شەڕەکانی بەستی شرغە.

شەوی ١٢ لەسەر ١٩٨٣/٢/١٣، هێزێکی یەکێتیی هێرشیان کردۆتە سەر مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست و، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە گوندی (نێرەگێن)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە. دوای شەڕێکی قورس، (قاسم)و شەش پێشمەرگەی سۆسیالیست و، دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (دارەتوو)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید قاسم، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٣، لە (مەغدید)ی برای شەهید، وەرگیراون.



## ١٥٦- قاسم سەلیم کەچەڵ

قاسم سەلیم کەچەڵ، لە ساڵی ١٩٦٢، لە گوندی (سێقوچان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. لەبەر هەژاری و کارو کاسبی کردنەوە، بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و، لە کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٢٥دا، هێزێکی هاوبەش کە لە کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێرو هەرێمەکانی حەوت و هەشت و، قوەی زورگەزراو پێکهاتبوون، چوونەتە ناوچەکانی گوێڕو دیبەگەو مەخمور. لە چیای قەرەچوغ، ڕوو بەڕووی هێزێکی زۆری جاشەکانی ناوچەکەو ئیستخبارات بوونەتەوە. لەم شەڕەدا، (قاسم سەلیم)، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گردە ڕەشە)ی نزیک هەولێر، بەخاک سپێردراوە.

شەهید قاسم خێزاندار بووە. لەدوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (هونەر، کاروان)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** سەرچاوە: ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (١٢)، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٢. وێنەو بەشێک لە زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٦، لە (هونەر)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.**



## ١٥٧- قەهار ئیسماعیل بایز

قەهار ئیسماعیل بایز، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (پەرکانە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. خەریکی کارکردن و کاسبی جۆر بەجۆر بووە. ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە) کردوەو، لە چوارچێوەی شانە نهێنییەکاندا، چالاکی ئەنجامداوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و، لە کەرتی شەشی سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی هەرێمەکەی کردوە. کاتێک کە خەریکی گەڕان و سوڕان و پلان دانانی چالاکی عەسکەری بووینە، لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/٢/١دا، لە کەلی قەشقە کەوتوونەتە ناو بۆسەی سوپاو جاشەکانی ناوچەکە. دوای شەڕو بەرەنگار بوونەوە، قەهار شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پەرکانە)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید قەهار، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٦، لە ڕێگای (ئیسماعیل مام خەلیفە میرەکانی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.**

## ١٥٨- کاردۆ عەبدولقەهار مستەفا



کاردۆ عەبدولقەهار مستەفا گەلاڵی، ناسراو بە (کاردۆ گەلاڵی)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (کەردز)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە قوشتەپەو شاری هەولێر، تەواو کردوە. لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردو، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەوە، کردوە. دوای ئەوە، پەیوەندی بە (پارتی)یەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٣، بۆتە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی لقی هەولێری (یەکێتیی قوتابیان). لە ساڵی ١٩٧٤، کە شەڕ دەستی پێ کردۆتەوە، چۆتە شاخ ... لە لایەک سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی قوتابیانی کردوە، لەلایەکی تریش وەک پەیامنێرێک هەواڵ و چالاکی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێری ئامادە کردوەو، بۆ ڕادیۆی (دەنگی کوردستانی عێراق)ی ناردوە.

پێش هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، کۆمەڵێک چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ئەنجامداوە، وەک:

- کاتێک کە قوتابی دواناوەندی هەولێری کوڕان بووە، لە ساڵی ١٩٧٢دا، لەگەڵ هاوڕێکانی گۆڤارێکیان بەناوی (بیری نوێ)، بڵاو کردۆتەوە. هەر لەم سەروبەندەدا، بە هاوبەشی بەشی ڕاگەیاندنی

لقی هەولێری (یەکێتیی قوتابیان)، چەند ژمارەیەکیان لە بڵاوکراوەی (دەنگی قوتابیان)، بڵاو کردۆتەوە.

- لە سـاڵی ١٩٧٣، وەک پەیامنێرێـک لە ڕۆژنـامەی (ألتـأخي)و ڕۆژنامەی (برایەتی)، کاری کردوە.

لە سـاڵی ١٩٧٢، لە کـۆلیژی (یاسـا)ی زانکـۆی (موستەنسـریە)، لە بەغدا وەرگیراوە. بەهـۆی شـەڕی ئازاری ١٩٧٤، نەیتوانیوە تەواوی بکات. دوای نسکۆی شـۆڕش، ئاوارەی شـارەکانی ڕۆژهەڵات بـووە. بەشـداری کۆبوونەوەکـانی کـردوە. دوایـی گەڕاوەتەوە عێـراق و، چۆتەوە بەرخوێندن (زانکۆ).

لە کـانوونی دووەمـی ١٩٧٦، هەرچەنـدە لەگەڵ ئەم کۆبـوونەوەیە نەبـوو کە دامەزرانـدنی (بـزوتنەوەی سۆسیالیسـتی دیمـوکراتی کوردستان)ی لە بەغدا،تێدا ڕاگەیەندرا، بەڵام یەکێک بووە لە ئەندامە چالاک و ڕۆشنبیرەکانی بزوتنەوە. ئاگاداری پلان و دامەزراندنی ئەم ڕێکخـراوە بـووە. دواتـر بـۆتە ئەنـدامی سـەرکردایەتی ولەگەڵ عەلـی هەژار، سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوخۆی کردوە. یەکێک بـووە لە چەپە توندڕەوەکانی نـاو ئەم ڕێکخراوە، کە هەندێک خەڵکی چەپ و کۆمۆنیست بە (ئارامەکەی ناو کۆمەڵە)ی دەچوێنن.

لە ساڵی ١٩٧٨، کۆلیژی یاسـای تەواو کردوە، لە هەولێر خەریکی کـاری پـارێزەری بـووە... بیـرۆی کـارکردنی کردبـووە شـوێنی کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکان.

لە بـواری نووسـینیش، چەنـدین بـابەتی لە ڕۆژنـامەو گۆڤارەکـانی وەک: ڕۆژی کوردستان، شۆڕشی کشتوکاڵ، بۆ پێشـەوە، هاوکاری، برایەتی و.... تاد، بڵاو کردۆتەوە... جگە لەم وتارانە، دوو کتێبیشی بە ناوەکانی:

١- زێـدەبایی، قـانوونە بەناوبـانگەکەی مـارکس لەمەڕ ئـابووری سەرمایەدارییەوە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٧.

٢- عەلـی شـوون هەڵگـر پسـپۆڕێکی بەهـرەوەر بـوو، چاپخـانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٧٨.

بەنـدە (ئیسـماعیل تەنیـا)ش، لە سـاڵی ١٩٩٧، کۆمەڵێـک بـابەتی بڵاوکراوەو بڵاو نەکراوەی (لە شیعرو وتار)، لە دوو توێی کتێبێکی ٩٦ لاپەڕەیـی، بەنـاوی: کـاردۆ گەلاڵـی نووسـەرو پـارێزەرو سیاسـەتمەدار، بـڵاو کـردۆتەوە... کە دەتـوانین بە سـێیەم کتێبـی (کاردۆ)ی لەقەڵەم بدەین.

ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٩، لە ژووری پـارێزەرانی دادگـای هەولێـر، لەگەڵ (عەلی هەژار)ی هاوڕێی، لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێرەوە، دەستگیر کـراون. دوای ڕوخـانی ڕژێـم، بە گـوێرەی ئەم بەڵگەنامـانەی کە لە دائیـرەی ئەمـنەوە دەسـت کەوتـوون، کـاردۆ و عەلـی هەژار، لەگەڵ چەند زیندانییەکی تر، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢دا، لە سێدارە دراون.

تا ئێستاش چارەنووسی تەرمەکانیان نادیارەو، دوو شـەهیدی گۆڕ غەریبن. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

شەهید کاردۆ گەلاڵی، نـاوی نهێنی (سـوارە) بووە... لە ئەدەبیات و بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی سۆسیالیستدا، بە (سوارە)، ناوی هاتووە.

---

*** سەرچاوە:**

**- ئیسماعیل تەنیا، کاردۆ گەلاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧.**

**- ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، هەڵکشان... داکشان... پەرتەوازە بوون، چاپی یەکەم،. هەولێر، ٢٠١٩.**



## ١٥٩- کاکەزیاد حەسەن عەزیز

کاکەزیاد حەسەن عەزیز مەنمی، ناسراو بە (کاکەزیاد کەردزی)، لە ساڵی ١٩٥٤، لە گوندی (کەردز)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠، چۆتە شاخ و، لە کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی چالاکییەکانی بۆتە فەرماندەی مەفرەزەو، جێگری فەرماندەی کەرتی سەر بە ناوچە.

لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/١١/٢٧دا، لە کاتێکدا کە خەریکی کاری حزبی و هوشیار کردنەوەی خەڵکی ناوچەکە بوون، لە شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ سوپاو جاشەکانی ناوچەکە، لە گوندی (منارە)ی سەر ڕێگای هەولێر- مەخمور، لەگەڵ خەسرۆ ئیسماعیل، شەهید بووینە. ئەوکات، شەهید (سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل)، ناسراو بە مامۆستا سەلاح، لێپرسراوی ناوچەی دەشتی هەولێر بووە.

تەرمی کاکەزیاد، لە گۆڕستانی گوندی (کەردز)، بەخاک سپێردراوە. خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (ئەمیر، دلگیر)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٨، لە ڕێگای (ئارام عەبدوڵلا مستەفا)وە، لە کوڕەکانی شەهیدو، وێنەکەشی لە ئەلبوومی تایبەتی (عوسمان حوسێن عەبدوڵلا گۆمەشینی)، هاوڕێی شەهید، وەرگیراون.

## ١٦٠- کامەران سەعید والی بەگ



کامەران سەعید والی بەگ، ناسراو بە مامۆستا کامەران، لە ساڵی ١٩٥٤، لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە ساڵی ١٩٧٥، خانەی مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواو کردوەو، بۆتە مامۆستا. لە ساڵی ١٩٧٣، کاتێک کە قوتابی پۆلی سێی ناوەندی بووە، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەوە کردوە.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، لە ساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. ئەندامێکی چالاکی خەباتی نهێنی بووە. لە ساڵی ١٩٨١، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکی هوشیارکردنەوەی خەڵک و چالاکی عەسکەری کردوە. تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بووە. لە ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢، لەگەڵ شەهیدی سەرکردە (تاهیری عەلی والی)و هەڤاڵەکانی، لە چیای قەندیل کەوتوونەتە ناو زەنە بەفرو، شەهید بووینە. تەرمی مامۆستا کامەران، لە گۆڕستانی گوندی (میرەدێ)، بەخاک سپێردراوە.

ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، لە ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (١٢)، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٢،و (جەمیل حەمەوبەگ)، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٦١- کامەران محەمەد محەمەدئەمین



کامەران محەمەد محەمەدئەمین، ناسراو بە (کامەرانی حەمە تاتە)، لە ساڵی ١٩٦١، لە گەڕەکی (سابونکەران)ی شاری سلێمانیدا، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی ناوەندیدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. هەر ئەم ساڵە، کاتێک کە لەدوای ئەنجامدانی چالاکییەکی ڕێکخستنەکان دەگەڕایەوە، لە ڕێگای سلێمانی- پێنجوین، دەستگیر کراوە. لە دادگای شۆڕش (سەر بە ڕژێم)، حوکمی بیست ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/١٨دا، بەر لێبووردنی گشتیی کەوتووەو، ئازاد کراوە. دوای ئازاد بوونی چۆتە شاخ و، لە کەرتی یەکی سەر بە هەرێمی چوار بۆتە پێشمەرگە.

لە ڕۆژی ١٩٨١/٣/١١دا، لەدوای ئەنجامدانی چالاکییەکی عەسکەری دژ بە هێزەکانی ڕژێم، لەسەر شەقامی سەرەکی سەید سادق،لەکاتی پشوودان، لە گوندی (ناوگردان)، گولله ئاربیجییەک بەدەستیدا تەقیوەتەوەو،شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی (شەهیدان)ی شاری سلێمانی، بەخاک سپێردراوە. شەهید کامەران هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٢، لە (سۆزان حەمە تاتە)ی خوشکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٦٢- کاوە عومەر حوسێن خدر



کاوە عومەر حوسێن خدر، لە ساڵی ١٩٦١، لە گوندی (قەرەسالم)ی سەر بە ناحیەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری)، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، پێشمەرگەو کاری کوردایەتی لەلای ئەو کارێکی نامۆ نەبووە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. دوای ماوەیەکی کەم، هەر ئەم ساڵە، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە.

لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، لە ساڵی ١٩٨١، لە نزیک زێی سیروان، بریندار بووە. بۆ چارەسەرکردنی، ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کراوە. دوای چاکبوونەوە، گەڕاوەتەوە ناو هێزی پێشمەرگە. لە زۆربەی شەڕەکانی هەرێمی هەشت بەشدار بووە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١دا، هێزەکانی یەکێتیی لە چەمی گوندی (قەرەسالم)، گەمارۆی داون، دوای شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوە، کاوەو، حەوت پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی: (وەلی حەمەدەمین،

نەســرەدین یاســین، نەســرەدین خورشــید، عەبـدولکەریم حوســێن، عوسمان عومەر، ئازاد ڕەحمان، فەرهاد شوکر)، شەهید بووینە.

تەرمـی شــەهید کـاوە لە گۆڕســتانی گونـدی (قەرەســالم) بەخـاک سـپێردراوە. هاوسـەرگیریی کردبـوو، لەدوای خـۆی سـێ کچـی بـۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٤، لە ڕێگای (عەلی برایم دەروێش)، لە کچەکانی شەهید وەرگیراون.

## ١٦٣- کاوە محەمەد محەمەئەمین حەمەمراد



کـاوە مـحـەمەد محەمەدئەمـین حەمەمـراد، ناسـراو بە (کـاوەی حەمەتـاتە)، لە سـاڵی ١٩٦٠، لە گەڕەکی (سـابونکەران)ی شـاری سـلێمانی، لەدایـک بـووە. لەبەر ئەوەی دوو بـرای تریشـی پێشـمەرگە بـووینە، ئەویـش لە سـاڵی ١٩٧٩، پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنە نهێنییەکـانی (حزبـی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردستان)ەوە، کردوە. کادیرێکی چالاک و ڕۆشنبیری سۆسیالیست بـووە. بەهـۆی چـالاکی و جموجـۆڵیەوە، بەردەوام لەژێـر چاودێری پیـاوانی ڕژێـم بـووە. لە حوزەیرانی سـاڵی ١٩٨٢دا، کاتێک کە لەناو هـۆڵی تاقیکردنەوەکـانی کۆتـایی سـاڵی دوا قۆنـاغی خوێنـدن (ئامـادەیی پیشەسـازی ١٧ی تەموز)دا، بووە، دەستگیر کراوە. بێ سەرو شوێن و هەواڵ بووە.

دوای ڕاپەڕین و دۆزینەوەی بەڵگەنامەکانی ڕژێم لە دائیرەی ئەمنی سـلێمانی، ئاشـکرا بـووە کە (کـاوە)و (ئەردەلان)ی بـرای و، چەنـد زیندانییەکی تر، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢دا، لە سێدارە دراون.

تەرمەکانییان نەدۆزراونەتەوە، بوونەتە جووتە برای گۆڕ غەریب. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو.

شەهید کاوە، جگە لە خوێندن و کاری ڕێکخستن و کوردایەتی، لە

بواری شانۆو نواندن و شیعر نووسینەوە، گەنجێکی چالاک و جێگای ئومێد بووە. کۆمەڵێک شیعری جوانی (وەک دەستنووس)، لەدوا بەجێماوە. یەکێک بووە لەم گەنجە شیعر نووسانەی، کە تەواو لەژێر کاریگەریی شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا بووە. کاتی خۆی، بەنیازی چاپکردن بۆ دائیرەی (رقابة عامة)ی ناردوە، ڕەفز کراونەتەوەو مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێنەدراوە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٩، لە (سۆزان حەمەتاتە)ی خوشکی شەهید، وەرگیراون.**

## ١٦٤- کەمال عەلی فەقێ ئیبراهیم



کەمال عەلی فەقێ ئیبراهیم، لە ساڵی ١٩٦٢، لە گوندی (دەربەند)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لەدایک بووە. لە نسکۆی شۆڕش لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵات بووینە. دوای گەڕاونەتەوەو بۆ باشووری عێراق، گوندی (کەمالییە)ی سەر بە شاری کەربەلا، دوور خراونەتەوە. دوای گەڕاونەتەوە گوندەکەیان.چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوویەتی. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان- حسیک)، کردوە. بۆتە لێپرسراوی (ڕێکخراوی شەهید سالح یوسفی )، لەناو شارو کادیرێکی چالاک بووە. بە هۆی چالاکییەکانی ، ئاشکرا بووەو، لە ڕۆژی ١٩٨١/٧/٢٨دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی نۆی باڵەک، بۆتە پێشمەرگە. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەدا، بەشداری کردوە.

لە شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ سوپاو جاشەکانی ناوچەکە لە گوندی (ئاشی خدراغا)، لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٢دا، بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم کەوتووەو، شەهید بووە. دوازدە ڕۆژ پێش شەهید بوونی، مامێکی پێشمەرگەی بە ناوی (وەسمان گەلەژێری)، شەهید بووە. تەرمی شەهید کەمال، لە گوندی (شێرکاوە)ی ناوچەی باڵەکایەتی، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

*** سەرچاوە: ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، ژمارە (٢٤). وێنەی شەهید کەمال، لە ڕێگای (محەمەد عومەر)ەوە، وەرگیراوە.**



## ١٦٥- کەمال حەمەد مستەفا

کەمال حەمەد مستەفا، ناسراو بە (کەمال حەمەد مستەفا ئاغا)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گوندی (بێتواتە)ی بناری چیای ماکۆک، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، هەر لە گوندەکەی خۆیاندا قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە تەمەنی لاوێتییەوە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە. لە ساڵانی ١٩٧٤و ١٩٧٥، بەشداری شەڕەکانی (شیشارو ماکۆک)ی کردوە. دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە بێتواتە.

لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە پاییزی ١٩٧٦، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم، کەسوکاریان گرتووەو، بۆ شاری (سەماوە)ی باشوری عێراقیان دوور خستوونەتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/١٧، خۆیی و پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی (سەعید خدر فەقێ ئەحمەد)، لە سنووری ئێران و حاجی ئۆمەراندا، لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیر کراون. ڕادەستی ڕژێمی بەغدا کراونەتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/٢١، لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراون. تەرمەکانیان نەدراونەتەوە کەسوکاریان و، بوونەتە دوو شەهیدی گۆڕ غەریب.

* ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لاپەڕە ٩٨٩.



## ١٦٦- کەمال واحێد مەحمود

کەمال واحێد مەحمود، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری گوندنشین، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (سەفین)، ناوچەی خۆشناوەتی لەلای (سەید کاکە)، بۆتە پێشمەرگە.

لە شەڕی بەناوبانگی گوندی(دەشتێو)ی نزیک قەلادزێ، لە شەڕێکی قورس و بەرفراوان لەگەڵ سوپاو هێزەکانی تری ڕژێم، لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨، بەدیل گیراوە.

دوای سێ مانگ مانەوە، لە ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٤، لە زیندانەکانی شاری موسڵ، لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکاری نەکراوەتەوەو، بە شێوەیەکی نهێنی و بێ ناو نووسین، لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی موسڵ، بەخاک سپێردراوە.

شەهید کەمال، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی کچێکی بەناوی (غەمگین)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٢، لە ڕێگای (هێرش بەکر عوسمان گۆمەشینی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ١٦٧- گوڵە کەریم ئەحمەد



گوڵە کەریم ئەحمەد، ناسراو بە (دایکە گوڵە)، لە ساڵی ١٩٣٩، لە شاری قەڵادزێ لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. نەخوێندەوارو کابانی ماڵەوە بووە. هاوسەرەکەی، ژنێکی تری هێناوەو، دایکە گوڵەو شەش منداڵی بەجێهێشتووەو، منداڵەکانی لە نازی باوکایەتیدا، بێبەش کردوە. ئەم ژنە سەلارە، بۆ بەخێو کردنی منداڵەکانی، کاری کشتوکاڵی و پاککردنەوەی ماڵانی کردوە، بۆیان بوویتە باوکیش و، بە جوانترین شێوە، گەورەو پەروەردەی کردون.

(دایکە گوڵە)، برایەکی بە ناوی (سەربەست کەریم ئەحمەد)، پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، بووە. لە ڕێگای برایەکەیەوەو، بە حوکمی هەڵکەوتەی جوگرافیای قەڵادزێ، پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ (حزبی سۆسیالیست)دا، هەبووە. لە ڕێگای ماڵی (دایکە گوڵە)وە، نامەو ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی ڕێکخستن و کەسوکاری پێشمەرگە، دەگەیشتە شاخ. بە پێچەوانەوەش، لە شاخەوە، دەگەیشتە ڕێکخستنەکان و، کەسوکاری پێشمەرگە. سەرەڕای ئەمەش، ماڵەکەیان ببووە حەشارگەیەک بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە بە نهێنی بۆ ئەنجامدانی چالاکی ڕێکخستن و عەسکەری، هاتوونەتە شارو، لە ماڵی (دایکە گوڵە)دا، حەشار دراون.

کاتێک کە لە ساڵی ١٩٨٩دا، خەباتی چەکداری هەموو هێزە کوردییەکان، کز ببوو، پێشمەرگە لە دیوی ئێران و سەر سنوورەکان بوون، ئەم هەوڵەی ماڵی (دایکە گوڵە)، گوڕو تینێکی تری بە چالاکی و شێوەکانی خەبات، دەدایەوە. بەهۆی ساویلکەیی هەندێک لە لێپرسراوانی ڕێکخستنەکان، ئەم تۆڕی پەیوەندییە ئاشکرا بووە. لە ڕۆژی ١٩٨٩/٥/٢، دایکە گوڵە لە ماڵەکەی خۆیدا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە گیراوەو، ڕەوانەی دائیرەی ئەمنی سلێمانی (ئەمنە سوورەکە)، کراوە. دوای ئەشکەنجەو ئازاردانێکی زۆر، هیچ نهێنی و زانیارییەکی نەدرکاندوە. دوای شەش مانگ و بیست و سێ ڕۆژ لە زیندان مانەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٢٥دا، لە سێدارە دراوە.

لە مێژووی خەباتی سیاسی باشووری کوردستاندا، دایکە گوڵە، لە دوای (لەیلا قاسم ١٩٥٢- ١٩٧٤/٥/١٢)، دووەم ئافرەتی کوردە کە سەربەرزانە چۆتە ژێر پەتی سێدارەو، گیانی خۆی بەخشیووە. تەرمەکەی، بە شێوەیەکی نهێنی، لە گردی (سەیوان)ی سلێمانیدا بەخاک سپێردراوە. دوای ڕاپەڕین، لە بۆنەیەکی شکۆمەندانەدا، بە ئامادە بوونی نوێنەری هێزە سیاسییەکانی کوردستان، تەرمی دایکە گوڵەو مەحمودی کوڕی، لە زستانی ساڵی ١٩٩٢دا، هێنراونەتەوە قەڵادزێ و، لە گۆڕستانی ئەم شارە (ئارامگای شەهیدان)، بەخاک سپێردراونەتەوە.

دایکە گوڵە لەدوای خۆی، دوو کوڕو سێ کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٧، لە (دلشاد)ی کوڕی دایکە گوڵە، وەرگیراون.

## ١٦٨- لوقمان مستەفا محەمەد



لوقمان مستەفا محەمەد، لە ساڵی ١٩٦٥، لە گوندی (دەرماناو)ی سەر بە ناحیەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری)، لە خێزانێکی هەژاری گوندنشین، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوەو،وازی لە قوتابخانە هێناوە.

لە ساڵی ١٩٨١دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٥، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە.

لە شەوی ٥ لەسەر ١٩٨٦/٩/٦دا، لە گوندی (ئۆمەراوە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لەلایەن جاش و مەفرەزە خاسەکانی ناوچەکەوە، شەهید کراوە.

تەرمەکەی، لە گوندەکەی خۆیان (دەرماناو)دا، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو. برایەکی تریشی بە ناوی (جەعفەر)، شەهیدی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ە.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٧، لە (نەریمان)ی برای شەهید، وەرگیراون.**



## ١٦٩- محەمەد بەکر

محەمەد بەکر، ناسراو بە (محەمەدی مام بەکری)، لە ساڵی ١٩٦١، لە گەڕەکی (قەڵات)ی شاری کۆیە، لە خێزانێکی هەژاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قوتابخانەی (حاجی قادری کۆیی)، لە قۆناغی سەرەتاییدا، لەبەر دەست کورتی خێزانەکەیان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و،وازی لە خوێندن هێناوە. بە کاری کرێکارییەوە خەریک بووە.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٦دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٥)ی شەهید دکتۆر خالید، لە ڕیزەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)دا،بۆتە پێشمەرگە. لە چەندین چالاکی و شەڕی دژ بە هێزەکانی ڕژێم، بەشداری کردوە.

ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٩، کاتێک کە لەگەڵ (جەنگی سەید حەمەدەمین)ی هاوڕێی، لە ئاوی (گەلی خدران)ی بناری چیای کۆسرەت، خەریکی خۆشووشتن بووینە، لەلایەن مەفرەزەیەکی (یەکێتیی)یەوە چوار دەوریان گیراوە، تەقەیان لێکردون و، هەردووکیان لەوێ شەهید بووینە. کاتی شەهید بوونی، لە کەرتی شەهید (سەرباز)ی سەر بە هەرێمی (١٥)دا، پێشمەرگە بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی شاری کۆیە (گۆڕستانی قشلە)، بەخاک سپێردراوە. شەهید محەمەد، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٥، لە ڕێگای (دڵسۆز حوسێن)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون. لە (ڕێگای ئازادی)، سەردەمی شاخیشدا، ژیاننامەکەی بڵاو کراوەتەوە.**



## ١٧٠- محەمەد خدر حەمۆڵ

محەمەد خدر حەمۆڵ، لە ساڵی ١٩٥٤، لە گوندی (کۆمتان)ی سەر بە ناوچەی پشدەر، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٦دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لەگەڵ هێزەکەی (عەبدوڵلا سوور)دا، بووە. لە شەڕی سماقولی (١٩٧٩/١٢/٢٤)دا، ڕۆڵێکی قارەمانانەی بینیووە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەی کردوە.

دوو مانگ پێش شەهید بوونی، فڕۆکەکانی ڕژێم، کوێرانە بۆردومانی ناوچەکەیان کردوە، بۆمبێک بەر ماڵەکەی کەوتووەو، خوشکێک و کوڕێکی بە سەختی بریندار بووینە. ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٧، هێزێکی زۆری ڕژێم، هێرشیان کردۆتە سەر بناری چیای (کێوەڕەش). لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تاوەکو حەوتی ئێوارە، شەڕ بەردەوام بووە. زیانێکی زۆری ماددی و گیانی بەر هێزەکەی ڕژێم کەوتووە. چەندین سەربازو پلەدار، کوژراو، بریندار بووینە. کۆمەڵێک چەکیش کەوتۆتە دەست هێزەکانی سۆسیالیست. لە کاتێکدا کە شەڕەکە بەرەو تەواو بوون چووە، (محەمەد خدر حەمۆڵ)، فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (١٤)، شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گەورەی (کونەسە)ی سەر بە شاری ڕانیە، بناری چیای (کێوەڕەش)، بەخاک سپێردراوە. شەهید محەمەد حەمۆڵ، خێزاندار بووەو دوو هاوژینی هەبووە. لەدوای خۆی، پێنج منداڵ (دوو کوڕو سێ کچ)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٧، لە (موخلیس)ی کوڕی شەهیدو، لاپەڕەی فەیسبووکی شەهید (عەبدوڵلا سوور)، وەرگیراون.**



## ١٧١- محەمەد سەعید خان

محەمەد سەعید خان، ناسراو بە (حەمەی مامە سەعە)، لە ساڵی ١٩٥٩، لە گوندی (کانی ئاسکان)ی بناری چیای (سورێن)ی دەڤەری شارەزور، لە خێزانێکی هەژاری جوتیار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی چواری سەرەتایی چۆتە قوتابخانەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و، لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، لە ناوچەی شارەزور بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەی کردوە.

لە شەڕی بەرفراوان و بەناوبانگی (شیرەمەڕ)، لەگەڵ هێزی سوپاو جاشەکان، لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٧دا، شەهید بووە. (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، بە درێژی باسی شەڕی شیرەمەڕ کراوە). دوای ئەم شەڕە، لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٤، بەشی ڕاگەیاندن، لە مەکتەبی سیاسی بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: (شەهید حەمەی مامە سەعە فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی دووی هەرێمی پێنج. لە شەڕەکانی کانی بەردینەو عالان و حاسڵ و مەسەکان و گردی شەریف و سۆیلەمش، بەشداری کردوەو، دەوری کاریگەریی هەبووە. سێ جاریش بریندار کراوە).

هەر دەربارەی ئەم شەڕە (شیرەمەڕ)، ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٠،

کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی- کەرکوکی حزب، بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە. لە بەیاننامەکەدا، دەربارەی ئەم شەهیدە، هاتووە: (کاکە حەمەی مامە سەعە یەکێک بوو لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی کوردستان و بەشداری لە زۆرترین نەبەردیدا، کردوە).

تەرمی شەهید، لە گۆڕستانی شاخی (سەید سادق)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٧، لە (ئەرسەلان کەریم)ی برازای شەهیدو، هەردوو بەیاننامەکانی حزب، وەرگیراون.**

## ١٧٢- محەمەد سەعید مستەفا ئاغا



محەمەد سەعید مستەفا ئاغا، ناسراو بە (شێخ محەمەد گوندەژووری)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (گوندەژوور)ی ناوچەی باڵەکایەتیدا، لە خێزانێکی جوتیاری گوندنشین، لەدایک بووە. لەبەر بارودۆخی ناوچەکە بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە پایزی ١٩٧٦دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە ڕیزەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوەو، لە ناوچەی باڵەکایەتیدا، بۆتە پێشمەرگە.

تەمەنی ژیانی پێشمەرگایەتی، زۆر کەم بووە. لە هێرشێکی هێزو سوپای ڕژێم بۆ سەر گوندەکانی (گوندەژوور)و (گەلەژێر)، لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/١٦دا، بە دیل گیراوە. لە ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٦دا، لە گرتووخانەی (ئەبوغرێب)، لە سێدارە دراوە.

شەهید (شێخ محەمەد گوندە ژووری)، خێزاندار بووە. لەدوای خۆی، کوڕ و کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢١، لە ڕێگای (محەمەد عومەر)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.

## ١٧٣- محەمەد عەزیز ئیسماعیل



محەمەد عەزیز ئیسماعیل، ناسراو بە (جەمیل)، لە ساڵی ١٩٥٧، لە شاری هەولێر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکان بووە.

لە ساڵی ١٩٨٠دا، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە.

دوای کردنەوەی لقی دهۆکی حزب، گواستراوەتەوە ئەم لقەو، لە دەڤەری بادیناندا، درێژەی بە خەباتی پێشمەرگانەی داوە. بەشداری شەڕەکانی دەڤەرەکەی کردوە.

لە شەوی ٢٧ لەسەر ١٩٨٤/٩/٢٨، لە کاتێکدا کە لەگەڵ مەفرەزەیەک خەریکی چەک هێنان بووینە لە گوندەکانی سنووری شاری قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردسان، لە کاتی گەڕانەوەیاندا، کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی ڕژێم و، لەگەڵ هەریەکە لە عەبدولباسیت قادر ناسراو بە سالارو، بورهان عومەر حەمەد، شەهید بووینە. تەرمەکانیان، کەوتوونەتە دەست ڕژێم و، تا ئێشتا نەدۆزراونەتەوە.

شەهید جەمیل، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

*سەرچاوە: ڕێگای ئازادی، ژمارە (٢٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٤. وێنەکەی، لە لاپەڕەی فەیسبووکی (پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، وەرگیراوە.

## ١٧٤- محەمەد عەلی ئیسماعیل



محەمەد عەلی ئیسماعیل، ناسراو بە (حەمە قەموور-قەمبوور)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گەڕەکی (چوارباخ)ی شاری سلێمانی، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردوە. لە سەرەتای دروست بوونی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، لە سنووری لقی سلێمانی، کردوە. دوای ڕوداوی شەهید بوونی (یاسین کەریم تۆفیق)، ناسراو بە (مام ئاراس) لە ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٨دا، حەمە قەموور، سەنگەری خەباتی بۆ ناو (پارتی سۆسیالیستی کورد-پاسۆک)، گواستۆتەوە.

لە ڕیزەکانی (پاسۆک)ی هاوپەیماندا، چەندین چالاکی لەناو شاری سلێمانیدا، ئەنجامداوە.

لە ساڵی ١٩٨٦، هاتۆتەوە ناو (حزبی سۆسیالیست)و، بۆتە جێگری فەرماندەی هەرێمی سێی شارباژێڕ. ئەوکات، (جەمالی حەلاو)، فەرماندەی هەرێمەکە بووە. بەشداری شەڕی (قەیوان- ماوەت)ی کردوە. بە نیازی دەست وەشاندن لە هێزەکانی ئەمن و ئیستخبارات،

بە نهێنی لەگەڵ دوو هاوڕێی تری، چوونەتە ناو شاری سلێمانی و، لە ماڵێک لە نزیک (تەواری)یەکەی سلێمانی، خۆیان حەشار داوە. ڕژێم پێی زانیون و، لە ڕۆژی ١٩٨٨/١١/٢٤دا، دەوریان گیراوە. شەڕ دەستی پێکردوە. لە ئەنجامی شەڕێکی دەستەو یەخەدا، هەردوو هاوڕێکەی، ئەبوبەکر عوسمان ناسراو بە (مەلا بەکر)و، بورهان محەمەد ئەسعەد ناسراو بە (بورهان چاوشین)، شەهید بووینە. (حەمە قەموور)یش، بەدیل گیراوە.

هەندێک دەڵێن: حەمە قەمووریش بە بریندارى بە دیل گیراوە. بۆ ئەم مەبەستە، شەوی ٢٠٢٠/١١/١٢، پەیوەندیم بە (ئەنوەر شەمەیی) کرد، کە ئەوکاتی ئەویش لە سلێمانی لە زینداندا بووە. ناوبراو گوتی: کە حەمە بەدیل گیرا، هێنایانە ژوورەکەی من (ژووری ژمارە هەشت)، هیچ ئەسەری بریندار بوونی پێوە دیار نەبوو. زۆر قارەمان بوو، بەهیچ شێوەیەک ئیعترافی نەدەکرد. دوای هەفتەیەک، لە ژوورەکەی من لایان برد، ئیتر نەمبینییەوە.

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە، لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، گوللە باران و شەهید، کراوە. تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت، تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. دوای ڕاپەڕین، چەندین فایل و دیکۆمێنت و وێنە، لە ئەمنە سوورەکە دۆزراونەتەوە. یەکێک لە وێنەکان، وێنەی (حەمە)یە کە لە کاتی گوللە باران کردندا، چاوی بەستراوەتەوە.

شەهیدی ناوبراو، جگە لە قارەمانییەتی، دەنگیشی خۆش بووە. هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٢، لە (ڕزگار خانەقینی ، هێرش ڕەشە، کرمانج حەمە فەرەج، ئەنوەر شەمەیی)، وەرگیراون. شەهید حەمە، لەگەڵ کرمانج حەمە فەرەج، لەیەک هەرێمدا پێکەوە پێشمەرگە، بووینە.

## ١٧٥- محەمەد غەفور ئەحمەد



محەمەد غەفور ئەحمەد ئاغجەلەری، لە ساڵی ١٩٣٩، لە شارۆچکەی (ئاغجەلەر)، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. ساڵی ١٩٦٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١)، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە لێکترازانەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤، چۆتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی). دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکە، ساڵی ١٩٧٤، چۆتەوە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە شەڕێکی بەناوبانگ و بەرفراواندا، کە محەمەد غەفور سەرپەرشتی کردوە، توانیوویەتی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕێگای نێوان کەرکوک و سلێمانی دابخات. هەر لەم شەڕەدا، فڕۆکەیەک کەوتۆتە خوارەوە. لە ماوەی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلولدا، دوا پلەی لێپرسراوییەتی، (سەرلق) بووە. دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵات، بووە. دواتر، گەڕاوەتەوە عێراق.

لەگەڵ دامەزراندنی (بزوتنەوە)، پەیوەندی بەم ڕێکخراوە، کردوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لە سنووری کەرکوک و چەمچەماڵ و دەشتی کۆیەو چەمی ڕێزان و قەڵاسیوکە،

چالاکی سیاسی و عەسکەری ئەنجامداوە.

مـحەمەد ئـاغجەلەری، فەرماندەیەکی عەسکەری و ئەندامی سەرکردایەتی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، بووە. لە ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٢٣دا، لە گوندی (کانی بی)ی دەشتی کۆیە، بە دەستی مەفرەزەیەکی سەر بە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناسراو بە (قیادە موەقەتە)، شەهید کراوە. دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە، مەفرەزەکە تەسلیمی ڕژێم بوونەتەوە.

کەسوکاری شەهید لە زیندانەکانی ڕژێمدا بووینە. دوای مانگ و نیوێک لە شەهید بوونی، ئینجا ئازاد کراون.

* سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لاپەڕە ١٠٧٣- ١٠٧٤ .

## ١٧٦- محەمەد قەسیم ناوەندەیی



محەمەد قەسیم ناوەندەیی، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (ناوەندە)ی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٧٨، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوەو، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە دەڤەرەکەدا کردوە.

ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر کەم بووە. لە ڕۆژی ١٩٧٨/٨/٢٢دا، لە گەلی (دەربەند)، مەفرەزەکەیان کەوتۆتە ناو بۆسەی سەربازەکانی ڕژێم. دوای شەڕێکی قورس و چاوەڕوان نەکراو، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر، بە ناوەکانی عەزیز عەلی مەلا غەفورو عەبدوڵلا سۆفی قادر، شەهید بووینە. تەرمەکانیان کەوتوونەتە دەست سەربازەکان و، بۆ چاو شکاندنی خەڵکی، بە زرێپۆشەکانیانەوە، بەناو شەقامەکانی شاری چۆماندا، ڕایان کێشاون. دانیشتوانی چۆمان، وەک ناڕەزایی دەربڕینێک، بازاڕو دوکانەکانیان، نەکردۆتەوە.

تەرمەکەی شەهید محەمەد لە گوندی (ناوەندە)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢، لە ڕێگای (محەمەد عومەر)ەوە، لە کەسوکاری شەهید، وەرگیراون.



## ١٧٧- محەمەد کەریم محەمەد

محەمەد کەریم محەمەد، ناسراو بە (محەمەد سیوەیلی)، لە ساڵی ١٩٦٠، لە شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لەبەر ئەوەی (سوارە سیوەیلی)ی برای پێشمەرگە بووەو لەناو شاری سلێمانیدا چالاکی ئەنجامداوە، لە تۆڵەی ئەمە، ڕژێم چەندین جار (محەمەد)ی گرتوەو زیندانی کردوە. لە ساڵی ١٩٧٨، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوە)وە کردوە. لە سنووری ناوچەکانی سلێمانیدا، چالاکی ئەنجامداوە. ڕژێم، دایک و باوکی گرتووەو بەندی کردون.

لە تەموزی ساڵی ١٩٧٩دا، لە ناوچەی پێنجوێن، لە کاتێکدا کە بە ئیش و کاری حزب و شۆڕش سوڕاوەتەوە، لە نێوان (ناڵپارێزو کەوڵۆز)، بەسەر بۆسەی جاش و هێزەکانی ڕژێمدا کەوتووەو، دەستگیر کراوە. هەر لەوێ، بە دیلی شەهیدیان کردوە.

ئەو کاتەی کە محەمەد شەهید کراوە، بە فەرمانی ملازم محەمەد، دایک و باوکی هەر لە زیندان ماونەتەوە، دوای ماوەیەکی زۆر، ئینجا ئازاد کراون.

تەرمەکەی شەهید محەمەد، لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)ی شاری سلێمانیدا، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو. (سوارە سیوەیلی) براشی، لە شوباتی ١٩٨١دا، شەهید بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٥، لە (فاروق سیوەیلی) برای شەهید، وەرگیراون.

## ١٧٨- محەمەد محەمەدئەمین حەمە مراد



محەمەد محەمەدئەمین حەمە مراد، ناسراو بە (حەمە تاتە)، لە ساڵی ١٩٣٦، لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەری دوور لە چوارچێوەی حزبایەتیدا بووە. خوێندەواری هەبووە. چەندین کاری سەربەخۆی جۆر بەجۆری کردوە، یەکێک لەم کارانەی (میکانیکی ئالیات)بووە. دواتر، لە سەرشەقامی سلێمانی، دوکانی خۆی کردۆتەوە. هەروەها کاری هێنان و بردن و بازرگانی لەنێوان (عێراق- ئێران و عێراق- کوەیت)دا، کردوە. بە حوکمی کارەکەی زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی)شی زانیووە.

حەمە تاتە هاوسەرگیریی کردوە. چوار کوڕو سێ کچی هەبووە، بەڵام بەداخەوە مەرگی دوو لە کوڕەکانی بینیووەو، دووەکەی تریشی لە زیندان، بێ سەرو شوێن بووینە.

ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٧، لە شەقامی تووی مەلیک، لای مزگەوتی بۆسکانییەکان، مەفرەزەیەکی (یەکێتیی) لەناو شاری سلێمانیدا، (ئاربیجی)یەکیان بە سەیارەیەکی (بەرازیلی)یەوە ناوەو، چوار ئەمنی تێدا کوژراوە. ڕژێم لە تۆڵەی ئەمەدا، بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی، کوێرانە کەوتۆتە گیانی خەڵکی سڤیل وبێ دیفاع... هەر هەمان ڕۆژی ڕوداوەکە، (حەمە تاتە)یان بانگ کردوەو، لەبەر

دەرگـای مـاڵەکەی خۆیـدا، گـولله بارانیـان، کـردوه. نـاوبراو، هـیچ پەیوەنـــدی بە ڕوداوەکەوە نەبـــووە، هەر لەبەر ئەوەی بـــاوکی پێشمەرگان بووە، شەهیدیان کردوە.

شـــەهید (حەمە تـــاتە)ی بـــاوک، دوای شـــەهید بـــوونی هەر چـــوار کوڕەکەی (دووەکەی تریشی کە گیرا بوون، لە سـاڵی ١٩٨٣ شـەهید کـرا بـوون)، لە مـاوەی دوو سـاڵدا، خۆیشـی شـەهید کـراوەو، لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)، بەخاک سپێردراوە. بەداخەوە، شۆڕشێک ماڵی (حەمە تاتە)ی وێران کرد.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٩، لە (سۆزان حەمە تاتە)ی کچی شەهید وەرگیراون.

## ١٧٩- محەمەد مەحمود قادر



محەمەد مەحمود قادر، ناسراو بە (حەمە شـــوان)، لە ســـاڵی ١٩٦١، لە گوندی (بانی بنۆک)ی نـــاوچەی شـــارەزور، لەدایـــک بووە. هێشتا منداڵ بووە کە بە خـــانەوادەوە چـــوونەتە (ســـەید سـادق). تـــا پـــۆلی شەشـــەمی ئامـــادەیی (بەشـــی زانســـتی)، خوێنـــدوە. لە ســـاڵی خوێنـــدنی ١٩٧٧- ١٩٧٨دا، لە ڕێگـــــای (ئەکـــــرەم حەمە نەجـــم)ەوە، پەیوەنـــــدی بە ڕێکخســـــتنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوەو، لە ڕێکخراوی شارەزور، چالاکی ئەنجامداوە.

لەسەر داوای حزب، ساڵی ١٩٧٨، بۆتە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، بەشـداری خـوولێکی کـادیرانی کـردوەو، بە پـلەی یەکەم لەســەر خـوولەکە دەرچـووە. هەر لە ســاڵی ١٩٨٠دا، بە بڕیـاری حـزب بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی ڕێکخســتنەکان گەڕاوەتەوە شـارو، تەسـلیم بـۆتەوە. لە شـار بـۆتە لێپرسـراوی ڕێکخـراوی شـاهۆ. دواتـر بـۆتە لێپرسـراوی ڕێکخـراوی شـەهید حەیـدەر لە ئۆردوگـای زۆرەملێـی شانەدەر. لە ساڵی ١٩٨٤، بەهۆی ئاشکرا بوونیەوە، لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر کراوە. دوای ماوەیەک ئازاد کراوەو یەکسەر چۆتەوە شاخ. لە ساڵی ١٩٨٥، بۆتە کارگێڕی ناوچەی پێنجوین. ئەندامی دەستەی

نووسەرانی گۆڤاری (سورێن) بووە.

لە ئێوارەی ١٩٨٥/٦/١١دا، لە پشت گوندی (شیرەمەڕ)، کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان و بریندار بووە. لە ڕۆژی دواتر (١٩٨٥/٦/١٢)، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گوندی (شیرەمەڕ)، بەخاک سپێردراوە. خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی، سێ کچ (لەیلا، خانزاد، فرمێسک)ی بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

شەهید حەمە شوان، کۆمەڵێک شیعرو نووسینی لە گۆڤاری (سورێن)، بڵاو کردۆتەوە. هەروەها کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوونیشانی (باوەڕ)، لە دووتوێی نامیلکەیەکدا، لە شاخ بڵاوکردۆتەوە. زۆر شانۆگەری نووسیووە، هەر خۆیشی وەک ئەکتەرێک ڕۆڵی تێدا بینیووە. لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، ساتەکانی پشووی بە هونەر بەخشیووە. لە دارو بەردی چیای سورێن، هەم تەختەی شانۆی دروست کردوە، هەمیش لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بینەرو جەماوەری هۆگر بە شانۆی پێگەیاندوە.

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩،لاپەڕە ٤٤٣. هەروەها لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٢، هەندێک زانیاریمان لە (نەوزاد عەلی فەتاح)، خوارزای شەهید وەرگرتووە.**

## ١٨٠- مستەفا سەعید مستەفا ئاغا گوندەژۆری



مستەفا سەعید مستەفا ئاغا گوندەژۆری، ناسراو بە (ئاراس)، لە ساڵی ١٩٦٧دا، لە گوندی (گوندە ژۆر)ی ناوچەی باڵەکایەتیدا، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوەو، لە هەرێمی نۆی باڵەک بۆتە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەکی چالاک بووە، بەشداری شەڕەکانی هەرێمەکەی کردوە. هونەرمەندێکی دەنگ خۆش و بە سەلیقەش بووە، دەنگی بە دەنگی ماملێ چووەو،گۆرانییەکانی ئەوی، چڕیوە.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٠، بەشێک لە پێشمەرگەی هەرێمەکانی (٨، ٩، ١٠)و هێزی هەیبەت سوڵتان و هێزی شەهید عەبدوڵلا سوور، لەسەر ڕێگای (هەولێر- کۆیە)، نزیک ناحیەی دێگەڵە، شەقامی سەرەکییان کۆنترۆڵ کردوە، بەدوای پیاوانی ڕژێمدا، گەڕاون. لەم کاتەدا، هێزێکی زۆری ڕژێم لە سوپاو جاش، گەیشتوونەتە ناوچەکەو، شەڕێکی سەخت بەرپا بووە. لەم شەڕەدا، چەندین جاش و سەرباز، کوژراون. لە هێزەکانی پێشمەرگەشدا، ئاراس (پێشمەرگەی هەرێمی نۆی

باڵەک)و سێ پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی: تەحسین ئەحمەد ساڵح ناسراو بە (تەحسینە شەل)، فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سەفین و ڕزگارو سەردار، شەهید بووینە. تەرمەکانیان لە گوندی (سوسێ)، بەخاک سپێردراون.

شەهید ئاراس، خێزاندار بووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٥، لە ڕێگای (محەمەد عومەر) ناسراو بە مام عەلی، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.



## ١٨١- مستەفا مەحمود ڕەسوڵ

مستەفا مەحمود ڕەسوڵ، ناسراو بە (مستەفا کەلێتەیی)، لە ساڵی ١٩٥٨، لە گوندی (کەلێتە)ی سەر بە قەزای ڕواندز، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لەدایک بووە. لەبەر بارودۆخی ناوچەکەو باری خراپی ئابووری خێزانەکەی، بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە کردوە. هەر هەمان ساڵ چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٠، بۆ هەرێمی چواردە گواستراوەتەوە. بەشداری چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: شەڕی سماقولی، کۆڕەک، کێوەڕەش،.. تاد. لەبەر لێهاتوویی کراوەتە فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمی چواردە.

لە ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٢٨، لەلایەن هێزێکی (یەکێتیی)یەوە لە ناوچەی دۆڵە ڕەقە، دەوریان گیراوە. دوای شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوە، لەگەڵ هێزەکەی یەکێتییدا، ڕێککەوتوون کە تەسلیم ببن و گیانیان سەلامەت بێت. دوای تەسلیم بوون، لەگەڵ عەبدوڵڵا سوورو هەڤاڵەکانیدا، شەهید کراون.

تەرمی شەهید مستەفا، لە گوندی (کەلێتە)ی زێدی باوک و باپیری، بەخاک سپێردراوە. خێزاندار بووەو، لەدوای خۆی چوار منداڵی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٩، لە (شاخەوان)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ١٨٢- مەجروم ئیبراهیم مەجروم



مەجـروم ئیبـراهیم مەجـروم، ناسراو بە (شینە بۆڵی)، لە گوندی (سـەروچاوە)ی نـاوچەی بیتوێن، لە سـاڵی ١٩٣٢، لە بنەمـاڵەیەکی کۆچەری تیرەی (بۆڵی)، سـەر بە هـۆزی (ئـاکۆ)، لە دایـک بـووە. لەبەر بـارودۆخی کـۆچەری بنەماڵەکەیـان و دۆخـی نائاسـایی نـاوچەکە، نەیتوانیـووە بچێـتە قوتابخـانە. بە هەوڵ و کۆششـی خۆی، فێرە خوێندنەوەو نووسین بووە.

لەگەڵ هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٦١، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی، وردە وردە پلەی لێپرسراویەتی بەرز کراوەتەوە. بۆتە فەرمانـدەی بەتـالیۆن. لە کۆتـایی ڕۆژەکـانی شۆڕشـی ئەیلـول بـۆتە فەرمانـدەی هێـزی (بێتـواتە). بە درێژایـی چـواردە سـاڵەی تەمەنـی شۆڕشی ئەیلول، وەک پێشمەرگەو فەرماندەیەک، بەشداری چەندین شـەڕی بەرەیی و پارتیزانی کردوە، نموونەی شـەڕەکانی: مـاکۆک، لوتکەی خانزاد، ماکۆکی دووەم، نەمرود، هیزۆپ، قەرەداغ، شیشار،.... تاد. دوای نسکۆی شۆڕش، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەو، لە شـارەکانی شنۆ، مەراغە، بابک، ئەزنە، نیشـتەجێ بووە. لە مـانگی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٦، گەڕاوەتەوە عێـراق و بـۆ نـاحیەی

(سنییە)ی سەر بە پارێزگای (دیوانییە)، دوور خراوەتەوە. بە بڕیاری حکومەت، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٧، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی (گوندی سەروچاوە). هەردەم لەژێر چاودێری چڕی دەزگا ئەمنییەکان بووە.

لە زستانی ساڵی ١٩٧٩، چۆتە شاخ و پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە، کردوەو، بۆتە فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سەفین.

دواجار، لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٤، لە شەڕە بەناوبانگ و بەرفراوانەکەی (سماقولی)، دژی هێزەکانی ڕژێم لە (سوپاو جاشەکان)، لەگەڵ فەرماندە (سەید سەلیم)، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (سەروچاوەی بۆلییان)، لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٥دا، بەخاک سپێردراوە.

شەهید شینە بۆلی، خێزاندار بووە. لەدوای خۆی نۆ منداڵ (چوار کوڕو پێنج کچ)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٢٤، لە (عەبدوڵلا)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.**



## ١٨٣- مەجید حەمید کاکەیی

مەجید حەمید کاکەیی، لە ساڵی ١٩٥٠، لە شارەدێی (داقوق)ی سەر بە پارێزگای کەرکوک، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە. لە ساڵی ١٩٧٣، کۆلیژی سەربازی لە شاری بەغدا، تەواو کردوەو بۆتە ملازم (ئەفسەری یەک ئەستێرە). لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتە شاخ و بۆتە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (نەهلە)، لە دەشتی موسڵ. هەروەها ئەندامی مەکتەبی عەسکەریش بووە. دوای نسکۆی شۆڕش، هاوشێوەی هەڤاڵەکانی، ئاوارەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

لە ساڵی ١٩٧٦، گەڕاوەتەوە عێراق و، پلەی سەربازیشی لێ وەرگیراوەتەوە، بۆ شاری (عیمارە) دوور خراوەتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦، لە عیمارەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. دواتر چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە. وەک ئەندامێک بەشداری یەکەم کۆنگرەی حزبی کردوە. لەسەر ڕاسپاردەی حزب، گەڕاوەتەوە شارو تەسلیم بۆتەوە. بۆتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوخۆی بەغداو کەرکوک.

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٩، لەگەڵ پۆلێک لە ڕێکخستنەکانی حزب گیراوەو، لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/١١، لە (ئەمنە سوورەکە)ی شاری سلێمانی، گوللە باران و شەهید کراوە.

تەرمەکەی لە گردی سەیوان بەخاک سپێردراوە. شەهید مەجید خێزاندار بووە.

---

***سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لاپەڕە ٣٤٠.**

## ١٨٤- مەحمود خدر محەمەد



مەحمـــود خـــدر مـــحەمەد، لە ١٩٦٢/٦/١، لە شـــاری قەڵادزێ، لە خێزانێکـــی نیشـــتیمانپەروەر لەدایک بووە. دوای تەواو کردنی ئامـــادەیی، لە زانکـــۆی موســـڵ، کۆلیژی زانستەکان، بەشی کیمیا، وەرگیراوەو درێژەی بە خوێندن داوە. یەکێک بـووە لەم قوتـابییە ناڕازییـــانەی کە ڕەفـــزی بە ســـەربازی کردنـی قوتابخـانەو زانکۆکـانی کـردۆتەوە. بەهـۆی ئەم نـاڕازی بـوونەی، چەند سـاڵێک لە خوێندن دوور خراوەتەوەو، فەسڵ کراوە. لەژێر پاڵەپەستۆو فشاری قوتابییە ناڕازییەکان، ڕژێم ناچـار بـووە بڕیارێـک دەر بکـات و قوتـابییە فەسـڵ کراوەکـان، بگەڕێنێتەوە زانکۆ... مەحمود یەکێک بووە لەم قوتابییانەو، دووبارە گەڕاوەتەوە زانکۆ.

ناوبراو، گەنجێکی چالاکی چەپڕەو بووە. پێشینەی کاری سیاسی لە ڕێکخـراوە چەپەکاندا هەبـووە. بەهۆی ئەوەی کە خـاڵی (سـەربەسـت کەریم ئەحمەد)، پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) بووە، پەیوەنـدییەکی بەردەوامـی لەگەڵ ئەم حـزبە (لە دەرەوەی چـوار چێـوەی ڕێکخسـتن و ئەنـدام بـوون)دا، هەبـووە. هەمیشـە یـارمەتی ڕێکخستنەکانی داوە. لە هێنان و بردنی پۆستەکانی حزب، کار ئاسانی بـۆ کـردوون. ئەو ڕێکخســتن نەبـووە، بەڵام بەقەد دە ئەنــدامی

ڕێکخستن کاری بۆ حزب کردوە.

بەهۆی دڵ سافی و ساویلکەیی بەشێک لە ڕێکخستنەکان لە شاری سلێمانی و متمانەدان بە سیخوڕێکی دەزگای ئەمن، ڕێکخستنەکان و سەرچاوەی پۆستەکان ئاشکرا بووینە. بۆیە لە ڕێککەوتی ١٩٨٩/٤/٢٦دا، مەحمود لەناو زانکۆی موسڵ گیراوە. بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی گواستراوەتەوە. شەش ڕۆژ دواتر، (دایکە گوڵە)ی دایکیشیان لە ڕۆژی ١٩٨٩/٥/٢دا، گرتوەو هێناویانەتە لای مەحمودی کوڕی. هەرچەندە دوو کەسیش ڕوو بەڕوو شاهیدیان لەسەر داوە، کەچی مەحمود هەر نکوڵی کردوەو، هیچ نهێنی و زانیارییەکی نەدرکاندوە. دوای ئەوەی کە ڕژێم لێی بێ هیوا بووە، لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/١٤، لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانیدا لەگەڵ دایکی و چەند زیندانییەکی تری سۆسیالیست، لە سێدارەی داون. بە نهێنی لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ، لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)، بە خاکیان سپاردون. دوای ڕاپەڕین، لە مانگی شوباتی ١٩٩٢دا، تەرمی هەردوو شەهید (دایک و کوڕ)، هێنراونەتەوە قەڵادزێ و، لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا، لە ئارامگای شەهیدان بەخاک سپێردراون.

شەهید مەحمود، قوتابی قۆناغی چواری زانکۆی موسڵ بوو. هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* **وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٧، لە (دلشاد)ی برای شەهید مەحمود وەرگیراون.**

## ١٨٥- مەحمود عەلی عەبدولڕەحمان



مەحمود عەلی عەبدولڕەحمان، ناسراو بە (مەحمود زەردۆیی)، لە ساڵی ١٩٥٢، لە گوندی (مکڵ)ی ناوچەی شارباژێڕ لەدایک بووە. (زەردۆیی)، ناوی ئەم گوندەیە کە ناوبراو تێیدا ژیاوەو گەورە بووە. نەچۆتە قوتابخانەو نەخوێندەوار بووە. لە ١٩٧٦/١٢/١٢دا، چۆتە شاخ ولە هەرێمی یەک، لای (مامە ڕەشەی کەچە)، بۆتە پێشمەرگە. بەهۆی لێهاتوویی بۆتە فەرماندەی کەرتی یەک لە هەرێمی ناوبراو. بەشداری چەندین چالاکی عەسکەری کردوە، لەوانە: شەڕی ملەی کەوڵۆس، ناڵپارێز، شەڕی پێنجوین، شەڕی هێلانە قەل، شانەدەر، سماقوڵی، دۆڵی خۆشناوەتی، دەشتی هەولێر، ... تاد.

جاری یەکەم لە دۆڵی سالارییە و خرێنە، ئەو کاتەی کە بۆ هەکاری چووینە. جاری دووەم لە شەڕی کەوڵۆس، بۆ جاری سێیەم، لە شەڕی خۆشناوەتی لە نێوان هەردوو چیوەی سەروو، خواروو، کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان و بریندار بووە. محەمەدی حاجی مەحمود، لە بەرگی یەکەمی (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک)، لاپەڕە (٢٥٧)دا، باسی ئازایەتی (مەحمود زەردۆیی)، کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٨١/٩/١٨دا، لە گوندی (ڕەزلەو دۆڵە چەوت)، بە دەستی خۆفرۆشێک، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گوندی (دۆڵە چەوتە)، بەخاک سپێردراوە. شەهید مەحمود خێزاندار بووە، بەڵام هیچ منداڵی نەبووە.

---

*** وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٧، لە ڕێگای (ئاسەف حەمەڕەشید کەچە)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.**

## ١٨٦- مەحمود محەمەد محەمەدئەمین



مەحمود محەمەد محەمەدئەمین، ناسراو بە (خولەی حەمە تاتە)، لە ساڵی ١٩٥٤، لە گەڕەکی (سابونکەران)ی شاری سلێمانیدا لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو پۆلی سێی ناوەندی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای شۆڕشی نوێوە (١٩٧٦)، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (یەکێتیی)یەوە کردوە. ساڵی ١٩٧٧، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک گیراوەو، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/١٨، بەر لێبووردنی گشتی کەوتووەو، ئازاد کراوە. دوای ئازاد بوونی پەیوەندی بە ڕیزەکانی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە. هەر ئەم ساڵە (١٩٧٩) چۆتە شاخ و لە هەرێمی چواری شآرباژێر، بۆتە پێشمەرگە. دواتر بۆتە فەرماندەی کەرت. لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا، سێ جاران بریندار بووە. لە سێیەم جاری بریندار بوونەکەی، بۆ چارەسەر کردن ڕەوانەی سوید کراوە.

لە شەڕی ناوخۆ، لە کاتی هێرشی یەکێتیی بۆ سەر ئاشقولکەو پشتئاشان، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢دا، شەهید بووە. ناوبراو هەفتەیەک پێش شەهید بوونی، لە سویدەوە، گەڕابۆوە ناو هێزی پێشمەرگە.

لە گۆڤاری (رسالة ألعراق)، کە ڕاگەیاندنی دەرەوەی حزبی شیوعی

عێـراق دەری کـردوە، ژمـارە ٢٩، ئەیلـولی ١٩٨٣،لە لاپەڕە (٥١)دا، ئاماژە بە هەواڵی شەهید بوونی کراوە. هەروەها نەوشێروان مستەفا، کە سەرپەرشـتی شـەڕەکەی کردوە، لە لاپەڕە (٢٩٥- ٢٩٦)ی کتێبی (پەنجەکـان یەکتـر ئەشـکێنن)دا، نووسـیوویەتی: بەدوای چەکـدا دەگەڕایـن کە سۆسیالیسـت شـاردبویانەوە. چاڵێکمـان دۆزیـیەوە، چووین چاڵەکە هەڵبدەینەوە، برایم ڕەبەن کە کاتی خۆی پێشمەرگەی یەکێتیی بوو، گوتی: بۆ ئەم چاڵە هەڵئەدەنەوە؟ ئێمەش گوتمان بە دوای پارچەی دیمیترۆفەکەدا ئەگەڕێین. برایم گوتی: ئەوە پارچەی دیمترۆفی تێدا نییە، بەڵکو لاشەی خولەی حەمە تاتەی تێدایە! منیش (نەوشێروان) گوتم: خولە لە سویدە. برایم گوتی: پێرێ گەیشتەوەو، دوێنێ کوژرا.

تەرمی شـەهید مەحمـود، لە گۆڕسـتانی (گـردی سـەیوان)، بەخـاک سپێردراوە. ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردبوو. ئەم بنەماڵەیە خاوەنی چوار براو باوکێکی شەهیدن.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢١، لە (سۆزان حەمە تاتە)ی خوشکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٨٧- نوری سەعید ئەحمەد



نوری سەعید ئەحمەد، ناسراو بە (مەلا نوری)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (قاینجە)ی سەر بە ناوچەی شارەزور، لە خێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواوکردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوەو لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥)، لە هێزی خەبات، پێشمەرگە بووە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی.

لە ١٩٧٦/١/٨، وەک دووەم مەفرەزەی پێشمەرگە سەرەتاییەکان، چۆتەوە شاخ و سەر بە (کۆمەڵە) بووە. دواتر سەنگەری پێشمەرگایەتی بۆ ناو (حزبی سۆسیالیستی کوردستان )، گواستۆتەوە. بۆتە لێپرسراوی ناوچەی دەربەندیخان.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٣، لە ناوچەی شارەزور، لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی (سەید سادق)، بەخاک سپێردراوە. شەهید مەلا نوری خێزاندار بووە. لەدوای خۆی، کوڕو کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٨، لە (نزار)ی کوڕی شەهید وەرگیراون.

## ١٨٨- نەجات عەبدولحەمید عەولا



نەجات عەبدولحەمید عەولا، ناسراو بە (هێمن)، لە ساڵی ١٩٦٦، لە شاری هەولێر لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانە تا پۆلی سێی سەرەتایی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٣، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨٤، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٠)ی سەفین، بۆتە پێشمەرگە.

لە شەوی ١٦ لەسەر ١٩٨٦/٦/١٧دا، لە گەڕەکی (لەتیفاوە)ی شاری هەولێر، دوای ئەنجامدانی چالاکییەک، لەگەڵ مەفرەزەکەیدا کەوتوونەتە ناو بۆسەی جاشەکان و، هێمن لەوێدا شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی (سەید مەعروف)ی گەڕەکی (باداوان)ی شاری هەولێر، بەخاک سپێردراوە. شەهید هێمن، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٥، لە ئازاد کاکل و، لاپەڕەی (پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، وەرگیراون.

## ١٨٩- نەجم حەمەساڵح حوسێن



نەجم حاجی حەمەساڵح حوسێن سوارە دەرەدۆینی، ناسراو بە (سالار جاف)، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (دەرەدۆین)ی سەر بە قەزای دەربەندیخان، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، تا پۆلی سێی سەرەتایی خوێندوەو، وازی لە قوتابخانە هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، پەیوەندی بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوەو بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕاوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٦، لە ڕێگای شەهید (مەلا ئەحمەدی مەسۆیی)، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە کردوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا، چۆتە شاخ و، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: شەڕی (قازان قایە)، لە ڕۆژی ١٩٧٧/٩/٣.

لە ساڵی ١٩٨٠دا، سەنگەری خەباتی پێشمەرگایەتی بۆ ناو (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، گواستۆتەوە. چەندین ئەرک و لێپرسراویەتی هەبووە.

لە شەوی ١٦ لەسەر ١٩٨١/٩/١٧، لە گوندی (دۆڵە چەوت)، لە شەڕی ناوخۆ، بە دەستی هێزەکانی (یەکێتیی)یەوە، شەهید کراوە.

ئەو کاتەی کە شەهید کراوە، جێگری هەرێمی یەک بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پساکان)ی سەر بە قەزای دەربەندیخان، نزیک شاخی (زەردە)، بەخاک سپێردراوە. شەهید سالار جاف، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، چوار کوڕو کچێکی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٨، لە (هیوا)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.

## ١٩٠- نەجمەدین مستەفا مەجید



نەجمەدین مستەفا مەجید، لە ساڵی ١٩٥٥، لە گوندی (سۆربەشی خدر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە خێزانێکی جوتیاری گوندنشین، لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٦١دا، چۆتە قوتابخانە، خوێندنی سەرەتایی لە (سۆربەش)و، ناوەندی لە گوندی (قورشاغلو)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەو، ئامادەیی کشتوکاڵی لە ناحیەی (ئاسکی کەڵەک)، تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. لە پایزی ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر وەک (کادیری پێشکەوتوو)، بۆتە پێشمەرگە. دوای ماوەیەک بۆ لقی بادینان گواستراوەتەوە. لەسەر ڕاسپاردەی حزب، بۆ ئەنجامدانی کاری ڕێکخستن، بە نهێنی گەڕاوەتەوە ناو شاری هەولێر. ڕێکخستنەکان و خەڵکی دڵسۆزی بینیووە.

لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری ڕێکخستنەکان، لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٣٠، لەوانە: (ئەبوبەکر عومەر خەلیل، یوسف محەمەد، سەلاح عەبدولقادر، ئیسماعیل، فەرهاد حوسێن سوڵتان، عەبدوڵلا ئەمین ڕەسوڵ، قادر عوسمان ئیسماعیل، ڕواڵ عوسمان ئیسماعیل، محەمەد

عەبدولڕەحمان)، کەوتوونەتە کەمینی دائیرەی ئەمنی قوشتەپەو جاشەکانی ناوچەکەو، دەستگیر کراون. دواتر بۆ دائیرەی ئەمنی هەولێر گواستراونەتەوە. لەدوای شازدە ڕۆژ مانەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/١٧، بۆ هەیئەی کەرکوک گواستراونەتەوە. دوای شەش مانگ مانەوە، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٣، بۆ بەغدا گواستراونەتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٥/٤/١٤، لەگەڵ ئەبوبەکر عومەر، ناسراو بە (دیار)، لە سێدارە دراون. ئەوانی تریش، هەندێکیان ئازادو، هەندێکی تریان حوکم دراون. تەرمی شەهید (نەجمەدین)، لە گۆڕستانی گوندی (سۆربەشی خدر)، بەخاک سپێردراوە. خێزاندار بووەو لەدوای خۆی دوو کچی بە ناوەکانی (ژیان، ڤیان)، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

*وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١١، لە ڕێگای (جێگر عومەر کارەش)، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

## ١٩١- وسوو عەوڵا عومەر



وسوو عەوڵا عومەر، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (گرتک)ی سەر بە ناوچەی باڵەکایەتی، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژار، لەدایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ئازاری ١٩٧٤، چۆتە شاخ و وەک پێشمەرگەیەک بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان و بەکاری کشتوکاڵییەوە، خەریک بووە.

لە ١٩٧٨/٧/٢٠دا، چۆتەوە شاخ و، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، هەرێمی نۆی باڵەک، دەستی بە خەبات و تێکۆشان کردۆتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٣، لە شاری خانێ (پیرانشەهر)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوداوی هاتووچۆ، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گوندی (دەلاوان)ی سەر بە خانێ، بەخاک سپێردراوە.

شەهید وسوو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

*سەرچاوە: ڕێگای ئازادی، ژمارە (٢٣)، نیسانی ١٩٨٤، دوا لاپەڕە. وێنەکە، لە محەمەد عومەر وەرگیراوە.



## ١٩٢- وشیار ڕەمەزان

وشیار ڕەمەزان، ناسراو بە (وشیار تاقانە)، لە ساڵی ١٩٦٥، لە گەڕەکی (سەیداوە)ی شاری هەولێر، لەدایک بووە. لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٨٤، کاتێک کە شەهید عومەر کاکل ناسراو بە (نەوزاد)، لەناوجەرگەی شاری هەولێر، چالاکییەکی عەسکەری ئەنجامداوەو، بە بریندداری دەستگیر کراوە، ئەم کاتە (وشیار تاقانە) ئەندامی ڕێکخستنەکانی حزب بووەو، هاوکاری شەهید نەوزادی کردوە، ئاشکرا بووەو نەیتوانیووە لە شار بمێنێتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥، چۆتە شاخ و لە هێزی (دیدەوان)، بۆتە پێشمەرگە. ئەو کات، پۆلی سێیەم (دوا قۆناغ)ی ئامادەیی بازرگانی هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٨٦، لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەک لەنێوان ڕێگای سەرەکی ناحیەی قوشتەپەو پردێ، بریندار بووە. بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی، ڕەوانەی ئێران کراوە. دوای چاکبوونەوە، گەڕاوەتەوە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە.

لە ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٩٨٧/٥/٢٦، لە شەڕی گوندی (گۆمەتاڵ)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، بە درێژی باسی ئەم شەڕەمان کردوە). بە برینداری گیراوەو، لە نەخۆشخانەی عەسکەری شاری هەولێر، شەهید بووە. هەندێک دەڵێن: داوای زانیارییان لە شەهید وشیار کردوە، ئەویش هیچ زانیارییەکی نەدرکاندوە، بۆیە هەر لەوێ گوللە باران و شەهیدیان کردوە. تەرمەکەی نەدراوەتەوە کەسوکاری و، نازاندرێت لەکوێ بەخاک سپێردراوە. شەهید وشیار هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، لە لاپەڕەی (پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و، دکتۆر زیرەک مەموندی و نامەیەکی (ئازاد کاکل)، وەرگیراون.



## ١٩٣- وشیار گورون ئەحمەد

وشیار گورون ئەحمەد، ناسراو بە (وشیاری مەلا گورون)، لە ساڵی ١٩٦٩، لە بنەماڵەیەکی ئایینیی مەلازادە، لە گەڕەکی (مەڵکەندی) شاری سلێمانی لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو تا قۆناغی ناوەندی خوێندوویەتی، دوایی وازی لە خوێندن هێناوە. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، لە ساڵی ١٩٨٣، چۆتە شاخ و لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، بۆتە پێشمەرگە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی عەسکەری هاتوونەتە ناو شاری سلێمانی. چالاکییەکەیان ئەنجامداوە. شوێنی خۆ شاردنەوەیان ئاشکرا بووەو، وشیار، لەلایەن دائیرەی ئەمنی سلێیمانییەوە دەستگیر کراوە. دوای گیرانی، دایک و باوکیشیان گرتووەو، خانووەکەشیان ڕوخاندون.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٢، لە ئەمنی تەواری سلێمانی، لەگەڵ دایک و باوکیدا، گوللە باران و شەهید کراون. (مەلا گورون، مەلایەکی نابیناش بووە). تەرمەکانیان (دایک و باوک و کوڕ)، لە گردی شەهیدان (گردی سەیوان)، بە خاک سپێردراون.

شەهید وشیار، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/١، لە ڕێگای (میدیا عوسمان)ەوە، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.



## ١٩٤- وەسمان فەقێ ئیبراهیم

وەسمان فەقێ ئیبراهیم، ناسراو بە (وەسمان گەلەژێری)، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گوندی (گەلەژێر)ی ناوچەی باڵەکایەتی، بناری چیای هەڵگورد، لەدایک بووە. نەچۆتە قوتابخانەو نەخوێندەوار بووە. لە تەمەنی (٢٧) ساڵیدا، لە ساڵی ١٩٧٧، چۆتە شاخ و، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، بۆتە پێشمەرگە. دواتر، بۆ هەرێمی نۆی باڵەک گواستراوەتەوە. هەرچەندە نەخوێندەوار بووە، بەڵام توانایەکی باشی هەبووە کە بۆ خەڵکی قسان بکات.لەبەر لێهاتوویی کراوەتە فەرماندەی کەرتی (شیوەزور). بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردوە، کە هەرێمی نۆ ئەنجامی داون.

لە شەوی ٤ لەسەر ١٩٨٢/٤/٥، لە هێرشێکدا بۆ سەر ڕەبایەکانی سوپای عێراق لە (بانە گەلان)ی سەر بە قەزای چۆمان، بە سەختی بریندار بووە. لەبەر سەختی برینەکەی و، نەبوونی نەخۆشخانە، لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٨دا، شەهید بووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (گەلەژێر)دا، بەخاک سێردراوە.

شەهید وەسمان، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢، لە محەمەد عومەری هاوڕێی شەهید، وەرگیراون.



## ١٩٥- وەلی حەمەدەمین حەمەد

وەلی حەمەدەمین حەمەد، ناسراو بە (وەلی ئاومارى)، لە ساڵی ١٩٦٣، لە گوندی ئاومار(ئاوماڵ)ی سەر بە شارۆچکەی (تەقتەق)، لە خێزانێکی جوتیاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. بۆی نەڕەخساوە بچێتە قوتابخانەو، نەخوێندەوار بووە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێری (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، بۆتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەی کردوە، لەوانە: شەڕی گوندی سارتک لە هاوینی ١٩٨١، چوونە ناو شاری هەولێر لە هاوینی ١٩٨١، شەڕی خەبیرەکان لە ڕۆژی ١٩٨٢/١/٢٠، شەڕی گوندی گورزەیی لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان لە هاوینی ١٩٨٢، شەڕی گوندی بەردەسپی لە ڕۆژی ١٩٨٢/١٠/١٢، نێرەگین و، .... تاد

بەهۆی لێهاتوویی، بۆتە جێگری فەرماندەی کەرتی سێی ناوچەی (شوان)ی سەر بە هەرێمی هەشت. لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١، لە ئەشکەوتی (گێلین)ی گوندی قەرەسالم، لەلایەن هێزێکی یەکێتییەوە گەمارۆ دراون. دوای شەڕێکی قورس، لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی تر شەهید کراون.

تەرمی شەهید (وەلی)، لە گۆڕستانی گوندی (ئاوماڵ)، بەخاک سپێردراوە. ناوبراو، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٢٧، لە (ئەسوەد محەمەد ئاوماڵی)، خزمی نزیکی شەهید، وەرگیراون.

## ١٩٦- هەمزە عوسمان خدر



هەمزە عوسمان خدر، لە ساڵی ١٩٤٥، لە گوندی (سەرگەڕان)ی سەر بە قەزای مەخمور، لەدایک بووە. لەلای مەلای گوند، دەستی بە خوێندن کردوە. دواتر چۆتە قوتابخانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە. لە کاتێکدا کە قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووە، هەستی کوردایەتی هەبووە، لەسەر تەختە ڕەشە دروشمەکانی: (بژی کوردو کوردستان، کوردستان هی هەموومانە، هەموومان کوردستانمان خۆش دەوێت)ی نووسیووە. هەمزە لەگەڵ هەردوو براکەی، (حەمید و حوسێن)، لە ساڵی ١٩٦٣، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە لقی عەزیز ڕەسوڵ، ناسراو بە (عەزە گورگە)ی سەر بە بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. لە لێکترازانەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤، چۆتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی ناسراو بە (جەلالی). لە ئازاری ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر. دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە هەولێر.

لە ساڵی ١٩٧٧دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوەی

سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردوە. دواتر چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢، لە شـــەڕو ڕوو بەڕوو بـــوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، لە گوندی (قۆڕیتان)ی نزیک شاری هەولێر، شـەهید بووە. ناوبراو، سێیەم شـەهیدی بنەمـاڵەکەیەتی. تەرمەکەی کەوتـۆتە دەست ڕژێم و، تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت، نازانرێت لەکوێ بەخـاک سپێردراوە. شەهید هەمزە خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، دوو کوڕو سێ کچی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٠، لە (حوسـێن ڕەسـوڵ سـەرگەڕانی)و، منداڵەکانی شەهید، وەرگیراون.

## ١٩٧- یاسین ڕەمەزان حەیدەر



یاسین ڕەمەزان حەیدەر، ناسراو بە (سەید یاسین)، لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی (کەردز)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٩، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا، چۆتە شاخ و لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر، بۆتە پێشمەرگە. دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە شاری هەولێر.

لە ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. بەشداری چەندین شەڕی کردوە، لەوانە: شەڕی گرتنی خەبیرە فەڕەنسییەکان، شەڕی بەستی شرغە، چەک کردنی جەیش شەعبی گوندەکانی دەڤەری مەخمورو دیبەگەو قەراج و کەندێناوە، ... تاد.

ڕۆژی ١٩٨٢/٩/٢٩، لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەک، لەنێوان گوندەکانی (ڕەسوڵ بسکۆڵ)و (ئاخوڕە)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، بەر بۆردومانی کۆپتەرەکان کەوتووەو، بریندار بووە. ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢، لە چیای قەندیل لەگەڵ تاهیری عەلی والی و هەڤاڵەکانی

کەوتوونەتە ناو زەنە بەفرو، شەهید بووینە. تەرمەکەی لە گوندی (کۆنە لاجان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەخاک سپێردراوە. ئەوکات، فەرماندەی مەفرەزە بووە سەر بە کەرتی تایبەتی مەکتەبی عەسکەری.

شەهید یاسین، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی کچێک و کوڕێکی بە ناوەکانی (هێرۆ، شاڵاو)، بۆ کوردستان، بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٩، لە (شاڵاو)ی کوڕی شەهید، وەرگیراون.



## ١٩٨- یاسین کەریم تۆفیق

یاسین کەریم تۆفیق، ناسراو بە (مام ئاراس)، لە ١٩٥٧/١٠/١٨، لە گەڕەکی (چوار باخ)ی شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی هەژاری نیشتیمانپەروەر، لەدایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوەو، وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. هەر هەمان ساڵ، چۆتە شاخ و، لە هەرێمی سێی شاربازێڕ، بۆتە پێشمەرگە. لەبەر لێهاتوویی، وردە وردە پلەی لێپرسراویەتی بەرز بۆتەوە. بەشداری شەڕەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی کردوە... لە ساڵی ١٩٧٩، وەک هێزی پشتیوان چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، لە شەڕەکانی دژی سوپای ئێران، هاوکاری هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی کردوە.

لە ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٨، کاتێک کە لەگەڵ کەرتەکەی لە ناوچەکەدا سوڕاونەتەوە، لە گوندی (سۆیلەمیش)، ڕوو بەڕووی هێزێکی یەکێتیی بە فەرماندەیی (شەوکەتی حاجی موشیر)، بوونەتەوە. بەدیل گیراون. هەر لەوێ، کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بووە، مام ئاراس و شەش پێشمەرگەی تر، بەبەرچاوی خەڵکی ئاوایی، گوللە باران و شەهید کراون. ئەم ڕوداوە، زۆری لەسەر نووسراوە.

سەرکردەکانی یەکێتیش، دانیان بەم ڕاستییانەدا ناوە. تەرمی هەر حەوت پێشمەرگەکە لەلایەن گوندنشینانەوە، لە گوندی (ئالان) بەخاک سپێردراون. دواتر کەسوکاری مام ئاراس، تەرمەکەیان بۆ سلێمانی هێناوەتەوەو، لە گۆڕستانی گردی سەیوان، بەخاکیان سپاردۆتەوە.

شەهید مام ئاراس، باوکیشی هەر لە ڕێگای سەربەخۆیی کوردستاندا، شەهید کراوە. ناوبراو، کاتێ کە شەهید بوو، جێگری فەرماندەی هەرێمی سێی شارباژێڕ بوو. هاوسەرگیری نەکردبوو.

---

*** سەرچاوە: ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لاپەڕە ١٢٣- ١٢٧. هەروەها زانیارییەکانی (تانیا تاهیر)، خوشکەزای شەهید، کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٧دا، بۆی ناردووین.**

## ١٩٩- یوسف مەولود ئەحمەد



یوسف مەولود ئەحمەد، ناسراو بە (ئەبو هێرش)، لە ساڵی ١٩٦١، لە گوندی (پونگینە)ی سەر بە ناحیەی هیران، لەدایک بووە. سەر بە عەشیرەتی (خۆشناو)ە. چۆتە قوتابخانەو، ئامادەیی بازرگانی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و لە هەرێمی (١٠)ی سەفین وەک کادیری هەرێم، بۆتە پێشمەرگە. لە چەندین شەڕو ڕوو بەڕوو بوونەوەدا بەشداری کردوە. لە شەڕێکدا، لە نێوان شەقڵآوەو هیران، بریندار بووە.

دواجار، لە جەولەی دووەمی شەڕی ناوخۆ (لە قەندیل)، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٢٢دا، بە دەستی هێزەکانی یەکێتیی، شەهید بووە. بنەماڵەکەیان، جگە لە یوسف، چەند شەهیدێکی تریشیان لە ڕێگای سەربەخۆیی کوردستاندا، بەخشیووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (پونگینە)، بەخاک سپێردراوە.

شەهید یوسف، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی، دوو کچ (بەهرە، خەدیجە)و، سێ کوڕ (هێرش، هاوبەش، هەژار)ی، بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٩، لە ڕێگای (هەژار شەهید ئەحمەد خان)ەوە، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.



## ٢٠٠- یونس قادر پیرداود

یونس قادر پیرداود، ناسراو بە (کرێکار)، لە ساڵی ١٩٥٨، لە گوندی (گەڕەشێخان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لەدایک بووە. بە بنەماڵەوە هاتوونەتە شاری هەولێرو، لە گەڕەکی (جمهوری)، نیشتەجێ بووینە. چۆتە قوتابخانەو، ئامادەیی پیشەسازی لە شاری هەولێر، تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩، لە ڕێگای (کامەران قادر شۆڕش)ەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (بزوتنەوە)وە، کردوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، چۆتە شاخ و لە بارەگای سەرکردایەتی حزب، بۆتە پێشمەرگە.

لە شەڕی ناوخۆ، لە ئاشقولکەو پشتئاشان، کاتێک کە هێزەکانی یەکێتیی، لە یەکی ئایاری ١٩٨٣، هێرشیان بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی کردوە، هەردوو پێشمەرگە (کرێکارو ئیدریس)، بڕیاریان داوە کە خۆیان تەسلیمی (یەکێتیی) بکەن. لە ڕێگای ماڵە جوتیارێکەوە ئەم کارەیان ئەنجام داوە. کرێکار، بەو سیفەتەی خزم و کەسوکاری نزیکی لەگەڵ یەکێتیین، لە خۆی ڕابینیووە کە هیچی لێ ناکەن. کاتژمێر پێنجی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢، لە ماڵی جوتیارەکە، دوای تەسلیم بوون، گوللەباران و شەهید کراون.

کەسوکاریان، هەردوو تەرمەکە (ئیدریس و کرێکار)یان هێناوەتەوە هەولێرو، لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد)، لە تەنیشت یەکەوە، بە خاکیان سپاردون. شەهید کرێکار، هاوسەرگیریی نەکردبوو.

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٩، لە (یوسف)ی برای شەهید وەرگیراون.

## ٢٠١- یەحیا سەلام تەها



یەحیا سەلام تەها، لە ساڵی ١٩٥٧، لە گوندی (دۆندار)ی دەشتی کۆیە، لە بنەماڵەیەکی ئایینیی کورد پەروەر، لە دایک بووە. چۆتە قوتابخانەو، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوچەی کۆیەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)ەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٨١، چۆتە شاخ و، لە کەرتەکەی (کاکەسوور قۆڕیتانی)، سەر بە هەرێمی (١٥)ی شەهید دکتۆر خالید، بۆتە پێشمەرگە. برایەکی بە ناوی (سەید ڕەشید)، لەگەڵ عەبدوڵلا سوور شەهید بووە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دەشتی کۆیەو، ناوچەی خۆشناوەتی کردوە. لە شەڕی گوندی (قازبەگیان)ی سەر بە قەزای کۆیە، بریندار بووە.

دواجار، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٨، لە نزیک گوندی (هەواوان)ی سەر بە کۆیە، بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم کەوتووەو، شەهید بووە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (دۆندار) بەخاک سپێردراوە. شەهید یەحیا، خێزاندار بووە، لەدوای خۆی دوو کوڕ (ڕێبوار، بەشدار)و، دوو کچ (شەهێن، دڵنیا)ی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە.

---

* وێنەو زانیارییەکان، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٧، لە ڕێگای (عەبدوڵلا قۆڕیتانی)یەوە، لە کەسوکاری شەهید وەرگیراون.

بەشی دووەم

# بەشێك لە شەڕەكان

## دەشتێو

گوندی (دەشتێو)، کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ و، نــزیکەی دوازدە کیلــۆمەتر، لێــیەوە دوورە. لەگەڵ گونـــدەکانی: (گـواران)و (پیلیسـکە) لە ڕۆژهەڵاتەوە، (دەڵگە)، لە ڕۆژئـاواوە، زێـی بچـووک و گونـدی (ئەلبـان) لە باشـوورەوە، گونـدی (دەرویـنە) لە باکوورەوە، هاوسنوورە.

هێزێکــی پێشــمەرگە لە هەردوو هەرێمــی (دەشــتی هەولێــر) بە فەرماندەیی (سەعدی عەزیز)، ناسراو بە (سـەعدی گچکە)و، هەرێمی دەی خۆشـناوەتی بە فەرمانـدەیی (سـەید کـاکە)، کە ژمارەیـان ٤٢ (هەنـدێک دەڵـێن ٤٣) پێشـمەرگە بـوونە، ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٣ لەپشـت گوندی (قۆتەلاس)ی بناری چیای باواجی، سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)و، هاوئاقار لەگەڵ گوندەکانی (کانی بی، باوەقوب، پیرەر، کانی کەند) بوونە. ئێوارە درەنگ، (ئەکرەم مەلا فەتاح)، بە سـواری ئەسپێکەوە نامەی (مام جەلال)ی بۆ (سەعدی) هێناوە، چونکە سەعدی بەرپرسی یەکەمی هێزەکە بووە. هەردوو فەرماندەکە (سـەید کاکەو سـەعدی)، هەردووکیـان جـگە لە فەرمانـدەیی هەرێـم، ئەنـدامی سـەرکردایەتی (بــزوتنەوەی سۆسیالیســتی کوردســتان)و، ئەنــدامی کــۆمیتەی سـەرکردایەتی (یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان)یش بـوونە. مـام جەلال لە نامەکەیدا داوای کـردوە بگەڕێنەوە سـەرکردایەتی، چـونکە بڕیـار وابـووە لە نەورۆزدا، سـەرکردایەتیی یەکێتیـی کـۆببێتەوە. لە هەمـان کاتیشـدا، بزوتنەوە وەک بـاڵێکی نـاو یەکێتیی، کۆبـوونەوەی تایبەت بەخۆیانەوە هەبووە.

بـۆ بەیـانییەکەی (٣/٤)، هەمـوو هێـزەکە بە ڕێگـای بنـاری چیـای کۆسرەت و، چیای ئاسۆس، بەڕێکەوتوون. بەو پێیەی دوو پێشمەرگە

(مشیری مەلا فەتاح و مام زرار وەرتی)، خەڵکی ئەو ناوچانەن و، دەتوانن ڕێبەرایەتییان بکەن. بە دەشتی بیتوێن تێپەڕیون، گەیشتوونەتە بناری چیای (کۆسرەت). دوو شەو لە دێی (چنارۆک)، ماونەتەوە. دواتر بە بەلەم بەرەو شاخی (ئاسۆس)، لە دەریاچەکەدا پەڕیوونەتەوە. بۆ ڕۆژی دواتر (شەوەکەی)، گەیشتوونەتە گوندی (گەرمکان). ئەم گوندە لەسەر ڕووباری (قەڵادزێ)و، کەوتۆتە ئەودیوی چیای (ئاسۆس). لە (گەرمکان)، سێ پێشمەرگەی تری لێ بووە بە ناوەکانی (بایزە خوار، خدر حەمەسوور، محەمەد حەمەدەسوور کەریم). ئەو سێ پێشمەرگەیە وەک شارەزای ڕێگاو ڕێبەر بەگەڵ هێزەکە کەوتوون، گوتوویانە: هیچ مەترسییەک لەگۆڕێدا نییە، هێزەکانی ڕژێم بۆ ئێرە نەهاتوون. بەیانییەکەی (٣/٨) کە هێشتا دنیا زۆر تاریک بووە، لەخەو هەستاون و، کاتژمێر چوار بەڕێکەوتوون. لە ڕووباری (قەڵادزێ)، لەنێوان هەردوو گوندی (خاس)و (نورەدین)، پەڕیونەتەوە. بەرەو (دەشتێو) ڕۆیشتوون کە بڕیار وابووە نانی بەیانی لەم گوندەدا بخۆن. دوای نان خواردن، بە بناری شاخەکەدا بەرەو گوندی (دارەشمانە)و (هەڵشۆ)، بەرەو سەرکردایەتی بکەونەڕێ. کە گەیشتوونەتە خوار گوندی (دەشتێو)، هەر ٥٠٠ مەترێک لێیەوە دوور بووینە، دنیا تەواو ڕووناک بووە. سەربازێکی زۆریان لەهەر چوار دەوری گوند بینیووە. ویستوویانە نەچنە گوندو، بەرەو ڕووباری قەڵادزێ، پاشەکشە بکەن. چەند پێشمەرگەیەکیان ناردۆتە سەر ڕووبارەکە، بەڵام هیچ بەلەمێک لە کەنار ڕووبارەکەوە نەماوە، تاوەکو پێی بپەڕنەوە (شەو، هێزەکەی ڕژێم لایان بردوون). کە دەزانن جگە لە شەڕ کردن، هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نەماوە، (سەعدی گچکە) قسەی بۆ هێزەکە کردووە: (... ئێمە ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێکە لە تەمەنی شۆڕشەکەدا لە

چەندین شوێندا دوژمنمان خستۆتە داوی خۆمان و زەرەرو زیانی زۆرمان پێگەیاندوون، بەڵام ئەمڕو وەک دەبینن ئێمە بەناچاری و بە ناشارەزایی کەوتووینەتە داوی ئەوان و کات و شوێنی شەڕەکەش خۆمان هەڵمان نەبژاردوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە بە زەرەری ئێمە تەواو دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، جگە لە مقاوەمەت و بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی ڕژێم، هیچ ڕێگایەکی ترمان نییە).

چەکی دەستی پێشمەرگەکان بریتی بووە لە کلاشینکۆف و برنۆ، یەک (ئارپیجی حەوت) بە سێ گوللەو، نارنجۆکی دەستی و، فیشەکێکی زۆری یەدەگیان پێبووە. دوای ماوەیەکی کەم، سەربازەکان (بەبۆچوونی خۆیان)، لەوە دڵنیا بووینە کە پێشمەرگەکان لەم شوێنە ڕووتەنە ناتوانن شەڕ بکەن، بۆیە چەند سەربازێک لە پێشمەرگەکان نزیک بوونەتەوەو، بە مایکرۆفۆن داوایان لێ کردوون کە تەسلیم ببن. بەڵێنی ئەوەشیان پێداون کە لەسەر شەرەفی سەرۆک کۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکر)، گیانییان پارێزراو دەبێت. دوای ئەوە، پێشمەرگەکان تەقەیان لێ کردوون و، شەڕ دەستی پێ کردووە. ڕژێم پێشوەختە، پلانی لەمێژینەی بۆ ئەم هێرش و گەمارۆیە داناوە... لەمێژ بووە چاودێری جموجۆڵی ئەم هێزەی کردووە. لەسەر ئاستی سەربازی زۆر باڵا، نەخشەی هێرشەکەیان دارشتووە. خودی (ئیسماعیل تایە ئەلنعیمی) قائید فرقەی یەک، سەرپەرشتی ئەم هێرشەی کردووە. هەریەکە لە (عەمید ڕوکن حازم بورهاوی قائید فرقەی موسڵ، قائید فرقەی سلێمانی، ئەرشەد زێباری پارریزگاری سلێمانی، عەقید ڕوکن سەباح سەبری ئامیر لیوای قوات خاسە)و، چەندین ئەفسەری پلە بەرزی قوات خاسەو مغاویرو هێزی پیادە، لەگەڵ (ئیسماعیل تایە) بووینە. چل

کۆپتەر بە بەردەوامی قوات خاسەو مغاویری لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا دابەزاندووە. چەندین تۆپی دوور هاوێژ، بۆردوومانی شوێنی پێشمەرگەکانی کردوە. فڕۆکەی جەنگیش بە بەردەوامی بە ئاسمانی شەڕو ناوچەکەدا سووڕاونەتەوەو، بۆردوومانی کردوون. شەڕەکە لە بەیانییەوە دەستی پێکردووەو، لە کاتژمێر چواری ئێوارە بەرەو کزی و، کۆتایی پێهاتووە. ناو گوندی (دەشتێو)و، هەرچوار دەوری بە سەرباز تەنراوە. (گردەچێو)، ناوی گردێکە لە نزیک گوندەکەو، نزیکەی ٣٠٠- ٤٠٠ ، مەترێک درێژە. پێشمەرگەکان بە شەڕ کردن خۆیان گەیاندۆتە ئەم گردەو، لەوێ (دوو دوو)و (سێ سێ)، دابەش بووینەو، سەنگەریان گرتووە. کۆپتەرەکانیش بە بەردەوامی قوت خاسەو مغاویری دابەزاندووە. بە قسەی سەید کاکەو یەکێک لە پێشمەرگە بەشدار بووەکان، سێ کۆپتەریان بینیووە کە پێکراون و لە مەیدانی شەڕەکەدا، کەوتوونەتە خوارەوە. بە قسەی خودی قائید فرقەی یەک (ئیسماعیل تایە ئەلنعێمی)یش لە لاپەڕە ٢٢١- ٢٢٥ی کتێبەکەیدا (تجربتي في القيادة)، هەشت کۆپتەر پێکراوە، کە سێیانیان تەواو لەکار کەوتوون و، پێنجەکەی تریان توانای ئەوەیان هەبووە بچنەوە مەیدانی شەڕو، ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. هەر بە قسەی قائید فرقەی یەک، جگە لە زیانی ماددی، (١٦٠) ئەفسەرو سەرباز کوژراون و، نزیکەی (٢٥٠)یش، بریندار بووینە. سەربازەکان کە هێرشیان هێناوەو کوژراون، بە فەرمانی قائید فرقە، خەڵکی گوند لەناو گەرمەی ئەم شەڕەدا ناچار کراون تەرمی سەربازەکان کۆبکەنەوەو، بۆ گواستنەوەیان، بیانبەنە نزیک کۆپتەرەکان.

هەر لە (گردەچێو)، سەنگەرێکی پێشمەرگە لەلایەن سریەیەکی عەسکەری داگیر کراوە. (سەعدی گچکەو بەکر حەمەو سەرباز کۆیی

و جەوهەری برای شەهید دکتۆر خالید سەعیدو جەعفەری مام ئەسوەدی کۆیی)، هێرشیان بۆی کردۆتەوەو، گرتوویانەتەوە. لەناو تەرمی سەربازەکان، سەربازێکی بریندار تەقەی کردوەو، سەعدی لەوێ شەهید بووە. بۆ گرتنەوەی دووبارەی سەنگەرەکە، جگە لە سریەی پێشوو، سریەیەکی تریشیان بۆ ناردووەو، گرتوویانەتەوە. بە قسەی (ئەلنعێمی)، ئەو ئامیر سریەیەی جاری یەکەم سەنگەرەکەی پێشمەرگەی گرتووە، کوژراوە. (قادر عەزیز و ڕەشید گەزنەیی و ئەحمەد محەمەدئەمین چەمرگەیی و سەید حوسێن گۆمەشینی)، لە سەنگەرێکی ڕۆژئاوای گردەکە بووینە... سوپا چەندین جار هێرشی بۆ سەر گردەکە کردوەو، بە شکاوی گەڕاوەتەوە. بۆ هەر خۆئامادە کردنێک بۆ هێرشێکی تر، نزیکەی کاتژمێرێکیان پێ چووە. بە قسەی (بەکر حەمە): (بۆ یەکەم جار بەکر حەمەو جەمال کوردەو سەلیم کێشکەیی)، بەسەر گردەکە کەوتوون. هەر لەگەڵ دەست پێکردنی تەقە، دوو لەم پێشمەرگە ڕێبەرانە (بایزە خوارو محەمەد حەمەدەسوور کەریم)، هەڵاتوونەو، خۆیان بزر کردوە.

لەم شەڕەدا، چواردە پێشمەرگە شەهید بووینە، کە بریتی بوون لە:

١- سەعدی عەزیز محەمەدئەمین، ناسراو بە سەعدی گچکە، خەڵکی هەولێر.

٢- فاروق سدیق، ئەندامی پێشکەوتووی (کۆمەڵە)، خەڵکی هەولێر.

٣- فەرخ قادر ئەحمەد، خەڵکی قەراج و کەندێناوە.

٤- فەریق هەمزە، خەڵکی ناوچەی ساڵەیی.

٥- شاهێن عەزیز جومعە، خەڵکی پردێ.

٦- تاهیر محەمەد عەلی، خەڵکی گوندی (کەندارو گاوەرە).

٧- جەبار ئیسماعیل عەلی، خەڵکی گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە

ناحیەی دێگەڵە.

٨- عوسمان ئەحمەد حەسەن، خەڵکی گوندی (باوەقوب)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە.

٩- سامی عوبێد، خەڵکی هەولێر.

١٠- سەباح جەمیل، خەڵکی گوندی (چەمرگە)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر.

١١- ئەحمەد محەمەئەمین ناسراو بە (ئەحمۆ)، خەڵکی گوندی چەمرگە.

١٢- محەمەد حەمەدەمین، خەڵکی (سکتان).

١٣- ئەحمەد حەمەد کەریم، خەڵکی گوندی (گورزەیی)، سەر بە ناحیەی دێگەڵە.

١٤- جەعفەر کەریم مەحمود، خەڵکی گوندی (گۆمەشین).

هەروەها پێنج پێشمەرگەش بە برینداری بەدیل کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ڕژێم، کە ئەمانە بووینە:

١- جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، خەڵکی کۆیە.

٢- جەواد کەریم مەحمود، خەڵکی گوندی (گۆمەشین)، سەر بە ناحیەی دێگەڵە.

٣- حوسێن ڕەحمان سەعید، خەڵکی گوندی (گۆمەشین).

٤- کەمال واحێد مەحمود، خەڵکی گوندی (گۆمەشین).

٥- عەزیز باپیر داود، خەڵکی گوندی (گۆمەشین).

دوای دادگایی کردنیان، عەزیز باپیر داود، لەبەر ئەوەی تەمەنی لەژێر هەژدەساڵییەوە بووە، بە بیست ساڵ حوکم دراوە، دوایی بەر لێبووردنی گشتیی کەوتووەو، ئازاد کراوە. چوار دیلەکەی تر، حوکمی لە سێدارە دانیان بەسەردا سەپێندراوەو، لە ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٤دا، لە

زینـــدانەکانی شـــاری موســـڵ، لە ســـێدارە دراون. تەرمەکانیـــان نەدراوەتەوە کەسوکاریان.

نەوشیروان مستەفا، لە کتێبی (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، لاپەڕە ٢٤٨)دا، نووسـیوویەتی: لە ١٩٧٨/٦/٢١دا، لە سـێدارە دراون، بەڵام بنەمـاڵەی شـەهیدەکان جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەمە هەڵەیە، چونکە لە وەفاتنامەکانیاندا، ١٩٧٨/٦/١٤ نووسراوە.

جگە لەم برینداره دیل کراوانە، چەند پێشمەرگەیەکی تریش بریندار بووینەو، ڕزگار کراون. لەوانە: (عەوڵلا سوور، باپیر گورزەیی، بەکر حەمە، جەمال کوردە). جگە لە پێشمەرگە شەهیدو بەدیل گیراوەکان، بەشێک لە پێشمەرگە بەشدار بووەکانی ئەم شـەڕە بریتی بوون لە: (سەید کاکە، قادر عەزیز، بەکر حەمە، جەمال کوردە، سەرباز ئەحمەد کۆیی، زرار وەرتی، مشیر خدر، سەلیم کێشکەیی، سەید عەبدوڵلا سەسۆر، ڕەشید گەزنەیی، جەوهەری برای شـەهید دکتۆر خالید، ڕۆستەم، ... تاد).

دەربارەی ژمارەی شـەهیدەکان و دیل و هەندێک لە ناوەکان، بە شێوەی جیا جیا، نووسراون. بۆ نموونە:

* یەکەم: نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە، لاپەڕە ٢٤٧- ٢٤٨)دا، نـاوی شـەهیدەکانی بەم شـێوەیە بڵاوکـردۆتەوە، کە سێزدە کەسـن: (سـەعدی عەزیز، فـاروق سدیق، فەرخ قـادر، فەریق هەمزە، شـاهێن عزەدین، تـاهیر حەمەد، جەبار ئیسماعیل، عوسمان بـاوە، عەزیـز بـاپیر، سـامی عوبێـد، سـەباح جەمیـل، ئەحـمەد محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەد). کەچی لە ڕاستیدا:

١- ژمارەی شەهیدەکان (١٣) نییەو، (١٤)یە.

٢- عوسمان باوە نییە، بەڵکو (عوسمان ئەحمەد حەسەن)ەو، خەڵکی

گوندی (باوەقوب)ی سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)یە.

٣- عەزیز باپیر شەهید نەبووە. بە دیل گیراوە، دواتر بەر لێبووردنی گشتیی کەوتووەو، ئازاد کراوە.

٤- شاهین عزەدین نییەو، شاهین عەزیز جومعەیە.

٥- تاهیر حەمەد نییەو، (تاهیر محەمەد عەلی)یە.

٦- ئەحمەد محەمەد نییە، بەڵکو (محەمەد حەمەدەمین)ەو، خەڵکی (سکتان)ە.

٧- ئەم دوو شەهیدەشی نەنووسیووە: (ئەحمەد حەمەد کەریم، خەڵکی گوندی گورزەیی. جەعفەر کەریم مەحمود، خەڵکی گوندی گۆمەشین).

*دووەم: شاخەوان عەباس، لە کتێبی (سەفەری کوردایەتی ١٩٧٤- ١٩٨٠، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٣٩- ١٤١)دا، شتێکی تری تازەی نرنووسیووە. ناوی شەهیدەکانی لە کتێبەکەی (نەوشێروان)ەوە گواستۆتەوەو، تەنها ناوی (عەزیز باپیر)ی لە لیستی شەهیدەکان، دەرهێناوە.

*سێیەم: سەید کاکە لە کتێبی: (بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپی سێیەم، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٣٩- ١٤٠)دا، کۆمەڵێک زانیاری و ناوی تێکەڵ کردوە. بۆ نموونە:

١- فەرەج قادر نییە، بەڵکو (فەرخ قادر)ە.

٢- جەواد سەید کەریم (جەواد کەریم مەحمود)، لە بەرەی شەڕ، شەهید نەبووە، بەدیل گیراوە.

٣- سامی سەید عومەر نییەو، (سامی عوبێد)ە. بەدیل نەگیراوەو، لە بەرەی شەڕ شەهید بووە.

٤- لە شوێنی لەسێدارەدانی دیلەکانیش، لە ڕووی دارشتنەوە، ناڕوونییەک دەبینرێت. ئەو، نووسیوویەتی:

- حوسێن سەید ڕەحمان لە گوندی گۆمەشین، لەسێدارە درا.
- کەمال سەید واحید لە گوندی گۆمەشین، لەسێدارە درا.
- جەعفەر ئەسوەد، لە کۆیە لە سێدارە درا.

خوێنەر ئەگەر زانیاری پێشوەختەی نەبێت، وا دەزانێت ئەوانە لە گوندی گۆمەشین و شاری کۆیە، لە سێدارە دراون. دەزانم سەید کاکە مەبەستی ئەوە بووە بڵێ: خەڵکی گوندی گۆمەشین بووەو، لە سێدارە دراوە... بەڵام هەموو کەسێک ئەوهای تێناگات.

دوای ئەم شەڕە، چەندین گێڕانەوەو، بۆچوونی جیا جیا، بڵاوکراونەتەوە... بەشدار بووە دیارەکان، یەکتریان تاوانبار کردوە کە گوایا شەڕیان نەکردوەو، هەڵاتوون. لەم ڕووەوە، سەید کاکەو قادر عەزیز، یەکتریان تاوانبار کردوەو، بە نووسین وەڵامی یەکتریان داوەتەوە. سەید کاکە نووسیوویەتی: (قادر عەزیز لە بەرەی شەڕ ڕایکردوە، دوای دوو ڕۆژ ئینجا زانیوویەتی سەعدی گچکەی مامی شەهید بووە). لەم ڕووەوە، (مام جەلال)یش لە (دیداری تەمەن)دا، شتێکی لەم بابەتەی باس کردوە.

لەبارەی ئەم قسەیەی سەید کاکە، (قادر عەزیز)یش وەڵامی داوەتەوە: (سەید کاکە گردەکەی کە پێی سپێردرابوو، بەریداوەو، دوژمن بەسەر شەڕەکەدا زاڵ بووە، سەعدی گردەکەی گرتۆتەوەو، لەوێ شەهید بووە).

ئەم یەکتر تاوانبار کردنە، ئەوەندەی پەیوەندی بە ململانێی سیاسیی و حزبایەتییەوە هەبووە، نیو هێندە پەیوەندی بە شەڕەکەوە نەبووە. ئەوان لە شاخ لە ململانێیەکی سەختی بەردەوامدا بووینە تا حاڵەتی جیابوونەوەو، خەبات کردن لە حزبی جیاو دژ بەیەک. دەنا هەموو کەسێک ئەم ڕاستییە دەزانێت کە ئەو هەموو هێزە مەشق پێکراوەی

ڕژێم، بە پاڵپشتی چەندین فرۆکەو فرقەو لیوای تایبەت و تۆپی دوور هاویژو، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کەسە سەربازییە پلە یەک و هەرە دیارەکانی ڕژێم، هی ئەوە نین کە بە (٤٢) پێشمەرگەی برسی و نەشارەزا، کە چەکی دەستییان برنۆو کلاشینکۆف و یەک ئاربیجی (بە سێ گوللەوە... تەنها سێ گولله) !! بەراورد بکرێن و، سەرکەوتنیش لە پێشمەرگە چاوەڕوان بکرێت. ئەوا چوار پێشمەرگەش توانییان گردێک بگرنەوە، دوایی، بەرامبەر ئەم هەموو هێزە چییان دەکرد؟ دڵنیام هەر لەدەستیان دەدا. ئەم شەڕە، شەڕی بەرگری کردن بووە تا شەهید بوون، وەک سەعدی گچکە، هەر زوو پێشبینی ئەوەی کردووە کە بە زەرەری ئەوان تەواو دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا پێشمەرگە سەرکەوتوو بووینەو، توانیوویانە زەرەرو زیانێکی زۆر بە ڕژێم بگەیەنن و، بەرامبەر بە گەورەترین و بەهێزترین هێز، بەرگریی بکەن.

جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، یەکێک بووە لەو دیلانەی کە بە بریندارى گیراوە، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٢، (دوو مانگ و دوو ڕۆژ بەر لە سێدارەدانی)، لە ڕێگای ئەو کەسانەی کە لە زیندان سەردانییان کردوە، نامەیەکی دوو لاپەڕەیی لە کاغەزی (قەبارە نیو فۆلسکاب)، بۆ دکتۆر خالید سەعید لە شاخ ناردوە (کە بە دەستی نەگەیشتووە). لەوێدا نووسیوویەتی: (بەڵام بەداخەوە کەوا جەماعەت هەموو شەڕیان نەکرد). دەربارەی دیل و شەهیدەکانیش، نووسیوویەتی: (کە من گیرام بردمیان بۆ خوارەوە وە حەوت پێشمەرگەی تریان گرتبو وە ئێمە ئەو هەشت پێشمەرگەیە ڕێزیان کردین وە دەستیان کرد بە ڕەمی کردنمان وە هەر لەوێ سێ کەسیان کوشتین وە کە ئەمە ناوی سێ کوژراوەکەیە ١- سەباح جەمیل ٢- جەعفەر گۆمەشینی،

سامی - مەبەستی سامی عوبێدە). جەعفەر لە نامەکەیدا بەردەوام بووەو نووسیوویەتی: (ئێمە ٥ پێشمەرگە ماینەوە وە بردنیان بۆ قەلادزە بەڵام بەم بریندارییە هەر بە لێدان کوشتنیان وە بۆ بەیانی منیان لە قەلادزەوە هێنایەوە بۆ جێگای حادیسە وە بۆ وەی کە ناوی شەهیدەکانیان پێ بڵێم وە منیش ناوی شەهیدەکانم پێ وتن کە ئەمانە بون ١- کاک سعدی ٢- فارق ٣- فریق ٤- أحمد سکتانی٥- أحمد گورزەیی ٦- جبار سید سمایل گۆمەشینی ٧- أحمۆ ٨- ..... - بەداخەوە دەرنەچووە - ئیسماعیل تەنیا).

بە گوێرەی ئەم نامەیە: (سەباح جەمیل و جەعفەر کەریم مەحمودو سامی عوبێد)، لەبەرەی شەڕ شەهید نەبووینەو، بە بریندارى گیراون و لە قەڵادزێ شەهید کراون.

بۆ بەیانییەکەی، لەژێر پاڵەپەستۆو داواکاری خەڵکی قەڵادزێ (کە ڕێکخستنە نهێنییەکان ڕۆڵی باشیان هەبووە)، تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکانیان داوەتەوە خەڵکی و، ئەوان بە گوێرەی ڕێ و ڕەسمی ئایینیی، لە شاری قەڵادزێ، بەخاکیان سپاردون.

* دەقی نامەکەی شەهید (جەعفەرئەسوەد)، وەک خۆی:

٧٨/٤/١٢

بۆ جەنابی برای خۆشەویستم کاک دکتۆر خالید پێش کەش

پاش سلاو ئیحترام سلاو بۆ هەموو برادەران

برام پاش ئەم شەڕەی کە لە ڕۆژی ٧٨/٣/٨ توش بووین لە پشت قەلادزە وە ئێمە کەوا شەڕمان کرد لە (٧) بەیانی تاکو ٣ ئێوارە وە نەتیجەی شەڕەکە ئێستا بۆ خۆشت باش ئەزانی بەڵام بەداخەوە کەوا جەماعەت هەمووی شەڕیان نەکرد. وە من کەوا گیراوم لە پاش سەعات ٣ی ئێوارە ( ......) کەوا زۆر شڕی کردم ئەم گولەیە بوو کە

بە لاقم کەوت وە دەمارەکانی هەموو پچڕاوە وە پەکی خستم وە نەم توانی کەوا ڕابکەم وە چەندی هاوارم کرد کە یەکێک ڕام بکێشێ بەڵام بەداخەوە کەس نەبو جگە لە شەهیدەکانی دەورو پشتم زیاتر وە کە من گیرام بردمیان بۆ خوارەوە وە (٧) پ.م تریان گرتبو وە ئێمە ئەم (٨) پ.م درێژیان کردین وە دەستیان کرد بە ڕەمی کردنمان وە هەر لەوێ ٣ کەسیان کوشتین وە کە ئەمە ناوی ٣ کوژراوەکەیە ١- سەباح جەمیل ٢- جەعفەر گۆمەشینی ٣- سامی. وە دوای ئێمە (٥) پ.م ماینەوە وە بردنیان بۆ قەڵادزە بەڵام بەم بریندارییە هەر بە لێدان کوشتنیان وە بۆ بەیانی منیان لە قەڵادزەوە هێ نایەوە بۆ جێگای حادیسە وە بۆ وەی کە ناوی شەهیدەکانیان پێ بڵێم وە منیش ناوی شەهیدەکانم پێ وتن کە ئەمانە بون ١- کاک سعدی ٢- فارق ٣- فریق ٤- أحمد سکتانی ٥- أحمد گورزەی ٦- جبار سید سمایل گۆمەشینی ٧- أحمو ٨- (......) وە دوای گەڕاندنیانەوە بۆ قەڵادزە وە بو کە ڕەوانیان کردین بۆ کەرکوک ٣/٩ وە (١٦) برینداریان لەگەڵ سوار کردین لەناو کۆپتەرەکە هەر لە ڕێگا وەخت بو ئەم بریندارانە بمان کوژن وە لە کەرکوک ٣ ڕۆژ دەستیان بەستین وە هیچ تەداویان نەکردین بەڵام دوای (٣) ڕۆژ تەداویان کردین وە بردنیان بۆ هەیئە بەڵام لە ئیستخباراتی قەڵادزێ زۆریان لێ دام بە برینداری کە خۆشم لەسەر لاق ڕانەئەگرت وە پاش تەحقیقات کەوا هیچ ئیستیفادەیەکیان لێ نەکردوم مەحکەمەیان کردین بێ سوئال وە لەم ڕۆژە (١٦) کە من بێ مەحکەمە حوکم دراین بەڵام ڕەوانەیان کردین بۆ موسڵ وە ئێستا لە غرفەی ئیعدامم لە موسڵ. بەڵام هیچ خەیاڵ نەکەی هەروا ئەزانم کە لەسەر چیاکانی کوردستانم وە هیچ غەمێکی منت نەبێ چونکە ئەم کارە لەپێش هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕە وە ئێوە هەر خەباتو تێ کۆشانی خۆتان بکەن چونکە

سەربەرزیە لە ڕێگای کوردو کوردستان. بەڵام ئێستا لەبەر قاچم زۆر بە ئازارم بەڵام هەروا ئەزانم کە لەسەر چیاکانی کوردستانم. وە بەڵام بەداخەوە کەوا جەماعەت هەموو شەڕیان نەکرد وە ئێستا داخوا باسی شەڕەکەشت چۆن بۆ ئەگێڕنەوە (......) بۆ مام و کاک علی وە هەموو برادەران.

وە برام نابێ هیچ غەمی منت بێ چونکە من لە ڕێگای سەربەرزیەوە ئەڕۆم وە پاش شەڕێکی قارەمانانە توشی ئەم بەڵایە بوم وە نەبێ بەسەرشۆڕی گیرابم. أیتر سەرکەوتن هەر بۆ ئێ وەی قارەمانە.

وە تا ئێستا ١٨٦ کەس لە موسڵ اعدام کراوە وە هەمو ڕۆژ هەر بە کۆمەڵ اتریش دەهێ نن

ایتیر خۆشیت

**ئیمزا**

**برای دلسۆزت**

**جعفر**

* **سەرنج**: لە بۆشایی یەکەم سێ وشە نەخوێندرایەوە. لە بۆشایی دووەم، خۆی نەینووسیووە. لە بۆشایی سێیەم دوو وشە نەخوێندرایەوە. (ئیسماعیل).

* بۆ گێڕانەوەو نووسینەوەی ئەم شەڕە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ١٩٧٥- ١٩٧٨، بەرلین، ١٩٩٧. نەوشێروان دەقی چەند لاپەڕەیەکی پەیوەندیدار بە شەڕەکە، لە کتێبی (اسماعیل تایە النعیمی، تجربتي في القیادة)، لە لاپەڕەکانی ٢٤٨- ٢٥١ دا، بڵاوکردۆتەوە.

٢- سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٣- قادر عەزیز، یاداشتەکانم، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٨، لە ماڵپەڕی (مێژووی کورد)، بڵاوکردۆتەوە. هاوپێچ لەگەڵ بابەتەکەی دەقی چەند لاپەڕەیەکی پەیوەندیداری لە کتێبی (تجربتي في القيادة)، بڵاو کردۆتەوە.

٤- تەلەفزیۆنی (جەماوەر)، حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵیادی شەڕەکەدا دیمانەی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی بەشدار بووی شەڕەکە، بڵاوکردۆتەوە.

## سماقوڵی

دوای چوونی وەفدی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان) بۆ بەغداو، سەرنەگرتنی مفاوەزات، هێزێکی ئەم حزبە کە لە هەرێمەکانی (١٠) و(١١) و(١٢) و(١٤)، پێکهاتبوون، بۆ ئەنجامدانی چالاکی عەسکەری و کۆڕو کۆبوونەوەو هوشیار کردنەوەی جەماوەر، لە ناوچەکەدا دەسوڕانەوە، لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/١٨دا، لە نزیک هەردوو گوندی (هەرتەل)و (زێوە)ی سەر بە ناحیەی (بێتواتە)ی قەزای ڕانیەدا، ڕوو بەڕووی ڕەوە جاشێک بوونەتەوە. شەڕ دەستی پێکردوە. دوای پێنج کاتژمێر، شەڕەکە کۆتایی پێهاتووە. هەر ئەم هێزە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٣، گەیشتوونەتە هەردوو گوندی (سماقوڵی گرتک)و (سماقوڵی سەروچاوە)ی سەر بە قەزای کۆیە. بە گوێرەی گێڕانەوەکان، هێزەکە بەم شێوەیە بەسەر سێ قۆڵدا دابەش بووینە:

- قۆڵی یەکەم: سەید کاکەو پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێرو هەرێمی

یازدەی باواجی، چوونەتە گوندی (سماقوڵی سەروچاوە).

- قۆڵی دووەم: سەید سەلیم و هەرێمی دوازدەو لیژنەی ناوچەی ڕواندز، چوونەتە گوندی (سماقوڵی گرتک).

- قۆڵی سێیەم: هەرێمی (١٠) و(١٤)و عەولا سوورو شینە بۆڵی و ئەحمەدخان، چوونەتە هەردوو گوندی (سماقوڵی سێنان)و (سماقوڵی زارگەلی). شەو لەم گوندانەدا ماونەتەوە.

بە گوێرەی گێڕانەوەی (سەید کاکە)، کاتژمێر شەشی بەیانی ١٢/٢٤، هەستیان بەوە کردوە کە هێزێکی زۆری ڕژێم لەلای گوندی (سوسێ)وە، بەرەو (سماقوڵی) دێن. ئەوان بۆ ئەوەی زیان بە هاووڵاتیان نەگەیەنن پێیان باش بووە لە گوند بچنە دەرەوە. کە لە گوند دەرچووینەو گەیشتوونەتە ناوقەدی چیا، (نێوان هەردوو گوندی نازەنینی سەر بە ناحیەی سکتان و سماقوڵی سەروچاوە)، شەش کۆپتەر کێوماڵی ناوچەکەی کردوە. هەر لەوێ ڕوو بەڕووی هێزێکی تری سەربازی ڕژێم بوونەتەوەو شەڕ دەستی پێکردوە. دوای کاتژمێرێک، شەڕەکە تەواو بووە. هێزەکەی ڕژێم (ئەوەی لەلای سوسێ بەڕێ کەوتبوو)، ببوونە دوو بەش. بەشێک بەرەو سماقوڵی گرتک و، بەشەکەی تریش بەرەو (سماقوڵی سەروچاوە)، هاتوونە. هێزەکانی پێشمەرگەش بەسەر دوو قۆڵ دابەش بووینە:

- قۆڵی یەکەم: عەولا سوورو شینە بۆڵی و ئەحمەدخان لە سماقوڵی گرتک، سەرپەرشتیان کردوە.

- قۆڵی دووەم: سەید سەلیم و سەید کاکە لە سماقوڵی سەروچاوە، سەرپەرشتیان کردوە.

شەڕ لە قۆڵی یەکەم لە کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی و، لە قۆڵی دووەم لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، دەستی پێکردوە.

هێزەکانی ڕژێم لە هێزی پیادەو هێزی تایبەت (قوە خاسە)و هێزی مغاویری مەسیف سەلاحەدین و شەقڵاوەو کۆیەو ڕانیەو، جاشەکانی هەولێرو کۆیەو ڕانیە، پێکهاتبوون. نۆ کۆپتەری سەرباز هەڵگرو، چەندین تانک و زرێپۆش و ئیڤای عەسکەری، بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژو هاوەن، پاڵپشتیان لە هێزە هێرشبەرەکە کردوە. ڕژێم وەک ئەزموونێکی تازە، بە کۆپتەرەکان، بە بەردەوامی هێزی مغاویرو تایبەتی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا، دادەبەزاند. یەکێک لە سریە عەسکەرییە بە ئەزموون و شەڕکەرەکانی ڕژێم، سریەی تایبەتی ئەلعەزم(العزم)، بە فەرماندەیی (نەقیب هیشام) بووە. سریەی ناوبراو، هەر لەم ساڵەو، لە دوو شەڕی جیاوازدا، لە گوندی (شیوەپیران)ی سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)، لە ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٣١و، لە شەڕی گوندی (قورە بەرازە)ی سەر بە قەزای کۆیە لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١١دا، بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا زاڵ بووینەو، (٣٣) پێشمەرگەیان شەهید کردوەو، چەند پێشمەرگەیەکی تریشیان، بە دیل گرتوە.

هێزەکانی پێشمەرگە کە ژمارەیان لە سەرووی (٢٠٠) کەس بووە، لە دوو لاوە گەمارۆ دراون. دوای بەرگرییەکی باش، هێرشی پێچەوانەیان بۆ سەر هێزەکانی ڕژێم دەست پێکردوە. لە قۆڵی (سماقوڵی گرتک)، هەرسێ فەرماندە (عەولا سوورو شینە بۆڵی و ئەحمەدخان) هاتوونەتە ناو گوندو لەسەر کانییەکە لەگەڵ جاشەکان، ڕوو بەڕووی یەکتر بوونەتەوە. هەر لەوێ، چەندین جاش کوژراوە کە لاشەی شەشیان لەسەر کانییەکەدا بەجێماون.

لە قۆڵی (سماقوڵی سەرو چاوە)ش، لە دوو لاوە هێرش بۆسەر هێزەکانی پێشمەرگە کراوە. هێزێکی سەربازی لە سەربازگەی (میران)، لە مەسیف (سەلاحەدین)ەوە، بەسەر شاخی (سەفین)دا

هـاتوونە، کە هێـزی تـایبەت و دەسـت وەشـێنی (سـریەی ئەلـعەزم)، لەپێش ئەو هێزەوە بووینە. سریەی ناوبراو کەوتۆتە ناو بۆسەی پێشمەرگەکانی قۆڵی (سەید سەلیم)و، زۆریان لێ کوژراوە بە (نەقیب هیشام)ی فەرماندەکەشیانەوە.

دوای هێـور بـوونەوەی شـەڕەکەو کـۆکردنەوەی دەسـتکەوتەکان، (سەید سەلیم) بە بۆردومانی کۆپتەرەکان، بە سەختی بریندار بووە. دوای پێـنج کـاتژمێر مـانەوە، شـەهید بـووە. لە قـۆڵەکەی تـریش (سماقوڵی گرتک)، کاتێک کە (شینە بۆڵی) وەک فەرماندەیەک خەریکی ڕێنماییدان و سەرپەرشتی کردنی سەنگەرەکان بووە، بەر گولەیەکی دووری هێزەکانی ڕژێم کەوتوەو، شەهید بووە.(هەندێک پێیان وایە، بە تەقەی عەریفێکـی برینـدار شـەهید بـووە). (عەولا سـوور)یش بە گوێرەی قسەی شایەد حاڵ و پێشمەرگە بەشدار بووەکان، تاکتیکێکی سـەیرو بێ وێنەی شـەڕ کردنی هەبووە. لە مزگەوتی گوند بـووە، فەرمـانی بە پێشـمەرگەکان داوە، بێدەنگ بـن و تەقە نەکەن، تـاوەکو هێزەکانی دوژمن نەزانن کە ئێمە لە مزگەوتین. سـەربازو جاشـەکان هاتوونەتە حەوشی مزگەوت، ئینجا تەقەیان لێکراوەو، کوژراون. بە هەمان چەک و فیشەکی ئەم کوژراوانەی بەردەستیان، درێژەیان بە شـەڕو بەرگریـی داوە. لەم ڕووەوە، (موحسـین بـایز) وەک بەشـدار بوویەک گوتوویەتی: کاتێک عەولا سوور فیشـەکی کەم بۆتەوە، بە پێشـمەرگەکانی گوتـووە: لـێگەڕێن تـا سـوپای دوژمـن لە دیـواری مـزگەوتەوە دێـنە حەوشـە، ئینجـا لێیـان بـدەن. (موحسـین بـایز) لە درێـژەی قسـەکانیدا گوتـوویەتی: دوای هێـور بـوونەوەی شـەڕەکە، عەولا سـوور بە (موحسـین)ی گوتـووە؛ وا بـزانم لەو کەنـدەی پێشەوەمان چەند سەربازێکم کوشتووە. کە دەچنە کەندەکە، لاشـەی

بیست سەربازیان لەوێ بینیووە.

شەڕەکە تا ڕۆژئاوا بوون بەردەوام بووە. دوایی ورده ورده کز بووەو، کۆتایی پێهاتووە. زیانە زانراوەکانی هێزەکانی ڕژێم بریتی بوون لە:

- ١٥٠ سەرباز کوژراون کە شەشیان پلەیان ئەفسەر بووە. یەل لەوانە (نەقیب هیشام)ی فەرماندەی (سریەی ئەلعەزم)، بووە.

- تەرمی ٧١ سەربازو، ١٨ جاش لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێماون.

دەستکەوتی پێشمەرگەش بریتی بووە لە: یەک هاوەنی ٨٢ ملم، دوو هاوەنی ٦٠ ملم، سێ ڕەشاشی گرینۆف، یەک ڕەشاشی سیخۆ، چەند (بی.کەی.سی)یەک، ٥٠ کلاشینکۆف، ژمارەیەکی زۆر لە فیشەک و کەلوپەلی سەربازی.

هەر لەم شەڕەدا، دوو فەرماندەی هەڵکەوتوو، خاوەن ئەزموونی دەوڵەمەند لە شەڕی بەرەیی و پارتیزانیدا، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا، (شینە بۆڵی)، فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سەفین و، (سەید سەلیم نەبی)، فەرماندەی هەرێمی دوازدەی هەندرێن و لێپرسراو و سەرپەرشتکاری هەرێمەکان، کە لە کۆنفرانسی یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراو (بزوتنەوەو)و (کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی)، لە ڕۆژانی ٣- ١٩٧٩/٨/٦و بوونیان بە (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، بە ئەندامی ئیحتیاتی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، شەهید بووینە. جگە لەم دوو شەهیدە، سێ پێشمەرگەش،بریندار بووینە کە دووانیان ڕێباز مستەفا ناسراو بە سەید ڕێبازو، ئیبراهیم سمایلاغا مەلەکی، بووینە.

کۆمەڵێک فەرماندەو پێشمەرگەی چالاک لەم شەڕەدا بەشدار بووینە، لەوانە: سەید سەلیم، عەولا سوور، ئەحمەدخان، شینە بۆڵی، سەید

کاکە، موحسین بایز، بەکر حەمە، عەولّا بۆر، مەغدید بناوی، حوسێن حاجی خدر مەلەکی، مەلا کەمال فەقێیانی، حەمە حەمید، ڕەسوڵ تارینەیی، حەمەشەل تیتۆکەیی، حەسەن بۆڵی، حەسەن وەرتی، قالە پوشۆ، سەرباز کۆیی، خالید وەرتی، سەباحە ڕەش، بورهان بلەیی، ئیبراهیم سمایلاغا مەلەکی، جەبار تارینەیی، حەسەن زێرەیی، ڕەسوڵ ئاغا، محەمەد کۆسە، شەهید خدر، حەسەنە گەورە، نەبی قەرە، محەمەد قەرە، ڕێباز مستەفا، مستەفا بۆڵی، محەمەدی برای عەولّا سوور، محەمەد ڕەسوڵ، ئەحمەد وەرتی، حەمەسوور کانی کوردەیی، عەلی بۆڵی، سەید ڕەمەزان، عەلیکۆ، مستەفا حارس، بەکری قەندی، سەلیم کێشکەیی، سابیر فەقێیانی، مەحمود عومەرو... چەندین پێشمەرگەی تر.

ئەم شەڕەو شەڕی (دەشتێو)، دوو شەڕی سەخت و کەم وێنە بوونە لە شۆڕشی نوێ (١٩٧٦- ١٩٩١)دا، کە خودی فەرماندە عەسکەرییەکانی ڕژێم لە نووسینەوەی بیرەوەری و نامیلکەی چاپکراوی عەسکەریدا، ئاماژەیان پێکردوەو، زەرەرو شکستەکانی خۆیانیان خستۆتە ڕوو، کە بوونەتە بەڵگەیی مێژوویی بۆ یەکلاکردنەوەی ڕاستییەکان. دەکرێت حزبی سۆسیالیستی کوردستان، شانازییان پێوە بکات. سەرەڕای ئەم ڕاستییە بەڵگە نەویستانەش، نووسەرێکی وەک (نەوشیروان مستەفا)، لە کتێبی (پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، لاپەڕە ١٣٨- ١٣٩)دا، بە دوو دێڕ باسی ئەم شەڕەی کردوە. لەم دوو دێڕەشدا، چوار هەڵەی زەقی کردوە. ناوبراو، نووسیوویەتی: (ڕۆژی ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩، جەیش لە دۆڵی سماقوڵی پەلاماریدان. سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمەکەو، شینە بۆڵی، یەکێ لە فەرماندەی کەرتەکانیان و چەند پێشمەرگەیەکی

کە کوژران). کەچی لە ڕاستیدا:

١- شـەڕەکە لە ٢٠ی کـانوونی یەکەمـی ١٩٧٩دا نەبـووە، بەڵکـو لە ٢٤ی کانوونی یەکەمدا،بووە.

٢- شینە بۆڵی فەرماندەی کەرت نەبووە، بەڵکو فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سـەفین بـووە. هەرێـم زۆر لە کەرت گەورەتـرەو، کۆمەڵێـک کەرت لەخۆ دەگرێت.

٣- جگە لەم دوو فەرماندەیە (سـەید سـەلیم و شـینە بـۆڵی)، هـیچ پێشمەرگەیەکی تر، شەهید نەبووینە.

٤- کە دەڵێ فەرمانـدەی هەرێمەکە، خـوێنەر وا هەسـت دەکـات کە تەنها یەک هەرێم لەم شەڕەدا بەشدار بووە، کەچی لە ڕاستیدا چوار هەرێم (١٠، ١١، ١٢، ١٤)، بەشدارییان لە شەڕەکەدا کردوە.

جگە لەم دوو دێـڕە ڕاگـوزەری و پڕ لە هەڵەیە، بەهـیچ شـێوەیەک باسی زیانەکانی ڕژێمی نەکردوە.

---

*** بۆ نووسینەوەو گێڕانەوەی ئەم شەڕە، سوود لەم سـەرچاوانە وەرگیراون:**

**١- بەیاننـامەی مەکتەبـی سیاسـی (حزبـی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردستان)، کە لە ڕۆژی ١٩٨٠/١/٨دا، بڵاوکراوەتەوە.**

**٢- سەید کاکە، بیرەوەری پێشـمەرگەیەک، چاپی سێیەم، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٧٤- ١٧٩.**

**٣- بەرنـامەی (داسـتانی پێشـمەرگە)، ئیسـتگەی (دەنگـی شۆڕشـی کوردستانی عێراق- ئیستگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان).**

**٤- لاپەڕەی فەیسبووک، مەلا کەمال فەقێیانی، ٢٠١٦/١٢/٢٤.**

**٥- لاپەڕەی فەیسبووک، هیوا سەید سەلیم.**

## شیرەمەڕ

شـیرەمەڕ، گونـدێکەو سـەر بە نـاحیەی (خورمـاڵ)ی پارێزگـای (هەڵەبجە)یە. کەوتۆتە ناوچەی شارەزور.

هێزێکی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و دوو مەفرەزەی (پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک و، پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ناوچەکەدا خەریکی گەڕان و سوڕان بووینە. ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٧، لە گونـدی (شـیرەمەڕ)و دەوروبەری گیرسـاونەتەوە. هێـزەکەی سۆسیالیسـت، بە فەرمانـدەیی عەلـی ئەکبەر فەیـزوڵلا، ناسـراو بە مامۆسـتا (دلشـاد)، لێپرسـراوی عەسـکەری حـزب (هەردوو لقـی سلێمانی و کەرکوک)و کارگێڕی لقی سلێمانی و، نوری حەمە عەلی، جێگـری فەرمانـدەی ئەم هێـزە بـووە، کە لەم کەرت و هەرێمـانە پێکهاتوون: (دوو کەرتی هەرێمی یەک و هەرێمی پێنج، کەرتی یەکی هەرێمی دوو، کەرتێکی هەرێمی سێ، کەرتێکی قوەی سیروان، کەرتی دووی قـوەی هەورامـان، کەرتـی دووی سـەر بە لقـی سـلێمانی). ژمارەی هێزەکە، زێتر لە (٧٥) پێشمەرگە بووینە.

مامۆستا دلشاد و هەرێمی پێنج ئاگاداری ئەوە بووینە کە هێزێکی ڕژێم بەنیازن بێنە گوندی ناوبراو، بۆیە خۆیان ئامادە کردوە بۆ لێدانیان. هێـزەکەی ڕژێـم، پـێش هـاتنە نـاو گونـد، بـۆ مـاوەی یەک کـاتژمێر لە دوورەوە بە تـۆپی دوور هـاوێژ بۆردومـانێکی چڕیـان کـردوە. دوای ئەمە، لە کـاتژمێر (١٠)ی سـەر لەبەیـانی ١٩٨٣/١٠/٧، سوپاو جاشـەکان، لە خورمـاڵ و گێلەکەوە هێرشیان بۆ سـەر گوند هێنـاوە. بە شـکاوی کشـاونەتەوەو، چەنـد کوژراوێکیشـیان لـێ بەجێمـاوە. سـەرەڕای ئەمەش، چەنـد جاشـێک بە دیلـی کەوتـوونەتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، کە سێ لەم جاشانە خەڵکی سنووری

پارێزگای هەولێر بووینە، یەک لەوانە ناوی عەبدولڕەحمان بووە.

دوای شکانی هێرشی سوپاو جاشەکان، جارێکی تر بە تۆپ و هاوەن و شەش هەلیکۆپتەرەوە (چواری باری و دووانی شەڕکەر)، بۆردومانی گوندەکەیان کردۆتەوە، تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ، بەردەوام بووە. دوای ئەوە، تانکەکانی ڕژێم لە خورماڵەوە بەرەو شیرەمەڕ جولەیان پێکراوە. هێزێکی تری ڕژێم، لە سنووری گوندی (گولەخانە)و گردی (سێتەپان)یشەوە، بەرەو ناوچەی شەڕەکە هاتوون، هیچیشیان نەیانتوانیووە بێنە ناو گوندەکەوە. بەرە بەری ئێوارە، بۆ هاوکاری و بەهاناوەچوونی پێشمەرگەکان، هێزێکی تری سۆسیالیست بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحمود، گەیشتوونەتە شیرەمەڕ. شەڕەکە، زێتر لە شەش کاتژمێری خایاندووەو، لە چواری ئێوارە کۆتایی هاتووە. هێزەکانی ڕژێم بریتی بوون لە: زێتر لە یەک فەوجی پیادەو، جاشەکانی هەڵەبجەو سیروان و زەڕایەن و شانەدەری و سەید سادق و تاسلوجەو چوارتاو قەلادزێ و کۆیەو هەولێر، بە پاڵپشتی بەردەوامی تۆپبارانی تۆپخانەکانی سەید سادق و خورماڵ و ڕەبییەکانی دەوروبەری شیرەمەڕ. هەروەها نۆ تانک و شەش زرێپۆش و شەش هەلیکۆپتەرو سێ تۆپی (١٢٠ملم)و هاوەن، بەشداری ئەم هێرشەیان کردوە. زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە. تەرمی زیاتر لە هەشت جاش و چەندین سەرباز، لە گوندەکە جێماوە. زیانەکانی هێزی پێشمەرگەش بریتی بوون لە شەش شەهید، کە ئەمانە بوون:

١- عەلی ئەکبەر فەیزوڵلا، ناسراو بە مامۆستا (دلشاد). سەرەتا بریندار بووە. بە برینداری شەڕی کردوەو، ورەی پێشمەرگەکانی بەرز کردۆتەوە. دواجار، تۆپێک بەری کەوتووەو، شەهید بووە.

٢- محەمەد سەعید، ناسراو بە (حەمەی سەعەی هەتیو)، فەرماندەی کەرت.
٣- حەمید حەمەئەمین ڕەباتی.
٤- فایەق کەریم جەرداستەیی.
٥- عەلی مەلا عەبدوڵلا کولڵکنی.
٦- مامۆستا جەمال حەمەسەعید کانیسکانی، پێشمەرگەی پاسۆک.
زێتر لە (٢٩) خانووی هاووڵاتییانی گوندەکەش ڕوخاوو سووتاون. هەموو شەهیدەکان، بە بۆردومانی تۆپە دوور هاوێژەکان و، فڕۆکە جەنگییەکان، شەهید بووینە.
بە بۆنەی ئەم شەڕەوە، بەشی ڕاگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی حزب لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٤و، کۆمیتەی سەرکردایەتی لقی (سلێمانی-کەرکوک)ی حزب لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٠، هەر یەکەو بە جیا، بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە.
* بۆ نووسینەوەو گێڕانەوەی ئەم شەڕە، سوود لەم دوو بەیاننامەو، پێگەی فەیسبووکی (نەوزاد عەلی فەتاح)، وەرگیراوە.

## شیوەپیران

شیوەپیران، گوندێکەو، سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)ی سەر بە قەزای (کۆیە)یە. لەگەڵ گوندەکانی: ئاخورەو ڕەسوڵ بسکۆڵ و بەردبڕو بەلەبان و بانەمورد، هاوئاقارە. دانیشتووانەکەی سەر بە عەشیرەتی (مەنتک)ن.

شەوی ٣٠ لەسەر ١٩٧٩/٧/٣١، هێزێکی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، بە فەرماندەیی هەردوو فەرماندەی کەرت (حوسێن حەسەن یوسف)، ناسراو بە (حوسێن دۆشکە)و، خدری حاجی عەلی

هەمزەکـــۆری، کە بریتـــی بـــوون لە (١٩) پێشـــمەرگە، بە نیـــازی ئەنجامـدانی چـالاکییەک چوونەتە گونـدی (کەردز). کەردز، گونـدێکی سەر بە ناحیەی قوشتەپەیەو، هەشت کیلۆمەتر بەلای ڕۆژهەڵاتەوە، لە ناحیەکە دوورە.

(بزوتنەوە)، ماوەی چوار مانگ و هەشت ڕۆژ بوو، لە نیمچە بەرەی (یەکێتیی)دا، هاتبوونە دەرەوەو، سەربەخۆیی خۆیانیان ڕاگەیاند بوو. هەفـــتەیەک دوای ئەنجامـــدانی ئەم چـــالاکییە، هەردوو ڕێکخـــراوی (بزوتنەوە)و (کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستـان- جەماعەتی دکتۆر مەحمود)، لە کۆنفرانسێکدا (٣- ١٩٧٩/٨/٦ بەستراو، لە ١٩٧٩/٨/٨دا ڕاگەیەندرا)، ناوی خۆیان کردە (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان- حسیک).

ئەوکـات، کـۆمەڵەی هەرەوەزی کشـتوکاڵی (جەمعییەتـی تەعـاونی زراعـی)، لەم گونـدەدا بارەگایـان هەبـوو. خـاوەنی مـێگەلە مەڕێکـی گەورە بوون. ئەم کۆمەڵەیە سەر بە (ئەمینداریێتی گشتیی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی)و، وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بوو. خاوەنداریەتی مەڕەکانیش، هەر بۆ ئەم ئەمینداریەتییە گەڕاوەتەوە. بە نیازی زیان گەیانـدن بە دامودەزگـا ئابوورییەکـانی ڕژێـم و، سـەلماندنی بـوونی هێـزی پێشـمەرگە لە نـاوچەکەدا، هەر ئەم شـەوە (٣٠ لەسـەر ٣١)، هێـــزەکە، (٤٤٩) ســـەر مەڕیـــان بەپـــێش خۆیـــانەوە داوەو، بەرەو گوندەکانی بەستی شرغە، ڕۆیشتوون. بۆ بەیانییەکەی گەیشـتوونەتە گوندی (شیوەپیران)و، لەوێ ماونەتەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، ڕژێم هەراسـان بووە. لە زەوی و ئاسمانەوە هێزەکانی خستۆتە ئامادەباشییەوەو، کێومـاڵی نـاوچەکەی کـردوە. سـەرەنجام، شـوێنی مەڕو، پێشـمەرگەکانی دۆزیـوەتەوە.

هێزێکی زۆر لە سوپاو جاش، بە پاڵپشتی دوازدە کۆپتەری باری و جەنگی، گەیشتوونەتە گوند. نەقیب هاشمی فەرماندەی (سریەی ئەلعەزم)ی قوات خاسە، سەرپەرشتی هێرشەکەی کردوە. لە کاتژمێر یازدەو نیوی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١، شەڕ دەستی پێکردوە. کۆپتەرە بار هەڵگرەکان، چەندین وەجبە سەربازی قوات خاسەی دابەزاندووە. لەسەر زەویش، هێرشیان بۆ کردوون. دوای شەڕێکی دەستەو یەخەی پێنج کاتژمێری و، نەمانی فیشەک و تەقەمەنی و شەهید بوونی بەشێکی زۆری پێشمەرگەکان، شەڕەکە لە کاتژمێری چوارو نیوی دوای نیوەڕۆ، تەواو بووە. زیانەکانی ڕژێم بە وردی نەزانراوە. زیانەکانی پێشمەرگەش، بریتی بوو لە شەهید بوونی چواردە پێشمەرگەو، بەدیل گیرانی چواری تر. تەنها یەک پێشمەرگە بە ناوی (حەسەن حەمەد سلێمان مەنتک)، ڕزگاری بووە. ئەویش چۆتە ناو بیری (ئاو)و، خۆی شاردۆتەوە. دوای تەواو بوونی شەڕەکە هاتۆتە دەرەوەو، ڕزگاری بووە.

**شەهیدەکان بریتی بوون لە:**

١- حوسێن حەسەن یوسف(وسوو)، ناسراو بە (حوسێن دۆشکە). فەرماندەی کەرت، لە هەرێمی دەشتی هەولێر. خەڵکی گوندی (حەسەن موترب).

٢- خدر حاجی عەلی، فەرماندەی کەرت، لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر. خەڵکی گوندی (هەمزەکۆر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە.

٣- ئەسعەد حەسەن یوسف (وسوو)، برای حوسێن دۆشکە.

٤- مەغدید حەسەن باپیر، خەڵکی گوندی (حەسارۆک)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە.

٥- ئەکرەم ڕەحمان، خەڵکی گوندی (شێخەلاس)ی سەر بە کۆیە.

٦- سەدیق ڕەحمان.
٧- تەحسین کاکێ، خەڵکی گوندی (پارانیان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە.
٨- عەبدولڕەحمان ڕەشید، ناسراو بە (نەعمان کەردزی)، خەڵکی گوندی کەردز.
٩- بایز شێخ محەمەد، خەڵکی گوندی (بیستانەی گچکە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە.
١٠- جەمیل عەلی برنۆ، خەڵکی گوندی (بیستانەی گچکە).
١١- زرار جەلال، خەڵکی گوندی (بیستانەی گچکە).
١٢- ئەسعەد ڕەسوڵ محەمەد، ناسراو بە (ئەسعەد ئۆمەرەسۆری)، خەڵکی گوندی (ئۆمەرەسۆر)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر (ناحیەی دارەتووی ئێستا).
١٣- ڕەفیق سەدیق، خەڵکی گوندی (میرکە)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە.
١٤- ئۆمەر چاوسۆر، خەڵکی گوندی (چێرەبەشە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە.

چوار دیلە بریندارەکەش ئەمانە بوون:
١- عەزیز خدر عەزیز، خەڵکی گوندی (حەسەن موترب).
٢- جەوهەر مەولود عەبدوڵلا، خەڵکی گوندی (چێرەبەشە).
٣- زرار قادر عەبدوڵلا، خەڵکی گوندی (چێرەبەشە).
٤- مەغدید حاجی ڕەمەزان، خەڵکی گوندی (سۆفی برایم)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە.

هێزەکانی ڕژێم بە کۆپتەر، تەرمی شەهیدەکان و، هەرچوار دیلەکەی بۆ هەولێر گواستۆتەوە. دیلەکان بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ

دەرچووە.

بەشێکی زۆری مەڕەکانیشیان هێناوەتەوە. لەکاتی گەڕانەوەی سوپاو مەڕەکان، لە نزیک گوندی (سەرمەزرا)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، بەسەر بۆسەی پێشمەرگەدا کەوتوون. دوو سەرباز کوژراوەو، یەکێکی تریش بریندار بووە.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١٦، کە (سەدام حوسێن) هەر ماوەی مانگێک دەبوو، جڵەوی دەسەڵاتی گرتبووە دەست و، ببووە سەرۆک کۆماری عێراق، بۆ نیشاندانی نیاز پاکی، بڕیاری لێبووردنی گشتیی ژمارە (١٠٧٦)ی دەرکرد. بەگوێرەی ئەم بڕیارە: (گشت ئەو بەندکراوانەی لە دادگای تایبەتی و دادگای شۆڕش حوکمی ئیعدامی دابوون، بەربدرێن، تەنها ئەوانە نەبن کە زیانیان لە سامانی میریی داوە، یان بە تۆمەتی کڕین و فرۆشتنی موخەدیرات، حوکم دراون).

دوای هەژدە ڕۆژ مانەوە لە زیندان، هەر چوار پێشمەرگە دیلەکە، ئازاد کران.

شایانی بیر هێنانەوەیە کە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١، شەشەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بووە.

(جەوهەر مەولود عەبدوڵڵا)، یەکێک بوو لە دیلە ئازادکراوەکان، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٤، کاتێک کە هەڵاتوو (فیرار)ی عەسکەری بووە، لە گوندەکانی دۆڵی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتیدا، دانیشتووە، هێزەکانی یەکێتیی بە بیانووی کۆنە پێشمەرگەی سۆسیالیست گرتوویانەو، هەر لەوێ کوشتوویانە.

*** بۆ ژمارەی مەڕەکان، سوود لە کتێبی: (شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی ١٩٧٤- ١٩٨٠، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٩٩-٢٠٠)، وەرگیراوە.**

## پێماڵک

پێماڵـک، کـۆمەڵگەیەکی زۆرەملێـی نیشـتەجێ بـوون بـوو، ڕژێمـی بەعس، دوای تێکدانی گوندەکانی سـەر سنوورو کۆکردنەوەیان لەم شـوێنە، لە سـاڵی ١٩٧٨دا، دروسـتی کـردوە. لە ڕوانـگەی ڕژێـمەوە، (کۆمەڵگەی هاوچەرخ)، یان (گوندی هاوچەرخ) بووە. ئەم کۆمەڵگەیە لە نزیک شاری (قەڵادزێ) بووە.

تـا ئێسـتا لە لاپەڕەی فەیسـبووک و چەنـد وتارێـک لە گۆڤـارو ڕۆژنامەکانـدا، دەربـارەی (شـەڕی پێماڵـک)، گێـڕانەوەی هاوشـێوە (هەنـدێک جـار بە جیـاوازی کەم)، بـڵاو کـراونەتەوە. سـەرەنجامی هەموویان ئەوەیە: کە دوو پێشمەرگەی سـەر بە (هەرێمـی شـەش)ی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، بە نیازی ئەنجامدانی چالاکییەکی تر (نەک ئەوەی تووشی بوونە)، هـاتوونەتە نـاو شـاری قەڵادزێ و، دوای ئاشکرا بوونی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، ناچار ماون، جێگای خۆحەشاردانیان بگۆڕن. دواتر ئەوەی لە چاوەڕوانی هیچ یەکێکیاندا نەبووە، ئەم ڕوو بەڕوو بوونەوەیە بووە.

سـەرەتا، لاپەڕەی (فەیسـبووک)ی (شـەهید عەبـدوڵلا سـوور)، بە کـورتی باسـی ئەم شـەڕەی کـردوە. هاوڕێیـانی لاپەڕەکە (ئەوانەی ئاگـاداری ڕوداوەکە بـووینە)، بە کـۆمێنتی هەمەجـۆر، باسـەکەیان دەوڵەمەند کـردوە. دوای ئەم بـابەتە، (عـومەر ئیسـماعیل مـارف)، لە ژمارە (١٦)ی تشرینی دووەمـی ٢٠٢٠، لە گۆڤاری (چەپکە گوڵ)، بە ناوونیشانی: (ئەحمەد ئاودەل باوزێی قارەمانی نەبەردی و داستانی پێماڵک)، بـابەتێکی بڵاو کـردۆتەوە، (شـەرمنانە ویسـتوویەتی شـەڕو ڕوداوەکە بە لاڕیدا ببات و، بۆ یەکێتیی نیشـتیمانیی کوردسـتان)ی بگەڕێنێتەوە.

دوای خوێندنەوەی هەردوو بابەتەکەو، ورد بوونەوە لە کۆمێنتی کەسە بەئاگاکان، منیش لەلای خۆمەوە بەدواداچوونم بۆ کرد. سەرەتا بۆ زیاد کردنی زانیارییەکان، پەیوەندیم بە (کەریم عومەر ڕەسوڵ قەڵادزەیی)یەوە کرد. ناوبراو یەکێک بووە لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حزبی سۆسیالیست) لە قەڵادزێ و، برای کادیری پێشکەوتوو، شەهید (عومەر ڕەسوڵ قەڵادزەیی)یە. لەم پەیوەندییەی کە من لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢، لەگەڵیدا ئەنجامم داوە، بەم شێوەیە باسی ئەم شەڕەی بۆ کردین:

ئەم شەڕەی کە ڕویدا، لە بەرنامەی هەردوو پێشمەرگە (ئەحمەد مارف ئیسماعیل) ناسراو بە (ئەحمەد ئاودەل باوزێی)ی و، (ئەحمەد مەحمود ئەحمەد ئاودەل)، ناسراو بە (ئەحمەد ئاودەل گەرمکەیی)، نەبووە. ئەو دوو پێشمەرگەیە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر، کە یەکێکیان (عومەر ڕەسوڵ)، ناسراو بە (عومەر قەڵادزەیی) برام بوو، پێنج ڕۆژ پێش ئەم ڕوداوە، بە ڕێنوێنی و چاوساغی و هاوکاری ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، لە قەڵادزێ، هاتنە ناو شار. ئێمەی ڕێکخستن (کەریم ڕەسوڵ قەڵادزەیی، حەسەن کە ناوی نهێنی ئازاد بوو، لەگەڵ ئیسماعیل ناوێک)، هاوکاریمان کردن و، لە گوندی (دێری)، بە نیازی ئەنجامدانی چالاکی و لێدانی فەوجی عەسکەری ڕژێم کە بە فەوجی (گردی حوسنی)، بەناو بانگ بوو، هێنامانە ناو شار. هەر پێنج پێشمەرگەمان لە ماڵی (مەلا سەعید) شاردەوە. ئەم مەلایە مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو، لە ڕووی ڕێکخستنەوە هیچ پەیوەندی بە حزبەوە نەبوو. دوای شەوێک مانەوە لەم ماڵە، بۆ بەیانییەکەی لەلایەن جاشێکەوە (دیارە ئەندام یان دۆستی حزب بووە - ئیسماعیل- )، هەواڵمان بۆ هات کە شوێنەکە

گومانی لێ دەکرێت، باشتر وایە شوێنی حەشاردانیان، بگۆڕن. بۆیە ئێمەش (هەر قسەی کەریمە)، هەر ئەم شەوە شوێنەکەمان گۆڕین و، بەم شێوەیە دابەشمان کردن:

(عومەری برام و ئەحمەد باوزێی و ئەحمەد گەرمکەیی)مان، بردە ماڵی خۆمان (ماڵی کەریم). دوو پێشمەرگەی ترمان لە ماڵی (مام ئەحمەد) لە گەڕەکی (جووت کانیان)، لە قەڵادزێ، شاردەوە.

ڕۆژێک پێش ڕوداوەکە، هەرسێ پێشمەرگەکە لە ماڵی ئێمە نەمان. (عومەر ڕەسوڵ)ی برامان بردە بینایەی نوێی دائیرەی کارەباوە، لە قاتی سەرەوە شاردمانەوە. (مام سلێمان) پاسەوان (حەرەس)ی دائیرەکە بوو. (خدر سلێمان)ی کوڕی ناوبراو، ئەندامی ڕێکخستنەکانی حزب بوو. بەهۆی ئەوەوە، ئەم شوێنەمان دۆزییەوە. کە شەو داهات، (ڕۆژێک پێش ڕوداوەکە)، هەردوو ئەحمەد (باوزێی و گەرمکەیی)، چوونە کۆمەڵگەی (پێماڵک)، ماڵی دایکی ئەحمەد گەرمکەیی (هەم ماڵی خۆیشی بوو)، خێزانەکەشی هەر لەوێ دەژیا. (گێڕانەوەی کەریم تەواو).

(حەلیمە فەرخە)ی هاوسەری (ئەحمەد گەرمکەیی)، بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دواوەو، گوتوویەتی: لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە، هەمیشە چاودێریمان لەسەر بوو، چونکە پیاوەکەم (ئەحمەد)، بە نهێنی دەهاتەوە ماڵ. ئەمجارەیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (ئەحمەد مارف)، سەعات (١٠)ی شەو هاتن و ئەو شەوە مانەوە. لە بەرنامەیاندا بوو، بۆ بەیانییەکەی کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ، بە نهێنی بگەڕێنەوە لای هاوڕێکانیان.

(عومەر ئیسماعیل مارف)، لە گۆڤاری (چەپکە گوڵ)دا، نووسیوویەتی: شەوی ٣ لەسەر ١٩٨٢/٣/٤، (دەبێت ١٣ لەسەر ٣/١٤

بێت. – ئیسماعیل– )، کاتژمێر دەی شەو، بە مەبەستی کاری نهێنی و سەردانی کەسوکاریان هاتنە ناو شارو لە کۆمەڵگەی پێماڵک چوونە ماڵی شەهید (ئەحمەد ئاودەل گەرمکەیی). ڕۆژی دواتر کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ میوانێکی خزم و هاوڕێی خۆیان دێت و نانیشیان لەگەڵدا دەخوات... پاشان دەڕوات و زانیاری بە دائیرەی ئیستخباراتی قەڵادزێ دەدات... هێندەی پێناچێت، پیاوانی ڕژێم لە (ئەمن و ئیستخبارات و سەربازو جاش)، لەناکاو دێنە سەریان و هەندێکیان دێنە ناو حەوشەی ماڵەکە... ئەو کاتە (ئەحمەد گەرمکەیی)، بە مەبەستی دەست و چاو شووشتن لە گەرماوی ماڵەوە دەبێت کە گوێی لە دەنگە دەنگ و بانگی تەسلیم بوون دەبێت، داوا لە (حەلیمە)ی هاوسەری دەکات تفەنگەکەی بۆ بێنی... ئەو (گەرمکەیی) لە گەرماو و، (باوزێی)ی لە ژوورەوە تەقە لە سەربازەکان دەکەن... شەڕ دەست پێدەکات... سەربازەکانی حەوشە دەکوژرێن... هەردوو ئەحمەد شەڕێکی پاڵەوانانە دەکەن... فەرماندەی هێزەکەی ڕژێم داوایان لێ دەکات کە تەسلیم ببن. ئەوان ڕەتی دەکەنەوە... بۆیە فەرماندە، فەرمان بە شۆفێری شۆفەڵێک بەناوی (محەمەد سەرسیانی) دەکات، کە خانووەکەیان بەسەردا بڕوخێنن... (سەرسیانی)، ئەم کارە ناکات. بۆیە سەربازێک دەچێتە سەر شۆفەڵ بە نیازی ڕووخاندنی خانووەکە بەسەریاندا. ئەوان، تەقەی لێ دەکەن و دەیکوژن... (حەلیمە)ی خاوەن ماڵ و هاوسەری (گەرمکەیی)، ڕۆڵێکی قارەمانانەی بینیووە. ئەو دەڵێ: (بە شانازییەوە چەک و مەخزەنی جاش و سەربازە کوژراوەکانی حەوشەم کۆدەکردەوەو بۆ هەردوو ئەحمەدم دەبردن).

ئەحمەد باوزێی داوای پاچ لە حەلیمە دەکات تاوەکو دیوار کون

بکات و بچنە ماڵێکی تر... پاچی بۆ بردراوە بەڵام لەگەڵ یەک دوو جار ڕاوەشاندن، دەسکەکەی شکاوە...

هێزێکی زۆر لە جاش و مەفرەزە خاسەو سەربازی سەربازگەی چوار قوڕنە، بە پاڵپشتی دوو هەلیکۆپتەرو چەندین سەیارەی عەسکەری، گەمارۆی ئەم دوو پێشمەرگەیە دەدەن. شەڕەکە (دوای نەمانی فیشەک)ی پێشمەرگەکان، لە دەوروبەری کاتژمێر چوارو نیوی ئێوارە کۆتایی هاتووە... (ئەحمەد گەرمکەیی)، شەهید بووە. لەم بارەیەوە، (کەریم قەڵادزەیی) دەڵێت: (دوای شەڕەکە، جاشەکان گوتوویانە ئەحمەد گەرمکەیی، بە برینداری خۆی کوشتووە).

هەروەها (ئەحمەد مارف ئیسماعیل)باوزێی، دوای بریندار بوون و نەمانی فیشەک، بەدیل گیراوەو بە چاو بەستراوەیی لەسەر ناقیلەیەک بردوویانەتە دائیرەی ئیستخباراتی قەڵادزێ و، لەوێوەش بۆ (هەیئەی خاسەی کەرکوک)یان ناردووە. لەم بارەیەوە، هاوڕێیەک بەناوی (ڕێبوار عەزیز) کۆمێنتێکی بۆ بابەتەکەی لاپەڕەی (شەهید عەبدوڵلا سوور) نووسیووەو دەڵێت: (پێموایە یەکێک لەم شەهیدانە لە سێدارە درا، من مانگی هەشت چوومە هەیئەی کەرکوک، ناوی یەکێکیان لەسەر دیواری ژووری زیندانەکە نووسرا بوو). هەروەها (کەریم قەڵادزەیی)یش لە کۆمێنتێک بۆ هەمان بابەت و لاپەرە نووسیوویەتی: (چەند ڕۆژێک بەر لەوەی جێگایان ئاشکرا بێت لەگەڵ شەهید عومەری برام لە ماڵی ئێمە بوون).

لە کۆتایی شەڕەکەدا، زیتر لە (٢٥- ٣٣) جاش و سەرباز کوژراون، دواتریش خانووەکە سووتێندراوە. (ئەحمەد باوزێی)یش لە هەیئەی خاسەی کەرکوک بۆ زیندانەکانی شاری موسڵ، گواستراوەتەوە... بە قسەی شایەدحاڵێک (کەباباچییەکی شاری موسڵ)، لە ڕۆژی

١٩٨٢/٨/٧، سەر لە بەیانییەکەی، لە دەرەوەی زیندان، گولەباران و شەهید کراوە.

هەر دەربارەی ئەم ڕوداوە، لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/٩دا، پەیوەندیم بە خزمێکی شەهید (ئەحمەد گەرمکەیی)، بە ناوی (مەحمود عەباس قەڵادزەیی)یەوە کرد. ناوبراو گوتی: ( ئەوان - هەردوو ئەحمەد- سۆسیالیست و سەر بە هەرێمی شەش بوون، بەڵام هەموو ڕێگایەکیان لێ گیرا بوو، ئەگەر ئەو ڕۆژە تووشی ئەو کارەساتە نەبوان، بۆ ڕۆژی دواتر دەچوونە تیپی ٦٣ی جوتیارانی سەر بە یەکێتیی لای مام جوتیار هێرۆیی، لەبەر ئەوەی برایەک و سێ خزمی من لە تیپی ٦٣ی جوتیاران بوون و بەدوایاندا هاتبوون بیانبەن بۆ ناو یەکێتیی. بۆ ڕۆژی یەکەم نەیانتوانی لە پێماڵک دەرچن، ڕۆژی دووەم تووشی ئەم کارەساتە بوون).

دەربارەی پرسیارێکی من: (مێژوو دەبێت بە دروستی بنووسرێتەوە، تۆ پێتوایە ئەوانە سۆسیالیست بوون یان یەکێتیی)؟ ناوبراو لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ ئەوانە سۆسیالیست بوون بەڵام بەڵێنیان بە یەکێتیی دابوو بچنە تیپی ٦٣ی جوتیاران، بەس فریا نەکەوتن).

## ئەنجام

* بۆ مێژووی ڕودانی شەڕەکە، لاپەڕەی شەهید عەبدوڵلا سوورو، نووسینی سەر کێلی گۆڕی شەهید (ئەحمەد گەرمکەیی)، جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٤دا، بووە. بەڵام (عومەر مارف ئیسماعیل) لە گۆڤاری (چەپکە گوڵ)دا بە ١٩٨٢/٣/٤، نووسیووە. (لەوانەشە هەڵەی چاپ بوو بێت و ١٤ بووبێتە ٤).

* لە شەڕەکەدا (٢٥- ٣٣) سەربازو ئەمن و ئیستخبارات و جاش کوژراون. هەردوو پێشمەرگەش، یەکیان لە ماڵ شەهید بووەو، ئەوی تریشیان لە موسڵ لە سێدارە دراوەو، تا ئێستاش شەهیدێکی گۆڕ غەریبە.

*بە ڕێکەوت هەردووکیان ناویان (ئەحمەد ئاودەل) بووە. یەکیان بە (ئەحمەد باوزێی)ی و، ئەوی تریان بە (ئەحمەد گەرمکەیی)، بەناوی گوندەکانیان ناسراون.

* ئەم دوو شەهیدە، سەر بە هەرێمی شەشی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بووینە. بۆ کاری نهێنی و ئەنجامدانی چالاکی هاتوونەتە ناو شاری قەڵادزێ و، ئامانجیان ئەم شەڕە نەبووە، بۆ ئامانجێکی تر هاتبوون. (لەوانە بووا!)، گەر شەهید نەبوونایە، پەیوەندییان بە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)ەوە دەکرد، بەڵام پێڕا نەگەیشتوونە لەم ماڵە دەربچن و چەکی (یەکێتیی) بکەنە شان و، لە تیپی (٦٣)ی جوتیاراندا، درێژە بە خەبات بدەن. کە شەهید بووینە، سۆسیالیست بووینە. خاوەنداریەتی شەهیدەکان و شەڕەکەش، سەروەریی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ە، هەر هەوڵێک لە دەرەوەی ئەم بۆچوونە بدرێت، شێواندنی مێژووە، (مێژوویەکی دوور نا، مێژوویەک کە شایەد حاڵەکان هەموویان زیندوون).

* بە قسەی (حەلیمە فەرخە) بێت، نیازیان وابووە ڕۆژی دواتر (٣/١٥)، بگەڕێنەوە لای هاوڕێکانیان. (هاوڕێکانیان)یش، پێشمەرگەکانی هەرێمی شەشی سۆسیالیست بووینە، نەک پێشمەرگەکانی تیپی (٦٣)ی جوتیاران، چونکە ئەوان (هەردوو ئەحمەد)، هێشتا پەیوەندییان بەم دوو تیپە نەکردبوو، تا ببنە هاوڕێ (ئەوکات یەکێتیی و سۆسیالیست، شەڕی یەکتریان کردوە).

* جگە لەمەش، نە شەڕەکەو نە هەردوو شەهیدەکەش لە (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چاپی سێیەم، ٢٠١٦)، باسیان نەکراوە. لەوانەیە لە چاپەکانی داهاتوودا (وەک زۆربەی شەهیدەکانی سۆسیالیست)، ئەمانەش بکرێنە موڵک و سەروەری یەکێتیی...

## سەرچاوەکان

١- لاپەڕەی فەیسبووکی شەهید عەبدوڵلا سوور.

٢- کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٣٦)،ساڵی نۆیەم، ٢٠٠١. ( لە ژمارەکە زۆر دڵنیا نیم، چونکە ڕۆژنامەکە بە وێنە گیراوی بۆ من هاتووەو زۆر ڕوون نییە).

٣- عومەر ئیسماعیل مارف، ئەحمەد ئاودەل باوزێی قارەمانی نەبەردی و داستانی پێماڵک، گۆڤاری (چەپکە گوڵ)، ژمارە (١٦)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠.

٤- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (مەحمود عەباس قەڵادزەیی)، خزمی شەهید (ئەحمەد گەرمکەیی)، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٩.

٥- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (کەریم ڕەسوڵ قەڵادزەیی)، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢.

## گۆمەتاڵ

گۆمەتاڵ (گۆمەتار)، گوندێکەو سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)ی سەر بە قەزای (کۆیە)یە. لەگەڵ گوندەکانی: (باوەقوب و کانی دەربەندو سماق شیرینی گچکەو سماق شیرینی گەورەو دێگەڵەو کانی بی)، هاوئاقارە. لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٤/٣٠، لەلایەن ڕژێمەوە وێران کراوەو، خەڵکەکەی دەربەدەر بووینە.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ١٩٨٧/٥/٢٦، هێزێکی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) کە بریتی بوون لە نۆ پێشمەرگەو، سەر بە هەرێم و هێزی جیاواز بوون، لەگەڵ هێزێکی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ١٠ پێشمەرگە)و، (هێزێکی حزبی شیوعی عێراق، ٣٠- ٣٥ پێشمەرگە)، بە نیازی ئەنجامدانی چالاکی و گەڕان بەدوای پیاوانی ڕژێم، لەسەر شەقامی گشتیی نێوان (دێگەڵەو کۆیە)، نزیک گوندی (گۆمەتاڵ)، چەند خاڵێکی پشکنینیان داناوەو، ناسنامەیان لە خەڵکی وەرگرتووە. دوای ماوەیەکی کەم، سەیارەیەکی بەرازیلی سوور کە دوو کەسی تێدا بووە، لە دێگەڵە هاتووەو بۆ کۆیە چووە. بە پێشمەرگەکانی گوتووە: (ئاگاداری خۆتان بن، زوو ئێرە بەجێبهێڵن، هێزێکی زۆر لە سوپاو جاش بە ئێوەیان زانیووەو، هێرش بۆ سەرتان دەکەن).

بەرازیلییەکە ڕۆیشتووە. هێزە هاوبەشەکەش شەقامی گشتییان چۆل کردوەو، بە نیازی پلان دانان و بەرگری کردن، بۆ گوندی گۆمەتاڵ، کشاونەتەوە. تەوەرەکانی شەڕیان دابەش کردوە، وشەی (نهێنی)یان داناوە. نۆ پێشمەرگەکەی سۆسیالیست دەستە چەپی گوند (لای ئاقاری گوندی باوەقوب)و، یەکێتیی و شیوعیش دەستە ڕاستی گوند (لای گۆڕستانی بابە عەلی)یان پێ سپێردراوە. دوای ئەوەی بەشێک

لە هێزەکانی ڕژێم گەیشتوونەتە نزیک گوند، بێ ئاگادار کردنەوەی پـێش وەختـی سۆسیالیسـتەکان، (شـیوعی و یەکێتیی)یەکـان، کشاونەتەوەو زوو گوندیان بەجێهێشتووە. تەنها یەک پێشمەرگەی (حزبی شـیوعی) بە نـاوی نەوزاد قاسـم ناسـراو بە (سـەفین)، کە خەڵکـی گونـدی (شـامامەر) بـووە، لەگەڵ هێـزەکەی سۆسیالیست مـاوەتەوە. لەم نـۆ پێشـمەرگەی سۆسیالیسـتیش (شـوانە سـوورو هەندرێن)، ئەوانیش پێش ئەوەی شـەڕ دەست پێ بکات، هەڵاتوونە. تەنها حەوت پێشمەرگەی سۆسیالیست و پێشمەرگەیەکی شیوعی، ماونەتەوە. سۆسیالیستەکان بریتی بوون لە:

١- عەبدولخالق حاجی حامید گەلاڵی ناسراو بە (سەربەست)، لە ڕاگەیانـدن کـاری کـردوە، بە نیـازی بینینـی کەسـوکاری هـاتۆتە خوارەوەو، لەگەڵ هەرێمی حەوتی قەرەچوغ کە فەرماندەکەیان (سەید عەبدوڵلا کەردزی بووە)، دابووە.

٢- تـاریق ڕەفیـق حوسـێن، ناسـراو بە (تـاریق عەیشـێ)، سـەر بە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ بووە. لە کاتی هێرشی ڕژێم بۆ گرتنەوەی شاری هەولێر لە ١٩٩١/٣/٣١، لە کاتی بەرگری کردندا، لە بەرامبەر گەڕەکـی (لەتیفـاوە)، بەر بۆردومـانی فڕۆکەکـانی ڕژێـم کەوتـووەو شەهید بووە.

٣- حوسێن حەمەد مەولود، ناسـراو بە (زیـرەک گەلاڵـی)، سـەر بە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ بووە.

٤- جەبـار کەریـم عەبـدوڵلا، ناسـراو بە (شـێروان)، سـەر بە هێـزی (هەیبەت سوڵتان) بووە، بە فەرماندەیی (سابیر فەقێیانی). شێروان، لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی هەولێر ١٩٩١/٣/١١، لە سـەربازگەی هەولێر بە بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم، شەهید بووە.

٥- سەید تاهیر سەید حەمەدەمین گۆمەتاڵی، سەر بە هێزی (هەیبەت سوڵتان) بووە.

٦- بارزان مەلا حەسەن، سەر بە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر، کە فەرماندەکەیان (شێرزاد قادر مستەفا)، بووە.

٧- وشیار ڕەمەزان، ناسراو بە (وشیار تاقانە)، سەر بە هێزی (دیدەوان)، کە فەرماندەکەیان (سمکۆ مەنتک)، بووە.

ئەم هەشت پێشمەرگەیە (حەوت سۆسیالیست و یەک شیوعی)، لە گوند ماونەتەوە... کاتژمێر دوو و بیست دەقە (١٤:٢٠)، شەڕ دەستی پێ کردوە. سەرەتا تۆپبارانی گوند کراوە (گوندێکی کاول). پێشمەرگەکان لەناو کەلاوەکانی گوند دامەزراون. چەند سەربازێک هاتوونەتە ناو گوند، داوایان لە پێشمەرگەکان کردوە خۆیان تەسلیم بکەن. ئەوان لێیان داون، سەربازێک کوژراوە. سەربازو جاشەکان، بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژو بۆردومانی فڕۆکەکان، لە گوند نزیک بوونەتەوەو، پێشمەرگەکانیش بەرگرییان کردوە. دوای ڕۆژئاوا بوون و باڵ کێشانی تاریکی ، هێزێکی تری سۆسیالیست بە فەرماندەیی مەلا بەکر (بەکر حەمە)، بەنیازی بەهاناوەچوونی هێزە شەڕکەرەکە هاتوونە، بەڵام نەگەیشتوونەتە گوند. وردە وردە شەڕەکە کەم بۆتەوەو لە کاتژمێر ١٠ و نیوی شەو، کۆتایی هاتووە. زیانەکانی ڕژێم نەزانراوە. زیانەکانی هێزی پێشمەرگەش، سێ شەهید (دوو سۆسیالیست و یەک شیوعی)و، یەک بریندار، بووە. شەهیدەکان، ئەمانە بوون:

١- عەبدولخالق حاجی حامید گەلاڵی (سەربەست)، بە گولەی دۆشکەی فڕۆکە شەهید بووە.

٢- وشیار ڕەمەزان (وشیار تاقانە)، بە برینداری گیراوەو، لە

نەخۆشخانەی عەسکەری (هەولێر)، گیانی سپاردوە. تا ئێستاش تەرمەکەی بێ سەرو شوێنە.

٣- نەوزاد قاسم (سەفین)، پێشمەرگەی حزبی شیوعی.

حوسێن حەمەد مەولود (زیرەک گەڵاڵی)یش بریندارو، ڕزگاری بووە. پێش بریندار بوونی، لەگەڵ تاریق عەیشێ، لەیەک سەنگەردا بووینە، کە سەیریان کردوە فیشەکیان کەم بۆتەوە، بڕیاریانداوە تەسلیم نەبن و، خۆیان بکوژن... یەکتریان ماچ کردوەو گەردن ئازادیان لە یەکتر کردوە. دوای تەواو بوونی شەڕەکە، (زیرەک و تاریق) لە گوند دەرچووینەو، چوونەتە گوندی (قۆتەلاس) کە لەگەڵ (باوەقوب و کانی بێ)، هاوئاقارە... لەوێ، پێشمەرگە شیوعییەکانیان بینیووەتەوە. شیوعییەکان گوتوویانە: ئێمە هەستمان کرد کە ناتوانین شەڕی ئەم هێزە زۆرەی دوژمن بکەین، زوو گوندمان جێهێشت... بە قسەی گێڕانەوەکەی (زیرەک)، هێزێکی تری حزبی شیوعی لە گوندی (کانی دەربەند)ی نزیکی گوندی (گۆمەتاڵ) بووە، دەیانتوانی بێن و یارمەتییان بدەن، بەڵام نەهاتوونە.

---

*** گێڕانەوەکە، گێڕانەوەی پێشمەرگەی دێرین و بەشدار بووی شەڕەکە (زیرەک گەڵاڵی)یە، بێ دەستکاری کردنی داتاو زانیارییەکان، دامانڕشتۆتەوە.**

## شاخەپیسکە

ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٩، دیار عوسمان، لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەری و، لە پەرەگرافێکدا، ناوی (باوە سمایل باوە)ی وەک شەهیدێکی گومناوی سۆسیالیست هێناوە. منیش وەک سەرەداوێک بەدوایدا چووم و، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧، پەیوەندیم بە کەسی نزیکی شەهید باوە (لەتیف باوە)، کرد... ناوبراو گوتی: بە وردی نازانم شەڕەکە کەی بووەو، چ ڕۆژێک (باوە) شەهید بووە... هەر ئەوەندە دەزانم کە شەڕێکی بەناوبانگ بووەو، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠دا، قەوماوە.

وازم لە (باوە) هێناو، ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٨، پەیوەندیم بە پێشمەرگەو فەرماندەی دێرین و دانەبڕاو مەلا بەکر (بەکر حەمە)، کرد... ئەویش بە هاوکاری (باکۆ)ی کوڕی، (مەسعود مەلا عومەر گردلانکەیی)، پێناساندم و، ژمارە تەلەفۆنی ناوبراوی بۆ ناردم.

مەسعود یەکێک بووە لە پێشمەرگە بەشدار بووەکانی شەڕەکەو، بە برینداریش بەدیل گیراوە. ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٣٠، کاتژمێر (٩:٣٠)ی سەر لە بەیانی، پەیوەندیم پێوە کرد. خۆم پێناساند. ناوبراو، بە ڕوویەکی خۆش و خۆشحاڵییەوە تەواوی شەڕەکەی بە داتاو زانیاری وردەوە (وەک ئەوەی دوێنێ ڕویدا بێت)، بۆی گێڕامەوە. منیش بەم شێوەیە دامڕشتەوە:

هێزێکی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)، سەر بە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر کە لە (٥٥) پێشمەرگە پێکهاتبوون، (١٠) لە پێشمەرگەکان بێ چەک بوون. ئەوانی تریش چەکی جۆر بەجۆری وەک: کلاشینکۆف، سەمینۆف، برنۆ،برنۆی وەسەت، نارنجۆک ئەنداز( جۆرە چەکێک بوو، جۆرە گولەیەکی وەک نارنجۆکی دەخوارد، کە دەتەقییەوە، پرِوشکی بە هەرچوار لادا بڵاو دەبۆوە)، ماهوزەر، پەڕەشووتیان، پێبووە.

ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١١، لەگەڵ مەفرەزەیەکی (حزبی شیوعی عێراق)، لەنێوان هەردوو گوندی (شاخەپیسکە)و (بایزئاغا)ی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، ڕوو بەڕووی هێزێکی زۆر لە سەربازو جاش و مغاویرو مەفرەزە خاسە بوونەتەوە کە ژمارەیان (٤٠٠) کەسێک بووە. کەسە دیارەکانی ناوهێزەکەی ڕژێم بریتی بوون لە: (بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر، بەڕێوەبەری ئیستخباراتی هەولێر، چەند سەرۆک مەفرەزە خاسەیەکی ناسراو). هێزەکەی سۆسیالیست، بە فەرماندەیی (قادر مستەفا)، لێپرسراوی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بوو، کە ئەم کەرتانەی لەخۆ گرتبوو:

- کەرتی غەفور ئەحمەد (مام غەفە).
- کەرتی مامەند مەنتک.
- کەرتی هەرێم، کە فەرماندەکەیان (عوسمانە سۆر) بوو.
- کەرتی تاقیب و ڕەقیب (ئەمانە دوو براو، خەڵکی گوندی قەشقە بوون).
- کەرتی مەلا عوزێر، کە دواتر تەسلیم بۆوەو بووە مەفرەزە خاسە.

شەڕەکە دوای نیوەڕۆ دەستی پێکردوەو، وردە وردە بەرەو ناو گوندی (شاخەپیسکە)، هەڵکشاوە. تا ڕۆژئاوا بوون بەردەوام بووە. هێزەکەی ڕژێم چەکی پێشکەوتووی وەک (قازیفە، بی.کەی.سی، هاوەن)یان پێ بووە. زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، بەڵام بە وردی نەزانراوە. زیانەکانی هێزی پێشمەرگەش، بریتی بوون لە:

- شەهید بوونی سێ پێشمەرگەی سۆسیالیست بە ناوەکانی: سمایل باوە، خەڵکی گوندی (سێقوچان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە. شوکر گۆپتەپەیی، ڕەشید حەسەن ڕەسوڵ مەنتک، خەڵکی گوندی (سەرمەزرا)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە. ڕەشید خوارزای مامەند مەنتک بووە.

- شـەهید بـوونی پێشـمەرگەیەکی حزبی شـیوعی، بە نـاوی (فوئـاد عەنکاوەیی)، کە فەرماندەی مەفرەزە بووە.
ئەم پێشمەرگانەش بە بریندار بەدیل گیراون:
- سەید خالید سەید کەریم، خەڵکی گوندی (حەسارۆکان)ی سەر بە ناحیەی (دیبەگە)، فەرماندەی مەفرەزەی سۆسیالیست.
- حەسەن ساتۆری، خەڵکی گوندی (ساتۆر)، سۆسیالیست.
- مەسعود مەلا عومەر، خەڵکی گوندی (گردلانکە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، سۆسیالیست.
- ڕەحیم عوەید، عەرەب و لێپرسـراوی هێزەکەی حزبی شـیوعی بووە.
هەروەهـا ئەم پێشـمەرگانەی سۆسیالیسـت لە شـەڕەکەدا برینـدار بووینەو، ڕزگاریان بووە:
- عوسمانە سۆر (سوور)، فەرماندەی کەرت.
- ڕەقیب، فەرماندەی کەرت.
- محەمەد سمایل، خەڵکی گوندی (دووسەرە)ی سەر بە هەولێر.
هەرچـوار برینـدارە بەدیـل گیـراوەکە، (٢١) ڕۆژ لە مەنـزومەی ئیستخباراتی هەولێر ماونەتەوە، دواتر بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک گواسـتراونەتەوەو، پێـنج مـانگیش لەوێ مـاونەتەوە. لە هەیـئەی کەرکـوک لەگەڵ هەنـدێک زینـدانی تـر ژمارەیـان بـۆتە (٣٥) کەس، ڕەوانەی بەغـدا کـراون. دوای دادگـایی کـردن، (٥) کەس بە پـارەو واسیتە ئازاد کراون (یەک لەم پێنجە بەڵێندەرێکی خەڵکی سلێمانی بـووە). (١٥) کەسـیان بڕیـاری لە سێدارەدانیان بـۆ دەرچـووە. (١٥) کەی تریش بە حوکمی جیا جیای وەک: (موئەبەد، ١٥ ساڵ)و بەرەو خوار حوکم دراون.
هەر یەکە لە (سـەید خالیـد)ی سۆسیالیسـت و(ڕەحـیم عوەیـد)ی

شیوعی، بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووەو، لە موسڵ لە سێدارە دراون. (حەسەن ساتۆری و مەسعود مەلا عومەر)، لەبەر ئەوەی تەمەنیان لەخوار (١٨) ساڵییەوە بووە، حوکمی موئەبەدیان بۆ دەرچووەو، دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتوون و ئازاد کراون.

لە کتێبی: (دور الأنصار الشیوعیین في الکفاح المسلح في کردستان العراق، ٢٠١٣)، لاپەڕە (٤٠٩)دا هاتووە: ڕەحیم عوەید (ئەبو سەلام)، لە شارۆچکەی نەعمانیە لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩٧٣دا، بۆتە شیوعی و لە ١٩٨٠/٦/١١گیراوەو، لە ١٩٨٢/١٢/١٠دا، لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

من ئەم شەڕەم لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٥دا، لە فەیسبووکدا، بڵاو کردەوە. دەربارەی (ڕەحیم عوەید)، هاوڕێیەک (ئاراس تالیب) لە کۆمێنتێکدا نووسیوویەتی: (ڕەحیم عوەید لە هەیئە خاسەی کەرکوک لە ژووری ژمارە شەش لەگەڵماندا زیندانی بوو. دەمانزانی پێشمەرگە بووەو گیراوە. کەسێکی زۆر خۆڕاگر بوو، بە قاچە بریندارەکەیەوە هەڵیاندەواسی، هەر ئیعترافی نەدەکرد کە پێشمەرگە بووە).

تەرمی شەهیدەکان کەوتۆتە دەست هێزەکانی ڕژێم و، بە کەسوکاریان نەدراوەتەوە. دەنگۆی ئەوە هەبووە کە شارەوانی لە گۆڕستانی (مەعمەل قیری هەولێر)، ژێر خاکی کردبن.

مەسعود مەلا عومەر، دەڵێت: پێش دەرچوونم بۆ شاخ، لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار کارم کردوە. چوار پێنج مانگ دەبوو چووبوومە شاخ تازە ببوومە کادیر لە کەرتی مامەند مەنتک. جانتایەکی بچووکم پێبوو کە مۆری هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێرو، نزیکەی دوو هەزار دیناری تێدا بوو... کە بریندار بووم، بە ئاگاداری پێشمەرگەکان، خستمە ژێر خۆڵ و شاردمەوە، نەکەوتە دەست هێزەکەی ڕژێم.

# بەشی سێیەم

# وێنەو بەڵگەنامە



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: مەلا ناسیح، ئەحمەد فەقێ ڕەش، ڕەسوڵ مامەند،
عەبدولڕەحمان زەنگەنە، سەید کاکە، زێوکەو ماشان، مایسی ١٩٨٣.



شەهید ڕەحمان سەیدە، شەهید سەید سەلیم، سەید کاکە، دکتۆر هوشیار،
زەڵێ ١٩٧٨.



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ: کەمال سابیر، دکتۆر کۆچەر، شەهید حەسەن حەمە نوقڵە، ١٩٨١.**



**شەهید شێرکۆ شێخ عەلی، عەلی ئاغای بورن.**



ئازاد هاشم،
شەهید مەحمود خدر،
کامل محەمەد،
زانکۆی موسڵ، ١٩٨٩.



ڕاوەستاوەکان: محەمەد سادق، شەهید قەهار عەزیز، دکتۆر بەکر، سەید عەبدوڵلا کەردزی، سەید بەکر، ئەیوب، شەهید سەردار سەعید وەسمان چەمرگەیی. دانیشتووەکان: شەهید ئازاد مەنتک، ستار سادق، شەهید سەدرەدین، موسا سێنارەیی، شەهید کاکەزیاد حەسەن کەردزی.



حوسێن خەلیفە محەمەد، شەهید سالار جاف، مەحمود عەبدول محەمەد (لالە مەحمود).
ئەرشیفی حوسێن خەلیفە.



قادر عەزیز، سەید کاکە، شەهید مامۆستا شەریف، شەهید ئەحمەد فەقێ ڕەش.



ئەسعەد ئەحمەد، ناسیح مەلا
عەلی گۆمەگرِویی. دانیشتووەکە:
شەهید عەبدولڕەحمان ڕەشید
کانەبی (نەعمان کەردزی)،
١٩٧٤.



سەردار ئامێدی، جوتیار بەرزنجی، کاروان ئاکرەیی، وریا، هەوار، شەهید ئیبراهیم
ئیسماعیل (شوان)، ڕێبوار.



شەهید حەکیم مەلا قادر (دلاوەر)، جەوهەر عومەر، ڕۆستێ، ١٩٨٣.



تەها عومەر عەلی (مام ئەنەس)، شەهید کەمال عەلی ئیبراهیم، ئەوەی دواوە: عەزیز مەلا حەسەن ناوەندەیی.



شەهید قادر شۆڕش،
محەمەد عومەر (مام عەلی).



شەهید جەنگی سەید حەمەدەمین، نەناسراوە.



شەهید ئەحمەد خان،
شەهید خالید ڕەوەند.



کۆمەڵێک پێشمەرگە بەڕێگاوەن.



شەهیدان سەلام گۆپتەپەیی، جەعفەر دەرماناوی.



عوسمان سیامێوەیی، شەهید حەمە شوان، شەهید حاجی عەبدوڵلا سیامێوەیی، ساڵحی حاجی قادری خڕنووک، سورێن، ١٩٨٣.



شەهید بورهان عومەر حەمەد، عەلی سۆر، پشتیوان، ڕۆستێ، ١٩٨٣/٦/٣.



شەهید محەمەد عەلی ئیسماعیل ناسراو بە (حەمە قەمبور).



شەهید نوری سەعید ئەحمەد (مەلا نوری)، حەسەن تەپی سەفایی.



شەهیدان عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید.



**حوسێن ئیسماعیل زەنگڵ، شەهید عەبدوڵڵا سوور، هاوینی ١٩٨١، (ئەرشیفی شەهید عەبدوڵلا سوور).**




**شەهیدان بەکر توتمەیی، قادر مستەفا.**




ڕاوەستاوەکان : شەهید سەید سەلیم، شەهید عەبدوڵڵا سوور، قادر عەزیز، قادر پوشۆ گوڵانی، دکتۆر مەحمود عوسمان. دانیشتووەکان : شەهید مستەفا کەلێتەیی، شەهید حەمەشەل تیتۆکەیی، گوندی زێوکە، نۆڤێمبەری ١٩٧٩، (ئەرشیفی شەهید عەبدوڵڵا سوور).



ڕیزی پێشەوە: شەهید بورهان مورشید محەمەد، سەحەر (فەلەستینی) هاوڕێی بورهان، کچێکی عەرەب، ئاری کاکەیی.




**پۆستەری شەهیدانی شەڕی گوندی (شیرەمەڕ).**




پۆستەری شەهید سەعدی عەزیز (سەعدی گچکە).




پۆستەری شەهید مەلای حاجی ڕەسوڵی کەرزۆڕ.



حزبی سوسیالیستی کوردستان/عێراق
الحزب الاشتراكي الكردستاني/العراق

کەم ژیان و کەڵ ژیان
دروشمە بۆ شەهیدان

شەهیدی نەمر «صابر عەلی»

× ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی «کتکە» چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە.

× ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنی نهێنی «حزبی سوسیالیستی کوردستان» و لە هەمان ساڵدا گیراوە و حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا دراوە و لە تەموزی ١٩٨٢دا ئازاد کراوە.

× ساڵی ١٩٨٢ لە هەرێمی «٨»ی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە.

× ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی «پەلکانە»ی سەر بە هەولێر بە دیل گیراو لە ڕۆژی ٢٠/١/١٩٨٥ لە زیندانی «ئەبوغریب» لە سێدارە درا.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک سابر و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

پۆستەری شەهید سابیرعەلی کتکەیی.



حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

شەهیدی نەمر جمال محمد جمیل

شەهید « جەمال محمد جمیل » لەساڵی (١٩٧٢) لە گوندی پونگلە لەدایك بووە و تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە ، سەرەتا پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی حیزبی سۆسیالیستەوە لە سنووری کەرتی شەش لە ساڵی ١٩٨٦ بووە بەپێشمەرگە لەکەرتی شەش لە زۆربەی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکەدا بەشداری کردووە وە لەشەڕێکی نەبەردانەدا کەهێرش کرایە سەر تۆپخانەی ڕژێم لە بناری سورێن لەبەر کەوران پاش دەست بەسەرا گرتن و کۆنترۆلکردنی تۆپخانەکە شەهید کرا لەشەوی ٢١/٢٠ – ٦ – ١٩٨٧ .

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدی نەمرو

سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری.

پۆستەری شەهید جەمال محەمەد جەمیل.



١

نەورۆز بەهەرەوەرزی هاتوانەی زیندوون

بە درێژایی ڕابردنی مێژووی پڕ لە کارەسات و ڕووداوی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی... هەمیشە و کەم و زۆر شاکار و بەهرەداری شایستەی ڕێزگرتن و قەدرزانین بوونیە، سەرباری هەڕەشە و ترس و تەنگ پێ هەڵچنین و زۆرەملێی هێزی ستەم.. خەڵکی کارامە و هونەرمەندی پیشە ناس سەرگوزەشتە و ناویان لە تۆمارگەی شانازی پێ لەکۆڵی نەمانەوە پارێزراوە... ناوە بە ناوە بە وەچەی پیرۆزی و ڕێزگرتنەوە ناویان بەرز و زیندوو کراوەتەوە.

دیوی ڕوناکی ئەم هەقیقەتە یە لە سایەی تێکۆشان و سەرکەوتنی یەکجارەکی ڕەنجدەرانی میللەتانی ئازادیخواز و بەزەبری یاساکانی گۆڕانی وپێشکەوتنی کۆمەڵگەیشەوە ئەو ئاستە ڕەچاوکراوەی کە تیایا زیاتر شاکار و شوێن ئەنگوستی کارامەیی و لێهاتووی مرۆڤ زیندوو بگرێتەوە و ئەوە لەدوای ئەوە بەندەوەرسوودی لێوەرگیرێ.. لە ڕاستی دا ئێستاکە لەبەر دەمی واقیعی سەردەمێنی داین... تیایا ئەتەوە جۆربەجۆرەکانی جیهانی مرۆڤایەتی لە هەموو وەختێک زۆرتر شانازی بە هونەرمەند و یاری ناوداری خۆیان دەکەن... بە یەکەری ئەمریان بۆ دادەپێژن... بوونیە و ێرەی خێر و خوازی سەرنەیاد کردنەوەی ئەدوای ئەوەیان.

میللەتە ڕەنجخۆراوەکەی ئێمەیش، سەرەڕای زەبر و کوتەکی چەرخی زەمانە و باوئالۆز و نائاسایییەکانی... تۆمارگەیەکی بایەخداری لەشیان و جوانیەتی و نموونەی مرۆڤی هونەرمەند و دلێر و خۆنەویست و بەهەمە خۆی پاراستوە... ئاوێنەیەکی ڕوونەقاری قارەمانیەتی و دەس دەگیپی و بەوەفایە ڕابووردەمەکانی لەچوار چێوەی مێژووی یەکی ڕەسەن

دەستنووسی شەهید کاردۆ گەلاڵی.




کتێبی (زێدەبایی) شەهید کاردۆ گەلاڵی.




نامیلکەیەکی شیعری شەهید حەمە شوان.



٧٢/٤/١٧

لاپەڕەی یەکەمی نامەی شەهید (جەعفەر ئەسوەد).



وە دوای ئەوە [illegible] وە بو قەلادزە وە بو [illegible] ڕەوانەیان کردین بۆ [illegible] ٢/٩
وە ئێمە [illegible] لەگەڵ سوار کردین لە ناو [illegible] هەر لە ڕێگا وە [illegible] بو ئەو برینداران
بیمارانی [illegible] وە لە [illegible] ٢ ڕۆژ [illegible] وە هیچ تەداویان نەکردین بەڵام
دوای ٢ ڕۆژ تەداویان کردین وە بردیانین بۆ [illegible] بەڵام [illegible] قەلادزە
[illegible] بە برینداری کە خۆشم [illegible] لاق [illegible] وە پاشان ئە
[illegible] کە وا هیچ ئیستفادەکیان لێ [illegible] هەموو [illegible] کردین بێ سوال
[illegible]
بۆ موصل وە ئێستا لە غورفەی ئیعدامم لە موصل. بەڵام هیچ خەیاڵ
نەکەی هەروا نەزانم کە لە سەر چیاکانی کوردستانم وە هیچ خەمێکی
[illegible] چونکە ئەم کارە [illegible] هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕەوە
[illegible] وە هەروەها [illegible] چونکە [illegible] لە ڕێگای
کوردو کوردستان. بەڵام ئێستا لە بەر [illegible] زۆر بە ئازارم بەڵام هەر
وا نەزانم کە لە سەر چیاکانی کوردستانم. وە بەڵام بەداخەوە ئەو
جەماعەتە هەموو [illegible] یان نەکرد وە ئێستا داخوا [illegible]
[illegible]
[illegible] وە هەموو برادەران
وە برام نابێ هیچ غەم [illegible] چونکە [illegible] لە ڕێگای [illegible]
[illegible] وە پاشان [illegible] ئەم [illegible]
[illegible] ئیتر [illegible]
[illegible] کارەسانە
وە تا ئێستا ١٨٦ کەس لە موصل ئیعدام کراوە وە هەموو ڕۆژێ هەر [illegible]
برای دڵسۆزت
جعفر
ئیتر بەس [illegible]
ئیتر [illegible]

لاپەڕەی دووەمی نامەی شەهید (جەعفەر ئەسوەد).


بەڕێز ، هەڤاڵ کاکی [illegible]

سڵاوێکی سۆسیالیستانەی گەرم ئاراستە [illegible] ئەکەین

کاکی برا ، [illegible] لە [illegible] ڕادەستت پێ بکەین

سڵاو دەلە خاڵم ئەکەین و سڵاو لە خاڵۆژنم ئەکەین سڵاو

لە دەشاد ئەکەم و [illegible] ئەکەم وە ئەوانی تریش

سڵاو دەلە هیوا ئەکەین و سڵاو دەلە ماجید ئەکەم ...

کاکی برا ، [illegible] ئەمەوێت بێ بینم برا ئەوکاتەی کە نامەم نوسی

لە [illegible] بەلام کارێکی گرنگم هەبوو بۆیە [illegible] ئەبو

ئەوێ بم بوورە .. کاکی برا ئاگە [illegible] منی زۆرم

پێ خۆش بوو [illegible] بەلام بەم زووانە [illegible]

[illegible] نابینم بیم ...

کاکە [illegible]

[illegible]

لە دەستی ئێوە [illegible] ...

ڕاستیا لە باڵ کاری [illegible] کاری سیاسیش بۆ

[illegible] ... جا چاوەڕێی دەستی ئێوە [illegible] ..

ببوورە [illegible] زیاتر بنووسم .

ئیتر [illegible]

ح . س . ل

هەڤاڵت . کاردان

٨٢/١/٣

نامەی شەهید چەتۆ ئیسماعیل بۆ گۆران جەلال.




هێنانەوەی تەرمی شەهیدان دایکە گوڵە و مەحمود.



شوێنی شەڕی گوندی دەشتێو.



گواستنەوەی تەرمی شەهیدێک.

**کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر**

(١) پەردەی شەرم، شیعر، چاپخانەی (ڕاپەڕین)، سلێمانی، ١٩٨٢.

(٢) کەلەشێری سپی و کەلەشێری ڕەش، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپخانەی (ئەسعەد)، بەغدا، ١٩٨٨.

(٣) تەکان، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی، چاپخانەی (الامة)، بەغدا، ١٩٩٠.

(٤) ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، لێکۆڵینەوە، بەناوی خواستراوی (ب.دەوەن) بڵاوکراوەتەوە، هەولێر، ١٩٩١.

(٥) بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان (١٩٧٥- ١٩٩٣)، لە چاپکراوەکانی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی میللی کوردستان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

(٦) کاردۆ گەلاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، کتێبی (گوڵان)، ژمارە (٢٤)ناوی چاپخانەی بەسەرەوە نییە، هەولێر، ١٩٩٨.

(٧) دەروازەیەک بۆ ناسینی (سمایلە باشە)ی شاعیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ماردین)، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٨) چەند پووشێک بۆ هێلانەیەکی تر، ڕەخنە، چاپخانەی (منارە)، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٩) سەفەری ڕەش کۆژانی دەربەدەریی و ئاوارەییە، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی (ماردین)، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١٠) بەسەر کردنەوە (بیست و چوار بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە)، چاپخانەی (کشتوکاڵ)، هەولێر، ٢٠٠٥.

(١١) بزر بوونی ناوی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠٠٨.

(١٢) مزگەوتەکانی ڕۆژئاوا، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، دەزگای

تـویـژینەوەو بڵاوکـردنەوەی موکریـانی، چاپخـانەی (خـانی)، دهـۆک، ٢٠٠٨.
(١٣) بزاڤـی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی لە ئەڵمانیـا (١٩٦٣- ٢٠٠٦)، لێکـۆڵینەوە، چـاپی یەکەم، دەزگـای بـارزان نیـوز بـۆ تـوێژینەوەو ڕاگەیاندن، چاپخانەی (پاک)، هەولێر، ٢٠١٠.
(١٤) هەژان، شـــیعری بەرگریـــی، چـــاپی دووەم، چاپخـــانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠١١.
(١٥) (بێوار)ێک لە ئاوارەییدا، لێکۆڵینەوە، نـاوی چاپخـانەی لەسـەر نییە، هۆڵەندا، ٢٠١٢.
(١٦) ڕابەریی ڕۆژنامەگەریی کوردی (١٩٧٥- ١٩٩٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣.
(١٧) حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان کـانوونی دووەمـی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣ (هەڵکشـان... داکشـان... پەرتەوازە بوون)، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠١٩.
(١٨) بۆ ئەوەی ڕاستیەکان لە جەماوەر وون نەبن، لە بڵاوکراوەکانی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان- عێراق، ئامـادەکردن و پێشـەکی: ئیسـماعیل تەنیـا، هەولێـر، ٢٠١٩. پـرۆژەی چـاپ و بڵاوکـردنەوەی دیکۆمێنت و بەیاننامەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (١٩٧٦- ١٩٩٣)، زنجیرە: (١).
(١٩) نمایشـێک لە مینبەری (مـن)ەوە، ڕۆژنـامەگەریی، چـاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٩.

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| ❊ وردە ڕازو دەردە دڵ | ٥ |
| *** بەشی یەکەم: ژیاننامە** | ١٩ |
| ١- ئازاد حەمەدەمین کەریم | ٢١ |
| ٢- ئازاد ڕەحمان عەلی | ٢٢ |
| ٣- ئازاد محەمەد حوسێن | ٢٣ |
| ٤- ئازاد محەمەد عەبدوڵلا | ٢٤ |
| ٥- ئەبوبەکر عوسمان قادر | ٢٦ |
| ٦- ئەبوبەکر عومەر ئەحمەد | ٢٧ |
| ٧- ئەحمەد بایز حەمەدەمین | ٢٨ |
| ٨- ئەحمەد تەها ئەبابەکر | ٢٩ |
| ٩- ئەحمەد حەمەد کەریم | ٣٠ |
| ١٠- ئەحمەد فەقێ ئەحمەد | ٣١ |
| ١١- ئەحمەد مارف ئیسماعیل | ٣٣ |
| ١٢- ئەحمەد مەحمود ئەحمەد | ٣٥ |
| ١٣- ئەحمەد مەلا سمایل | ٣٧ |
| ١٤- ئەردەلان محەمەد محەمەدئەمین حەمەمراد | ٣٨ |
| ١٥- ئەسعەد حەسەن یوسف | ٣٩ |
| ١٦- ئەسعەد ڕەسوڵ محەمەد وەیسی | ٤١ |
| ١٧- ئەسعەد عوبێد عەزیز | ٤٢ |
| ١٨- ئەکرەم مەعروف مستەفا | ٤٤ |
| ١٩- ئەکرەم مەولود قادر | ٤٥ |
| ٢٠- ئەنوەر محەمەد شێخان | ٤٧ |
| ٢١- ئەنوەر سەعید والی | ٤٩ |
| ٢٢- ئەنوەر مەجید ئەحمەد سوڵتان | ٥١ |
| ٢٣- ئیبراهیم ئیسماعیل مەحمود | ٥٣ |

| | |
|---|---|
| ٢٤- ئیبراهیم حەمەد ئیبراهیم | ٥٧ |
| ٢٥- ئیبراهیم عەبدوڵلا عەزیز | ٥٨ |
| ٢٦- ئیبراهیم کاکل حەمەد | ٥٩ |
| ٢٧- ئیبراهیم کانەبی ئەحمەد | ٦٠ |
| ٢٨- ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم | ٦١ |
| ٢٩- ئیدریس پیرداود حەمەدەمین | ٦٢ |
| ٣٠- ئیسماعیل حەمید عەزیز | ٦٣ |
| ٣١- ئیسماعیل عالی فەقێ ئەحمەد | ٦٤ |
| ٣٢- باوە ئیسماعیل باوە | ٦٥ |
| ٣٣- باهیر ئەحمەد فەتاح بەگ | ٦٦ |
| ٣٤- بورهان عومەر حەمەد | ٦٨ |
| ٣٥- بورهان مورشید محەمەد | ٦٩ |
| ٣٦- بەختیار سەعید والی بەگ | ٧١ |
| ٣٧- بەکر تۆفیق بەکر | ٧٢ |
| ٣٨- پشتیوان عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان | ٧٤ |
| ٣٩- تالیب عەبدوڵلا عومەر ڕەزا | ٧٥ |
| ٤٠- تاهیر ئەسعەد ماوەرانی | ٧٦ |
| ٤١- تاهیر عەبدوڵلا موسا | ٧٧ |
| ٤٢- تاهیر عەلی والی بەگ | ٧٨ |
| ٤٣- تەحسین کاکێ | ٨٠ |
| ٤٤- تەحسین محەمەدساڵح | ٨١ |
| ٤٥- تەلعەت عوسمان قادر | ٨٣ |
| ٤٦- جەبار ئیسماعیل عەلی | ٨٤ |
| ٤٧- جەبار کەریم عەبدوڵلا | ٨٥ |
| ٤٨- جەزا حەمە ساڵح فەرەج | ٨٦ |
| ٤٩- جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد | ٨٧ |

| | |
|---|---|
| ٥٠- جەعفەر جەلال عەزیز | ٨٨ |
| ٥١- جەعفەر کەریم مەحمود | ٨٩ |
| ٥٢- جەعفەر مستەفا محەمەد | ٩٠ |
| ٥٣- جەلال سوارە حەمەد | ٩١ |
| ٥٤- جەلیل عەبدولڕەحمان مەولود | ٩٢ |
| ٥٥- جەمال محەمەد جەمیل | ٩٤ |
| ٥٦- جەمال محەمەد ساڵح مەحمود | ٩٥ |
| ٥٧- جەنگی سەید حەمەدەمین | ٩٧ |
| ٥٨- جەواد عەبدولکەریم عوسمان | ٩٨ |
| ٥٩- جەواد کەریم مەحمود | ٩٩ |
| ٦٠- جەودەت کەریم عەبدوڵڵا | ١٠٠ |
| ٦١- چەتۆ ئیسماعیل عەبدولکەریم | ١٠١ |
| ٦٢- حوسێن حەسەن یوسف | ١٠٣ |
| ٦٣- حوسێن ڕەحمان سەعید | ١٠٥ |
| ٦٤- حوسێن عومەر شیوەلۆکی | ١٠٦ |
| ٦٥- حیسامەدین حەسەن عەبدوڵڵا | ١٠٧ |
| ٦٦- حەسەن ئەحمەد سلێمان | ١٠٩ |
| ٦٧- حەسەن حەمەد حەسەن | ١١١ |
| ٦٨- حەسەن محەمەد ساڵح مەحمود | ١١٣ |
| ٦٩- حەکیم مەلا قادر | ١١٥ |
| ٧٠- حەمەد خدر میرزا | ١١٦ |
| ٧١- حەمەڕەشید محەمەدئەمین عەزیز | ١١٨ |
| ٧٢- حەمەد عەبدوڵڵا حەمەد ئالی | ١٢٠ |
| ٧٣- حەمەدەمین محەمەد عەبدوڵڵا | ١٢٢ |
| ٧٤- حەمید محەمەد باتاسی | ١٢٤ |
| ٧٥- حەویز برایم سەمەد | ١٢٦ |

| | |
|---|---|
| ٧٦- خالید خدر مستەفا | ١٢٨ |
| ٧٧- خالید سەعید | ١٢٩ |
| ٧٨- خالید سەعید حەسەن | ١٣١ |
| ٧٩- خالید کەریم عەبدوڵلا | ١٣٣ |
| ٨٠- خالید هەمزە قاسم | ١٣٤ |
| ٨١- خدر عارف فەتاح | ١٣٦ |
| ٨٢- خەسرۆ ئیسماعیل سوڵتان | ١٣٧ |
| ٨٣- دڵزار حوسێن عەلی | ١٣٩ |
| ٨٤- ڕۆستەم مستەفا میران | ١٤١ |
| ٨٥- ڕەئوف خەلیفە سەعید | ١٤٣ |
| ٨٦- ڕەسوڵ عومەر گەلاڵی | ١٤٤ |
| ٨٧- ڕەشید حەسەن ڕەسوڵ | ١٤٥ |
| ٨٨- ڕەشید خدر میرزا | ١٤٦ |
| ٨٩- ڕەشید حەمەد ڕەسوڵ | ١٤٧ |
| ٩٠- ڕەشید سەلام تەها | ١٤٨ |
| ٩١- ڕەقیب عسمان حەمەدەمین | ١٤٩ |
| ٩٢- ڕەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد | ١٥٠ |
| ٩٣- زوبێر ئادەم عومەر | ١٥١ |
| ٩٤- سابیر کاکە عەلی ئەحمەد | ١٥٢ |
| ٩٥- ساڵح عەباس قادر | ١٥٤ |
| ٩٦- ساڵح عەبدوڵلا نەجمەدین | ١٥٥ |
| ٩٧- سلێمان ئەسعەد جبرائیل | ١٥٩ |
| ٩٨- سوارە کەریم محەمەد | ١٦٠ |
| ٩٩- سەباح سلێمان حارس | ١٦٢ |
| ١٠٠- سەردار سەعید وەسمان | ١٦٤ |
| ١٠١- سەردار محەمەدئەمین حەمەد | ١٦٥ |

| | |
|---|---|
| ١٠٢- سەعدی عەزیز محەمەدئەمین | ١٦٧ |
| ١٠٣- سەفیر ڕەحمان حوسێن | ١٦٩ |
| ١٠٤- سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل | ١٧٠ |
| ١٠٥- سەلمان ئەحمەد سلێمان | ١٧٢ |
| ١٠٦- سەلیم عەبدوڵلا عومەر | ١٧٣ |
| ١٠٧- سەلیم نەبی تەها | ١٧٥ |
| ١٠٨- شاهێن عەزیز جومعە | ١٧٧ |
| ١٠٩- شێرزاد هەینی سەعید | ١٧٨ |
| ١١٠- شێرکۆ شێخ عەلی محەمەد | ١٧٩ |
| ١١١- شەریف مەولود حوسێن | ١٨١ |
| ١١٢- عوسمان ئەحمەد حەسەن | ١٨٣ |
| ١١٣- عوسمان ئەحمەد وەسمان | ١٨٤ |
| ١١٤- عوسمان جەمیل فەتاح حەمە | ١٨٦ |
| ١١٥- عوسمان حەمەد عەبدوڵلا حەسەن | ١٨٧ |
| ١١٦- عوسمان سەعید والی بەگ | ١٨٩ |
| ١١٧- عوسمان کەریم | ١٩٠ |
| ١١٨- عومەر ڕەسوڵ عەلی | ١٩١ |
| ١١٩- عومەر سەلیم سەعید | ١٩٢ |
| ١٢٠- عومەر کاکل عەلی | ١٩٣ |
| ١٢١- عومەر مەحمود نەسروڵلا | ١٩٤ |
| ١٢٢- عیزەت عەلی محەمەد | ١٩٥ |
| ١٢٣- عەباس سەعید مستەفا ئاغا ناوەندەیی | ١٩٦ |
| ١٢٤- عەبدوڵلا حەسەن عەبدوڵلا | ١٩٧ |
| ١٢٥- عەبدوڵلا حەمەد عەبدوڵلا | ١٩٩ |
| ١٢٦- عەبدوڵلا سۆفی قادر | ٢٠٠ |
| ١٢٧- عەبدوڵلا حەمەسەعید فەقێ ئەحمەد | ٢٠١ |

| | |
|---|---|
| ١٢٨- عەبدوڵلا ڕەسوڵ مەحمود | ٢٠٢ |
| ١٢٩- عەبدوڵلا عوسمان قادر | ٢٠٤ |
| ١٣٠- عەبدولباسیت قادر ئیبراهیم | ٢٠٥ |
| ١٣١- عەبدولجەبار محەمەد مەجید | ٢٠٦ |
| ١٣٢- عەبدولخالق حەمید ڕەشید گەلاڵی | ٢٠٨ |
| ١٣٣- عەبدولڕەحمان حەسەن عەبدولکەریم | ٢١٠ |
| ١٣٤- عەبدولڕەحمان حەمە سلێمان | ٢١١ |
| ١٣٥- عەبدولڕەحمان ڕەشید کانەبی | ٢١٢ |
| ١٣٦- عەبدولڕەزاق ئەحمەد حەسەن | ٢١٣ |
| ١٣٧- عەبدولڕەزاق ئەسعەد مەجید | ٢١٤ |
| ١٣٨- عەبدولسەلام نوری ئیسماعیل | ٢١٥ |
| ١٣٩- عەبدولکەریم سالح وەسمان | ٢١٧ |
| ١٤٠- عەزیز ڕەسوڵ ئەحمەد | ٢١٨ |
| ١٤١- عەزیز عەلی مەلا غەفور | ٢٢٠ |
| ١٤٢- عەلی ئەکبەر فەیزوڵلا ئاغا | ٢٢٢ |
| ١٤٣- عەلی حەمەئەمین کاکە حەمە | ٢٢٤ |
| ١٤٤- عەلی عەبدوڵلا عەسکەری | ٢٢٥ |
| ١٤٥- عەلی عەبدوڵلا عەلی | ٢٢٧ |
| ١٤٦- غەفور سالح ژاژڵەیی | ٢٢٩ |
| ١٤٧- فارس ئیسماعیل باوە | ٢٣١ |
| ١٤٨- فارس حەسەن عەلی باڵەکی | ٢٣٢ |
| ١٤٩- فەرەیدون مورشید خورشید | ٢٣٣ |
| ١٥٠- فەیسەڵ قادر ئیسماعیل | ٢٣٤ |
| ١٥١- قادر حەمەد مەحمود | ٢٣٥ |
| ١٥٢- قادر سابیر شێخەڵلا | ٢٣٧ |
| ١٥٣- قادر مستەفا حەسەن | ٢٣٩ |

| | |
|---|---|
| ١٥٤- قادر مەعروف مستەفا | ٢٤١ |
| ١٥٥- قاسم ئەبوبەکر عەلی | ٢٤٣ |
| ١٥٦- قاسم سەلیم کەچەڵ | ٢٤٤ |
| ١٥٧- قەهار ئیسماعیل بایز | ٢٤٥ |
| ١٥٨- کاردۆ عەبدولقەهار مستەفا | ٢٤٦ |
| ١٥٩- کاکەزیاد حەسەن عەزیز | ٢٤٩ |
| ١٦٠- کامەران سەعید والی بەگ | ٢٥٠ |
| ١٦١- کامەران محەمەد محەمەدئەمین حەمەمراد | ٢٥١ |
| ١٦٢- کاوە عومەر حوسێن خدر | ٢٥٢ |
| ١٦٣- کاوە محەمەد محەمەدئەمین حەمە مراد | ٢٥٤ |
| ١٦٤- کەمال عەلی فەقێ ئیبراهیم | ٢٥٦ |
| ١٦٥- کەمال حەمەد مستەفا | ٢٥٧ |
| ١٦٦- کەمال واحید مەحمود | ٢٥٨ |
| ١٦٧- گوڵە کەریم ئەحمەد | ٢٥٩ |
| ١٦٨- لوقمان مستەفا محەمەد | ٢٦١ |
| ١٦٩- محەمەد بەکر | ٢٦٢ |
| ١٧٠- محەمەد خدر حەمۆڵ | ٢٦٣ |
| ١٧١- محەمەد سەعیدخان | ٢٦٤ |
| ١٧٢- محەمەد سەعید مستەفا ئاغا | ٢٦٦ |
| ١٧٣- محەمەد عەزیز ئیسماعیل | ٢٦٧ |
| ١٧٤- محەمەد عەلی ئیسماعیل | ٢٦٨ |
| ١٧٥- محەمەد غەفور ئەحمەد | ٢٧٠ |
| ١٧٦- محەمەد قەسیم ناوەندەیی | ٢٧٢ |
| ١٧٧- محەمەد کەریم محەمەد | ٢٧٣ |
| ١٧٨- محەمەد محەمەدئەمین حەمەمراد | ٢٧٤ |
| ١٧٩- محەمەد مەحمود قادر | ٢٧٦ |

| | |
|---|---|
| ١٨٠- مستەفا سەعید مستەفا ئاغا گوندەژۆری | ٢٧٨ |
| ١٨١- مستەفا مەحمود ڕەسوڵ | ٢٨٠ |
| ١٨٢- مەجروم ئیبراهیم مەجروم | ٢٨١ |
| ١٨٣- مەجید حەمید کاکەیی | ٢٨٣ |
| ١٨٤- مەحمود خدر محەمەد | ٢٨٤ |
| ١٨٥- مەحمود عەلی عەبدولڕەحمان | ٢٨٦ |
| ١٨٦- مەحمود محەمەد محەمەدئەمین | ٢٨٧ |
| ١٨٧- نوری سەعید ئەحمەد | ٢٨٩ |
| ١٨٨- نەجات عەبدولحەمید عەوڵا | ٢٩٠ |
| ١٨٩- نەجم حەمەساڵح حوسێن | ٢٩١ |
| ١٩٠- نەجمەدین مستەفا مەجید | ٢٩٣ |
| ١٩١- وسوو عەوڵا عومەر | ٢٩٥ |
| ١٩٢- وشیار ڕەمەزان | ٢٩٦ |
| ١٩٣- وشیار گورون ئەحمەد | ٢٩٧ |
| ١٩٤- وەسمان فەقێ ئیبراهیم | ٢٩٨ |
| ١٩٥- وەلی حەمەدەمین حەمەد | ٢٩٩ |
| ١٩٦- هەمزە عوسمان خدر | ٣٠٠ |
| ١٩٧- یاسین ڕەمەزان حەیدەر | ٣٠٢ |
| ١٩٨- یاسین کەریم تۆفیق | ٣٠٤ |
| ١٩٩- یوسف مەولود ئەحمەد | ٣٠٦ |
| ٢٠٠- یونس قادر پیرداود | ٣٠٧ |
| ٢٠١- یەحیا سەلام تەها | ٣٠٨ |
| * **بەشی دووەم: بەشێک لە شەڕەکان** | ٣٠٩ |
| * **بەشی سێیەم: وێنەو بەڵگەنامە** | ٣٥٥ |
| ❊ کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر | ٣٨٣ |
| ❊ ناوەڕۆک | ٣٨٥ |